
# گزینگ

١٠

زستانی ـ ١٣٧٤(١٩٩٦)

گۆڤاریکی وەرزانەی فەرهەنگی ـ ئەدەبی یە

- ❏ زمانی ستاندارد(وتووێژێک لەگەڵ د.کارینا جەهانی)
- ❏ مافی ژن لە کۆمەڵی کوردەواریدا
- ❏ خۆری مەم و زین و دەتاڵە تیشکی سەرنج
- ❏ عیرفان و ژیربێژی
- ❏ پێنج بەڵگەنامەی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی بریتانیا لە سەر کورد
- ❏ ئەفسانەی ئاریایی
- ❏ ڕاپەڕینی برایم پاشا و فەرزەندە
- ❏ وتووێژێک لەگەڵ کاروان عەبدوڵڵا
- ❏ کورتە چیرۆک، شێعر، ڕەخنە و چەند بابەتی ئەدەبی وفەرهەنگی...



# نه ساڵمان ساڵه و نه حاڵمان حاڵ

ساڵ دێ و ساڵ دەڕوا... کاروانی بەشەرییەت بێ وچان، هەنگاو دەنێ بەرەو نوا و ئێمەی کوردی بێ ئەنواش قۆناخ قۆناخ بەرەو دوا.. تا دوێنێ هەرکەس لەلاییێکەوە دەدوا کە هەیداد: .تانج و مەندیل و عەگال و پەپاخ بەسەر مافمان دەخوا، نە دەستمان بە داوێنی پیاوچاک و شێخ ومەشایخان ڕادەگا و نە هاوارمان دەگاتە هاوارگەی بارەگای خوا...،. بەڵام .قسە بیست وچوارە و هەر دووی بەکارە ،، لە خۆمان زیاتر کێ تاوانبار وسەبەبکارە؟ دڵمان بەوە خۆشە و دەڵێین لە بنیاتنانی مێژووی ناوچەدا مەڵلاین، کەچی لە نێو خۆدا تاقم تاقم یان خەریکی خۆشارەوەکێن و قەرەقەرێن و بگر وهەڵلاین، یان دەستە دەستە لێرە ولەوێ سەرگەردان و بەرەڵلاین.. لە گەمەی کێ بەرکێی سیاسەتدا زۆرجار بانگهێشتن کراوین، بەڵام هەمووجارێ بە کەللای لەمزداڕێژراوی پەلکراوی خۆماڵی، وەک متێکی پێکراوی محانج لێکراوی ئاڵی خیچاوین و بۆ قان وەرگرتن لەم و لەو خەریکی قڕە قڕ وچاوە چاوین...

بەڵێ ئێمەی کوردی بێ پرۆژە و بێ بەرنامە، کار و کردەوەمان بێ ئەنجام و بێ ئاکامە، دەیان ساڵی دیکەش تازە بێتەوە، نە قەدری دەگرین و نە ئەزموونی لێوەردەگرین. دەرگای داهاتوومان لە خۆ داخستووە و هەر خۆزگەمان بە پار خواستووە...

بە کورتی بە کام دڵخۆشی و بیر ئاسوودەیی بەرەو پیری ساڵ بڕۆین کە نە ساڵمان ساڵە و نە حاڵمان حاڵ.

هێرش

# گزینگ ـ ژماره ١٠

زستانی: ١٩٩٦(١٣٧٤)

## نێوەرۆک


| بابەت / نووسەر / وەرگێڕ | لاپەڕە |
|---|---|
| زمـانی ســتـانـدارد(وتووێژ: د. کـارینا جـەهانی...... هاشم | ٤ |
| یادی پەنجـا سـالە...خـەلاتی نوبێل، نمایشگای کـتـێب | ٨ |
| مـافی ژن لە کۆمـەڵی کـوردەواریدا............(ژیلا.ف)و(تەیفور) | ٩ |
| خۆری مەم و زین و دەتاڵە تیشکی سەرنج...... حەمە سەعید حەسەن | ١٤ |
| عیرفان و ژیریێژی....................... د. خەلیقی | ٢٠ |
| پێنج بەڵگەنامە... لەسەر کورد........ وەرگێڕانی: ئەنوەر سوڵتانی | ٢٥ |
| ئەفسـانەی ئاریایی: ج. پ. مـالۆری.......... وەرگـێـڕانی: هاشم | ٣٢ |
| ڕاپەڕینی برایم پاشـا و فـەرزەندە.................. پیـرۆت | ٣٦ |
| هەڵە و داوای لێـبـووردن...................... هێـدی | ٣٨ |
| وتووێژێک لەگەڵ کاروان عەبدوڵلا.......... ئامادەکردن: ق. ریانی | ٣٩ |
| لە لاپەڕەکـانی سـەرلێ شـێـواو.................. ع. دیاکـۆ | ٤٢ |
| شێعر: خالد سلێمان،... هێدی،... مەهاباد قەرەداغی،.... هێرش | ٤٤ |
| شیموس هینی لە شوێنێکی دروست...........وەرگێڕانی: ق. ریانی | ٤٦ |
| بیۆگرافی شـیـموس هینی.......................... گزینگ | ٤٧ |
| ترسی دۆینێم، ئەفـرەتی ئەوڕۆم................ جـیم. توانا | ٤٨ |
| شـەوێ لە شـەوان(کـورتە چیـرۆک)............... شـوان وەسـمـان | ٤٩ |
| شـێـعـری دارێنە(کـورتە چیـرۆک).................. ڕێبـوار | ٥٠ |
| یادێک لە دیلانی شاعیر....................... هەڵبەست دیلان | ٥٤ |
| تیـپی شـانۆی لاو(بەشی کـۆتایی)................ برایم فـەڕشی | ٥٧ |
| کـــورد ئا، کـــوردی نا! (ڕەخنە)...................... ئالان | ٦٢ |
| ڕووژ ژمار و باوەڕەیل ناو مەردم(دیالێکتی کرماشانی).... سیامەک | ٦٤ |
| ئەفریقا ڕۆڵەی خۆی دەکوژێ........................ گزینگ | ٦٦ |
| چەند هەواڵی فـەرهەنگی: دوو سمینار...،.. دامەزرانی ئەنستیتوو | ٦٧ |
| ئاگاداری: شانۆی کۆچەر، .......... چاپەمەنی وکتێب.... گزینگ | ٦٨ |



**بەرکار و بەرپرسی نووسین :**
**س .ج . هێرش**



ناو و نیشان :

Gzing
Box. 327
82427 Hudiksvall
SWEDEN

**ژمارەی فاکس:**

Faxnr: +650 - 94029

**ژمارەی پۆستگیرۆ:**

Postgironr: 443 5022-1


**• .گزینگ ، خاوەن ڕێبازێکی گشتی سـەربەخـۆیە، هەر چەشنە بیـر و بۆچوون و نووســراوەیەک وەخـۆ دەگرێ کە لە مافی مرۆڤ بە تێکڕایی و لە بەرژەوەندیی گـەلی کـورد بە تایبەتی داکۆکی بکات.**

**• .گزینگ، خۆی بە نوێنەری فکری هیچ نووسـەرێک نازانێ و ئەرکی بەرپرسـێـتی هیچ نووسـراوەیەک وەئەسـتـۆ ناگـرێ. دیارە هەر نووسـراوەیەک نێـوی لەسـەر نەبێ، ئۆبـاڵی وەملی گـــزینـگـە.**

**• ساڵی تازەی مەسیحی لە هەموو لایێک پیرۆز بێ•**
**گزینگ ساڵێکی پڕ لە خێر و خۆشیتان بۆ بە ئاوات دەخوازێ**


چاپی سوید :ژانوییەی ١٩٩٦

ISSN 1104 - 3473

وتووێژ لەگەڵ

## دوکتور«کارینا جەهانی»:

# «زمانی ستاندارد»



وەرگێڕان و ئامادەکردن: هاشم

**کارینا جەهانی لە ساڵی ١٩٥٩لە سمۆلەند(småland) لە بنەماڵەیەکی کرێکاریی لە دایک بووە. ساڵی ١٩٧٨خوێندنی ناوەندی تەواو دەکا و هەر لەم ساڵەدا بۆ ئێران و پاکستان سەفەر دەکات. ساڵی ٨٠ -٧٩ لە زانستگای تاران خەریکی خوێندن دەبێ و لە کۆتایی ساڵی ٨٠ دا وەک خوێندکار لە بەشی ئەنستیتووی زمانەکانی ئاسیایی و ئەفریقایی زانستگای ئوپسالا وەردەگیرێ. ساڵی ١٩٨٩ تێزی دوکتورای خۆی لەسەر پرۆسێسی ستانداردبوونی ڕێنووسی زمانی بەلوچی پێشکێش دەکات. کارینا لە ساڵی ١٩٨١ لە گەڵ «ڕۆبیک جەهانی» هەرمەنیی خەڵکی ئێران، دانیشتووی سوێد زەماوەندی کردووە و سێ کچی هەیە:(ماریا ١٠ساڵانە، تامارا ٦ ساڵانە و ناتالی ٣ساڵانە). کارینا ئێستا لە زانستگای ئوپسالا، لە بەشی زمانەکانی ئاسیایی و ئەفریقایی خەریکی دەرس گوتنەوەیە.**

**دەقی ئەم وتووێژە لە ڕۆژی جومعە ١٧ی نوامبری ١٩٩٥ لە زانستگای ئوپسالا بە زمانی سوێدی تۆمارکراوە وپاشان کراوەتە کوردی.(وەرگێڕ)**

**● نزیکەی ساڵێک لەمەوبەر لەگەڵ «ئیوو ئوتاس» وتووێژم دەکرد، لێم پرسی چەند زمان دەزانی. پرۆفیسۆر بە گێڕانەوەی وەڵامی مامۆستاکەی خۆی(پرۆفیسۆر هـ. س. نیبەری)جوابی دامەوە کە تەنیا یەک زمان واتە سوێدی دەزانێ... ئێستاش دەمەوێ هەر ئەو پرسیارە بکەم: ئێوە چەند زمان دەزانن؟**

ـ ئەمن وەک پرۆفیسۆر بێ دەعێ نیم و دەڵێم کە من دوو زمانی ئینگلیسی وسوێدی زۆر چاک دەزانم و بە سەریاندا زاڵم. جاری وایە هەست دەکەم زۆرم لا هاسانترە بە زمانی ئینگلیسی بنووسم تا بە سوێدی کە زمانی زگماکیمە. بەڵام تا ئەو جێیەی دەگەڕێتەوە سەر زمانی تر دەبێ بزانین مەبەست لە زانینی زمانێک چییە؟ ئەگەر مەبەست زاڵبوون بە سەر نووسین وقسەکردن و وەرگێڕان لە هەموو بوارێکدا بێت، بۆم سەختە بڵێم زمانێکی دیکە دەزانم. فارسی یەک لەو زمانانەیە کە دەتوانم بڵێم دەیزانم. هەرمەنیش بە جۆرێک و تارادەیەک دەزانم. ناتوانم بە هەرمەنی بنووسم وبخوێنمەوە بەڵام دەتوانم بڵێم لە فارسی چاکتر قسەی پێدەکەم.

**● ئەمن دەبیسم کە بە هەرمەنی لەگەڵ منداڵەکانت قسە دەکەی..**

ـ بەڵێ، بەتایبەت کاتێک کە لێیان تووڕە دەبم وهەڕەشەیان لێدەکەم. لە سەر زمانی بەلوچیش نازانم چی بڵێم. سەرچاوە بەو زمانە زۆر کەمە، بۆنموونە قامووسی باش هەر نییە، جا بۆیە زانینی ئەم زمانەهاسان نییە. کاتێک مرۆڤ بۆی نالوێ پێوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئاخێوەرانی زمانێک هەبێ، سەرچاوە وقامووس دەتوانن یارمەتیدەرێکی باش بن، بەڵام هەر وەک گوتم ئەم دوو شتە بە زمانی بەلوچی زۆر کەمن، لەبەر ئەوە سەرەڕای هەوڵی زۆر دەسەڵاتم بە سەر ئەم زمانەدا لەچاو زمانەکانی باسم کردن، کەمترە. ئەمجار نورەی زمانەکانی ئورووپایی دێ کە کاتی خۆی لە مەدرەسە خوێندوومن، بەڵام لەو ساڵانەی دواییدا زانیاریم لە سەر ئەو زمانانە کەوتووەتە ژێر تەپوتۆزی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان.. بەڵام هەرچۆنێک بێ، دەتوانم هێندێکیان نێو ببەم: سپانیایی، ئاڵمانی وفەڕانسەیی.

**● ئێوە زمانە«مردوو»ەکانیشتان خوێندووە؟**

ـ بەڵێ، بڕێکم پەهلەوی و ئاڤێستایی و فارسی قەدیم خوێندووە. ڕاستی! بابڵێم نەختێکیشم «پشتوو»و «کوردی»یش خوێندووە.

**●کارینا، کوردیم هەڵگرتبوو بۆ پرسیارێکی سەربەخۆ، بەڵام ئێستا کە وای لێهات، ئێوە کوردی دەزانن؟**

ـ نەخێر! بەڵام دەتوانم بڵێم کوردی دەناسمەوە، یانی بە ستروکتوریی گرامێری زمانی کوردی شارەزام. ئەوەیکە بتوانم حاڵی بم یان قسەبکەم و بخوێنمەوە، بەداخەوە! ناتوانم.

**●بەڵام لە تێزی دوکتوراکەتدا بەشێک بۆ زمانی کوردی تەرخان کراوە، دەکرێ هێندێک باسی ئەم بەشە بکەن؟**

←

ـ بەڵێ وایە، ئەمن لەو بەشەدا پتر باسی تیۆریک لە سەر زمانی کوردی دەکەم، وەک جیاوازیی دیالێکتەکان، پرۆسێسی ستانداردبوونی زمانی کوردی، زانیاری و هەروەها ئەدەبی کوردی. لەم بەشەدا زۆر خۆم لە قەرەی گرامێری کوردی نادەم، هەر ئەوەندە دێمە سەر ئەو باسە کە بتوانم پێوەندیی گرامێری بەلوچی و کوردی لێرە ولەوێ دەستنیشان بکەم. ئەوەیە ئەو شتانەی لە سەر زمانی کوردیم کردووە و هەر بەو نیسبەتەش شارەزاییم لەگەڵیدا هەیە و نە پتر.

**● ئەمن بەوەندەش ڕازیم.. ئیجازە بدە بێینەوە سەر باسی سەرەکیمان، تێزی دوکتورای ئێوە لە سەر «ستانداردبوون و ڕێنووسی زمانی بەلوچی»یە، چۆن بوو ئێوە بوون بە هۆگری زمانی بەلوچی کە تەنانەت بۆ زۆر کەس هەر ناسراویش نییە؟**

ـ مرۆڤ لەوانەیە نەتوانێ ڕاستەوخۆ وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە. لەوانەیە هەر نەزانێ چ شتێک بووەتە هۆی ئەم هۆگرییە، یان لەوانەشە هۆگەلێک لە ئارادا بن کە مرۆڤ نەتوانێ بە ئاشکرا باسیان بکات. بەڵام لێرەدا دەتوانم ئاماژە بە چەند هۆیەک بکەم کە تا ڕادەیەک دەتوانن ڕوونکەرەوەی ئەم شتە بن. یەکەمیان ئەوەیە کە من هەر لە زووە هۆگری زمان و بە تایبەت زمانی نەناسراو بووم. کاتێک شازدە ساڵانە بووم لە بریتانیا لای خێزانێکی ئینگلیسی دەژیام. ئەم خێزانە ئەوەدەم دەیانهەویست بچنە ئێران و خەریکی کارێکی پنشەسازی بن. ئەوان بەردەوام باسی ئێرانیان دەکرد و جا بۆیە هەر لەوکاتی ڕا ئێران و زمانەکانی ئێرانی لە مێشکمدا چەسپان. ئەوەبوو بڕیارم دا دوای تەواوکردنی ناوەندی بچمە ئێران و ئەم کارەشم کرد. لە ئێران هاتمە سەر ئەو ڕایە کە دەبێ لە سەر شتێک لێکۆڵینەوە بکەم کە تا ڕادەیەکی زۆر دەست لێنەدراو بێ. ئەودەم ئەمن لەگەڵ گروپێکی مەسیحی بووم. کاتێک کە شۆڕش کرا، بەپێی ئەوەیکە لە ناو گروپەکەی ئێمەدا هێندێک ئامریکایی هەبوون وئەوان نەیاندەتوانی لە ئێران گیر بن، چووین بۆ پاکستان. ئەودەمی ڕاستییەکەی بڵێم هیچ خۆشیم لە پاکستان نەهات و زۆریشم ڕق لێی دەبووەوە. بەڵام لەدوایەدا بەرەبەرە خۆشیم لەو وڵاتە هات و ئەوەبوو کە چەند جاری تریش سەفەرم بۆ ئەم وڵاتە کرد کە زۆرتر لە بەلوچستان دەمامەوە.

**● هەر وەک لە سەرەوە پرسیارم کرد بەشی سێهەمی کتێبەکەی ئێوە(ل٦٥-٥٩)لە سەر زمانی کوردی یە وەک زمانێکی ئێرانی. من کاتێک دەبیستم سوێدی زمانێکی «ژێرمەن»ە هیچ تووشی ئەو شوبەیە نابم کە دەبێ پێوەندییەک لە نێوان سوێدی وژێرمەن واتا وڵاتی ئاڵمان هەبێ. بەپێچەوانە کاتێک دەگوترێ کوردی زمانێکی ئێرانی یە بۆ هێندێک کەس وا لە قەڵەم دەدرێ کە کوردی سەر بە ئێرانە وەک جوغرافیا و وەک وڵات. دەکرێ ڕوونکردنەوەیەک لە سەر زمانەکانی «ئێرانی» بدەن و بڵێن مەبەست لەو نێوە چییە؟**

ـ وایە، ئەتۆ قامکت لەسەر خاڵێکی گرینگ دانا، «زمانەکانی ئێرانی» مانای ئەوە نییە کە ئەو زمانانە هی وڵاتی ئێرانن. ئەمە واتایەکی زمانەوانییە و مەبەستی خێزانێکی زمانییە لە چوارچێوەی زمانەکانی هیندوونوروپاییدا. هێندێک زمانی ئێرانی هەن کە لە وڵاتی ئێران هەر قسەشیان پێناکرێ. بۆ نموونە زمانی ئوسێتیک کە لە هێندێک شوێنی گورجستان وباشووری ڕووسیا قسەی پێدەکرێ، یان زمانی پەشتوو، یان زمانی «ساکی»کە لە سەدەکانی ٥ و٦ و ٧ لە تورکستانی ڕۆژهەڵات لە چین قسەیان پێدەکرد. لە لایەکی دیکەوە لە وڵاتی ئێران کۆمەڵە خەڵکێک هەن کە بە زمانی غەیری ئێرانی قسە دەکەن وەک: زمانەکانی سێمیتیک(ئاسۆری و عەرەبی)، زمانەکانی ئالتایی(تورکی، تورکمەنی) و هەروەها هەرمەنی کە زمانێکی غەیری ئێرانییە.

**● تێمی سەرەکی تێزی ئێوە «ستانداردبوونی»زمانە، ستانداردبوون چییە؟**

ـ ستانداردبوون پرۆسێسێکە بریتی لە دوو تۆو: ستاندارد لە باری دیالێکتەوە و ستاندارد لەباری ڕێنووسەوە. زمانی ستاندارد لە پرۆسەیەکدا خۆبەخۆ گەشەدەکات یان ئەوەیکە دەخولقێندرێ. لە شێوەی گەشەکردنی خۆبەخۆی زمان، بەرەبەرە هەم لەباری دیالێکتەوە وهەم لەباری ڕێنووسەوە یەکگرتوویی پەیدا دەبێ. دیالێکتێکی زمانی و جۆرە ڕێنووسێک دەبێتە باو. جاری وا هەیە لە نێو چەند دیالێکتی جۆراوجۆردا، دیالێکتێک یان تێکەڵاوێک لە چەند دیالێکتێک هەڵدەبژێردرێ بۆ مەبەستی سازکردنی زمانی ستاندارد. لەباری ڕێنووسیشەوە هەر وایە، واتا ئەلف وبێیەکی تایبەتی بۆ نووسین ڕەچاودەکرێ کە دەبێ دیالێکتەکانی تر لە نووسیندا وەک پێوانەی ستاندارد ڕەچاوی بکەن.

**● بەڵام چ فاکتۆرگەلێک کاردەکەنە سەر هەڵبژاردنی یەک دیالێکت وەک ستانداردی زمانێک؟**

ـ فاکتۆری جۆراوجۆر لە ئارادایە. لە وڵاتانی ئورووپایی هەر لە سەردەمی سازبوونی دەوڵەتی ناسیۆناڵەوە، با بڵێین لە سەدەکانی ١٥ و١٦دا بە تایبەتی ئەو وڵاتانەی پرۆتێستان بوون، وەرگێڕانی ئینجیل و کتێبەکانی تری ئایینی لە لاتینەوە کارێکی زۆری کردە سەر ئەوەیکە دروست ئەو دیالێکتەی ئینجیلی پێ وەرگێڕدرا، ببێ بە زمانی ستاندارد. بۆ نموونە ئەم شتە لە سەر زمانی سوێدی تەواو ڕاستە. فاکتۆرێکی تر دەگەڕێتەوە سەر پێتەخت واتا دیالێکتی پێتەختی وڵاتێک، بۆ نموونە لەندەن، پاریس، ستۆکهۆڵم خۆیان بە سەر دیالێکتی شارەکانی تر دادەبڕن. فاکتۆرێکی تر دەتوانێ پێشەنگی ئەدەبی بێ، یانی نووسەرێکی گەورە و بەناوبانگ بەرهەمێکی نووسیبێ و شێوەی ئەم بەرهەمە ببێتە زمانی ستاندارد.

**● پێتوایە فاکتۆری «چینایەتی»ش بۆی هەیە؟ بۆ نموونە زمانی ئاریستۆکراتەکان شوێن بخاتە سەر خەڵکی تر کە وەک وان قسە بکەن..**

ـ بێگومان ئەمەش فاکتۆرێکە. ئەو کەسانەی دەستیان دەکاوباری فێرکردن وبارهێناندا هەیە و دەنووسن، دیالێکتی خۆیان وەپێش دەخەن. چینەکانی خوارێ هەلومەرجی ئەوەیان نییە کە ئەم کارە بکەن. لە زمانەوانیدا لقێک هەیە بە نێوی دیالێکتی کۆمەڵایەتی(sociolekt) کە بە داخەوە ئەمن زۆرم کار لە سەر نەکردووە و پێوەندیی دیالێکتی چینە جۆربەجۆرەکانم باش بۆ لێک نادرێتەوە.

**● کارینا، کتێبی بێنێدیکت ئاندێرسۆن (Benedict Anders-son) بە نێوی« کۆمەڵگای خەیاڵی»هێندێک فاکت و زنیاریی تێدا هەن**

←

**که ڕاستییەکەی ئەمن وەک کوردێک لە پێوەندیی لەگەڵ زمانی خۆمدا دەترسێن. ئاندێرسۆن دەنووسێ کە لە سەرەتای سەدەی ١٦دا لە ئورووپا کە ئەو کاتی (١٠٠)میلیۆن حەشیمەتی هەبووە، پتر لە ٢٠میلیۆن کتێبی چاپکراوەهەبووە. ئەو ژمارەیە لە سەرەتای سەدەی ١٧دا دەگاتە ٢٠٠ میلیۆن کتێب. هەبوونی ئەو کتێبانە وزۆربوونی ژمارەیان ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ، دیارە چ کارتێکردنێکی لە سەر زمانی ستاندارد هەیە، جا فەرموو ئەوە بەراورد بکە لەگەڵ زمانی کوردی یان بەلوچی کە ئێستا لە کۆتایی سەدەی بەستەمیشدا ژمارەی کتێب بەو زمانانە ئەوەندە کەمە مرۆڤ دەتوانێ لە خۆی بپرسێ تۆبڵێی شانسی پاراستن وپەرەپێدانی ئەمجۆرە زمانانە هەبێ؟**

ـ ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەمن نیگەرانییەکەی لەو چەشنە لەناو بەلوچەکاندا بەتایبەت نەوەی تازەدا دەبینم. لەو دواییانەدا یەک لەوانە کتێبێکی نووسیوە بە نێوی«ئایا بەلوچی دەتوانێ خۆی بپارێزێ؟» وەڵامی ئەم نووسەرە «نا»یە. لێکۆڵینەوەی ئەو، نیشان دەدات کە زۆرێک لە بەلوچەکان هەوڵ دەدەن منداڵەکانیان بنێرنە مەدرەسەی ئینگلیسی یان تەنانەت ئوردوو. ئەوەی لە ئورووپا وەک ئەتۆ ئاماژەت پێکرد ڕوویداوە ، شتێکی سروشتی ولەهەمان کاتدا شازە. لە وڵاتانی تازەسازبوو، لە ئاسیا وئافریقا و تەنانەت لە ئورووپاشدا بۆ نموونە وڵاتانی بالتیک مەسەلە جۆرێکی دیکەیە. لەم وڵاتانەدا بە شێوەی بەرنامەدارشتنی زمانی(Language planing) هەوڵ دەدرێ زمانی ستاندارد سازبکرێ و چارەیەکی تریش نییە. بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ هێندێک فاکتۆر لە ئارادابن وەک خوێندن بەو زمانە کە زۆر گرینگە و بەبێ دەرسدانەوەی زمان لە مەدرەسەدا ناکرێ ئەو زمانە لە ئاستی کۆمەڵگادا بڵاوکرێتەوە و ببێتە زمانی هەموو لایەک. زمانی بەلوچی و کوردیش ئێستا لەم بارەوە تووشی موشکیلەی گەورەن واتە زمانی خوێندن لە مەدرەسە نین. لەو جێگایانەش کە بەم زمانانە دەخوێندرێ، زۆرگیر وگرفتی تر هەن بۆ پێشخستنی ئەو زمانانە. یەک لەوان نەبوونی ڕێنووسێکی یەکگرتوویە. بۆ زمانی بەلوچی لە بەشی ئێران و ئەفغانستان هەر شانسێک لە ئارادا نییە. لە پاکستانیش هەر وەک گوتم گیروگرفتی زۆر هەیە. لە تورکمەنستان کە نزیکەی (٣٠٠٠٠)بەلوچی لێدەژی هێندێک ئیمکانات هەبووە بەڵام کەمبوونی ژمارەی بەلوچەکان لەوێ زۆر بەرچاوە.

● **ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی گشتی وەک تەلەڤیزیۆن و ڕادیۆش لە ئارادانین تا یارمەتی بە پەرەگرتنی زمان بدەن...**

ـ ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی گشتی دەتوانن لە پێناوی وەدیهاتنی هەلومەرجی لێک تێگەیشتن زۆر بە کەڵک بن و وەک گوتت ئەوانیش بەمجۆرە لە ئارادانین. بەڵام هەروەک گوتم هۆکاری سەرەکیی پەرەگرتنی زمانی ستاندارد، خوێندن بەم زمانەیە لە مەدرەسە.

● **لە لاپەڕەی ٣٦ی کتێبەکەتدا دەڵێی: «ستانداربوونی زمانی مەسەلەیەکی ئاسکی سیاسی یە...» پێتوایە ئیمکانی زمانێکی ستاندارد لە هەلومەرجی نەبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی یان خود لانیکەم ڕادەیەکی بەرچاو لە ئۆتۆنۆمی، هەبێ؟**

ـ بەلای منەوە زۆر ئەستەمە..

● **یانی مومکین نییە..**

ـ زۆر زۆر موشکیلە.. بەڵێ ئەگەر خودموختاریی کولتووری هەبێ هیوایەک هەیە مرۆڤ بتوانێ بە هۆی دەرس خوێندن بەو زمانە لە مەدرەسەدا، ڕێگای ستانداربوون هەرچی زیاتر خۆش بکات. تازە ئەوکاتەش گێرەوکێشەی ڕووناکبیران و لەوان بترازێ حیزبە جۆراوجۆرەکان، خۆی هەڵبژاردنی دیالێکتێک وەک زمانی ستاندارد تووشی موشکیلە دەکات. لەوانەیە دەمارگیری و سووربوون لە سەر هێندێک ڕاوبۆچوون، بە قیمەتی فیداکردنی زمانەکە تەواو بێت. شەڕ و ناکۆکی لایەنە جۆربەجۆرەکانی بەلوچ خۆی کۆسپێکی گەورەیە لە سەر ساغبوونەوەی ستانداردکردنی زمان ورێنووس. پاشاگەردانی زۆر زەربەی لەم ڕەوتە داوە.

● **هەلومەرجی ئێستای بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی بەلوچستان چۆنە؟**

ـ ئێستا نێوانی حیزبە بەلوچییەکان و دەوڵەتی پاکستان باشە. ویستی سەربەخۆیی ئێنستا لە ئارادا نییە. ڕادەیەک لە ئۆتۆنۆمی بۆ بەلوچەکان لە پاکستان لەبەرچاو گیراوە.

● **کارینا، بەلوچ و کورد زۆر شتیان لێک دەچێ.. ئایینزای هاوبەش، دابەشکراویی بەسەر سێ چوار وڵاتدا. لە ئاستی دیالێکتیش ئەو وێکچوویە دەبینم، ئەوانیش دوو دیالێکتی سەرەکییان هەیە: مەکرانی و ڕەخشانی.. کێشەی دیالێکت لە نێو ئەواندا تاچ ڕادەیەک چارکراوە؟**

ـ مەکرانی و ڕەخشانی دوو دیالێکتی سەرەکیی بەلوچی ڕۆژئاوایین. بە دیالێکتەکانی ڕۆژهەڵاتیی ئەدەبی نووسراوە کەمە. لەم بەشەدا بۆ نموونە «ماری بووتی» پتر عەشیرەتەکان دەژین و ڕادەی باسەوادیی یەکجار لەخوارێیە. باسی دیالێکت لە نێوان بەلوچی ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەڵاتی زۆر وەک باسی زازایی وکرمانجی دەچێ. ڕۆژهەڵاتییەکان هەروەک چۆن زازاییەکان گلەییان لە کرمانجان هەیە، لە ڕۆژئاواییەکان گلەیی دەکەن گوایە دەیانەوێ دیالێکتی وان قوت بدەن.

● **بەکورتی دەتوانێ مرۆڤ بڵێ بەلوچەکان زمانێکی ستانداردیان هەیە؟**

ـ نا! نە وەک نووسین و نە وەک ئاخافتن.. بەڵام بەلوچی ڕۆژئاوایی زاڵە. لە(کەراچی) گروپێکی زمانەوان زۆرکاری بایەخداریان لەمەڕ کتێب بۆ خوێندن کردووە کە جێی خۆشحاڵییە.

● **مەبەستت ئاکادێمی بەلوچی یە؟**

ـ نا، ئەوانە گروپێکی سەربەخۆن. ئاکادێمیای بەلوچیش هێندێک کاری بەنرخی کردووە.

● **ئەو ئاکادێمیایە ئۆرگانێکی دەوڵەتی یە؟**

ـ نەخێر! ئاکادێمیای کەراچی دەوڵەتی نییە بەڵکوو پێکهاتووە لە جەماعەتێکی دڵخواز. بەڵام لە (کوێتە )ئاکادێمیای دەوڵەتی هەیە.

● **شانسی پاراستنی زمانی بەلوچی یان کوردی لە هەلومەرجی ئیمڕۆدا، کە وەک گوتت خوێندن بەم زمانانە بە گشتی لە ئارادانییە چەندەیە؟**

ـ بۆ ئەو کەسانەی بە زمانێکی تر دەخوێن و بۆ نموونە لە شارەکانی تری ئەم وڵاتانە دەبنە خاوەنی کار، پاراستنی زمانی زگماکی زۆر زەحمەتە و دوای یەک دوو نەسل ئەستەمە قسە لە پاراستنی زمانی زگماکی بکرێ. «هەستی نەتەوەیی»یش فاکتۆرێکە لە پاراستنی زماندا. تێکەڵاونەبوون لەگەڵ نەتەوەی تریش یارمەتی دەدات بە پاراستنی زمان.

⬅

**● کارینا، با له بەلوچستان و کوردستان بێینەوە سوێد، ئەتۆ هەم مامۆستای زمانی وهەمیش وەک دایک ئەزموونت لە سەر منداڵ هەیە، بە ڕای ئێوە منداڵ لە یەک کاتدا توانایی فێربوونی چەند زمانی هەیە؟**

ـ بە ڕای من دوو زمان. منداڵ دەتوانێ لە عەینی کاتدا فێری دوو زمان بێ، بەڵام کە بوو بە سێ زمان بە بڕوای من (مەبەستم منداڵی چکۆڵەی بەر لە مەدرەسەیە) زەحمەت دەبێ، یانی منداڵی سێ زمانە لە ئاکامدا دەبێتە منداڵێک بێ زمانی زگماکی. بۆ نموونە ئەمن خێزانێک دەناسم کە دایکەکە فینلاندییە و بابەکە ئێرانی و منداڵەکەش لە کۆمەڵگەی سوێدی دەژی. دەتوانم بە ڕاشکاوی بڵێم منداڵێکی وا تووشی گیر و گرفت دەبێ ئەگەر بیانهەوێ لە یەک کاتدا هەر سێک زمانی فێر بکەن.

**● چەندە گەشبینی بە توانایی پاراستنی زمانی زگماکیی منداڵی پەنابەران لە سوێد؟**

ـ ئەم شتە دەگەڕێتەوە سەر ئەمە کە ڕادەی ئەو گروپە پەنابەرانە چەندە و چەندەیان پێوەندیی لەگەل یەکتردا هەیە. هەروەها ئەم پەنابەرانە لە ناو خۆیاندا واتا لەگەڵ هاونەتەوەی خۆیان زەماوەند دەکەن یان نا، بۆ نموونە هەرمەنییەکان هەرچەند بە ژمارە لێرە زۆر نین بەڵام هەستی پاراستنی خۆیان بە شێوەی ئەوەیکە لەگەڵ یەکتر زەماوەند بکەن یەکجار بە هێزە کە ئەوە فاکتۆرێکی کاریگەرە. بۆیەدەتوانم بڵێم هەرمەنی وەک زمان دەتوانێ دووسێ نەسل خۆ بپارێزێ.

ژمارەی زۆری کوردان لە سوێد دەتوانێ هۆیەک بێ بۆ ئەوەی ئەوان پێوەندییان لەگەڵ یەکتر زۆر بێ و بتوانن بۆ دوو سێ نەسل زمانی خۆیان بپارێزن.

**● خوێندنی زمانی زگماکی لەم پێوەندییەدا، لێرە لە سوێد، پێتوایە چ ڕۆڵێکی هەیە؟**

ـ خوێندنی زمانی زگماکی زۆر نارێکوپێکە و زۆر بەناتەواوی ئورگانیزە دەکرێ. ئەگەر بێتوو ئەم کارە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک سازمان بدرێ دەتوانێ هەنگاوێکی زۆر بە نرخ بێ. بەڵام ئەزموونی خۆم ئەوەیە کە خوێندنی زمانی زگماکی بەمجۆرەی کە ئێستا هەیە بێ کەڵکە. سەعاتێک لە حەوتوودا و مامۆستای بێ هاندەر و ناشارەزا وبێ توانا، بەهیچ لەونێک ناتوانن بنەمایەکی باش بن بۆ فێر کردنی زمانی زگماکی. لەگەڵ ئەوەشدا پێموایە ڕێکخراوەکانی کولتووری بۆ خۆیان دەتوانن باشتر کار بکەن بۆ ئەوەیکە زمانی خۆیان بپارێزن و فێری منداڵەکانیان بکەن.

**● ئەگەر بڕیار بە دەست تۆ بایە، بۆ فێر کردنی زمانی زگماکی منداڵی پەنابەران چیت دەکرد؟**

ـ لە پێش هەموو شتێکدا خوێندنی زمانی زگماکیم بەم شێوەی کە ئێستا لە سوێددا هەیە، هەڵدەوەشاندەوە. ئەمە پرۆژەیەکی سەرنەکەوتوویە، زمانی زگماکیم وەک دەرسێک لێدەکرد لە نێو دەرسەکانی تر. هەر چۆن منداڵ ئینگلیسی یان فەڕانسەیی دەخوێنێ و دەبێ دەرەجەی باش بێنێتەوە، بۆ زمانی زگماکیش فەزایەکی وام دەخولقاند. دەزانی کە ئەوە ئیدیالێکی جوانە، بەڵام وەدیهاتنی مەیسەر نابێ. ئەوەی مرۆڤ ئێستا دەتوانێ بیکا ئەمەیە کە یارمەتی بدرێ بە ڕێکخراوەکانی کولتووری هەر زمانێک(تەنانەت ڕێکخراوە سیاسییەکانیش ئەگەر بیانهەوێ) کە بۆ خۆیان ببنە بەرپرسی فێرکردنی زمانی زگماکی. جائەوان دەتوانن بە پلانی ڕێکوپێک و دامەزراندنی مامۆستای لێهاتوو، سەرکەوتووی ئەم کارە مسۆگەر بکەن. هەرمەنییەکان لە ئوپسالا کارێکی وا دەکەن وتاڕادەیەک لە کارەکەیاندا سەرکەوتوون. شتێکمان نابێ لە بیر بچێ، ئەویش ئەوەیە کە منداڵ بۆ خۆی ڕەنگە زۆر حەزی لە خوێندنی زمانی زگماکی نەبێ، ئەوە دایک وباوکن لە هەنگاوی یەکەمدا و دوایەش مامۆستایە کە زەمینەی پێخۆشبوون و پێداویستی لە منداڵدا وەدیبێنن.

**● لە منداڵەوە بۆ گەوران.. ئەزموونی تۆ لە سەر فێربوونی زمانی سوێدی لە لایەن گەورەکان(لە باری تەمەن)ەوە چۆنە؟**

ـ ڕاستییەکەی ئەوەیە کە فێرکردنی زمانی سوێدی و توانایی فێربوونی زمان لە لایەن پەنابەرانەوە تا ئەو جێیەی دەگەڕێتەوە سەر کورد و بەلوچ وئێرانییەکان کە من ئاگام لێیە زۆری کۆسپ تێدا نییە. بەڵام شتێک لەو نێوەدا کەمە، ئەویش پێوەندیی ڕۆژانەی پەنابەرانە لەگەڵ زمانی سوێدی. ئەم شتە بەداخەوە لە سوێد هاسان نییە، هەر بۆیە منیش ئامۆژگارییەکەی ئەوتۆم نییە. هەبوونی کۆنتاکت و پێوەندیی زمانی گرینگترین هەنگاوە بۆ فێربوونی زمان. خوێندکارانی زمان لە زانستگای ئێمە نموونەیەکی باشن بۆ ئەوەیکە بە بێ پێوەندیی، مرۆڤ ناتوانێ زمان فێر بێ. خوێندکارانی ئێمە لە باری تیۆرییەوە گەڵاڵەکانی زمان زۆر باش دەزانن بەڵام چونکە پێوەندیی زیندوو و ڕۆژانەیان لەگەڵ زماندا نییە، ناتوانن باش قسە بکەن وزمانیان دەگیرێ. خوێندنەوە و چاو لە تەلەڤیزیۆن کردن تەنیا دەتوانن توانایی حاڵیبوونی زمانیی بەرنەسەر، نەک توانایی قسەکردن.

**● کارینا ئێستا دەمهەوێ سپاست بکەم بۆ ڕەخساندنی ئەم هەلە و ئەو وتووێژە.. بەڵام نازانم بۆ پێمخۆشە ئەو هەستە بە زمانی کوردی دەربڕم و بڵێم: «زۆر سپاس»..**

ـ «زۆر سپاس»،

**● ئەگەریش بتهەوێ دەتوانم بە سوێدی سپاست بکەم وبڵێم: "tusen tack" (هەزار سپاس).**

ـ "tack själv"، سپاس بۆ تۆش.. دەزانی سپاس بە هەرمەنی یانی چی؟

**● نا، نازانم**

ـ بە هەرمەنی سپاس یانی: ڕاوەستە، سەبرکە، چاوەڕێ بە. ڕیشەی ئەم کرداره «سپاسیرا»یە، بەڵام لە کاتی ئاخافتندا دەڵێن: سپاس، یانی سەبرکە!

**● دەزانی بە ڕووسیش دەڵێن: «سپاسیوا».. بڵێی پێوەندییەک لە نێوان «سپاس»ی کوردی و«سپاسیوا»ی ڕووسیدا هەبێ؟**

ـ نازانم ئەمن هێندە شارەزای ڕیشەناسی نیم، بەس دەزانم «سپاس»لە فارسیشدا هەیە، جا ئەوەیکە لە بنەڕەتدا وشەکە کۆییە، نازانم.

**● هەرچۆنێک بێ، سپاست دەکەم.**

## یادی پەنجا ساڵەی کۆماری کوردستان

**خوێنەرەوانی بەڕێز**

بۆ ڕێزگرتن لە یادی پەنجا ساڵەی دامەزرانی کۆماری کردستان(٤٥ -١٩٤٦)، «گزینگ»ی ژمارە ١٣(پاییزی - ١٣٧٥= ١٩٩٦)، وەک ژمارەی تایبەت بۆ ئەو مەبەستە تەرخان دەکرێ. بەم بۆنەوە لە خوێنەرەوان داوا دەکەین بە ناردنی وتار و نووسراوە (بیرەوەری و لێکۆڵینەوە) و وێنە و بەڵگە( کە پێوەندی بە کۆمارەوە هەبێ و تا ئێستە بڵاونەبووبێتەوە) لەو تێکۆشانەدا بەشداری بکەن و یارمەتیمان بدەن، هاکا بتوانرێ هەم لایەنە نادیارەکانی مێژووی نەتەوەکەمان ڕوون بێتەوە و هەمیش ئەزموونی پێویست لەم ڕووداوە گرینگە وەربگیرێ...

هەروەک ئاشکرایە زۆر لایەنی ژیانی سەردەمی کۆمار هێشتا ڕوون نەبۆتەوە و جێی خۆیەتی لەو بوارەدا گرینگیی دامەزران و چۆنیەتی لەناو چوونی ئەو کۆمارە ساوایە، وردتر سەرنج بدرێ و زیاتری لەسەر بنووسرێ بەتایبەت: ژیانی خەڵک لە گوندەکان، پێوەندیی نێوان کورد وئازەری و کەمایەتییەکان وەک جوولەکە و هەرمەنی وئاسۆری، باری ئایینی و ژیانی فەقێ و مەلایان و دەوری مزگەوتەکان، زمان، مۆسیقا، ڕادیۆ و چاپەمەنی و چاپخانە، ژیانی ژنی کورد، مەدرەسەکان و مامۆستا و خوێندکار و...

شایانی ڕاگەیاندنەکە ئەم ژمارە یە(گزینگ - ١٣)، لە لایەن بەڕێز: «د. ئەمیر حەسەنپوور» وەک «سەرنووسەری میوان» بەڕێوە دەچێ و سەروتاری ئەم ژمارەیە ئامادە دەکرێ.

پێویستە ئەوەش بە عەرزی ئێوەی بەڕێز ڕاگەیێندرێ کە وتار و وێنە و بەڵگە و نووسراوەکان، ئەگەر بکرێ تا ئاخری مانگی ژوئێن(یونی)ی ٩٦، بە ئادرێسی «گزینگ» بنێردرێن تا زنجیرە باسەکان، بە شێنەیی ڕێکوپێک بکرێن. لە کۆتاییدا پڕ بەدڵ سپاسی هاوکاری و دڵسۆزیتان دەکەین.

**«گزینگ»**

## خەڵات وەرگرانی نوبێل(١٩٩٥)

ڕۆژی یەکشەممە ١٠/١٢/٩٥ لە میوانییێکدا کە لە کۆنسێرت هوس(Konsertshus)ی ستۆکهۆڵم بە بۆنەی دابەشکردنی خەڵاتی نوبێلی ٩٥، بەڕێوەبرا، کارل گوستاف پادشای سوێد، خەڵاتەکانی بەم چەشنەی خوارەوە بە براوەکان( ٩ پیاو و ژنێک) پێشکێش کرد:

١) فیزیک(٢ کەس): «مارتین ل. پێرل»(Martin L. Pearl) ٦٨ساڵە، ئەمریکایی و «فریدریک ڕەینز»(Frederick Reines) ٧٧ ساڵە، ئەمریکایی.

٢) شیمی/ کیمیا(٢ کەس):« ماریۆ مۆلینا»(Mario J. Molina) ئەمریکایی و «ف. شێرڤوود ڕۆلاند»(F. Sherwood Rowland) ئەمریکایی.

٣) دەرمان وداروو(٣ کەس): «ئیدوارد لویس»(Edward B. Lewis) ئەمریکایی، «ئێریک ویشهوس»(Eric F. Wieschaus) ئەمریکایی و «کریستیان نوسلەین ڤۆلهارد»(Christiane Nüsslein) ئالمانی.

٤) ئەدەبیات: «شیموس هینی»(Seamus Heaney) ئیرلەندی باکووری. (بڕوانە ل ٤٦ و٤٧ی ئەو ژمارەیە)

٥)ئیقتیساد(ئابوور): «ڕۆبێرت لوکاس»(Robert E. Lucas) ئەمریکایی.

٦) ئاشتی: «یۆسف ڕۆتبلات»(Joseph Rotblat) پۆڵەندی، ئەندام و دامەزرێنەری« بزووتنەوەی پوگواش» کە لە ساڵی ١٩٥٧ەوە بۆ تواندنەوە وکەمکردنەی وزەی ئەتۆمی پێکهاتووە ■

## نمایشگای کتێب لە یۆتەبۆری(١٩٩٥)

**بابەتی نمایشگای کتێبی یۆتەبۆری ئەوساڵ [٢٦- ٢٩ی ئۆکتۆبر] ئازادی بەیان و ،سەلمان ڕوشدی،یش لە کاتی کردنەوەی نمایشگادا، میوانی ئیفتیخاری بوو.**

«بای دائۆ» شاعیری چینی و «یاشار کەمال»نووسەری تورک کە هەردووک لە وڵاتی خۆیان لە ژێر چاوەدێری دان، وەک میوان لەو نمایشگایەدا کە ڕۆژی یەکشەممە کۆتایی پێهات، بەشدار بوون.

«نیسلوونکا دراکولیچ»کتێبی تازەی خۆی بە نێوی(Marmorhud)«پێست مەڕمەڕی»ناساند و «ولادیمیر ئارسێنیویچ»نووسەری لاوی سەربی سەبارەت بە شەڕ و لاوان وتاری خوێندەوە و «ئێدوارد و. سەعید» دەربارەی شەڕ و ئیمپریالیسم قسەی کرد. «ئانا مارتینێز» سەبارەت بەو ناڕەحەتییانەی کە پێوەندییان بە ئانخواردنەوە هەیە، وتاری دا و «تیۆدور کالیفاتیدس» تازەترین کتێبی خۆی بە نێوی(ئاخرین نور)ناساند.

لە سمینارێکدا کە سەبارەت بە نووسەرانی هەندەری پێکهاتبوو، «میلۆسلاو پویادیچ» نووسەری سەربی کە لە ساڵی ١٩٩٣ لە هێلسینگبۆری دەژی و هەروەها «سولەیمان چیرە» شاعیری کورد کە دانیشتووی هودیکسڤاڵە، بەشدارییان کرد.

«شیموس هینی» وەرگری خەڵاتی نوبێلی ئەوساڵ بۆ قسەکردن لە سەر شێعر و شاعیری وهەروەها خوێندنەوەی شێعرەکانی خۆی لە «هۆڵی شێعر»دا یەکڕاست لە دوبلین ڕا خۆی گەیاندە یۆتەبۆری. ئەو هۆڵە کە لە کارە تازەکانی نمایشگای ئەوساڵ بوو، شوێنی بەشداربوونی گەلێک لە شاعیران ونووسەران بوو. «دوریس لێسینگ» بەشی یەکەمی کتێبی ژیانی خۆی ناساند.

دادە «لێنا» لە لایەن لێژنەی خوشکانی قەدیس فرانسیس لە لێروم(Lerum) سەبارەت بە ژیان لە کەنیسە لە دەیەکانی ١٩٩٠، دروست بەمجۆرەی کە لە کتێبەکەیدا بڵاوکراوەتەوە، قسەی کرد. «توماس ڕاوێللی»گۆڵێری تیمی میللی سوێد سەبارەت بەوەیکە چۆن شێعر وئەدەبیاتیش دەتوانن ڕێگەی ئەجاب بن، وتاری دا. ■

* لە« ڕوزنامە مهاجرین» ژمارە ٣٧، ٢ی نوامبری ١٩٩٥ وەرگیراوە.

لێکۆڵینەوە و نووسینی: (ژیلا. ف)و(تەیفور)

(٣)

# مافی ژن لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا

## باسێکی مێژوویی لە سەر مافی ژن لە کوردستاندا

### زەردەشت و ئایینی زەردەشتی

#### ١- ماد (٧٠٨ -٥٥٠ پ. ز)

پێکهاتنی یەکێتی هۆزەکانی کورد و دامەزرانی دەوڵەتی ماد (٧٠٨ یا٧٠١) بەو مانایە نییە کە یاسایەکی گەڵاڵە کراویش پێکهاتووە. هیچ بەڵگەیەک بەدەستەوە نییە کە بە پێی ئەوە بزانین چ کۆمەڵە یاسایەک لەو کاتەدا بەسەر ئەم وڵاتەدا حاکم بووە، بەڵام دەزانین (جگە لە ئایین و یاساکانی بابل و ئاشوور کە پێشتر باسمان کردووە، کەوا لەم ناوچەیەش هەبووە و پاراستانی زۆر بۆ خوداکانی بابل لە "ئاتروپاتن" دروست کرابوو ) ئایینی "مەغ"ەکان پێش بڵاوبوونەوەی ئایینی زەردەشت (زەرتوشترا ـ زەرتوشت) لە مەڵبەندی مادەکاندا هەبووە.

یەکێک لەم شەش چینەی کە هێرۆدۆت لە کۆمەڵی ماددا نێویان دەبا "مەغ"ەکانن ، کە بە وتەی "پلوتارک" ناوەندیان "رەی" (رەغە ـ لە نزیک تارانی ئەورۆ دا) بووە[1] و دەسەڵاتی ئایینی بە دەست ئەوانەوە بووە.

بە پیێ هێندێ لێکدانەوە، مەغەکان تیرەیەک بوون کە کاری ئایینییان بە ئەستۆوە بووە وەک دیاکۆنۆف دەڵێ: هەموو پیاوی ئایینی، مەغ بوون بەڵام هەموو مەغێک پیاوی ئایینی نەبووە.[2]

مولتون لە کتێبی (زەردەشتی گرایی کەونارا ل١٨٢) دا دەڵێ: "مەغان تیرەیەکی خۆوڵاتی (بوومی)ـ نە ئاریایی و نە سامی ـ بوون کە بە تەنیا کاهین و غەیبوێژی ماد دەژمێردرێن ... ئەمانە لە پێشدا جادووگەر بوون و بە خوێندنی وێرد و هێندێ کردەوەی تایبەتی(کۆڕ بەستن) چەپەڵی و شەڕیان دوور کردۆتەوە و چاکەیان بانگ کردووە. وشەی مەغ چۆتە ناو زمانی لاتین و دواتر لەزمانە ئورووپاییەکاندا بۆتە Magi بە مانای جادوو.[3] [ڕەنگە کۆڕی زیکری دەروێشان هەر لەو کاتەوە مابێتەوە، چونکە مەغەکانیش کۆڕیان بەستووە و چوونەتە خەلسەی دەروونەوە].

ئایینی مەغەکان پەرەستنی خوداکانی سروشت بووە کە پێیان گوتراوە "دێو"[4]. راستییەکەی ئەوەیە کە ئەم ئایینە کە پێی گوتراوە ئایینی "زروانی" (هێندێک لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئەمانە دوو ئایینی هاوپەران بەڵام یەک نین) دواتر لەگەڵ ئایینی زەردەشتی دا وەها تێکەڵ بووە کە

ناکرێ لێکیان جوێ بکەینەوە (لانیکەم لەم باسەی ئێمەدا کە تایبەتی بە ئایینەوە نییە) تەنیا دەتوانین بڵێین هێندێک لە خوداکان و رەسم و یاساکانی ئایینی کە دواتر بە ئایینی زەردەشتی ناسراون، پێش بڵاو بوونەوەی ئایینی زەردەشتی هەبوون. چونکە مەغەکان دواتر بۆ خۆیان بوونەتە پیاوی ئایینی زەردەشتی و تەنانەت ــ بە وتەیەک ـ خودی زەردەشتیش هەر لەم تیرەیە و مەغ بووە، واتە ئەمانە تازە وکۆنیان تێکەڵ کردووە. بۆ وێنە:

ئاناهیتا (ژن خودای زەوی و بارەوەری) کە دەتوانێ هەر ئەو دایک خودا بێ کە بە نێوی "کریشنا، نانا، نانایە، ئیشتر و..." پێشتر پەرستراوە یا لانیکەم پەسنەکانی ئەوانیان داوە بەم ژن خودایە.[5] پرۆفیسۆر «گیرشمەن»یش هەر لەسەر ئەم باوەڕەیە. ژن خودا ئاناهیتا دواتر لە بەشی پێنجەمی ئاوێستا برگەی ٧، ١٣، ٦٤، ١٠١، ١٠٢، ١٢٣، ١٢٦، هەتا ١٢٩ پەسن دراوە.

دوای ئەو "میترا (خودای هەتاو)ە و"هومە" (گاخودایەک کە خوێنی خۆی وەکوو شەربەتی ژیان بە ئینسان بەخشیوە) پەرستراون.

گیایەکیش بەنێوی هومە هەبووە کە شیرەی ئەم گیایەیان وەکوو ماددەیەکی پیرۆز خواردووەتەوە وپێی مەست بوون.[6]

بڕێک نێو لە نووسراوەکانی ئاشووریاندا (بەر لە سەدەی حەوتەم) هەیە کە دواتر لە ئایینی زەردەشتیش دا دووپات کراونەتەوە، وەک: ئەهورە (باش)، مەزدە (خاوەن خێرەد) بەگ (خودا) [ئەم نێوە لە ناو کورددا هێشتاش بە خاوەن دەسەڵات دەگوترێ].

دانانی لەشی مردوو لە هەوای ئازاد هەتا پەلەوەر بیخۆن، کە دواتر بووەتە یەکێک لە دابەکانی زەردەشتی، لەلای کاسییەکان لە کۆنەوە باو بووە.[7]

کە وابوو ئێمە لە باسی ئایینی زەردەشتی دا باسی هەموو ئەو نەریت و یاسا کۆمەڵایەتییانە دەکەین کە پێوەندی لەگەڵ ژن هەیە. چونکە هەر چۆنێک بێ لە دەوری ئایینی زەردەشتی دا باو بوون و دواتر بە نێوی ئەم ئایینەوە ناسراون و بوونەتە بەشێک لە ئەو.

بە بڕوای زۆربەی لێکۆڵەرەوان زەردەشت لە "ئاتروپاتن" [قەڵەمڕەوی ماد]دا بە دنیا هاتووە. لە دایک بوونەکەی هێندە لە ئەفسانە دەچێ کە بوونی دەخاتە گومانەوە. سەرەڕای ئەوەش "پرۆفیسۆر ویلیام جەکسۆن" کە

زۆر باوەڕی پێیەتی دەڵێ: (ڕەنگە بکرێ ٦٦٠ پ. ز بە ساڵی لەدایک بوونی زەردەشت بزانرێ.)[8] ساڵی مردنیشی بە ٥٨٣ پ. ز زانراوە.[9]

لە کێوی سەهەنددا ئەشکەوتێک هەیە کە ئەشکەوتی زەردەشتی پێ دەڵێن و لە نزیک مراغە ئاگردانە کۆنێک هەیە کە دەڵێن پاراستانی خودی زەردەشت بووە.[10]

ئەو جێگایەی کە زەردەشت یەکەم مریدی خۆی(کوڕی پوری بە نێو مدیومانگە) ــ کە لە ئاوێستا دا نێوی براوە ــ ئێرشاد کردووە، دێی خوڕخوڕە [لە شاروێران، ١٦،٥ کیلومەتری ڕۆژهەڵاتی شاری مەهاباد] بووە.

لە لایەکیترەوە سروودەکانی ئاوێستا ــ بە پێی لێکدانەوەی زمانەوانی ــ دەبێ یەکەم جار لە ڕۆژهەڵاتی بانی ئێران (خوراسان) نووسرابنەوە.[11] بۆیە لێکۆڵەرەوان هاتوونەتە سەر ئەو باوەڕە کە زەردەشت لە ئاتروپاتن شارەوەدەر (تەبعید) کراوە و چۆتە لای خوراسان و "ویشتاسب" نێوێک ــ نێوی لە ئاوێستادا هاتووە ــ کە حاکمی ئەوێ بووە، ئایینەکەی زەردەشتی پەسن کردووە و بۆتە هۆی بڵاو بوونەوەی. ئەم بیرە، بە پێی ئەم دێڕانەی ئاویستا پێکهاتووە کە دەڵێ: "ڕوو لە کام خاک بکەم، بۆ کوێ بڕۆم و لە پەنایەک بگەڕێم. خاوەن دەسەڵات و ڕێبەران دووریم لێدەکەن و لە وەرزێرەکانیش ڕازی نیم. هەروەها لەو درۆ پەرستانە کە فەرماندەرانی شارن، چۆن دەتوانم ئەتۆ ڕازی بکەم؛ ئەی مەزدا.[12]

هەرچۆنێک بێ ماد لانکەی ئایینێکە کە دواتر بە نێوی زەردەشتی ناسراوە و بە وتەی دیاکۆنۆف ئەو فێرکردنانە کە دواتر بوونە بنەڕەتی ئایینی زەردەشتی و لەگەشەی بیر و باوەڕی خەڵکی دنیای کەونارا دا دەورێکی گرینگیان هەبوو لە قەلەمڕەوی پادشاهی ماد دا پێک هاتن.[13] یەکێک لە نیشانەکان ئەوەیەکە: کۆنترین ئاگردان و پاراستانی زەردەشتی لە "نووشی جان تەپە" [ ٦٠ کیلومەتری باشووری هەمەدان و ٢٠ کیلومەتری ڕۆژهەڵاتی مەلایر]ــ لە ساڵی ١٩٦٨ دا دۆزراوە ــ کە تەمەنی دەگاتە نێوان سەدەی هەشت تا شەشی پ، ز.[14]

هەڵبژاردنی ئایینی زەردەشتی لە لایەن مادەکانەوە دوو هۆی بنەڕەتی هەبووە. یەکێک ئەوە کە پادشاکانی ماد، دەیانەویست هێزی وردەواڵەی بەربڵاوی هۆزەکان کۆکەنەوە و هەمووی بهێننە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە نیازیان بە ئایینێک بوو کە ئەم ئیزنەیان بداتێ. ئایینی زەردەشتی هەموو خودا بچووکە سروشتییەکان لا دەدا و یەک خودا (ئەهورامەزدا) دەکاتە دەسەڵاتداریان.[15] دووەم موغەکان کە دیتیان ئایینەکەی زەردەشت لە پەرەسەندن دایە (بۆ ئەوەی نەبێتە دژی ئەوان) ئەو ئایینەیان هەڵبژارد[16] و پاشان لەگەڵ ئایینەکەی خۆیاندا تێکەڵیان کردەوە و تواندیانەوە و خۆیان بوون بە کاهێنی ئەو ئایینەش کە نێویان بوو بە "مووبەد".

بەرە بەرە، بە کۆ بوونەوەی هێز لەدەست پادشادا وای لێهات کە سەرۆکایەتی کۆمەڵ لە پیاوە ئایینییەکان ئەستێندراوە و کەوتە دەست پیاوە نیزامی و شەڕکەرەکان. پادشاهی و سەرۆک ئایینی تێکەڵ بوون تا ئەو ڕادەیە کە شا وەکوو "سەر پرستار" [کاهێنی گەورە] چاو لێدەکرا .[وەک بابل، وەک خەلیفەکانی ئیسلام و ویلایەتی فەقیە لە ناو شیعە][17] سەرەڕای ئەمەش ناکرێ بڵێین ئایینی زەردەشتی بەسەر تەواوی کۆمەڵدا داسەپێندرا بوو و ئایینەکانی دیکە لە نێو چوون. چونکە پاش مادەکانیش دەبینین کە "گیۆماتای مەغ" (٥٥٦ پ. ز) ڕاپەڕیوە و بە وتەی بەردنووسی داریوش(ی هەخامەنشی) کە دەڵێ: "ئەو پاراستانەی کە گیۆماتای مەغ وێرانی کردبوو من ئاوەدانم کردەوە"، دەبێ گیۆماتا وهەوالانی گەرچی لە مەغەکان بوون بەڵام زەردەشتی نەبووبن. هەروەها دەزانین کە کووروش یەکەم پادشای پارس لە کاتی گرتنی بابل دا ڕێزی لە هەموو خوداکانی ئەوێ گرتووە بەتایبەت مەردوک خودای بابل، و ئەمە لە زەردەشتی ناوەشێتەوە.

ئایینی زەردەشتی یەکەم جار لە زەمانی داریوش دا بووەتە ئایینی ڕەسمی ئیمپراتوری ئێران. بۆیە دەبێ چاوێک بەو کاتەدا بخشێنین کە هێشتا ئایینی زەردەشتی بەتەواوی دەسەڵاتی بە دەستەوە نەگرتووە، بزانین ـ تا ئەو جێگا سەرچاوەکان ڕێگا دەدەن ـ پلەو پایەی ژن لە کۆمەڵدا چۆن بووە؟

ــ بە وتەی هێرۆدۆت: لە بنەماڵەی مادەکاندا باوک دەسەڵاتی بێ ئەملا و ئەولای هەیە و چەند ژن هێنان لە ناویاندا باوە.[18]

ــ ئەگەر کەسێک کوڕی نەبوایە، کوڕی کچەکەی دەبووە کوڕی ئەو، ئەمە دەبوو بە هۆیەک بۆ ئەوە کە کچی خۆیان مارە بکەن، هەتا پادشاهییەکە لە بنەماڵە نەچێتە دەرێ.[19]

ــ "ئاریان" کە وتەکانی سەبارەت بە ئەسکەندەر لە ڕاستییەوە نزیکترە دەڵێ: مادەکان سەد ژنیان پێشکەشی ئەسکەندەر کرد کە جلی سوارەیان لەبەردا بوو و لەباتی ڕم تەوەرزینیان پێ بوو و لەباتی قەڵغانی قورس قەڵغانی سووک. [ئەمە نیشاندەدا کە ژنان لە ریزی لەشکر دا هەبوون] بەڵام هیچ بەڵگەیەک بەدەستەوە نییە کە نیشان بدا لەناو مادەکاندا، ژنان توانیبێتیان بێن بە شا یا سەرۆکی بنەماڵە.[20]

ــ مێژووی ئەم سەردەمە پڕە لە چیرۆکی ئەو کچانە کە بە هۆی مەسلەتی سیاسییەوە لە پادشاکان مارەکراون و بوونەتە دیاری یان بارمتەی شەڕ وکێشە. بۆ وێنە "ئاستیاژ کچی کیاکزار(پادشای لیدی) دراوە بە هووەخشەترە پادشای ماد هەتا شەڕ ڕاوەستێ. یان کچی خۆی "ئامی تیس"ی کردۆتە بارمتەی سەر قەباڵەی پەیمانێک لەگەڵ پادشای بابل و داویە بە بختولنەسرکوڕی "نەبوپۆلاسار".[21]

ــ بە پێی مێژووی سەردەمی ماد ــ جگە لە ساڵەکانی ئاخر ــ دایمە لە شەڕ و کێشە لەگەڵ هاوسێیەکانیاندا بوون. بێگومان شەڕ کاری پیاوان بووە و کوڕیان بۆ سەربازی بردووە. کە وابوو کاری کۆمەڵ و تەنانەت کۆشک چێکردن بەشێکی زۆری کەوتووەتە سەرشانی ژنان. دواتر لە پارسدا کە هەر لەو هەلومەرجەدا بوون دەبینین کە کرێکارانی ژن لە پیاوان زۆر زیاترن.

باقی تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵ دەمێنێتەوە کە لەگەڵ ئایینی زەردەشتی باسی بکەین. چون بەڵگەو سەرچاوە بۆ ژیان لە سەردەمی ماددا زۆر کەمە، دەبێ لە شێوەی بەرانبەردانان کەڵک وەربگرین.

### ٢ ـ پارس

"کووروش" یەکەم پادشای پارس لە ٥٥٠ پ. ز دا، کۆتایی بە دەسەڵاتی ماد هێنا و بە وتەی ویل دورانت: دینی زەردەشتیش وەکوو سازمانی باوکسالاری و یاسا و چەند ژنی لە مادەکانەوە چووە لای پارسەکان.[22] سووچەکانی ئەم ئیمپراتورییە، بە دەستی داریوش لە لایەکەوە گەیشتە "میسر"و لە لایەکی دیکەوە چووە سەر چۆمی "سێند"، لە سەرەوە قەفقاز و ئەرمەنستان وچوڵی تورکمەنستانی گرتەوە و لە خوارەوە هەموو کەنداوی فارس و عەرەب. کە وابوو کوردستان بە گشتی لە ژێر دەستی پارسەکاندا بووە، کارتێکەری دوو لایەنەی کۆمەڵایەتی و یاسایی لە نێوانیاندا هەبووە. بەڵام هیچ بەڵگەیەک بە دەستەوە نییە کە یاسایەکی گشتی بەسەر وڵاتدا حاکم بووبێ و زیاتر لەوە دەچێ کە هەر ناوچەیەک یاسا و نەریتی خۆی هەبووبێ، بۆ وێنە کووروش چووەتە هەر کوێ ڕێزی لە ئایین و یاسای ئەوان گرتووە. هێندێ لێکۆڵەرەوە لە سەر ئەو باوەڕەن کە زیاتر یاساکانی



مەغ و ئاگردانێک
لە کتێبی «سەفەرنامەی جەکسن» وەرگیراوە

بابل بەرێوە چووە. سەرەڕای ئەوەش ناکرێ بڵێین داب و نەریتی پارسەکان کە حاکمی وڵات بوون، هەر لە نێو خۆیاندا ماوەتەوە، و ئەگەر قسەکەی ویل دورانتیش لەبەر چاو بگرین ئەو دەم دەبینین کە نەریتەکانی پارس لە ڕاستیدا لە مادەکانەوە بۆ ئەوان بە میرات گەیشتووە . بە تایبەت دەشزانین کە ماد و پارس دوو هۆزی خزم بوون و کورووش بۆ خۆی کچەزای "ئاژیدەهاک"ئاخر پادشای ماد بووە. چاو لێکردن لە نەریتەکانی ئەم کۆمەڵە پێش ڕەسمی بوونی ئایینی زەردەشت نیشان دەدا کە چۆن ئایینەکە بۆ خۆی نەریتەکانی گەڵاڵە کردۆتەوە. دیارە لە باسەکەی ئێمەدا تەنیا ئەو نەریتانە کە سەبارەت بە ژنانن باس دەکرێ.

بە گشتی هێندێک لە خاوەن نەزەران پێیان وایە پلەو پایەی ژن بەرلە ڕەسمی بوونی ئایینی زەردەشت بەرزتر بووە، دواتر ئەم ئایینە ئەوانی بە تەواوی زەبوون کردووە. ٢٣

ـ وتەیەکی کۆنی ئێرانی هەیە [لەناو کوردیشدا هەیە] کە دەڵێ: "کچ نێعمەتی خودا نییە". ئەمە لەبەر ئەوە بووە کە کچ لە ماڵی بابی نەدەمایەوە و نەدەبوو بە سەرمایەی داهاتوو و وەکوو ڕەنجی بە خەسار چاوی لێکراوە.

ـ منداڵ هەتا تەمەنی پێنج ساڵی لەژێر دەسەڵاتی دایکدا دەبوو و دوایە دەکەوتە ژێر سەرپەرستی باوکەوە.

ـ کوڕانی چینی حاکم لە تەمەنی حەوت ساڵیدا دەچوونە فێرگە، بەڵام خەڵکی ئاسایی تەنیا بۆ سوپاییگەری دەناردران. [فێرگە بۆ کچان نەبووە]

ـ شا بۆ ئەو پیاوانەی کە کوڕی زۆریان بووە هەموو ساڵێک خەڵاتی ناردووە. یانێ خوێن بایی ئەو کوڕانەی ــ کە دوایە دەیبردن لە مەیدانی شەڕدا بەکوشتی دەدان ــ لە پێشدا دەدا. ٢٤

ـ خەڵاتی دان بە کچ باو بووە . بە پێی بەڵگەکانی پرسپولیس داریوش ـ جگە لە شتی دیکە ــ سەد سەر مەڕی کردۆتە خەڵاتی کچەکەی. ٢٥

ـ چەند نموونە بۆ باو بوونی چەند ژنی:کورووش سێ ژنی مارەکراوی هەبووە. نێوی شەش ژنی مارەکراوی داریوش هەیە. ئەمە جگە لەو ژنانە بووە کە تەنیا بۆ لەگەڵ نووستن لە خەڵوەتیدا ڕایان گرتووە. بۆ وێنە ئەردەشیری سێهەم سێسەد و شەست ژنی لەم چەشنەی هەبووە (شەوێک یەک ژن لە ساڵدا). ٢٦

ـ سەرەڕای هەموو ئەو ژنانە کە هەیانبوو و دەیانتوانی هەیانبێ، ئەگەر بە گوێیان گەیشتبا کە ژنێکیان چاوی لە پیاوێکی دیکە کردووە ، دەس بە جێ دەیانکوشت. چوونەسەر جێگای کەنیزەکانی شا تاوانی مەرگ بووە.

ـ قەزاوت بە شێوەی "ئوردالی" [بڕوانە بەشی دووەم بابل] باو بووە. ٢٧

ـ جاری وایە بۆ گەیشتن بە دەسەڵات دایکی خۆیان کوشتووە . (کوڕەکانی ئامنیس ـ برازای ئەردەشیری سێهەم ژنی حاکمی "هراکلیە" دایکی خۆیان کوشت.

ـ هێرۆدۆت دەنووسێ: "بە پێی یاسای "مەغ"ی دەکرا کە کچ ببێتە ژنی باوک یا برای خۆی." نموونە بۆ ئەو وتە: (ئاتۆسا کچی کورووش بە نۆبە مارەکراوە بۆ براکانی کەمبوجیە و بەردیا.) ("ئاتۆسا" کچی "ئەردەشیری دووەم "کە ژنی بابی بوو، داوتر بوو بە ژنی براکەی خۆی "ئەرەشیری سێهەم"). (داریوشی دووەم لەگەڵ "ماریساتید"ی خۆشکی هاوسەر بوو.) (ئەردەشیری دووەم دوای مردنی ژنی یەکەمی لەگەڵ دوو کچی خۆی "ئاتۆسا"و "ئامستریدا" زەماوەندی کرد). ٢٨

ـ پلوتارک دەڵێ: منداڵان بە بێ ئیزنی دایکیان دانەدەنیشتن. شا لە میوانیدا لە خواردەستی دایکیەوە و لە سەرەوەی شاژن دادەنیشت. ٢٩ سەرەڕای ئەوەش خراپترین جنێو لە نێو پارسیاندا [لەناو کوردیش دا وایە] ئەوە بووە کە بە پیاوێک بڵێن "وەکوو ژنی!، یا لەژن کەمتری!" ٣٠

ـ ژنانی چینی دەستڕۆیشتوو تەنیا دەیانتوانی لە کەژاوەدا هاتووچوو بکەن و مافی دواندنی پیاوانیان نەبووە. ژنی شودار مافی نەبوو هیچ پیاوێک بدوێنێ تەنانەت ئەگەر باب یا برای با. کەنیزەکان ئازادی زیاتریان بوو، چونکە دەبوا خزمەتی میوانان و خاوەنەکەیان بکەن. ٣١

ـ پادشاکانی پارس یەکێک لە ژنەکانی مارەکراویان دەکرد بە "شاژن" [مەلەکە] (دیارە لەسەر شاژنی هەمیشە گێرەوکێشە بووە)، بۆ وێنە "ئاتۆسا لە دەرباری ئەردەشیردا زۆر بە دەسەڵات بووە.

ـ خشایارشا لە میوانییەکدا بە دووی "شا ژن"دا دەنێرێ کە بێتە نێو مەجلیسەکەوە، [پارسەکان ژنانی خۆیان بردۆتە میوانی و مەجلیسانەوە] ئەو بە بیانوویەک ناچێ. شا تووڕە دەبێ و تانجی (شا ژنی) لێ دەستێنێتەوە. ٣٢

ـ ژن و منداڵ لە کاری بەرهەمهێنان و کاری خانووبەرە چێکردن و کۆشک کردنەوەدا بەشدار بوون، بەڵام مزە(حەقدەست)یان لەگەڵ پیاوان وەک یەک نەبووە و لە هێندێ کاردا ژمارەی ژنان زۆر زیاتر لە پیاوان بووە. بە پێی بەڵگەیەکی سەردەمی خەشایارشا کرێکاری پیاو ٢،١/٤ شکل [پارەی ئەو کاتە] حەقدەستی وەر گرتووە بەڵام ژن ١ شکل. کوڕ ١،٢/٣ بەڵام کچ ٢/٣.

بە پێ ئامارێک کە "تیورین" لە کرێکارانی (کۆیلە و ئازاد) کە لە کاری ساز کردنی کۆشک دا کاریان کردووە نیشاندەدا، پیاوان و کوڕان لە هەموو بەشەکاندا لە کۆی کچان و کوڕان کەمتر بوون. [دیارە لە هێندێک کاری تایبەتی دا ژنان بەشدار نەبوون]

کرێکاری پێشەکار (کپنوشکی [نێوی تایبەتی بۆ دەستەی کار])

پیاو ٤١،٦ ژن ٥٨،٤

شــوان "

پیاو ٥٤،٨٥ ژن ٤٥،١٥

شەراب ساز

پیاو ٥٤،٥ ژن ٤٥،٥.[٣٣]

بۆ بەراوردێکی ژیانی چینایەتی نموونەیەک لە نرخی پارە دێنینەوە.

نومستد" دەڵێ: دەوڵەمەندان ١٥ شکل ـ کە زیاتر لە داهاتی یەک ساڵی وەرزێرێک بوو ـ دەیاندا بە پاوندێک خوری ئەرخەوانی.[٣٤] [یانێ پارەی کاری پازدە رۆژی ژنێکی کرێکار بۆ نیو کیلۆ خوری. هەروەها دیارە ژیانی وەرزێر زۆر لە کرێکارەکەش خراپتر بووە]

لە کۆمەڵێکی ئاوهادا ئاڤێستا دەبێتە کتێبێکی دینی و لە سەردەمی داریوش دا دەنووسرێتەوە. ئاڤێستا بۆ خۆی هەمووی سروود و دوعایە و باسی ئاسمان وگەردوونە و زیاتر پێوەندی بە میتۆلۆژییەوە هەیە، و لەو ڕێگاوە دەرسی ئەخلاق دەدا. (یاساکانی زەردەشتی هەروەها کە باسمان کرد لە لایەن کاهێنەکانی مەغەوە داتاشراون، چون کۆمەڵ ناتوانی بەس بە دوعا کردن بەڕێوە بچێ). بۆیە بەر لەوە کە بچینە نێو باسی یاساوە، بڕێک باسی ژن لە میتۆلۆژی ئەو سەردەمەدا پێویستە.

## ژن لە میتۆلۆژی ئایینی زەردەشتی دا.

"زروان" (خودای کات) "ئەهورامەزدا" و "ئەهریمەنی" چێکرد. [دواتر زروان لەم ئایینە لا برا و ئەهورامەزدایە کە ئەهریمەن چێ دەکا و ئەوانەی باوەڕیان بە زروان بووە بە لادین ناسراون] ئەهورامەزدا شەش "ئەمشاسپەند" (ئەمری پیرۆز)ی چێکرد، کە سێیان مێ وسێیان نێرن.

بەهمەن (بیری باش). ئوردیبەهیشت (باشترین ڕاستی)، شەهریوەر (پادشاهی مەلەکوتی ئاسمان)، ئەمانە نێرن.

سپەندارمەز (شایستەیی پیرۆز- فریشتەی نگابانی زەوی) خورداد (تەواوەتی «کەماڵ») ئەمورداد (ئەمری) ئەمانە مێن.[٣٥][دەبینین لەم چێکەرییەدا هاوتایی ودابەشبوون لە نێوان دوو جنس دا هەیە].

سپەندارمەز بۆ خۆی کچی ئەهورامەزدایە(!) و لەدنیای رۆحانی دا دیارگەی ئەمەگ، فەرمانبەرداری، خۆ بەخت کردن و ئاشتی یە.[٣٦][ئەمانە نیشان دەدا کە پەسنی ژن بە چییەوە دراوە ، ژن دەبێ بە ئەمەگ بێ (بۆ پیاو)، فەرمان بەرێ (لەپیاو)و بەلە خۆبردووییەوە ئاسایش پێکبێنێ(بۆ پیاو)]

پاش ئەمشاسپەندەکان، "ئیزەدەکان چێکراون، کە یاریدەدەری ئەمشاسپەندەکانن. دوای ئەوان "فریشتە"کانن کە یاریدەی ئیزەدەکان دەدەن.

ژمارەیەک لەمانە پەسنی ژنانە و کچانەیان پێ دراوە. بۆ وێنە:

لە هەموو گەورەتر "ئاناهیتا"یە کە پێشتر باسمان کرد پاش ئەهورامەزدا لە بەردنووسەکاندا نێوی براوە.

« ئەهورامەزدا بە سپەنتمای زەردەشتی گوت: لە بۆمن ئەی زەردەشت سپەنتمان ئەم ئەردەیسور ناهیدە بپەرستە، کەسێک کە بە هەموو جێگایەکدا بڵاو بۆتەوە، دەرمانکەر، دوژمنی دێوان، ملکەچی ئاینی ئەهورایییە... پیرۆزێک کە زیادکەری گەل وئاژەڵە، پیرۆزێک کە زیادکەری داراییە، پیرۆزێک کە زیاکەری وڵاتە."[٣٧] مرۆڤ لەکاتی دوعاکردندا ئەم شتانەیان لە ئاناهیتا ویستووە: پیاوانی زۆردار ئەمرازی شکۆ و داراییان لێ گەرەک بووە. پیاوانی ئایینی لەکاتی نوێژدا زانین و خێرەد یان لێ ویستووە. کچان شو، ژنان ئاسان زایین یان لێ داوا کردووە.

"پارندی" ئیزەدی نگابانی دارایی خەڵک، "ئوشانە" ئیزەدی بەرەبەیان ، "هروتات فریشتەی نگابانی ئاو، "ئەمرتات" فریشتەی نگابانی دانەوێڵە، ژنن. فریشتە "ئەشی" (ارد) کە یاریدەدەری سپەندارمەزە کچێکی زۆر جوانە کە نیشانەی دەوڵەمەندی و بەخشین و بەرەکەتە، ئەم فریشتەیە، منداڵدار بوونیش نگابانی دەکا و لەو ژنانە کە منداڵیان نابێ توورەیە و خۆشیانی ناوێ. "ئەشتاد (ئەرشتاد) (یاریدەدەری ئەمرتات) نگابانی گوڵ و گیا و بێ مەرگییە و ژیانی ناو بنەماڵە رێک و پێک دەکا.[٣٨][کاری ژنان بە خودی ژنان ئەسپێردراوە، ئەو ئەرکانەی کە بە ئەستۆی ژنەوە بووە لە بنەماڵە و کۆمەڵدا ئیزەد و فریشتەکانیشی هەر ژن بوون]

لە ئاڤێستا (فەروەردین یەشت )دا هێندێ لە ژنانی زەوینی ستایش کراون. وەک: پئورچیستا (کچی زەردەشت و ژنی جاماسپ). هوتئوسا (ژنی گۆشتاسب). هما (کچی گۆشتاسب) ویسپ تئورووشی (شکست دەر)، ئوشت ونیتی، توشنامتی، ودوت، فرنگها، ئوردونیت. [ئەم سێیانەی ئاخرکچن]

گرینگ ئەوەیە کە، لە ئاڤێستادا لە هەر کوێ ستایشی پیاوان هاتووە ، ستایشی ژنانیشی لەگەڵ کەوتووە، تەنیا پەسن و ئەرکەکان لێک جیاوازن.

ئاخر مانگی ساڵ و پێنجەم رۆژی مانگ رۆژی سپەندارمەزە و یەکێک لە جێژنەکانی ئەو رۆژگارە بووە، بە وتەی "ئەبوو رەیحانی بیرونی" ئەمە جێژنی ژنان و مزەبگیران نێو نرابوو و لەم رۆژەدا لە لایەن پیاوانەوە دیاری دراوە بە ژنان.[٣٩]

"پەری" لە ئاڤێستا دا دێوی مێ (دەڵەدێو)ە[٤٠] پەری لە فەرهەنگی سامی دا "جن" ی باشە لە بەرانبەر دێودا کە جنی خراپە. لە نووسراوەکانی زەردەشتی دا لە جووتبوونی پەری و مرۆڤ بوونەوەری ئەهریمەنی و زیانەخورۆ دێتە دنیاوە.[٤١]



وێنەی خەیاڵی زەردەشت
لە ڕووی وێنەبەردی«بیستون»وەرگیراوە و وەیاندەزانی زەردەشتە، دوایە پێیان وابوو ئەهورامەزدایە. ئاخر ی دەرکەوت«ئاناهیتا»یە.
لە کتێبی «سەفەرنامەی جەکسۆن» وەرگیراوە

پاش ئاسمان نۆیەی زەوی دەگا و چێکەری ئینسان : «کەیومەرد Gayomard» ـ کەیومەرس ـ بەمانای ژیانی فانی. نێوی یەکەم ئینسان و شەشەمین چێکەری ئەهورامەزدایە [کە نێرەمووکە]... لەتوخمی ئەو، دوومروڤ پەیدا بوون "مەشێ و مەشیانە" ئەم دووانە هەتا نۆ مانگ لە شێوەی ڕێواس بوون. هەردوو لەیەک دەچوون ـ وەکوو دووانە ـ دیارنەبوو کامیان نێرە وکامیان مێ. ئەهورا پێیانی گوت کە ئێوە باوک ودایکی دنیان، ئێوەم بەعەقڵەوە چێکردووە ، کارەکان بە ژیری بەرێوە بەرن. بیری باش، وتاری باش وکردوەی باشتان هەبێ ودێو مەپەرەستن. [لێرە ژن و پیاو هەردوو بەرانبەرن وژن لە پیاو نەبووە ، وەک لە ئایینەکانی سامی دا هەیە]. هەرکامیان بیری کردەوە کە ئینسانە ... ئەوان گوتیان گەردوون ئەهورای چێکردووە، دوایە ئەهریمەن عەقڵیانی دزی و گوتیان : ئەهریمەن چێی کردووە. [یەکەم درۆ (کە گەورەترین گوناهە لە ئایینی زەردەشتیدا) پێکەوە دەکەن] دوایە شیری بزن دەخۆن، مەشیانە دەڵێ: هەتا ئەو شیرەم نەخواردبوو ئارامم هەبوو بەڵام ئێستا ئارامم لێ بڕاوە . ئەمە درۆی دووەم بوو کە مەشیانە کردوویەتی [بیانوویەک بۆ ئەوە پیاوان لە ژنان چاکتر بن.] دواتر مەشیانە شیری مانگا دەدۆشێ و دەیڕێژێ و بەم کارەی ئەو دێوان بە هێز دەبن، ئەم گوناهە گەورەش لە ئەستۆی مەشیانەیە. [گوناهێک کە قەت پێی نابەخشرێ،(وەک سێوەکەی دایە حەوا) ئیتر ژن بە پێی ئەم چیرۆکانە دایمە چەپۆکەسەرە]. پاش ماوەیەک بیریان لە منداڵداربوون کردەوە، ... ئەودەم لەگەڵ یەک جووت بوون ومنداڵیان بوو، هەمووجارێک دووانەیەکیان دەبوو، دووانەکان یەکێکیان کوڕ بوو و یەکێکیان کچ. ئینسان بەم شێوە لەئەوانەوە زیادی کرد.[٤٢]

گوناهبار بوونی ژن دەگاتە ئەو جێگایە کە دەبێتە داروودەستەی ئەهریمەن. "تئودور بارکۆنایی" دەڵێ: کاتێک ئەهورامەزدا ژنی پێشکەشی پیاوچاکان کرد ئەوان هەڵاتن چوونە لای ئەهریمەن. ئەهورا مەزدا خۆشبەختی و ئاسایشی بەخشی بە پیاوچاکان. شەیتانیش ژنانی خۆشبەخت کرد و ئیزنی دا هەر چییان دەوێ، داوای لێ بکەن. ئەهورامەزدا ترسا کە نەکا ژنان پێوەندی لەگەڵ پیاوچاکان بکەن و لەم ڕێگاوە لە مەترسی بکەون. بۆیە خودایەکی بە نێوی "نەرسا" چێکرد، لە ڕواڵەتی لاوێکی ١٥ ساڵەی زۆر جواندا و لەدووی ئەهریمەنی خست. ژنان ئەویان دیت، دڵیان لێ چوو و داوایان لە ئەهریمەن کرد کە خودا نەرسایان بداتێ.[٤٣]

شابەیتی ئەم چیرۆکە میتۆلۆژییانە لە کتێبی "بۆند هێش"(کۆنترین کتێبی ئایینی زەردەشتی) دایە کە تا ڕادەیەک لەگەڵ چیرۆکەکەی سەرەوە پێوەندی هەیە. لە بەشی نۆهەمدا سەبارەت بە چێ بوونی ژنان دەڵێ:

کاتێک "هۆرمۆزد" ژنی چێکرد گوتی: «ئەتۆشم چێکرد (گەرچی) ئەتۆ چێبوونت پەتیارەییە ولە جەهی[ Djahika دەلەدێوی کچی ئەهریمەن، کە یەکەم کاری ئەوە بووە ئەهریمەن بۆ شەڕ لەگەڵ ئەهورامەزدا هان بدا نموونەی هەرە هەرزەییە] . لەنزیک قونگەوە زارێکم بۆ دروست کردووی کە جووت بوونت هێندە پێ خۆش بێ، وەک لە زارتدا بەتامترین چێشت (خۆشتر) و لەلایەن منیشەوە یارێکت هەیە چونکە پیاو لە تۆ دێتە دنیاوە. [یانێ سروشتی پیاو لە ئەهورایە وژن لە ئەهریمەن] [لەگەڵ ئەوەش] ئازارت [تەنانەت] بەمنیش کە هۆرمۆزدم دەگا. بەڵام ئەگەر چێکراوێکی دیکەم دیتباوە کە پیاو لە ئەو بەدنیا بێنم، هەرگیز ئەتۆم چێ نەدەکرد. چونکە چێکەری پەتیارەییت لە جەهی یەوەیە. بەڵام لە ئاو وزەوی و ڕووەک ومەڕ، لە بەرزی کێوەکاندا ولەبنی (گوند)دا ویستم[گەڕام] ونەمدیتەوە، چێکەردەیەک کە پیاوی دروستکار لە ئەو ببێ، جگە لەژن کە چێکەرییەکەی لە جەهی یە، پەتیارەییە.[٤٤] [پێم وا نییە نیاز بە لێکدانەوە هەبێ]

چیرۆکی ئاخر زەمان و ڕۆژی حەشر و هەستانەوەی مردووان و پردی سەڵات[سیرات(چینوود)] و تەرازووی خەیر و شەڕ و بەهەشت و جەحانم، هەموو لە ئایینی زەردەشتەوە چۆتە ناو ئایینەکانی دیکەوە، بۆ وێنە:

روح پاش جیا بوونەوە لە لەش سێ ڕۆژ لە ژوور سەری لەشی مردوو ڕادەوەستێ، لەم ماوەیەدا خۆشیی و ناخۆشیی بەوپەڕی زەختی خۆیانەوە ڕووی تێدەکەن، ڕۆژی چوارەم بایەکی بۆنخۆش لە باشوورەوە هەڵدەکا و روحیانەتەکە لەگەڵ خۆی دەبا بۆ سەر پردی چینوود(سەڵات) لەوێ ئەگەر کابرا دیندار بووبێ لەگەڵ "کچێکی" زۆر جوان [لێرە پەسنی جوانی کچەکە دراوە کە وەک پەسنی فریشتەیە لای ئێمە]دا بەرەوڕوو دەبێ کە وێژدانی خۆیەتی. کچەکە دەستی دەگرێ، دەیباتە لای ئەهورامەزدا و لەوێ بە خۆشی وەردەگیرێ. ئەگەر دیندار نەبووبێ لەگەڵ "ژنێکی" بەو تەشک و بەو ئەخلاق بەرەو ڕوو دەبێ و دەکەوێتە ناو جەحانم و دەبێتە کۆیلەی ئەهریمەن.[٤٥] [گرینگی ئەم چیرۆکە لەوە دایە کە "ویژدان" بە کچ و ژن چوێندراوە،. بەڵام دیار نییە کە ویژدانی کچ و ژنانیش هەر کچ و ژنن یا خۆ... ؟؟]

دریژەی هەیە


**سەرچاوەکان**

١) مرتضی راوندی، *تاریخ اجتماعی ایران*، بەرگی یەکەم، ل ١٤٤.
٢) دیاکۆنۆف، *تاریخ ماد*، ترجمه کریم کشاورز، ل ٣٤٥.
٣)گۆڤاری *چیستا*، ژمارەی ١٠١ سالی ٧٢، ل٢٣، ٣٤.
٤) دیاکۆنۆف، *تاریخ ماد*، ترجمه کریم کشاورز،ل٦٤١»
٥) گۆڤاری *چیستا*، ژمارەی ٨٩، ٩٠، ل ٢٥ ١٠.
٦) ویل دورانت، *تاریخ تمدن*، جلد اول مشرق گاهواره تمدن ، ل٤٢٣.
٧) دیاکۆنۆف، *تاریخ ماد*، ترجمه کریم کشاورز، ل ٣٤٣ -٣٤٤»
٨) ا. ویلیام جکسن ، *سفرنامه جکسن* ، ل ٧٧.
٩)مرتضی راوندی، *تاریخ اجتماعی ایران*، بەرگی یەکەم، ل ٤٨٨»
١٠- «سەرچاوەی٨ ، ل٧٩».
١١- «سەرچاوەی٢ ،ل٥٥»
١٢- «*ئەوێستا* ـ اوستا جلیل دوستخواه ـ یەسنا ١/٤٦»
١٣- «سەرچاوەی٢ ،ل١».
١٤- « *دین زرتشت و نقش آن در جامعه ساسانیان* ، فرشته عبداللهی » ل ٢١و٢٢.
١٥- «بڕوانە سەرچاوەی٢ ، ل ٣٦٠ بەولاوە»
١٦- «سەرچاوەی٢ ، ل ٣٤٨»
١٧- «سەرچاوەی٣ ، ل ٢٩»
١٨- « *زن به ظن تاریخ* ، بنفشه حجازی » ل٦٦.
١٩- «سەرچاوەی١٨ ، ل٦٩»
٢٠- «سەرچاوەی١٨ ، ل١٠٠»
٢١- «سەرچاوەی١٨ ، ل ٦٧»
٢٢- «سەرچاوەی٦ ، ل٤٠٦»
٢٣- «بڕوانە سەرچاوەی١ ، ل ٤٣٣»
٢٤- «سەرچاوەی١ ، ل ٤٣٥»
٢٥- «سەرچاوەی١٨ ، ل ٧٨»
٢٦- «سەرچاوەی١٨ ، ل٧٩، ٨٠»
٢٧- «سەرچاوەی٦ ، ل٤١٩»
٢٨- «سەرچاوەی١٨ ، ل ٨٧»
٢٩- «سەرچاوەی١٨ ، ل١٠٦»
٣٠- « سەرچاوەی١٨ ، ل ١٠٨»
٣١- «سەرچاوەی١ ، ل ٤٣٤»
٣٢- «سەرچاوەی١٨ ، ل١١٤»
٣٣- «بڕوانە سەرچاوەی٢ ، بەشی پێنجەم»
٣٤- «سەرچاوەی١٨ ، ل ١١٥»
٣٥- « *حیات اجتماعی زن در تاریخ ایران* ، دفتر اول: قبل از اسلام، وهاب ولی، ل ٦٠»
٣٦- «سەرچاوەی١٨ ، ل ٤٦»
٣٧- *ئەوێستا* «ئابان یەشت بڕگەی یەکەم»
٣٨- «سەرچاوەی١٨ ، ل ٥٥و٥٣»
٣٩- «سەرچاوەی ١٨ ، ل ٤٧»
٤٠- «*وەندیدا* ، فەرگەردی ١ بڕگەی ١٠»
٤١- گۆڤاری «چیستا» ژمارەی ٨٢، ٨٣، ل ١٩٢.
٤٢- «کورت،کراوە لە: *پژوهشی در اساطیر ایران*، مهرداد بهار» ل ٩٠ .
٤٣- «سەرچاوەی١٨ ، ٤٥»
٤٤- « بۆند هێش ، (بند هش) ترجمه مهرداد بهار» ل ٨٤، ٨٥.
٤٥- «سەرچاوەی١ ، ل ٤٩٥، ٤٩٦».

# خۆری مەم وزین
# و
# دە تاڵە تیشکی
# سەرنج



**حەمەسەعید حەسەن**

❑ ئەم باسە لە کۆنفرانسی (خانی) دا کە ئەنستیتووی کورد لە برلین(ئالمان)سازیکرد، پێشکەش کرا.

### ١) دووبارە نووسینەوە

سەبارەت بەو بۆچوونەی خانی کە مەم وزین بەرهەمی خۆیەتی وهیچی لێ نەخواستووە، گەلێ نووسراوە، هەموو ئەوانەی لەم بوارەدا قسەیان کردووە لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون کە خانی بۆ نووسینی چیرۆکە شێعرەکەی پشتی بە بەیتی مەم وزین بەستووە کە پێش بەرهەمەکەی خانی لە ناو کورددا باو بووە.

کە خانی بۆ نووسینی چیرۆکە شێعرەکەی پەنای بۆ فۆلکلۆر بردووە، وریایانە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا کردووە و لەو هەویرە نانێکی تایبەت بە خۆیی بەرهەم هێناوە، ئەمە کارێک نییە پێویستی بە پاساودانەوە و بیانوو بۆ هێنانەوە هەبێ. ئەمەی خانی کردوویەتی بەشێکی زۆر لە گەورە نووسەرانی جیهان پێش وی و داوی ویش کردوویانە.

هیچ نووسەرێک لە بۆشاییەوە، یان لە سفرەوە دەست پێناکا. هەرچی نووسراوە و لەمەودوایش دەنووسرێ، لە هەموو بوارە ئەدەبییەکاندا، هەر لە شێعرێکی کورتەوە تا چیرۆکە شێعری دووروودرێژ، هەر لە کورتیلە چیرۆکەوە تا ڕۆمانێکی مەزن، هەموو کەم وزۆر کەوتوون و دەکەونە ژێرکارتێکەرێتی ئەو بەرهەمانەی دیکەوە کە پێشتر چاویان بە ژیاندا هەڵهێناوە، تا ئەو ڕادەیەی کە بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین: (هەموو دەقێک دووبارە نووسینەوەی دەقێکی دیکەی پێش خۆیەتی)، کەوابوو گرینگ چۆنێتی هەڵسوکەوتکردنی نووسەرە لەگەڵ ئەو بەرهەمانەدا کە پێشتر هەبوون.

نووسەر دەرختێکە ڕەشەبای ئەو بەرهەمانەی پێشتر هەبوون، بە توندی دەیهەژێنێ، بەڵام لە ڕەگوڕیشەوە هەڵیناکەنێ. نووسەری بەتوانا ئەوانەن کە وەک خانیٚ کەڵک لەو بەرهەمە دێرینانە وەردەگرن، بەڵام بەمە نەک هەر نانووشتێنەوە، بەڵکوو ڕەگیان پتەوتر و قەدیان ئەستوورتر و بالایان بڵندتر دەبێ.

خانی کە دەڵێ:

بیلجـــــوملە نەتایجێ د فــــــیکرن
دوشــــیـــــزە و نەوعـــــەروس و بیکرن[1]

ئەمە بە خۆداهەڵدانە و یەکێکە لە خسڵەتەکانی هەموو شاعیرە دێرینەکانی کورد. شاعیرمان نییە بە شانازییەوە سەرنجی بەرهەمی خۆی نەدابێت و خۆی بە شاسواری گۆڕەپانی شێعر نەزانیبێت. با چەند نموونەیەک لە نالی بهێنینەو:

شێعری خەڵقی کەی دەگاتە شێعری من بۆ نازکی
کەی لە دیققەتدا پەتک دەعوا لەگەڵ هەودا دەکا[2]

یان:

فارس و کورد وعەرەب هەرسێم بە دەفتەر گرتووە
نالی ئەمڕۆ حاکمی سێ مولکە دیوانی هەیە[3]

ضابیطەی طەبعم سوارە، ئیددیعای شاهی هەیە
موحتەشەم دێوانە داوای تەختی خاقانی دەکا[4]

ڕێشی تێدەچێ خانی مەبەستی ئەوە بێ هەوێنی چیرۆکە شێعرەکەی کەلەپووری نەتەوەکەی خۆیەتی نەک هی نەتەوەیەکی دیکە.

### ٢) مەم وزینی هەژار

فەرهاد شاکەلی دەڵێ: «ساڵی ١٩٦٠ هەژار مەم و زینی لە دیالێکتی کرمانجی باکوورەوە بۆ کرمانجی باشوور (یان دیالێکتی موکری) وەرگێڕاوە، تێیدا گەلێ بۆچوونی خانی لەبیرکراوە.»[5]

ئەو کارەی هەژار کردوویەتی ناکەوێتە خانەی وەرگێڕانەوە، بەکارهێنانی وەرگێڕان کاتێ ڕاستە لە زمانێکەوە بۆ یەکێکی دیکە ئەنجام بدرێ، نەک لە دیالێکتێکەوە بۆ یەکێکی دیکەی سەر بەهەمان زمان. ئەگەرچی وەک فەرهاد بۆی چووە کارەکەی هەژار زۆر جێی متمانە نییە بەڵام چاکتر وابوو ئەو بۆچوونە ڕاستەی خۆی بە بەڵگەوە بسەلمێنێ.

خـــانی دەڵێ: خـــاڵ و نوقـــەط و بەیاض و حـــومـــرە
بەیت وحـــەجـــەر و طەواف وحـــومـــرە[6]

هەژار کـــردوویە بە: ڕەش خاڵ وەکوو بەردی حاجیان بوو
ئەو کۆشکە حەجی ئەوان دەمان بوو[7]

خـــانی دەڵێ: کـــەس نینە نە طالبێ جـــەمـــالێ
کـــەس نینە نە ڕاغـــیـــبێ ویصـــالێ[8]

هەژار کـــردوویە بە: کـــوانێ کـــە دڵی نەچێـــتـــە جـــوانی
نرخی کـــــە نەزانی زۆر نەزانی[9]

خـــانی دەڵێ: لێ عـــاشق و بولهـــەوەس جـــودانە
هن فـــایدە خـــواز و هن فـــیـــدانە[10]

هەژار کـــردوویە بە: دڵدار هەیە مـــەردە گـــیـــان دەبازێ
ئیـــواش هەیە وردە ماچ دەخـــوازێ[11]

خانی دەڵێ: یەک قەیسی زەمانە، ئێک لەیلا
یەک وامقێ عەصر وئێک عەزرا١٢

هەژار کردوویە بە: ئەم جووتە بە جۆرێ دڵ لە یەک بوون
دەت وت کە ببوونە لەیل و مەجنوون١٣

خانی دەڵێ: صوندێ دەخوەم ئەز بە ڕوحێ والید
حەتتا بگەهیتە جەددێ خالید١٤

هەژار کردوویە بە: وا سوێندێ دەخۆم بە گۆڕی بابم
تا من لەسەر ئەم زەمینە مابم١٥

خانی دەڵێ: ئەو بلبل ئەگەر چی پڕ هەوەس بوو
زیندانی بەدەن لەوێ قەفەس بوو١٦

هەژار کردوویە بە: ئەو بولبولی هێندە ئارەزوومەند
بەندی لەشی لێ ببوو بە پێوەند١٧

خانی دەڵێ: خەڵقی کو بە ئەصل بەد سرشتن
ئەو ئەصل ژ وان قەتێتە شوشتن١٨

هەژار کردوویە بە: هەر خویە کە دیگری بە شیری
ناچێتە دەرێ دەڵێن بە پیری١٩

خانی دەڵێ: ئەی موستەمیعێ میثال وتەئویل
وەی موجتەهیدێ قیاس و تەنویل٢٠

هەژار کردوویە بە: ئەی گوێگری ژیر وزیت وپیتۆڵ
پسپۆڕی وتەی بە نرخ وکرمۆڵ٢١

وەک بەم بەراوردە درشتە بەپەلەیەدا دەردەکەوێ هەژار وەک پێویست خۆی بە دەقی شێعرەکانی خانییەوە نەبەستووەتەوە، ئەمەیش لە لایەکەوە ڕەنگدانەوەی کەمتوانایی و لەلایەکەی دیکەوە یەکێکە لە ئەنجامەکانی خۆبەستنەوە بە کێش و پێوەندی کێش وسەرواوە.

هەژار کە دەستکاری شێعرەکانی خانی کردووە و لە ڕووی هونەری و فکرییەوە لە نرخیانی کەم کردووەتەوە، لە دڵسۆزییەکی نەشارەزایانەوە بووە، نەک بە وریاییەوە دەستی پاک نەبووبێ. وتەیەک هەیە دەڵێ:«وەرگێڕان وەک ئافرەت وایە، ئەگەر جوان بوو، جێی متمانە نییە، ئەگەر جێی متمانە بوو، جوان نییە.» کارەکەی هەژار نە وەرگێڕانە، نە جێی متمانەیە، نە جوانە.

**٣) عارف یان مەم؟**

فەرهاد شاکەلی دەڵێ: «خانی بە زمانی (عارف)ەوە نەخشەی شەڕی ڕزگاریخوازی دەکێشێ.»٢٢

بۆ ئەوە بگەینە ئەو سەرئەنجامەی خانی لەمەم و زیندا ویستوویەتی چی بڵێت و لە جیهانبینی وی تێبگەین، نابێ تەنیا سەرنجی دیباچە (سەرەتا)ی چیرۆکی شێعرەکەی بدەین و لەوێوە مەبەستی خانی دەستنیشان بکەین، هەروەها نابێ بە قسە و تێڕوانینی ئەم یان ئەو کارەکتەرەی ناو چیرۆکە شێعرەکە دەستخەڕۆ بین. چۆنێتی سەرهەڵدانی ڕووداوەکان، شێوەی گەشەسەندن وکۆتایی پێهاتنیان، هەڵسوکەوتی قارەمانەکان و کاریگەرێتییان لە سەر ڕەوتی ڕووداوەکان، ئەمانە دەستنیشانی جیهانبینی خانی دەکەن، نەک تەنیا بۆچوونێکی عارف کە هەر لە بێشکەدا دەمرێ و هیچ لە ڕەوتی ڕووداوەکان ناگۆڕێ. ڕاستە خانی لە سەر زمانی عارفەوە دەڵێ:

گوڕزان بهەژین، ڕمان ببارین
ئەڤ ڕەنگە مەمێ ژ میر بخوازین٢٣

بەڵام خانی مەبەستێتی مەم لە زینداندا بمرێ و لە ناو جوانیی خواییدا بتوێتەوە و بزر بێ و بەم شێوەیە ئەمریی بۆ بنووسرێ، بۆیە هیچ هەوڵێکی ڕاستەقینەی بۆ دەربازبوونی نەداوە. خانی پەیامی سیاسی خۆی لە دیباچەی کارەکەیدا ئاراستە کردووە و عارفی نەکردۆتە زمانحاڵی خۆی. ئەگەر عارف وەک فەرهاد بۆی چووە نوێنەری ڕزگاریخوازان بێ، ئەوا میر دەبێ سیمبۆلی داگیرکەران (ڕۆم وعەجەم)بێ. ئەمەیش بەدحاڵیبوونە لە مەبەستی خانی، چونکە بەم پێوانەیە دەبێ هەر یەکێ لە یازدە کارەکتەرەکەی چیرۆکە شێعرەکە بەرینەوە سەر ڕوانگەیەکی فیکریی. خوێندنەوەی لەم جورەیش تەنانەت بۆ هەموو ڕۆمانێکیش دەست نادا چ جای کارەکەی خانی.

مەم لە خەڵوەتی زینداندا شەیدای بە خوا گەیشتن دەبێ، بۆیە گەرچی میر پاشگەزیش دەبێتەوە، بەڵام مەم بە عەشقەوە مردن، واتا بە جوانیی خواگەیشتن هەڵدەبژێرێ و دەڵێ:

ئەم چونە حضورێ میرێ میران
وی حاکمێ حاکم وفەقیران٢٤

دواتر زینیش هەر هەمان ڕێگە، ڕێگەی بەرەو توانەوە لە تیشکی خوادا پەسند دەکات. خانی هەر لە سەرەتای چیرۆکە شێعرەکە بۆ ئەم مەبەستە کاریکردووە.

**٤) ژن**

د. ئەمیری حەسەنپوور دەڵێ: «زین ومەم لە بەرهەمی خانی دا نوێنەری دوو پارچەی کوردستانن لە سەدەی حەڤدەدا.»٢٥

زین ومەم ل چیرۆکە شێعرەکەی خانیدا سەر بە هەمان شارن، بۆیە ئەمە بۆچوونێکی بێ بەڵگە و بێ بناغەیە. خانی لە پێشەکیی بەرهەمەکەیدا، پێش ئەوەی دەست بە گێڕانەوەی چیرۆکی ئەوینی زین ومەم بکات، پەیام و پرۆژەی خۆی سەبارەت بە کورد و کوردستان ڕاگەیاندووە.

ئەوە لایەنێکی بەهێز و گەشی مەم و زینە کە خانی نەهاتووە بیری سیاسیی خۆی بە سەر چیرۆکە دڵدارییەکەدا بسەپێنێ و پێشەکی لە دیباچەکەدا هەرچی لەوبوارەدا ویستوویە گوتوویەتی.

ڕاستە خانی وێنەیەکی زیندووی کۆمەڵگای کوردەواریی لە سەردەمی خۆیدا، لە سەراپای چیرۆکە شێعرەکەدا هونەرمەندانە کێشاوە، بەڵام هەرکە بەسەرهاتی ئەوینی مەم و زین دەستپێدەکا، ئیدی زین ومەم دوو ئەویندارن وخانی بەوریاییەوە مەبەستی بووە تێڕوانینی سۆفییانەی خۆی لە ڕێی ئەوانەوە بخاتە ڕوو.

خانی لە کۆتایی چیرۆکە شێعرەکەدا دەڵێ:

بێ مەشرەبەیێ وەفایێ شاهی
ئەو ناچێتە مەشرەبا ئیلاهی
فانی نەبتن فەنایێ مطلق
نابینتن ئەو بەقایێ بیلحەق٢٦

کەواتە خانی بۆیە شەرابی ئەوینی خوا دەرخواردی مەم دەدات، بۆ ئەوەی بە بارەگای خوای شاد بکات. بۆیە لە ئەوینی خوادا دەیتوێنێتەوە، تا مانەوەی ڕاستەقینەی بە ویستی خوا مسۆگەر بکات.

لەبەر ئەوەی خانی ڕێبوارێکی ڕێگەی سۆفیگەریی بووە، بۆیە دەبێ لە تێڕوانینی سۆفییەکانەوە بۆ ژن، سەرنجی زین بدرێ. بە پێی لێکدانەوەی سۆفییانە ژن سیمبۆلە بۆ ئەوینی خوا و وێنەی فیزیکی و هەستپێکراوی خوایە. جەلالەدینی ڕۆمی دەڵێ:« ژن تیشکێکە لە ڕووناکی خوا.»

نیبنولعەرەبی پێی وایە: «هەق بە تەواوی تەنیا لە ژندا دەبینرێ.» سۆفییەکان وای بۆدەچن ئەو پیاوەی بە شێوەیەکی ڕوحی ژنی خۆشویست،

ماناى ئەوەیە خواى خۆشویستووە، چونکە ژن دەروون بەرجەستە دەکات و مرۆڤیش تەنیا لە ڕێی دەروونەوە دەگاتە ناسینی خوا.[٢٧]

بە چیرۆکە شێعرەکەی خانییەوە دڵداری بە مانا ئاساییەکەی و تامەزرۆیی بۆ بە یەکدی گەیشتن، لە نێوان مەم وزیندا، دیارە، بەڵام کەلێنێک نییە لە کارەکەدا و بەشێکی زۆر لە بەرهەمی گەورە سۆفییان بە هەمان شێواز نووسراوە. شاعیری سۆفی کە باس لە ئەوینی خۆی سەبارەت بە ژن دەکات، ئەوە لە ڕاستیدا گۆرانی بۆ ئەوینی خوا دەڵێت. سۆفی بە کلیلی ئەوینی ژن دەرگای خۆشەویستی خوا لە سەر خۆی دەکاتەوە و بۆیە لە ناو ئەوینی ژندا دەتوێتەوە تا لەناو ئەوینی خوادا بە زیندوویی بمێنێتەوە.

ئەگەرچی ئەوی سۆفی شەیدای بووە، جوانیی خوایە لە شێوەی ژندا، واتا: ئەوی مەم دوای زیندانیکردنی خۆشی دەوێ جوانیی خوایە لە شێوەی زیندا و خانی کە مەم وزین دەمرێنێ، بەوە دەیانگەیێنێتە قۆناغی توانەوە لە جوانیی یەزداندا، بەڵام هێشتا وەک«یۆنگ»بۆی چووە، دەشێ زین لای من سیمبۆل بێ بۆ جوانیی یەزدانی، لای «د. ئەمیر»یش بۆ پارچەیەکی کوردستان، ئەگەرچی ڕوونیشی ناکاتەوە کامە پارچەیان، هەروەها دەشێ لای کەسێکی دیکە هەر سیمبۆلیش نەبێ، ئەمە بۆ هەڵوێستی هەر یەکێک لە ئێمە بۆ سیمبۆل و بۆ جۆری خوێندەوەمان دەگەڕێتەوە و دەوڵەمەندیی و قووڵیی شاکارەکەی خانیش نیشان دەدات.

**٥) شێعر وسیاسەت**

ئەگەرچی لە سەر بیری کوردایەتی لە مەم وزینی خانیدا زۆر نووسراوە و گرینگییەکی باشی پێدراوە، بەڵام بە لای منەوە ئەوی مەم و زینی بە زیندوویی هێشتووەتەوە بیر وبۆچوونەسیاسییەکانی خانی نین، لایەنە هونەرییەکانی چیرۆکە شێعرەکەن. هەر لەبەر ئەمەیشە مەم وزین سنووری کوردستانی بەزاندووە و ناسراوترین بەرهەمی کوردییە لە سەر ئاستی جیهان.

د. محمد سعید رمضان البوطی کە مەم وزینی کردووە بە عەرەبی، دیباچەکەی فەرامۆش کردووە[٢٨]. مەم وزین کە کراوە بە فیلم، کامێرا لە ڕاژەی چیرۆکە دڵدارییەکە دایە نەک بیر وباوەڕی کوردایەتی. هەر کە بەسەرهاتی مەم وزین دەستپێدەکا، ئیدی کێشە، کێشەی چارەنووسی ئەو دوو ئەویندارەیە، نەک کێشەی نێوان داگیرکەر و داگیرکراو، نەک کێشەی نێوان بیری کوردستانی بوون و بیری ناوچەگەرێتی.

ئەوی وای کردووە هێندە باس لە بیری سیاسی خانی بکرێ، لەبەر ئەوەیە، ئەوی ئەو سێ سەدە لەمەوبەر گوتوویەتی، هەر دەڵێی بۆ ئێستای گوتووە. هێشتا کورد نە پەنای هەیە، نە پاشا. نە دراوی هەیە نە ئالا. هێشتا نە ڕێزی هونەر دەگیرێ، نە قەڵەم. هێشتا کورد قەڵخانی سنگ وشیری دەستی داگیرکەرانە. هێشتا ڕێبەرانی کورد بەرانبەر یەکدی وەک کێوی سەخت و بڵند ڕادەوەستن ولە بەردەمی داگیرکەریشدا زەلیل ولەسەر چۆکن. هێشتا تاوان هەر تاوانی ڕێبەرانە، نەک شاعیر و هەژاران.

فەرهاد شاکەلی دەڵێ: «گرنگترین بەشەکانی مەم وزین، بەشەکانی پێنجەم وشەشەم و حەوتەمی دیباچەکەین.»[٢٩]

خانی لە بەشی پێنجەمدا بیروڕا سیاسییەکانی خۆی دەردەبڕێ، لە شەشەمدا ئەوە ڕووندەکاتەوە، بۆچی بە کوردی نووسیوێتی، لە حەوتەمیشدا هێندێ سەرنجی ڕەخنەگرانە سەبارەت بە کارەکەی دەخاتەڕوو. من وای بۆ دەچم گەورەیی خانی بۆ پلەی یەکەم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شاعیرێکی بلیمەت بووە، نەک بۆ ئەوەی: بیرکەرەوە، ڕەخنەگر یان یەکەمین کەسێک بووبێت بە کوردی چیرۆکە شێعری نووسیبێت. خانی بەوەی کە نەهاتووە بیر وڕای سیاسی و ڕەخنەکانی خۆی بە سەر کارەکەیدا بسەپێنێ و تێکەڵیان بکات، پێش سەردەمەکەی خۆی کەوتووە و«بنهامان بیریە»گوتەنی: زانیوێتی تێکەڵکردنی سیاسەت بە شێعر کۆکتیلێکی کوشەندەیە.

ئەگەرچی چێژوەرگرتنی هەر ئەوەیەک لە بەرهەمی ئەدەبی جیاوازە لە ئەوەیەکی دیکە و دەشێ ئەوی ئەم ئەوەیە بە جوانی دەزانێت، ئەوەی داهاتوو چێژی لێوەرنەگرێ، کەچی ئێمە ئەوە لە دوای ئەوە زێتر شەیدای مەم و زین دەبین. کە مەم وزینی خانی سنووری ئەوەکانی بەزاندووە و بە زیندوویی ماوەتەوە، نە لە بەر ئەوەیە خانی بە کوردی نووسیوێتی، چونکە گەر وا بووایە، دەبوو ئەوانەی بە زمانێکی دیکە دەیخوێننەوە، چێژی لێوەرنەگرن، نە لەبەر ئەوەیشە باسی کێشەی کوردی کردووە، نە لە بەر ئەو سەرنجە ڕەخنەییانەیە کە لە سەر کارەکەی دەریبڕیون، لەبەر ئەوەیە: توانیوێتی شاعیرانە چیرۆکی دڵداری بگێڕێتەوە و هونەرمەندانە مامەڵە لەگەڵ کەلەپووری نەتەوەکەیدا بکات و وێنەیەکی ڕوونی کۆمەڵگای سەردەمەکەی خۆی بکێشێ و کارەکتەرەکانی وا بخوڵقێنێ، خوێنەر پێی وابێ، ئەو کەسانەی نەک هەر دیوە، بەڵکوو دەیانناسێت و لە گەڵیاندا ژیاوە و خۆشی ویستوون و ڕکی لێیان بووەتەوە. بە کورتی گرینگی مەم وزین بە لای منەوە لە دوای بەشی حەوتەوە دەست پێدەکات.

**٦) زێدەڕۆیی**

ڕەخنەگر کە بەرهەمە ئەدەبییە هاوچەرخەکان بەسەر دەکاتەوە، گەلێ جار باس لە کاریگەرێتی داستان وئەفسانە وبیرو فەلسەفەی دێرین لەسەر ئەو بەرهەمانە وچۆنێتی مامەڵەکردنی نووسەری هاوچەرخ لە تەکیاندا دەکات. «د. عێززەدین مستەفا ڕەسووڵ بە پێچەوانەوە لە مەم وزینی خانیدا کە بەرهەمێکی دێرینە بە دوای بیر وفەلسەفەی نوێ وهاوچەرخدا گەڕاوە، بە مەیش گەلێ لێکدانەوەی وای داوەتە پاڵ خانی کە بە بیریدا گوزەریان نەکردووە.

جگە لەمە هەوڵیداوە سەرەداوی نزیکەی هەرچی ڕێبازە فەلسەفییەکان هەیە، لە مەم وزیندا بیدۆزێتەوە، ئەمەیش بارێکە لە توانای مەم وزین بە دەرە و پشتی لە ژێریدا چەماوەتەوە.

تەنیا لە بەر ئەوەی خانی باسی لە(فەنا)و (بەقا) کردووە، کە د.عێززەدین دڵنیایە ئەمە لە تێڕوانینی سۆفییانە بترازێ هیچی دیکە نییە، کەچی مەتریالیزمی دیالێکتیکانەی بۆ خانی تۆمار کردووە و لە ژێر دەواری یاسای یەکێتی وناکۆکی دژەکاندا جێی بۆ کردووەتەوە[٣٠]. لەوە دەچێ د. عێززەدین شوێن پێی د. نوورەدین زازا کەوتبێ، چونکە ئەویش زیدەڕۆیی لە نیشاندانی بیری خانیدا کردووە کاتێ گوتوویەتی: « هیگڵ و مارکس هەر ئەوە دەڵێن، کە پێشتر مامۆستای مەزنمان خانی گوتوویەتی.»[٣١]

د. عێززەدین هێندێ جار ئەوەندە ڕووکەشانە مەبەستەکانی خانی لێکداوەتەوە، وەک شارەزایی لەو کۆمەڵگایەدا نەبووبێ، کە چیرۆکە شێعرەکە بەرجەستەی کردووە و زۆر بە ساکاریی سوودی لەو بۆچوونە سەردەم بەسەرچووە وەرگرتووە کە دەڵێ: ئەدەب ئاوێنەی واقیعە و بە شێوەیەکی میکانیکی سەرنجی پێوەندی نێوان ژێرخان و سەرخانی کۆمەڵگا، ئەدەب و واقیعی داوە.

خێزان و گەدا وەبونە مونعیم
موفلیس بویە ژن پەرست و موغلیم[٣٢]

ئەم دێڕە شێعرەی خانی کە تەنیا ڕەنگدانەوەی زێدەڕۆییە لە نیشاندانی ئەو گۆڤەندە مەزنەدا کە بۆ ستی وتاژدین سازکراوە، لای د. عێززەدین بووە بە بەڵگەی سەرهەڵدانی پێوەندییە سەرمایەدارییەکان لە کۆمەڵگای سێ سەدە لەمەوبەری بۆتاندا.

د. عێززەدین لەبەر ڕۆشنایی ئەو دێڕە شێعرەدا دەیەوێ بەوە قایلمان بکات کە لەو سەردەمەی کۆمەڵگای کوردەواریدا بازرگانی بە لەشفرۆتنەوە کراوە و ئەم دیاردەیەش ڕەنگدانەوەی پێوەندییە سەرمایەدارییەکانە. کەوابوو بە پێی لێکدانەوەی ڕووکەش و میکانیکییانەی د. عێززەدین پێوەندی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لەو سەردەمەی بۆتانەوە سەری هەڵداوە.

هەوێنی ئەم لێکدانەوەیە ئەوەیە، د. عێززەدین لە بری ئەوەی مەبەستە شاراوەکانی مەم وزین لێکبداتەوە و تێڕوانینی خانی شیبکاتەوە، هاتووە کالای دیتنی خۆی بە زۆر، بە بەر بالای مەم وزیندا بڕیوە.

چونکە مارکس پێی وابووە کە هێزە ئابوورییەکان هەوێنی گەشەسەندنی کۆمەڵگان وئەو گۆڕانکارییانەی بە سەر هونەر و ڕەوشت و بیر و بۆچووندا کە سەرخانی کۆمەڵگان، دێن، ڕەنگدانەوەی ژێرخانە ئابوورییەکەن؛ ئیدی د. عێززەدین ڕووکەشانە سوودی لەم بۆچوونەی مارکس بینیوە و زێدەڕۆییەکی شاعیرانەی خانیی کردووە بە بەڵگەی سەرهەڵدانی قۆناخێکی نوێ لە کۆمەڵگای کوردەواریدا.

ئەگەرچی لەمێژە بۆ نموونە لە ولاتانی کەنداوی عەرەبدا سەرمایە کەڵەکە بووە و خەڵکی ئەو ناوچەیە لە جیهانی ئێستادا کە وەک گوندێکی لێهاتووە سوود لە هەموو بەرهە نوێیەکانی ولاتە سەرمایەدارییە پێشکەوتووەکان وەردەگرن، کەچی هێشتا هەر ڕەوشت و ئایدۆلۆژیای فیۆداڵ زاڵە، ئەمەیش ئەوە دەسەلمێنێ کە سەرخانی کۆمەڵ بە شێوەیەکی میکانیکی شان بە شانی ژێرخانەکەی گەشە ناکات، بەڵکوو گەلێ خاوتر هەنگاو دەنێت. کەوابوو ئەوی لە بۆتانی سەردەمی خانیدا بە دوای پێوەندییە سەرمایەدارییەکاندا بگەڕێ، وەک ئەوە وایە لە بیاباندا سەرقاڵی ڕاوە ماسی بێ.

حاجی قادری کۆیی دەڵێ:

شەوێ دانیشتبووم بێ شەمع و میصباح
ئەتۆی هێناوە یادم، کاکە فەتتاح

لە بەر ڕۆشنایی ئەم دێڕە شێعرەدا «سەردار میران»و«کەریم شارەزا»دەڵێن:« ئەگەر حاجی هەموو دەم لە ماڵی بەدرخانییەکاندا ژیابا، لە سەر شەمع و میصباح پەکی نەدەکەوت، چونکە ماڵە پاشا شەمع ومیصباحیان بووە» ٣٣، هەرچەندە وەکوو ڕۆژێ ڕوون دیارە حاجی لەبەر سەروای کاکە فەتتاح هانای بۆ شەمع ومیسباح بردووە. هێندێ جار لێکدانەوەکانی د. عێززدین لە مەڕ مەم و زین هەر هێندە قووڵ ڕۆچوون.[٣٤]

د. عێززەدین دەڵێ: «خانی لە بری دەست تێوەردان و وەلامی ڕاستەوخۆ، لێدەگەڕێ کارەکتەر هێدی هێدی لە گەڵ ڕووداودا گەشە بکات.»[٣٥]

ئەم بۆچوونە گشتییە لەگەڵ هەموو کارەکتەرەکاندا ناگونجێ، بۆ نموونە خانی لە بری ئەوەی لێگەڕێ خوێنەر بەکر مەرگەڤەڕ لە ڕێی هەڵسوکەوت و ڕۆڵ وبیرکردنەوە و کاریگەرێتییەوە لە سەر ڕووداوەکان بناسێت و بڕیاری لەمەڕ بدات، بە شێوەیەکی زەق دەست دەخاتە دەقەکەوە و بێ ئەوەی زەمینەی بۆ خۆش بکات، ڕاستەوخۆ دەست بە کوتاندنەوەی سەر وگوێلاکی بەکر دەکات ودەیان ناو و ناتۆرەی دەخاتە پاڵ وەک: توتکە سەگ، درۆزن، ساختەچی، شەرابخۆر، دووڕوو، زۆڵ، ئیبلیس، مامۆستای شەیتان، بوختانچی.» تەنانەت پێی دەڵێ:

بەد چهرە لە ڕەنگێ دێوی کابوس
بەد فیعل وستیزەکار وسالوس [٣٦]

خانی سەبارەت زۆربەی کارەکتەرەکانی دیکەی ناو چیرۆکە شێعرەکە وەک: میر، تاژدین، ستی، هەر هەمان ڕێگە دەگرێتەبەر، بەلام بۆ ئەمان بە پێچەوانەی بەکرەوە هەرکە ناویان دێت، ئیدی دەست بە پێداهەڵدانیان دەکا، بۆ نموونە سەبارەت بە میر دەڵێ:

موحتاجا سەخاوەتا وی حاتەم
مەغلوبێ شەجاعەتا وی ڕۆستەم[٣٧]
تاجەدین د گوتنێ جوانەک
گۆدەرزی زەمانە پەهلەوانەک[٣٨]

ناساندنی کارەکتەر بەم شێوازە، بۆ نووسەرێکی هاوچەرخ کەم و کوورییەکە، کە هیچ ڕەخنەگرێک ناتوانێ چاوی لێ بپۆشێ، بەلام بۆ ئەو سەردەمەی خانی هەرگیز بە خاڵێکی لاواز لە قەڵەم نادرێ. لێرەدا ئەوە جێگەی سەرنجە د. عێززەدین بێهوودە هەوڵیداوە خوێنەر بەوە قایل بکات، کە گوایە خانی وەک چیرۆکنووسێکی هاوچەرخ بواری بۆ کارەکتەرەکان خۆشکردووە، تا لە ڕێی گەشەسەندنی ڕووداوە کانەوە بناسرێن، نەک لە ڕێی باسکردنی ڕاستەوخۆوە.

د. عێززەدین بەو بۆچوونە پێی زانیبێ یان نەء، هەوڵیداوە چیرۆکە شێعری مەم و زینی خانی لەگەڵ ڕۆمانی نوێدا بەراورد بکات. بەلام ڕاستتر وابوو هەر لە تەک بەرهەمی فیردۆسی و نیزامی و جامی دا بەراوردی بکا، وەک لە سەرەتای لێکۆڵینەکەیەوەکردوویەتی.[٣٩]

لێرەدا نابێ ئەوەمان لە یاد بچێ خانی تەنیا لە دیوی دەرەوە و ڕاستەوخۆ باسی کارەکتەرەکانی نەکردووە، بەڵکوو گەلێ جار بلیمەتانە بە ناخیاندا ڕۆچووە، بە تایبەتی مەم لە زینداندا و زینیش دوای مەرگی مەم، یان کاتێ زین بۆ مۆم و پەروانە و مەمیش بۆ دیجلە و شنەبا ڕازی دڵیان دەردەبڕن.

### ٧) مەی

تەیفور دەڵێ: «لە هەموو پێوەندییەکاندا خانی ئاگای لەوەیە کە وتەکانی دژی ئایین و دابی سەردەم نەبێ، بەلام لە هێندێ شتدا بە ئەنقەست لادەدا و بیر و ڕای خۆی دەکاتە مایەی ڕووداوەکان، بۆ وێنە سەرەڕای ئەوەی کە مەی لە ئیسلامدا حەرامە، بۆ خۆی دەڵێ:

ساقی بدە من شەرابێ گولگون
بێ دەنگی دەف و سەدایێ قانون[٤٠]

تەیفور وای بۆچووە، شەراب لای شاعیرێکی متەسەووفی وەک خانی، هەر ئەو شەرابە کە ئەبوونەوواس و فایەق بێکەس باسی دەکەن، ڕاستە ئەو مەیەی تاژدین و ستی کە دەچنە پەردەوە دەیخۆنەوە شەرابی ئاساییە، یان کاتێ باس لە گۆڤەندەکەیان دەکات ودەڵێ:

هەر بەنگی یو سەرخۆشێ د بۆتان
تێک هاتنە چەرخ و باز ولۆتان[٤١]

لێرەیشدا سەرخۆش، مەینۆشە و هیچی تر، بەلام مەی لای خانی وەک شاعیرێکی سۆفی سیمبۆلە بۆ ئەوینی خوایی. حەوت دێڕ دوای ئەو بەیتەی تەیفور کردوویە بە نموونە خانی دەڵێ:

دا کەشف بێ ژ من کەرامات
مەشهور بێ ل من مەقامات[٤٢]

وەک بەئاشکرا دیارە وشەکانی ئەم بەیتە زاراوەگەلێکی بۆ دەربڕینی هەستی سۆفییانە، بۆ نموونە مەقامات:«ئەو قۆناغانەیە کە سۆفییەکان بۆ خۆ پەروەردەکردن و ڕاهێنان دەیبڕن، ئەم مەقامانە: زوهد، فوقر، سەبر، تەوەکول ورەزا لای زۆربەی سۆفییەکان هەن.»[43]

ئەم عاشق ئەگەرچی مەی پەرستن
ئەمما ژ مەیا ئەلەستێ مەستن[44]

خانی لێرەدا ئاماژەی بۆ ئایەی:« الست بربکم؟ قالوا بلی» کردووە.[45]

شاعیری سۆفی وەک چۆن کە باسی ئەوین دەکات، کەڵک لەو کەرەسەیە وەردەگرێ، کە پێشتر لە شێعری دڵداری ئاساییدا باو بووە، هەروایش کە باس لە مەی دەکات، کاریگەرێتی ئەو کەلەپوورە شێعرییەی لە سەرە کە بۆ شەرابی ئاسایی گوتراوە. ئەگەرچی ئیسلام شەرابی تابو کردووە، بەڵام ئەمە هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێ کە شێعر بۆ مەی گوتن دوای سەرهەڵدانی ئیسلام زێتر پەرەی سەندووە.

خانی هاوزەمان لەگەڵ مەی وقەدەح دا ئەم وشانەیش بەکار دەهێنێ: «مورشید، طەریق، ئەهلی حاڵ، حەق، شهوود، وجوود، جەلال، جەمال، تەجەللا»[46]

شاعیری سۆفی کە باس لە مەستبوونیش دەکا، لای وی دیاردەیەکی گیانیی باڵایە و مەبەستی مەستبوونێکی خوایی مەعنەوییە، کە لە ئەنجامی بینینی جوانیی ڕەهای خواوە پێی دەگات وتووشی سەرسووڕمان دەبێ وشاعیری سۆفی مەبەستی لە مەستیی وەجدە، نەک سەرخۆشی، هەر کە بەو حاڵەتیش گەیشت ئیدی سروشتی بە تەواوی دەگۆڕێ. ئەم گۆڕانکارییەش لە ئەنجامی هەژانی ناخییەوە لە ڕێی بینینی جوانیی خواییەوە سەر هەڵدەدا، نەک لە ژێر کاریگەرێتی هۆکاری مادیی ودەرەکیدا.

مەستیی لای سۆفییەکان حاڵەتێکی ویژدانییە نەک زەینی. حاڵەتێکی کەمخایەنی بروسکەییە لە شێوەی ئیلهامدا و شاعیری سۆفی بۆ بەرجەستەکردنی ئەو حاڵەتە ویژدانییە پشت بە بەشێک لە هەمان ئەو زاراوانە دەبەستێ، کە پێشتر شاعیرانی دیکە بەکاریان هێناون، بەڵام لای ئەم بە مەبەستیی سۆفییانە.

شەراب لای شاعیری سۆفی پێوەندی بە ڕەزەوە نییە. کەرەسەی سەفەری گیانە بۆ جیهانێکی دیکە، ئەو سەفەرەیش بێ سۆز و بەزەیی خوا ساز نابێ. ئەو شەرابە وەک«ابن الفارض»دەڵێ: پێش ئەوەی ڕەز هەبووبێ، هەبووە و لە جامی مانگی چواردەدا دەخورێتەوە وخۆر دەیگێڕێ. ئەو شەرابە ڕووناکییە نەک ئاگر، گیانییە، نەک جەستەیی. هەرچی بەو شەرابی ئەوینی خواییەوە بە تەواوی مەست نەبێ، بە بینینی تیشکی جوانیی یەزدانی شاد نابێ.[47]

لای شاعیری سۆفی مەی: سیمبۆلی خۆشەویستی خوایی و ساقی: ڕێبەر و مەینۆش: سالیک وپیری مەیخۆر:قوتب و «جام: تیشکدەرەوەی جیلوەی خوایی و موتریب: بێدارکەرەوە و گۆرانیش: پلەی پێرۆزییە.»[48]

کەوابوو کاتێ خانی دەڵێ:

ساقی تۆ بڕێژە جامێ مینا
ئاڤا کو دکەت ضەمیرێ بینا[49]

مەبەستی لەو شەرابەیە کە چاوی دڵ ودەروون بە بینینی تیشکی جوانیی خوایی ڕۆشن دەکاتەوە، نەک ئەو شەرابەی فایەق بێکەس ئێواران پەنای بۆ دەبرد:

هەر کە ڕۆژ ئاوابوو ئیتر بۆ عەرەق سمکۆڵ دەکەم
وەک وڵاخێ بێتە وەختی کا و جۆی ئالیکەوە[50]

وەک چۆن بێکەس عارقی دەخواردەوە تا لە دنیای دوون بێ خەبەر بێ:

من عەرەق دەخۆم کە بێ کەدەر بم
کەمێ لە دنیای دوون بێ خەبەر بم[51]

سۆفییەکانیش نە ڕوو بە ڕووی واقیع دەبنەوە، نە لەگەڵیدا ڕادێن، بۆیە بە هۆی شەرابی عەشقی یەزدانییەوە مەست دەبن ولە جیهانی واقیع دادەبڕێن و لە جیهانی خەیاڵدا دەگیرسێنەوە.

### ٨) جیاوازیی چینایەتی

کوشتی ژ خوەرا برن فەقیران
گرتی ب خوەرا برن ئەمیران[52]

تەلاری چیرۆکە شێعری مەم و زین، لە سەر بناغەی مەمی ئالان دامەزراوە، بەڵام خانی گەلێ گۆڕانکاری لە بەیتەکەدا کردووە. مەم و زینەکەی خانی وبەیتەکە هەردووکیان جیاوازیی چینایەتییان پێوە دیارە بەڵام لە بەیتەکەدا لایەنگرتنی هەژاران ئاشکراتر ڕەنگی داوەتەوە. وەک نموونە: دیلێک کە دەیەوێ میوانداریێتی مەم بکات دەڵێ: «ئەوە هەژارانن کە هاورێی تەنگانەن، نەک میر و خانەدانان.»[53]

لە بەیتەکەدا مەم دەڵێ:«من بیر لە چارەنووسی گەورە پیاوان ناکەمەوە، لەوە دەترسم خوێنی هەژاران بێتە ڕژاندن»[54] یان مەم لە زینداندا دەڵێ: «کێ دەزانێ، لەوانەیە ئاه و نزوولەی هەژاران تووشی ئەم چارەنووسەی کردبم.»[55]

بەرانبەر ژنیش هەڵوێستی بەیتەکە ئیجابی ترە، زین لە بەیتەکەدا، بە تووڕەییەوە دەڵێ:«خەڵکی، ئێمەی ژنان بەکەم عەقڵ تێدەگەن و پێیان وایە لە پەراسووی خوارەوە دروستبووین و مایەی شەرمەزارییین.»[56] کە ئەمە ڕەنگدانەوەی یاخیبوونە لەو تێڕوانینە باوەی کۆمەڵ. هەروەها لە بەیتەکەدا ژن بڕیار دەدات و جێبەجێی دەکات و بە شانازییەوە باس لە بەڵێنی ژنانە دەکات.[57] بەڵام لە مەم و زینی خانیدا ژن نەک هەر خاوەن بڕیار و ویستی خۆی نییە، بەڵکوو هەست بە چەوسانەوەی خۆیشی ناکات.

### ٩) زمان

ئەو زمانەی خانی مەم وزینی پێ نووسیوە، ئەگەرچی تژییە لە وشەی بێگانە، بەتایبەتی عەرەبی، بەڵام گەلێ وشەی وایشی بەکار هێناوە، وەک ئەوەی مەم وزین لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا نووسرابێ، لەوانە: «ئاشنا، ئاڵ، ئەڤین، ئایین، بروسکە، بەهەشت، بەهرەمەند، بەهرەوەر، پرسیار، پەری، پەرەنگ، پەروەردە، پەیکەر، پێشڕەو، تۆمار، تەبایی، چالاک، دژوار، دڵخواز، دڵدار، دڵشاد، دووربین، دێرین، ڕەنگین، ڕاز، ڕەنج، ڕەوا، ڕەوان، زێڕین، خامۆش، سەرئەنجام، سەرسام، سەرکەش، سەما، سەیران، شادمانی، فەرامۆش، کردگار، گۆڤەند، مەشق، نائومێد، نازەنین، ناپاک، نەفرین، ناکام، نیگار، هەڤاڵ.» ئەم وشانە و گەلێکی دیکەیش، ئەگەرچی خانی بەشێکیان بەو واتایە بەکارنەهێنابێ کە ئێستا هەیانە، یان بەشێکی دیکەیان کوردی ڕەسەنیش نەبن، بەڵام حاڵی حازر لە زمانی نووسینی کوردیدا جێگیر بوون و ڕۆژانە بەکاردەهێنرێن، بۆیە شاکارەکەی خانی لەم ڕووەیشەوە هەر گرینگیی خۆی هەیە.

### ١٠) کاریگەرێتی

مەم وزینی خانی لە بەرهەمی گەلێ شاعیری کورددا ڕەنگی داوەتەوە، با هێندێک نموونە بەسەر بکەینەوە:

خانی دەڵێ: ئەڤ ڕۆم و عەجەم ب وان حەسارن
کرمانج هەمی لە چار کەنارن[٥٨]
حاجی دەڵێ: لە مابەینی کڵاوسوور و کڵاوڕەش
پەرێشانین دەبینە میسلی گای بەش[٥٩]
خانی دەڵێ: گەر دێ هەبویا مە سەرفرازەک
صاحیب کەرەمەک، سوخەن نەوازەک
نەقدێ مە د بو ب سککە مەسکوک
نە دما وەهە بێ ڕەواج ومەشکوک[٦٠]
حاجی دەڵێ: کوڕێکی وا نەبوو هەستێتە سەر پێ
بزانێ خەڵقی چۆن کەوتوونە سەر ڕێ
سەراپا ساحیبی سککە وسوپاهن
وەکوو جەم ساحیبی تەخت وکولاهن[٦١]
خانی دەڵێ: هەرچی برە شیری دەستێ هیممەت
ضەبط کر ژ خوەڕا بمێری دەولەت[٦٢]
حاجی دەڵێ: صەلاحی ئێوە ئێستاکە سیلاحە
تەماعی گەورەیی بێ چەک نەکەن نەک[٦٣]
خانی دەڵێ: جوانی وبەهار وباغ ومەحبوب
ئایا د دنێ چمایە مەطلوب[٦٤]
هێمن دەڵێ: بەهاروگوڵ، کچ ومانگەشەو و شێعری تەڕ و بادە
لەوە زێتر جەنابی شێخ گەرەکتە عالەمێکی تر[٦٥]
خانی دەڵێ: هشیارییە، خەونە یا خەیاڵە؟[٦٦]
گۆران دەڵێ: خەوە، خەیاڵە، عەردە بەهەشتە؟[٧٦]

لەکۆتاییدا بۆ سەرچاوەی مەم وزینی خانی، بۆ بەیتی مەمی ئالان دەگەڕێمەوە و بەم سەرنجە کۆتایی بە باسەکەم دەهێنم: لە بەیتەکەدا مەم شیرەکەی هەڵدەکێشێت و لە نێوان نوێنی خۆی و زیندا بە ڕووتی دایدەنێت و دەڵێ: «ئەمشەو وەک خوشک وبرا دەخەوین.»[٦٨] ئەم دیمەنە بە هەمان شێوە لە (ئەفسانەی چیای ئاگری)یشدا دووبارە دەبێتەوە. یەشار کەمال وای نووسیوە: «ئەحمەد پێش ئەوەی بچێتە ژێر جێگاوە، شیرەکەی هەڵکێشا، بەڕووتی لە ناوەندی دۆشەگەکەی دانا. گوڵ بەهار سەری لەم کارە سوورما.»[٦٩]

کاترینەهۆڵم ـ سوێد ـ ٩٥/١١/٢١

**پەراوێزەکان:**

١) *مەم وزین*، **ئەحمەدی خانی**، ئامادە کردن و پەراوێز نووسینی: **هەژار**، ئەنستیتووی کورد لە پاریس، ١٩٨٩، ل ٣٢، دێری ٣٥٠.
٢) *دیوانی نالی*، **مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و فاتح عەبدولکەریم**، کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، ل ١٠٧.
٣ و ٤) هەمان سەرچاوە، ل ٥٧٧، ١٠٢.
5) *Kurdisk Nationalism i Mem u Zin*, **Farhad Shakely**, stokholm, 1985.
٦) هەموو شێعرەکانی خانی و ئەوانی هەژاریش هەر لە سەرچاوەی یەکەمەوە وەرگیراون بۆیە لەمەودوا تەنیا ژمارەی دێڕ ولاپەڕە دەنووسم. دێری ٤٠١، ل ٣٧.
٧) ل ٢٥٧.
٨) دێری ٤٢٤، ل ٣٩.
٩) ل ٢٥٨.
١٠) دێری ٤٣٩، ل ٤٠.
١١) ل ٢٥٩
١٢) دێری ٤٦٦، ل ٢٤
١٣) ل ٢٦٠
١٤) دێری ١١٨٩ ل ١٠٠
١٥) ل ٢٩٣
١٦) دێری ١٤٢٠، ل ١٢٠
١٧) ل ٣٠٥
١٨) دێری ٢٤٠٥، ١٩٦
١٩) ل ٣٥٢
٢٠) دێری ٢٤٧١، ل ٢٠١
٢١) ل ٣٥٦
٢٢) *بنەڕەتەکانی بیری کوردایەتی لە مەم وزینی خانیدا*، **فەرهاد شاکەلی**، *مامۆستای کورد*، ژمارە ١٦، ل ٦٥، ساڵی ١٩٩٣ سوێد.
٢٣) دێری ١٨٩٤، ل ١٥٦
٢٤) دێری ٢٢٢٨، ل ١٨٢
٢٥) *پێداچوونەوەیەکی کتێبی «ناسیۆنالیسمی کورد لە مەم وزینی خانیدا»*، **د. ئەمیری حەسەنپوور**، گزینگ ژمارە ٩، ل ٩، ساڵی ١٩٩٥ سوێد.
٢٦) دێری ٢٥٧٥، ٢٥٧٦، ل ٢١٠
٢٧) *الرمز الشعری عندالصوفیه*، **د. عاطف جوده نصر**، دارالاندلس، بیروت ١٩٨٣، ص١٤٣-٢٠١.
٢٨) مم و زین، **د. محمد سعید رمضان البوطی**، دارلافکر الطبعەالخامسە، دمشق ١٩٨٣.
٢٩) سەرچاوەی ژمارە ٥، ل ٢٨
٣٠) *احمدی خانی، شاعرا و مفکرا فیلسوفا متصوفا*، **د. عزالدین مصطفی رسول**، مطبعەالحوادث، بغداد ١٩٧٩، ص ٣٤٥.
٣١ *ممی الان*، **د. نورالدین زلزا**، ترجمە: د. عزالدین مصطفی رسول، دارالثقافە و النشر الکردیە، بغداد ١٩٨٤، ص٣٢.
٣٢) دێری ١٠٠٨، ل ٨٤
٣٣) *دیوانی حاجی قادری کۆیی*، **سەردار میران و کەریم مستەفاشارەزا**، ئەمینداریتی گشتی ڕۆشنبیریی و لاوان ١٩٨٦، ل ١٤، ١٥.
٣٤) *مناقشات حول خانی دراسە نقدیە*، **رشید فندی**، مطبعەالجاحظ، بغداد ١٩٨٦ (نووسەری ئەم کتێبە بەشێک لە هەڵە وکەم و کووڕییەکانی لێکۆڵینەوەی د. عەززەدینی بە سەرکردووەتەوە.»
٣٥) *احمدی خانی*، ص ٢١١
٣٦) دێری ١١٣٧، ل ٩٦
٣٧) دێری ٣٧٥، ل ٣٥
٣٨) دێری ٤٥١، ل٤١
٣٩) *احمدی خانی*، **د. عزالدین مصطفی رسول**، ص ١٩
٤٠) *دیمەنی ژن لە مەم و زینی خانیدا*، **تەیفور**، **گزینگ** ژمارە ٩، ل ٢٥، پاییزی ٩٥ سوێد.
٤١) دێری ١٠١٤، ل ٨٥
٤٢) دێری ٣١٥، ل٣٠
٤٣) *لیریکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی*، **ئەنوەر قادر محەمەد**، ستۆکهۆڵم ١١٩٠، ل ٢٣٩.
٤٤) دێری ١٥٨٢. ل ١٣٣
٤٥) *احمدی خانی*، **د. عزالدین مصطفی رسول**، ص ٤٦٦.
٤٦) لە دێری ١٢٢٥ تا ١٢٤٣، ل ١٠٢-١٠٤.
٤٧) *الرمز الشعری عندالصوفیه*، **د. عاطف جوده نصر**، دارالاندلس، بیروت ١٩٨٣، ص ٣٢٨، ٣٨٣.
٤٨) *لیریکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی*، **ئەنوەر قادر محەمەد**، ستۆکهۆڵم ١١٩٠، ل ٢٣٨، ٢٣٩.
٤٩) دێری ٢٨٨، ل ٢٨.
٥٠) *دیوانی بێکەس*، **محەمەدی مەلاکەریم**، چاپخانەی حسام، بەغدا ١٩٨٦، ل ٢٣٩.
٥١) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٨
٥٢) دێری ١٤٥٧، ل ١٢٣
٥٣)) *ممی الان*، **د. نورالدین زلزا**، ترجمە: د. عزالدین مصطفی رسول، دارالثقافە و النشر الکردیە، بغداد ١٩٨٤، ص ٨٣.
٥٤) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٤
٥٥) هەمان سەرچاوە، ل ١٧٣
٥٦) هەمان سەرچاوە، ل ١٣٢
٥٧) هەمان سەرچاوە، ل ٣٨
٥٨) دێری ٢٢١ ل ٢٢
٥٩) *دیوانی حاجی قادری کۆیی*، ل ٢١
٦٠) دێری ١٩٩، ٢٠٠ ل ٢٠
٦١) *دیوانی حاجی قادری کۆیی*، ل ٢٣٢
٦٢) دێری ٢١١، ل ٢١
٦٣) *دیوانی حاجی قادری کۆیی*، ل ٢١
٦٤) دێری ١٥٧٧، ل ١٣٢
٦٥) ناڵەی جودایی، هێمن، شێعری (عیشق و ئازادی).
٦٦) دێری ٦٩٣، ل ٦٠
٦٧) دیوانی گۆران، محەمەدی مەلا کەریم، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٨٠، ل ١٥٢.
٦٨) *ممی الان*، **د. نورالدین زلزا**، ص ٦٢.
٦٩) *ئەفسانەی چیای ئاگری*، **یەشار کەمال**، گۆڕینی: شوکر مستەفا، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٦، ل ١٢٥.

# عیرفان (gnosticism)

و

# ژیربێژی (logical)

د. حوسێنی خەلیقی

دیاردەیەک بە ناوی ئەوپەڕی سروشت (مابعدالطبیعە)یان تێکۆشان بۆ ناسینی گشت جیهان لە ڕێگای بیر کردنەوە وە، لەسەرەتادا بە هۆی یەکگرتوویی ودژایەتی دوو مەیلی جیاوازی مرۆڤ، پەروەردەبووە. یەکیان مرۆڤی بەرەولای عیرفان بردووە و ئەویتربەرەولای زانست ڕێنوێنی کردووە. هێندێک لە خەڵک بە هۆی لایەنگری لەم یان لەو، بە پلە وپایەی بەرزگەیشتوون. ئەوانەی کە لە فەلسەفەدا تێکۆشانیان هەبووە، هەم نیازی مرۆڤیان بە زانست هەست پێکردووە و هەم بە عیرفان. گرینگی ژیانی ئەوان بەرهەمی هاوئاهەنگ کردنی ئەو دوو نیازە بووە. ئەم تێکۆشانە بووەتە هۆی ئەوە، هێندێک فەلسەفە لە زانست و ئایین بە گەورەتر بزانن.

گەوهەری عیرفان بریتییە لە جۆرە هێز وقووڵایی هەستپێکردنێک لە بارەی ئەو بیروبڕوایانەی کە مرۆڤ سەبارەت بە جیهان هەیەتی. بیروبۆچوونی عارف بە جیهانی بەرزتر و چاکە، ئەگەر لەگەڵ ڕوحییەی زانستیدا تێکەڵ بێ، فەلسەفە دەگەیێنێتە بەرزترین پلەی خۆی. بێ توانایی لەم زەمینەدا بووەتە هۆی بێ هێزی فەلسەفەی ئیدەئالیستەکان. ئامانجەکان تەنیا لە تێکەڵکردنیان لە گەڵ ڕاستییەکانی جیهان، بەردەدەن،کاتێک لەو ڕاستییانە جیابینەوە ئەزۆک وبێبەر دەبن. ئەو ئامانجە کە لە ڕاستی دەترسێ یان لە پێشدا دەیهەوێ جموجۆڵی دیاردەکانی جیهان لەگەڵ ئارەزووەکانی یەکبگرنەوە، ناتوانێ فەلسەفە وعیرفان تێکەڵ بکا.

فەلسەفەی عیرفانی بەرهەمی بیری هیراکلیتوس، ئەفلاتون و پارمیندس وهیترە. کورتەکەشی بەم جۆرەیە:

١) بڕوا بە دیتن(شهود) لە بەرانبەر زانستی بەڵگەهێنانەوە و شیکردنەوەدا. واتا بڕوا بە جۆرێک زانیاری(حیکمەت) کە لە نەکاو دێ و پیاو بە عەرزی دادەدا! ئەمەش بە پێچەوانەی لێکۆڵینەوەی هێواش وکەمڕەوت و تێکەڵ بە هەڵەی زانستە کە لە ڕواڵەتەکانی دیاردەکان دەکۆڵێتەوە و لە هەستەکانەوە دەست پێدەکا. گشت ئەو کەسانەی دەتوانن لە باری جەزبە وڕاچڵەکانی دەروونییەوە نوقم بن، بێگومان جاری وا بووە هەستیان بە نائاسایی بوونی شتەکانی دەوروبەریان کردووە و باری دوورکەوتنەوە ولێکپچڕان لە کاروباری ڕۆژانەیاندا بۆ دەرکەوتووە. لەم بارەدایە کە پتەویی و بوونی جیهانی دەرەوەی زەین لە نێو دەچێ و وای لێدێ کە ڕوحی مرۆڤ لەبەر ناچاری تەنیایی، لە دەروونی بوونی خۆیدا هەڵپەڕکی شێتانەی چەند سێبەر وشەبەحێک(تاپۆ)کە هەتا ئێستا زیندوون و جیا لە یەکترەوە بەرچاودەکەون، دێنێتەدەرێ. ئەمە پلەی نەء لێکراو(مەنفی)ی حاڵەتی عیرفانی یە. واتا گومان کردن لە ناسینی ئاساییدا و دەرگا خستنەسەر پشت بۆ سەرهەڵدانی فەلسەفەیەکی بەرزتر. زۆر لەو خەڵکانەی کە ڕووداوەکانی ئەم پلە دەناسن، لەوە تێپەڕ نابن. بەڵام بۆ عارفی ڕاستەقینە، ئەمە یەکێکە لە هەوارگەکانی ڕێگای گەیشتن بە ئامانجەکان.

ناسین یان تێگەیشتنی عیرفانی لەگەڵ هەستکردن بە لاچوونی پەردە لە سەر نهێنی دەست پێدەکا. بە هەستکرنی درەوشانەوەی لەنەکاوی دیەنی ئەو ڕاستییەی کە نهێنی بووگە و بەڵام ئێستا گومان لەودا ناکرێ دەس پێدەکا. ئەم هەستکردنەی دۆزینەوە وپێگەیشتنە، لە پێشەوەی بڕوای دیاری کراوە. بیروبڕوا دیاریکراوەکان بەرهەمی بیرکردنەوە و ڕۆچوونی عارفە سەبارەت بە پێڕاگەیاندن(ئیلهام)ێکی دیارینەکراو کە لە کاتی تیشکدانەوە(ئیشراق)دا، وەدەست هاتووە. بە زۆربەیی ئەو بیروارایانەی کە هیچ پێوەندییەکی ڕاستەقینەیان لەگەڵ ئەم چورتگەدا نییە، لە پاشان لە دەرەوەی دانە یان تۆوی ئیلهام کۆ دەبنەوە. لێرەدایە کە دەبینین بێجگە لەو بیروبڕوایانەی کە گشت پێڕەوانی عیرفان لەواندا بەشدارن، بیروبڕوای تریش هەن کە زۆرتر لایەنی ناوچەیی و کاتییان هەیە. بێگومان ئەمانە لەگەڵ ئەو شتەی کە بە بڕیاری پێداگرتن و متمانەی زەینی خۆی لە بنەڕەتدا عیرفانی بووە، تێکەڵ دەبن. بەڵام ئێمە دەتوانین ئەم شتە زیادییانە نەبینین و باسەکەمان بکێشێنە لای ئەو چەشنە بیروبڕوایانەی کە لە لای گشت عارفەکان هاوبەشن.

بەرهەمی یەکەم و بێ کەڵک وەرگرتن لە پلەکانی بەڵگەهێنانەوەی چورتگەی تێگەیشتنی عیرفانی(شهود)، بریتییە لە بڕوا بە شێوەیەک لە ناسین کە دەتوانین پێی بڵێین: دۆزینەوە، تیشکدانەوە یان پێڕاگەیاندن. ئەمەش بەپێچەوانەی هەستکردن(ئیحساس) و بەڵگەهێنانەوە و بەشبەشکردن و پێکەوەلکاندنە کە ئێمە لە سارای ئەزانیندا سەرگەردان دەکەن! لەگەڵ ئەم بڕوایەدا(تەسەوور)یان لەزەینگرتنی ڕاستەقینەی دەروونی، هەیە کە لەوپەڕی جیهانی ڕواڵەتی دایە و لەگەڵیشی پێوەندی نییە!

عارف بە پەسن بێژییەوە سەرنجی ئەم ڕاستەقینەیە دەدا و بە زۆربەیی ئەویندارییەتی ئەوان پێیان وایە ئەم ڕاستەقینە هەمیشە و لە هەموو شوێنێکدا لە ژێر دەسەڵات دایە و تەنیا هەستە ڕواڵەتییەکان پەردەی نازکیان بەسەردا کێشاوە و لای نەفس ودەروونە بەتواناکان و تەنانەت لای

گێلی ڕواڵەتیی مرۆڤیش، بە شکۆ و پایە بەرزییەوە، دەدرەوشێتەوە! شاعیر وخاوەن هونەر و ئەویندار سەریان لە پێناوی ئەم شکۆیەدا، دادەنێن و ئەو جوانییەی کە بۆی دەگەڕێن چورتگەیەک لە ڕەنگدانەوەی ئەم هەتاوەیە. بەڵام عارف لە ڕووناکی ئەودا ژیان تێپەڕدەکا. ئەوەی کەسانی دیکە لە تاریکیدا بۆی دەگەڕێن، ئەو پێدەزانێ ولە بەرانبەر زانستی ئەودا، گشت زانستەکان بێجگە لە نەزانین شتێکی تر نین.

٢) دووەمین لایەنی عیرفانی بڕوا بە یەکبوون(وەحدەت)و نکولی کردن لە زۆربەیی(کثرت)و دژایەتییە. هیراکلیتوس دەڵێ: چاکە و خراپە یەک شتە. ڕێگای هەوراز ولێژ یەکێکە. پارمیندس دەڵێ: ڕاستەقینە یەکە و دابەشبوون هەڵناگرێ.

٣) سێهەمین تایبەتمەندیی ئەوپەڕی سروشت(مابعدالطبیعە)ی عیرفانی ڕەتکردنەوەی کات، واتا نکوولی کردن لەوە کە کات لە ڕاستەقینەدا هەیە. ئەمەش بەرهەمی نکوولی کردن لە زۆربەیی یە. ئەگەر گشت شتێک، شتێکە کەوابوو جیاوازی نێوان ڕابوردوو و داهاتوو دەبێ شتێکی پوچ بێ. لای پارمیندس ئەم بۆچوونە ئاشکرایە و لای ئیسپینوزا و هێگێل یش لەم دواییانەدا لە پلەی بنەڕەتی دایە.

٤) چوارەمین و دوایین بۆچوونی عیرفانی ئەوەیە کە خراپە شتێکی ڕواڵەتییە. وەهمێکە کە لە زۆربەیی وململانێی هۆشی بەڵگەییەوە سەری هەڵداوە. ئەم ڕێبازە ناڵێ دڵڕەقی باشە، لە بنەڕەتدا نکوولی لە بوونی دەکا. دەڵێ خراپییەکان پێوەندییان بە جیهانی پەسنەوە هەیە کە زەلکاوی تاپۆ وشەبەحەکان و وەهمەکانن و پێویستە ئێمە لە ڕێگای دۆزینەوە و دیتنی عیرفانییەوە خۆمان لەم زەلکاوە ڕزگار بکەین. جارێک لای هێگێل و بە وتە لای ئیسپینوزا نەتەنیا خراپە، بەڵکوو چاکەش وەهمییە. بەڵام عارفەکان خاوەنی یەک تایبەتمەندی ئەخلاقین، ئەوەیش ئەوەیە کە تووڕەیی و هێرشبردن ، فڕێ دەدەن وبێ لایەنانە و بە ڕەزامەندییەوە ئەوە پەسند دەکەن کە دابەشکردنی جیهان بە دوو ئۆردووی دوژمن ودژ بە یەک واتا چاکە وخراپە، ڕاست نییە. ئەم شێوە دیتنە بەرهەمی ڕاستەوخۆی ناوەرۆکی چلۆنایەتی و حاڵەتی عیرفانی یە. لەگەڵ ئەو هەستکردن بە یەکبوونە، هەستکردن بە ئاشتی گشتی دەستەوملانە. دەکرێ بگوترێ: ئەم هەستکردن بە ئاشتییە، پێکهێنەری گشت ئەو بیروبۆچوونانەن کە ڕەنگی عیرفانییان هەیە. لە جیهانی خەون دیتن(ڕوئیا)دا هەستکردن دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی بیر وبڕوا. بەمجۆرە لە لێکۆڵینەوە لەبارەی دروست و نادرسوسبوونی عیرفاندا، چوار مەسەلە گەڵاڵە دەکرێ:

١) ئایا دوو ڕێگا بۆ گەیشتن بە زانین هەیە کە بتوانین ناویان بنێینە«هۆش»و «دیتن = شهود»، ئەگەر وابێ دەبێ یەکێکیان لەوی تریان باشتر بێ؟

٢) ئایا زۆربوون (تکثر)و بەشبەشکردن (تجزیە) وەهمین؟

٣) ئایا کات ڕاستەقینە نییە؟

٤) چ جۆرە ڕاستەقینەیەک بە چاکە و خراپەوە پێوەندی هەیە؟

فیلسوفی گەورەی ئەم چەرخە«ژان پۆل سارتر» پێیوایە عیرفانی تەواو لە هەر چواریاندا، تووشی هەڵە بووە. بەڵام دەڵێ: ئەگەر بتوانین دەسەڵات و ڕاگرتنی تەواومان بەسەر ئەندێشە یان بیری خۆماندا هەبێ، لە ڕێبازی عیرفاندا فەلسەفەیەک وەچنگ دەکەوێ کە لە هیچ ڕێگایەکی ترەوە وەچنگ ناکەوێ. ئەگەر ئەم بۆچوونە دروست بێ پێویستە ڕێبازی عیرفان وەک شێوە بەرەوڕووبوونێک لەگەڵ ژیان ، نەک وەک بیروبڕوا سەبارەت بە جیهان پەسن بکرێ.

لایەنی ئەوپەڕی سروشتی جیهان هەڵەیەکە کە سەرچاوەکەی سۆزی عیرفانی یە. لە ڕاستیدا ئەم سۆزە بە ناوی سەرچاوەی ڕەنگ و دیمەنی گشت هەستکردن و بیرکردنەوەکانی تر، بزوێنەری باشترین لایەنەکانی ئادەمیزادە. تەنانەت تێکۆشانی ئارامی زانست بۆ گەیشتن بە ڕاستیش کە خاڵی پێچەوانەی متمانەکردنی لەنەکاوی عیرفانی یە، دەتوانێ لە سەرچاوەی ئەو ڕوحە پڕ لەکرنۆش و حورمەتە کە مەیدانی ژیان و جموجۆڵی عیرفانە، تێر بێ.

**١) ململانی هۆش وتیشکدانەوە**

هەرچەند زۆر لە گرینگترین شتە ڕاستەقینەکانی سەرەتا بە شێوەی دیتنی هەڵنەسەنگێندراو خۆیان نواندووە، دیتنی هەڵنەسەنگێندراو و ئەزموون نەکراو بۆ دۆزینەوەی ڕاستەقینە بەس نییە. بە کردەوە باسی دژایەتی یان لەبەرانبەریەکدابوونی غەریزە وهۆش دەکرێ. بەڵام لە ژێر کاریگەربوونی ڕاپەڕینی ڕۆمانتیک و تێکۆشانەکانی«ڕۆسۆ»دا غەریزە وەپێش خرا. لە سەرەتاوە بە هۆی ئەو کەسانەوە کە دژی شێوازە دەستکردەکانی حکوومەت و بیر بوون و ڕاپەڕین و پاشان لە بەر ئەوە پارێزگاریی هۆشی بێ خەوش لە خوداپەرستی و باسەکۆنەکانیدا بەرەبەرە دژوار بوو، ئەم وەپێش خستنە سەری گرت. «بێرگسۆن»پلەی غەریزەی لە ژێر نازناوی «دیتن = شهود»دا وەک تاکە داوەری ڕاستەقینەی ئەوپەڕی سروشت، بەرزکردەوە. لە ڕاستیدا، لەبەرانبەریەکدانانی هۆش وغەریزە وەهمە. غەریزە یان شهود = دیتن، ئەو شتەیە کە لە سەرەتاوە ئێمە بەرەو وەدەستهێنانی چەند بیروبڕوا، ڕێنوێنی دەکا کە پاشان هۆش، یان پێیان لەسەر دادەگرێ یان ڕەتیان دەکاتەوە. بەڵام پێداگرتن وسەلماندنی بڕوایەک لەو شوێنانە کە بگونجێ، لە شیکردنەوەی دواییدا بە واتای هاوئاهەنگیی ئەو بڕوایەیە لەگەڵ بڕوا یان چەند بڕوای تر کە خۆیان لەو بڕوایەی باسی کرا کەمتر غەریزی نین. هۆش هێزێکی هاوئاهەنگکەر و هەڵسوڕێنەرە نەک خوڵقێنەر و پێکهێنەر. تەنانەت لە ناوچەی ژیربێژیی بێ خەوشیشدا تەنیا دیتنە کە شتەتازەکان دەدۆزێتەوە.

لە شوێنێکدا غەریزەو هۆش جارێک پێکەوە دژی یەک بوەستن، پێوەندی بە بیروبڕواکانی تاکە کەسییەوە هەیە. جاری وایە مرۆڤ بە شێوەی غەریزی بە جۆرێک خۆی بە بڕوایەک دەبەستێتەوە کە هەرئەندازە لەگەڵ بیر وبڕواکانی تریدا دژایەتی هەبێ، ئامادە نییە دەستی لێهەڵگرێ! غریزەش وەک هێزەکانی تری مرۆڤ تووشی هەڵە دەبێ. ئەوانە کە هۆش و ئاوەزیان لاوازە، ئامادەنین ئەم ڕاستییە لەبارەی خۆیانەوە پەسند بکەن. لە کاری عەمەلیدا غەریزە تووشی هەڵە دەبێ. جاری وایە بڕوای غەریزیی زۆر بە هێز، بە گشتی هەڵەبوونی ئاشکرا دەبێ. ئەمەش بەرهەمی دژایەتی ئەو بڕوایەیە لەگەڵ ئەوانی تر. ئەم جورە تێبینیانەیە کە پێویست بوونی نێوبژیکردنی هۆش بۆ هاوئاهەنگی وەدەردەخا. چونکە هۆش هەر بڕوایەک لە ڕێگای سازگاریی بڕواکانەوە بە تەرازووی ئەزموون هەڵدەکێشێ و لەو شوێنە کە گومان پەیدادەکا، سەرچاوەی وێچوونی هەڵە لەلایەک یان لەلایەکی تر، دەخاتە ژێر لێکۆڵینەوە. بەگشتی لەم کارەدا دژایەتییەک لەگەڵ غەریزەدا بەرچاو ناکەوێ. لێرەدا دژایەتی بە پاڵپشت بەستنی کوێرکوێرانە بە لایەنێکی سەرنجڕاکێشی غەریزە و لە بیربردنەوەی ئەو لایەنانەی کە کەم بایەخترن، بەڵام متمانەپێکردنیان بەهیچ جۆر کەمتر نییە، خۆی دەنوێنێ. هۆش تێدەکۆشێ ئەم ڕێوشوێنە تایبەتە ڕێکوپێک بکا نەک خودی غەریزە.

بێرگسۆن دەڵێ: بۆ ناسینی هەر شتێک لە دوو شێوەی بە تەواوی جیا لە یەکتر کەڵک وەردەگیرن: یەکەم بە دەوریدا هەڵسوڕێین و دووەم بچینە ناخیەوە. یەکەمیان بە ڕوانگەیەکەوە کە تێیداین و بەو ڕەمزانەوە کە بە

←

هۆی ئەوانەوە مەبەستی خۆمان ڕادەگەیێنین پێوەندی هەیە. دووەمیان پێوەندی بە هیچێکەوە نییە. جۆری یەکەم لە سنووری کارە ڕێژەییەکاندا ڕادەوەستێ و جۆری دووەم لەو شوێنانە کە بکوێجێ دەگاتە بەربلاو (مطلق).

زانستی جۆری دووەم واتا شهود بریتییە لەو هاودڵییە عەقلاتییە کە لە ڕێگای ئەوەوە مرۆڤ خۆی دەخزێنێتە دەروونی شتەکانەوە تا لەگەڵ ئەو شتە کە لەودا تاکانەیە و بۆ ڕاگەیاندن نابێ، ببێتە هاوڕێ. ئەمەش بڕوای بێرگسۆن بە دژایەتی غەریزە وهۆش نیشان دەدا. نموونەش بە ناسینی خۆمان دێنینەوە.

بەمجۆرە بێرگسۆن پێیوایە هۆش هێزێکی کردەوەیی بێ خەوشە کە لە ڕەوتی کێشە بۆ مانەوەدا سەری هەڵداوە و ناتوانێ ببێتە سەرچاوەی بیروبڕوای دروست! بە نیشاندانی هێندێک تایبەتمەندی لە جیهاندا کە پێیوایە «دیتن = شهود» لێیان تێدەگا نەک هۆش، نرخی غەریزە بۆ ناسین دەستنیشان دەکا. بەڵام دەبێ ڕابگەیێنین کە ئێمە تەنیا بە هۆی هۆشەوە لە بوونی کێشە، بۆ مانەوە و ڕابوردووی ژیانی مرۆڤ ئاگادار دەبین. ئەگەر هۆش ڕێ لێونکەر بێ، دەبێ گشت ئەم مێژووە وەدەستهاتووە هەڵە بێ!! ئەگەر ڕای «داروین» لە گەشە کردندا پەسند بکەین دەبێ مل بۆ ئەوەش دابنوێنین کە نە تەنیا هۆش بەڵکوو گشت هێزەکانی ترمان لە ژێر تەوژمی نیازە کردەوەییەکاندا، سەریان هەڵداوە.

غەریزە وهۆش بۆیە سەرهەڵدەدەن چونکە بەکەڵکن وتا ئەو کات ڕاستی بۆ مرۆڤ وەدەربخەن کەڵکیان هەیە. ئەوکات بەپێچەوانە، ڕاستی ئەدەنە دەستەوە زیانیان هەیە. لە مرۆڤی خاوەن شارستانیەتدا هۆشیش وەک توانایی هونەری جاری وایە زیاد لە ئەندازە لە تاکە کەسەکاندا پەروەردەبووە. لەلایەکی تر وا بەرچاو دەکەوێ کە هەر ئەندازە شارستانیەت بەرەو پێش دەچێ هێزی دیتن =شهود، کەم دەبێتەوە. «ڕاسێل» دەڵێ: غەریزە لای منداڵ، ئەوێندار و سگ بە هێزە. ئەوانەی پشتیان بە غەریزەوە بەستووە، وا باشە ملی ڕێگای جەنگەڵ بگرنە پێش و لەگەڵ هاوهێزەکانیان بەخۆشی بژین.

دیتن یان شهود ئەگەر دەست بدا لەگەڵ متمانەیە کە لە هۆشدا وەدەست ناکەوێ. لەکاتی شهوددا، گومان کردن ناگونجێ. بەڵام بە هۆی لێکۆڵینەوە دەرکەوت کە هێزی شهود لانیکەم بەئەندازەی هێزی هۆش تووشی هەڵە دەبێ. متمانەی زەینی، غەریزە تووشی هەڵفریواندنی زیاتر دەکا. لە مەیدانی شهود و بابەتی ئەویندارىدا، وا بیردەکرێتەوە، دیواری نێوان دوو ئەویندار نامێنێ یان وەک شوشەیە و ئەویندار دەروونی ڕوحی ئەوی تر وەک هی خۆی دەبینێ! کەچی لێرەشدا هەڵفریواندن باوە. ئەزموون نیشانی دەدا ئەو دیتنە، خیاڵییە و ڕێوشوێنی کەم جموجۆڵ و کوێرانەی هۆش لە ئاکامدا زیاتر جێی متمانەیە. بێرگسۆن پێیوایە: «هۆش تا ئەو ڕادەیە دەتوانێ کاروبار بناسێ کە لەگەڵ ئەو شتانەی لە ڕابوردوودا ئەزموونیان لە سەر کۆکراوەتەوە، وێچوونیان هەبێ. لەهەمان کاتدا شهود دەتوانێ ئەو یەکگرتوویی و تازەییە کە لەگەڵ هەر چورتگەیەکی نوێ دایە، بناسێ». ئەوە کە لە هەر چورتگەیەکدا شتێکی تاکانە ونوێ شاردراوەتەوە ڕاستە و ئەمەش بە یارمەتی وێنەهەڵگرتنە هۆشییەکانەوە بە تەواوی ڕاناگەیێندرێ. تەنیا ئاشنایی ڕاستەوخۆیە کە سەبارەت بە شتی تاکانەی لەو چەشنە، زانیاریی بە ئێمە دەدا. ئەمەش بە شێوەی تەواو لە ڕێگای هەستەکانەوە وەدەست دەکەوێ و تێگەیشتنی نیازی بە شهود نییە. ئەوەی زانیاری نوێ بە ئێمە دەدا نە هۆشە ونە غریزەیە بەڵکوو هەستەکانن کە ئەم کارە دەکەن. بەڵام ئەگەر ئەم زانینە لەلایەنێکی گرینگەوە نوێ بێ، هۆش زۆرتر لە غەریزە ئامادەی قوتدانی دەبێ. لەڕاستیدا شهود خۆی یەکێک لە ڕەنگدانەوەکانی سەرهەڵدانی غەریزەیە و وەک گشت غەریزەکان لە مەڵبەندی ناسراودا کە بە پێی عادەتی گیانلەبەر خۆیان دەنوێنن بەنرخە. بەڵام بێتوو مەڵبەندی ژیان جۆرێک ئاڵوگۆڕی بە سەردا بێ کە داوای کردەوەیەکی بە پێچەوانەی عادەت و خووپێگرتوو بکا، شهود توانایی خۆی لە دەست دەدا.

تێگەیشتن لە جیهان بە شێوەی ئەزەری یان تیۆری کە مەبەستی فەلسەفەیە، شتێک نییە کە بۆ گیانلەبەران و قەومە دوور لە شارستانیەتەکان یان تەنانەت بۆ زۆرتری خەڵکی خاوەن شارستانیەت لە مەیدانی کردەوەدا، گرینگیی زۆری هەبێ. هەر بۆیە گومان ناکرێ کە ڕێ و شوێنە دەستکردەکانی غەریزە یان هێزی شهود، لەم زەمینەدا، مەیدانێکی بەربلاوی خۆنواندن وەدەست بێنن. مەیدانی خۆنیشاندانی هێزی شهود، تێکۆشانە کۆنەکانە. واتا ئەو کارانەی کە خزمایەتیی ئێمە لەگەڵ بەرە دوور دەستەکانی گیانلەبەران و ڕابوردوانی نیوە مرۆڤمان، ئاشکرا دەکەن.

لە کاروبارێکدا وەک پاراستنی زات و ئەوین، هێزی شهود جارجار نەک هەمیشە، بە وردی و ڕەوتێکی توندی وەها کاردەکا کە بۆ هۆشی دوور پێک جێی سەرسوڕمانە. بەڵام فەلسەفە لەو کارانە نییە کە خزمایەتیمان لەگەڵ ڕابوردوو نیشان بدا. فەلسەفە کارێکی ورد و خاوەن شارستانیەتانەیە، مەرجی سەرکەوتن لەودا ڕزگاری لە ژیانی غەریزی و جاری وایە ڕزگاری لە هەر ترس وئومێدێکی جیهانی یە. کەوابوو بە خۆنیشاندانی هێزی شهود لە مەیدانی فەلسەفەدا، ئومێدێک بەدی ناکرێ. بە پێچەوانە چونکە بابەتی بنەڕەتی فەلسەفە و شێوە بیر کردنەوەیەک کە بۆ وەرگرتنی ئەو پێویستە کاروباری سەیر وسەمەرە و نامۆ و دوور لە باری ئاساییە، پتر لە هەر شوێنێکی تر لێرە دا هۆش وەپێش هێزی شهود دەکەوێ و بیر بڕوای بە پەلە و شی نەکراوە، کەمتر شیاوی پەسندکردنی بێ ئەملا و ئەولان.

**٢) یەکگرتوویی و زۆربەیی**

یەکێک لە کۆنترین لایەنەکانی «ئیشراق = تیشکدانەوە»ئەوەیە کە لە کاتی دۆزینەوە و بەرەوڕووبوون و دیتن وشهوددا، هەموو شتەکان تاکانەیان یەکگرتوو خۆ دەنوێنن. ئەم خاڵە لە ئاییندا لە قاپوڕی یەکێتی بوون = وحدت وجود»دا خۆی دەنوێنێ. لە فەلسەفەدا بە شێوەی ڕێبازی یەکگرتوویی monism = وەحدەتی فلسفی» خۆی نیشان دەدا. لە «پارمیندس»ەوە تا هێگێل تێکۆشاون نیشان بدەن جیهان گشتییەکی وەهایە کە دابەشبوون هەڵناگرێ. ئەوەی وەک بەشەکانی جیهان دەبیندرێ، سەربەخۆ نین. لە زەین خستنی ڕاستەقینەیەک جیا لە جیهانی ڕواڵەتی، ڕاستەقینەیەک کە دابەشکردن هەڵناگرێ و ئاڵوگۆڕی بە سەردا نایە، بە هۆی پارمیندسەوە چووەتە نێو فەلسەفەی ڕۆژئاوا.

ڕاسێل دەڵێ: ئەو ژیربێژییەی بۆ پارێزگاری لە عیرفان کەڵکی

لێوەرگیراوە، وا وێدەچێ هەڵە بێ. بڕوا بە شتێکی ڕاستەقینە جیا لەوەی کە لە هەستەکانی ئێمەدا خۆی نیشان دەدا، لە هێندێک لە بارە ڕوحییەکاندا پەیدا دەبێ و ئەم بارانەش سەرچاوەی زۆربەی ڕێبازە عیرفانییەکانن و زۆریان بابەتی ئەوپەڕی سروشتن. تا کاتێک ئەم بارانە هەبن هەست بەوە ناکرێ کە نیازمان بە ژیربێژی هەیە، هەر بۆیە عارفە بێ خەوشەکان کەڵک لە ژیربێژی وەرناگرن، بەڵکوو بەرهەمی گەشت ورەفتاری خۆیان دەست بە جێ ڕادەگەیێنن. ئەمەش لە ڕۆژئاوادا بە دانسقەیە. کاتێک کە توندیی هەستکردنی بە متمانە لە نێو دەچێ، مرۆڤ کە خووی بە بەڵگەهێنانەوە گرتووە، تەقەلا دەکا کە بناخەکانی ئەو بیرو بڕوایەی کە لە خۆیدا هەیە وەدەستیان بێنێ. بەڵام لەبەر ئەوە ئەم بڕوایە ئێستا هەیە، مرۆڤی وەها هەر بناخەیەک کە وەچنگ بکەوێ باوشی بۆدەکاتەوە. ئەو دژایەتییانەی کە بە ڕواڵەت ژیربێژی تاکەکەسیی عارف، دەیانسەلمێنێ لەڕاستیدا دژایەتییەکانی بناخەی عیرفانین و ئامانجێکن کە ژیربێژییەکە یان دەبێ پێیان بگا تا لەگەڵ دیتنی عیرفانی یان دەروونی ئەودا سازگار بن. ژیربێژییەک کە بەم شێوە وەدەست کەوتووە، بووەتە هۆی ئەوە کە زۆربەی فیلسوفەکان بە هیچ شێوەیەک نەتوانن جیهانی زانست و ژیانی ڕۆژانە شی بکەنەوە. ئەگەر نیازیان بەم شیکردنەوە بایە، وێدەچوو هەڵەکانی ژیربێژی خۆیان بدۆزنەوە بەڵام زۆربەیان کەمتر ئەم مەیلەیان هەبووە وزیاتر لە بیری ئەوەدان کە ئەوانە بە قازانجی جیهانی ڕاستەقینەی بەرزتر لە هەستپێکراوەکان، بەوە کە ڕاستەقینە نین ناودێر بکەن.

ئەوبەشەی لە فیلسوفە گەورەکان کە ڕێبازی عیرفانیان بووە، بەم شێوە کەڵکیان لە ژیربێژی وەرگرتووە.بەڵام چونکە بەکردەوە، دۆزینەوە و شهودی عیرفانییان بە سەلمێندراو داناوە، بیروبۆچوونی ژیربێژیی خۆیان دور لە گەرمی وتین ڕاگەیاندووە و قوتابییەکانیشیان پێیان وابوو کە ئەم بیر وبۆچوونانە یەکجێ وسەربەخۆ لەو چورتگەی تیشکدانەوە و شهودەوە هاتوون کە سەرچاوەیان بوون. لەگەڵ گشت ئەمانەدا، ڕیشەی ئەم بۆچوونانە بەوانەوە دەچەسپێ و بە وتەی «سانتایانا» سەبارەت بە جیهانی زانست وتێگەیشتنی باو، دوژمن ماونەتەوە. بەمجۆرە دەتوانین تێبگەین کە فیلسوفەکان چلۆن بۆ ناسازگاریی بیر وبۆچوونی خۆیان لەگەڵ ئەو ڕاستەقینە سەلمێندراوانە کە شیاوی بڕوا پێکردنن، بە هاسانی ملیان دانواندووە.

سروشتییە ژیربێژیی عیرفانیش خاوەنی ئەو عەیبانەیە کە لە سروشتی هەر کارێکی دوژمنانەدا هەن. مەیل بە ژیربێژی کە لە ڕەوتی خۆشیی وباری عیرفانیدا، هەستی پێناکرێ، دوای نەمانی ئەو خۆشییە جارێکی تر سەر هەڵدەداتەوە. بەڵام ئێستا تێکەڵ لەگەڵ خوازیاریی پاراستنی ئەو دیتن وبۆچوونە بەرەو نەمان چووە،یان لانیکەم لەگەڵ مەیل بە سەلماندنی ئەوە کە بۆچوونەکە ڕاستەقینە بووە هەر شتێک لەگەڵیدا دژایەتی هەبێ وەهمە!

ئەو ژیربێژییەی کە بەمجۆرە وەچنگ دەکەوێ، هێندە بێ لایەن و دوور لە دوژمنایەتی نییە و ناچار لە بێزاریی سەبارەت بەو جیهانە ڕۆژانەوە کە دەبێ لە ژیربێژییەک کەڵک وەربگیردرێ، سەرچاوەی گرتووە. لە ڕێوشوێنێکی لەم چەشنەدا بێگومان ئاکامێک وەدەست نایە. خوێندنەوەی کتێبی سروشت بەم بڕوایە کە گشتی وەهمییە، ڕێگای ناسینی سروشت نییە. ژیربێژیی ئێمە کە بیهەوێ جیهانی ڕۆژانە بناسێ، نابێ لەگەڵیدا دوژمنایەتی بکا. بەڵکوو پێویستە لە مەیل وڕەزامەندییەکی ڕاست و دروستەوە سەرچاوە بگرێ کە لەلای فیلسوفەکانی ئەوپەڕی سروشتدا، وەچنگ ناکەوێ.

### ٣) کات

ناڕاستەقینەبوونی کات، یەکێک لە بیروبۆچوونە گرینگەکانی دەزگاکانی فەلسەفەی ئەو پەڕی سروشتە کە بە زۆربەیی و بە ناو لەسەر بەڵگە ژیربێژییەکان بناخەیان پتەو کراوەتەوە. بەڵام لەڕاستیدا، بەو بەڵگانە وە پاڵیان داوەتەوە کە لە کاتی شهوددا، وەچنگ کەوتن. ئەم بڕوایە کە ڕاستەقینەیەکی دوایی یان نهایی نابێ ئاڵوگۆڕی بە سەردا بێت، بڕوایەکی زۆر باوە. هەر ئەم بڕوایە بوو کە چەمک(مەفهووم)ی ئەوپەڕی سروشتی گەوهەری پێکهێنا. تەنانەت ئەورۆ پێڕەوانی سەبارەت بە هێندێک لە بۆچوونی زانستی وەک مانەوەی وزە وجەستە(جرم) بە نارەوا خۆشحاڵن. بە بڕوای ڕاسێل:« نا ڕاستەقینەبوونی کات هەڵەیە، بەو حاڵە کات یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی کەم نرخی ڕاستەقینەیە. پێویستە دان بەوە دابنێین کە ڕابوردوو و دوارۆژیش بە ئەندازەی ئێستا ڕاستەقینەن ولە بیری فەلسەفیدا جۆرێک ڕزگاری لە خۆبەستنەوە بە کاتەوە پێویستە. گرینگی کات زیاتر کردەوەیی یە تا نەزەری وتیۆری. زیاتر بە ئارەزووەکانی ئێمەوە پێوەندی هەیە تا بە ڕاستەقینەی کاروبارەکانەوە. ئەگەر کات ڕاستەقینە بێ، سەرنجدان بەوە کە ئەم ڕاستەقینە کەم نرخە، یەکەم هەوارگەی ڕێگای فەلسەفەیە. ئەو جیاوازییەی کە ئێمە لە نێوان ڕابوردوو وداهاتوودا هەستی پێدەکەین، لە زاتی ئەماندا نییە. بەڵکوو بەرهەمی پێوەندی ئەوانە بە ئێمەوە. لە گەشت وڕەفتاری دوور لە شتە هەستپێکراو و دیاریکراوەکاندا، ئەم جیاوازییە لە نێودەچێ».

لە پلەی بیرکردنەوەدا دووری لە شتە دیاریکراوەکان ڕاست ئەو گەورەییە دوور لە دوژمنایەتییەیە کە لە پلەی کردەوەدا بە ناوی دادگەریی و ویژدان خۆی دەنوێنێ. هەرکەس بیەوێ ڕاستەقینەی جیهان ببینێ و لە بیرکردنەوەدا لە پلەی زاڵبوونی مەیلە کردەوەییەکان تێپەڕ بێ، دەبێ فێر بێ ڕابوردوو و داهاتوو بە چاوێک ببینێ و لە گشت ڕەوتەکانی کات بەیەک تێڕوانین تێبگا. ئەمەش لەگەڵ ئەو نرخەی کە«فەلسەفەی گەشەکردن» بۆ هۆی کات وخودی کات دایدەنێ یەکناگرێتەوە. چونکە لەبەر ئەوە ئەم ڕێبازە لەسەر چەمکی بەرەوپێشچوون بناخەکەی قایم کراوە و بەرەوپێشچوونیش بە واتای ئاڵوگۆڕ لە خراپترەوە بەرەو باشتربوونە، وا وێدەچێ لە جێگای ئەوە کات بکاتە خزمەتکاری خۆی، وەک خوای خۆی لەبەر چاوی بگرێ! بە بڕوای ڕاسێل: «بەم شێوە ئەم بۆچوونە ئەو ناسوودەیی و زانیارییە بیرکردنەوەی کە سەرچاوەی باشترین لایەنەکانی ئەندێشە و هەستی فەلسەفین، لە دەس داوە و وێنەگرتن بەبڕیاری هۆش، شوێنی لە فەلسەفەی گەشەکردندا، بەتاڵە».

### ٤)چاکە وخراپە

لای عیرفان، خراپە وەهمییە و جاری وایە سەبارەت بە چاکەش ئەم بۆچوونە هەیە. بەڵام بە زۆربەیی پێیوایە ڕاستەقینە باشە. لای هیراکلیتوس چاکە وخراپە یەکێکە و پێیوایە لای خوا، گشت شتەکان دادگەرانە وباش و ڕاستن. بەڵام خەڵک هێندێک شت بە هەڵە و هێندێک بە ڕاست دادەنێن. «ئیسپینوزا»ش ئەم بۆچوونەی هەیە و سەبارەت بەو چاکەی پێوەندی بە مرۆڤەوە نییە لە وشەی«کەماڵ»کەڵک وەردەگرێ و ڕاستەقینە و کەماڵ لای ئەو یەک شتن. کەماڵ لەباری ناوەرۆکەوە بە ڕاستەقینەوە پێوەندی هەیە. لە هەمان کاتدا چاکە بە نیازەکانی ئێمەوە پێوەندی هەیە و لە لێکۆڵینەوەی بێ لایەنانە ودوور لە نیازدا، لە نێو دەچێ. بێرتراند ڕاسێل پێی وایە بۆ گەیشتن لە ڕاستەقینەی ئەخلاقی عیرفانی ئەم جیاوازییە پێویستە. واتا جۆرێک چاکە وخراپەی پەستتر و جیهانیمان هەیە کە جیهانی ڕووماوڕواڵەت بە چەند بەش کە لە دیتندا

دژی یەکتر وەبەرچاو دەکەون، دابەش دەکا. بەلام جۆرێک چاکەی بەرزتری عیرفانی هەیە کە بە ڕاستەقینەوە پێوەندی هەیە وهیچ خراپەیەکی ڕواڵەتی و دیتراو لە بەرانبەریدا نییە. ڕاسێل دەڵێ: بە بڕوای من ئەو بۆچوونەی عارفە ڕاستەقینەکان، پێوەندی بە سەرهەڵدانی جۆرە ئەوینێکەوە هەیە کە لە مرۆڤی ڕێڕەودا، پەیدا دەبێ. گونجاوی سەرهەڵدانی ئەم شەیداییە گشتییە سەبارەت بەو شتانەی کە هەن بۆ خۆشیی ژیان لەو پەڕی گرینگی دایە وسۆزی عیرفانی بە نرخ دەکا. بۆ ئەوەی بە هەڵەدا نەچین پێویستە بڵێین سۆزی عیرفانی یەکێک لە ئەگەرەکانی سروشتی مرۆڤ ئاشکرا دەکا وئەمەش شێوەیەک ژیانی خۆشتر وئازادتر و بەئابڕووتره لە جۆرەکانی تر. بەلام سۆزی لەم چەشنە هیچ شتێک سەبارەت بەو کارانەی کە بە مرۆڤەوە یان بە ناوەرۆکی جیهانەوە بە گشتی پێوەندییان نییە، ئاشکرا ناکا. چاکە وخراپە و تەنانەت ئەو چاکە بەرزترەی کە عیرفان بەدوایدا دەگەڕێ، بەرهەمی ڕەنگدانەوەی سۆزەکانی ئێمەن لە سەرشتەکانی تر، نە بەشێک لە زات و ناوەرۆکی شتەکان. هەر بۆیە لە گەشتی عیرفانی دوور لە لانیگریدا، شتەکان لە شێوازی چاکە وخراپەدا خۆ نیشان نادەن. فەلسەفەی گەشەکردن پێوەندی بە دووبراله یان دووحاچەبوونی چاکە وخراپەوە هەیە.

هەروەک بۆمان ئاشکرا بوو، دەکرێ بەمجۆرە عیرفان لێک بدەینەوە کە لەگەڵ ئەم بڕوایەدا کە چاکە و خراپە لەباری هۆشییەوە خاوەنی پلەی بنەڕەتی نین، یەکبگرێتەوە. بەلام دەبێ دان بەوەدابنێین لەم مەیدانەدا لەگەڵ زۆربەی ڕێبەرە ئایینی و فیلسوفە گەورەکاندا، بە وشە هاوئاهەنگیمان نییە. ڕاسێل پێیوایە نابێ لە فەلسەفەدا بارە ئەخلاقییەکان لە بەرچاو بگیردرێ و(هەرچەند جۆرێک دژ بە یەکتر گوتنە) ئەمەش بۆ فەلسەفە بەرەوپێشچوونێکە.

لەوەناچێ ڕێبازێکی فەلسەفەی زانستی بتوانێ چارەسەرێک بۆ دامرکاندنی ئارەزووە مرڤییەکانمان بدۆزێتەوە. جیاوازی نێوان جیهانی چاک وخراپ بە واتای جیاوازی نێوان تایبەتمەندییەکانی بەشە تایبەتە مەوجود یان هەبووەکان لەو جیهانە دایە. لەڕاستیدا، ئەم جیاوازییە زۆر داماڵراو(انتزاعی) نییە کە بچێتە گۆڕەپانی فەلسەفەوە. بۆ نموونە ئەوین و بێزاری لە ڕواڵەتدا، دوو چەمکی دژ بە یەکن، بەلام لە ڕوانگەی فەلسەفەوە بە دوو شێوە بەرەوڕووبوون لەگەڵ شتەکان دادەندرێن کە زۆریش پێکەوە وێچوونیان هەیە. قەوارەی گشتی ئەو شێوە بەرەوڕووبوونە کە دیاردە دەروونییەکان پێکدێنێ، بەشێکە لەو بابەتانەی کە فەلسەفە باسیان لێوەدەکا. بەلام جیاوازیی نێوان ئەوین و بێزاری، جیاوازیی ڕواڵەتی یا قەوارەیی نییە، هەر بۆیە بە فەلسەفەوە پێوەندی نییە و تایبەتە بە دەروونناسییەوە. کەوابوو پێوەندییە ئەخلاقییەکان کە زۆرجار سەرچاوەی ئیلهامی فیلسوفەکان بوون، دەبێ بخرێنە پشت گوێ. نابێ هیچکام لەوانە لە بەشەکانی لێکۆڵینەوەدا ڕێگایان هەبێ. بۆنموونە فیزیکدان لە لێکۆڵینەوەی خۆیدا بە پەسنە ئەخلاقییەکانی زەوییەوە کاری نییە. تەنانەت لەم چەرخەدا زانستی دەروونناسیش لەوبارەوە بێ لایەن بوو. بێ لایەنی ئەخلاقی بۆ بەرەوپێشچوونی زانست، شتێکی پێویست بووە!

هەتا ئێستا لە فەلسەفەدا ئەم بێ لایەنییە کەم وەبەرچاو کەوتووە، تاکە کەسەکان سەبارەت بە فەلسەفە لە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ئارەزووەکانی خۆیان دادگەرییان کردووە. ئەم بڕوایە کە چەمکەکانی چاکە وخراپە کلیلی تێگەیشتن لە جیهانن، دوای ئەوە زانستە ئایینییەکان لە مەیدانی کاری خۆیاندا وەدەریان نا، پەنای بردە بەر فەلسەفە. دیارە فەلسەفەش دەبێ میوانداری لێنەکا! ئەو فەلسەفە کە گەرەکی ئەوێ بیر وبۆچوونی سەبارەت بە چاکە و خراپە بە سەر جیهاندا داسەپێنێ، هەم زۆرتر ڕاستەقینە وەچنگ دێنێ و هەم دەکرێ بگوترێ ئەم فەلسەفە لەباری ئەخلاقییەوە بەرهەمی ڕوانگەیەکی بەرزتر لە ڕوانگەی فەلسەفەی گەشەکردنیی و زۆربەی فەلسەفە کۆنەکانە کە هەمیشە نرخ بۆ بوونەوەران دادەنێن و بەرجەستەکردنی ئامانجەکانی خۆیان لەواندا دەبینن. لە ئایین و ڕوانگە قووڵەکاندا جۆرە هەستێکی خۆبەدەستەوەدان هەیە و بڕوا وایە کە هێزی مرۆڤ لە لەوسنووری هەیە. لە گۆڕەپانی بەرەوپێشچوونی زانستیی ئەمڕۆشدا، ئەو هەستە بەدی دەکرێ! ئایین لە کردەوەدا خۆبەدەستەوەدان و ڕەزامەندی ڕادەسپێرێ و زانست لە زەمینەی ئەندێشەدا پێی لە سەردا دەگرێ. ئێستا مەترسی ئەوە هەیە بە هۆی ئەوینی زیاد لە ئەندازە بە ژیان، خودی ژیان زۆر لەو چلۆنایەتییەی کە بەرزترین نرخی ژیان لەوانەوەیە، لەدەست بدا! مرۆڤ ناتوانێ سروشتی خۆی بەجێبێڵێ، لە گشت ئەندێشەکانماندا هەمیشە لایەنێکی زەینی هەیە. فەلسەفەی زانستی، زیاتر لە گشت سەرقاڵییەکانی مرۆڤ، بە ڕاستەقینە نزیک دەبێتەوە. هەربۆیە نزیکترین و سەقامگیرترین پێوەندییەک کە بگونجێ وەدەست بێ لە نێوان ئێمە و جیهانی دەرەوەی زەینماندا دادەمەزرێنێ. بۆ زەینی سەرەتایی، گشت شتێک یان دۆستە یان دوژمن. بەلام ئەزموون نیشانی داوە کە دۆستتی ودوژمنی لەو وێنەگرتنانە نین کە بە هۆی ئەوانەوە بتوانین جیهان بناسین، هەرچەند فەلسەفەی زانستی لە حاڵی لەدایکبوون دایە، بەلام سەبارەت بە خەیاڵکردنی دەورانی پێش زانست لە پلەیەکی بەرزتردا ئەندێشە نیشان دەدا و وەک هەر تێکۆشانێک کە بۆ بەرزتر بوونەوە لە خۆمان هاتبێتە ئاراوە، بەرهەمەکەی بەرفراوان بوونی مەیدانی ڕوانین وتێگەیشتنە. بە بۆچوونی ڕاسێل: فەلسەفەی گەشەکردن هەر چەند بە ڕاستەقینە تایبەتە زانستییەکانەوە پاڵ دەداتەوە، فەلسەفەیەکی زانستیی ڕاستەقینە نییە. چونکە گیرۆدەی کات و بیروبۆچوونی ئەخلاقی و کاروباری جیهانی و چارەنووسی مرۆڤە. فەلسەفەی زانستیی ڕاستەقینە لەمە خۆ بە کەمزانتر و بەش بەشترە و لەمەش تێکۆشەرترە و بۆ فریودانی ئامانجە درۆیینەکانی ژیان، ئەوەندە سڵسڵە وپلپلە بە خۆیەوە نابەستێ و کەمتر سەرنجی دوا ڕۆژی مرۆڤ دەدا و بۆ تێگەیشتن و پەسند کردنی جیهان، دوور لە زۆرەملی و ستەمی داخوازە کاتییەکانی مرۆڤ، توانایی زۆرتری دەبێ. ■


<u>سەرچاوەکان</u>

١) *طریقتها یا نظامهای عرفانی در مناطق کردنشین*، خەلیقی.

٢) *فەلسەفە وکۆمەڵ*، خەلیقی.

٣) *کۆمەڵناسیی کوردەواری*، خەلیقی.

٤) *عرفان و منطق*، برتراند راسل.

٥) *تاریخ فلسفه غرب*، ویل دورانت.

# پێنج بەڵگەنامەی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی بریتانیا لە سەر کورد

وەرگێرانی: ئەنوەر سوڵتانی

□ «تەرجەمەی ئەم بەڵگەنامانە، بەشێکن لە پرۆژەیەکی بەرفراوان بۆ هەڵسەنگاندنی هۆکەلی پێکهاتن و فەوتانی کۆماری کوردستان(٤٦- ١٩٤٥) بەگوێرەی ناوەرۆکی بەڵگەنامەکانی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی بریتانیا. هۆی بڵاوکردنەوەی تاک و تەرای بەڵگەنامەکانیش، ڕێکەوتی کارەکەیە لەگەڵ پەنجاهەمین ساڵی ئەو دیاردە گرینگەی مێژووی کوردستان. با ڕابوردووی تاڵ ببێتە چرای ڕێگەی داهاتوومان، با لاوەکانمان لەو هەڵانەی ئێمە کردوومانەو لەو هەلانەی بۆمان هەڵکەوتووە و بەفیڕۆ لە دەستمان داون ئاگادار کەینەوە، بەڵکوو مێژووی کورد لەوە زیاتر بە خوێن نەخش نەدرێ. وەرگێڕ».

**ژمارە ١**

نوسخەی یادداشتێکی خانم ئـ . ک. س. لەمبتۆن ـ ئاتاشەی مەتبوعاتی[ ڕاسپێراوی چاپەمەنی] باڵوێزخانەی بریتانیا لە تاران.

Fo. 371 / 40173 / 13978

١٣ی سپتەمبەری ١٩٤٤[ = ٢٢ی شەهریوەری ١٣٢٣ی هەتاوی]

**پێوەندیی کورد لەگەڵ ڕووس**

ماوەیەک لەمەوپێش، بۆ ئەوەی لە تەورێزەوە بە ڕێگای میاندوواو، مهاباد، سەقز وسنەدا، بچم بۆ کرماشان، بە ناو بەشێک لە ئازەربایجان وکوردستاندا تێ پەڕیم. هێڵی جیاکەرەوەی نێوان ناوچەی ئێرانی وناوچەی ڕووسی، شوێنێک بوو لە نێوان میاندوواو و سەقز[1]. دوابنکەی چاوەدێری ئەرتەشی ڕووس لە میاندوواو بوو؛ سەرباز و جەندرمە و پۆلیسی ئێرانی لە سەقز دەبیندران. ناوچە ڕووسییەکان لە دەرەوەی تەورێزەوە تا میاندوواو و مهاباد، بە شار وگوندەوە پڕ بوون لە چەکداری تەیاری کورد. من هیچ جەندرمە یان پۆلیسی ئێرانیم چاو پێنەکەوت.

لەگەڵ ژمارەیەک لە کوردی ناوچەکەدا قسەم کرد، هەموویان لەناخی دڵەوە لە سەربەخۆیی کوردستان دەدوان. یەکیان، بازرگانێک بوو لە میاندوواو کە ئەستەم دەبیندرا سوودێکی ڕاستەوخۆی لە کوردستانێکی سەربەخۆدا وەچنگ بکەوێ، [بەڵام] دەیگوت کوردستانی سەربەخۆ، هەرچەندە هەژاریش بێت و قوربانی لە پێناودا درابێت، دیسان لە بارودۆخی ئێستا هەر باشتر دەبێت. هەر ئەو کەسە دەیگوت کوردستانێکی سەربەخۆی ئەوتۆ، هەڵبەت پێویستی بە ڕاوێژکاریی ماڵی و شتی لەو چەشنە دەبێت.

لە مهاباد، «قازی محەمەد» کە کوردێکی خەڵکی ناوچەکە و برای نوێنەری مەڵبەندە کەیە[ لە مەجلیسی شوڕای ئێران]، وادیارە سەرۆکی خاوەن دەسەڵاتی ئەو ناوچیەە بێت. من وام هەست کرد کە لە نزیکەوە پێوەندی لەگەڵ ڕووسەکاندا هەبێت[2] و هەرچییەکی لەدەست بێت، بۆ بنەبڕکردنی نفووزی کاربەدەستەکانی ئێرانی درێغی ناکات.

چاوەڕاو هەیە کە سەرەک هۆزە کوردەکان لە ژێر ڕێبەرایەتی ئەودا، کۆبوونەوەیەکی نهێنی یان کردووە[3]. ناوبراو، بە ڕاشکاوی باسی سەرکەوتنی خۆی لە ڕاونانی کۆلۆنێل هوشمەند دەکات کە نێردرابووە مهاباد بۆ ئەوەی پادگانێکی دەوڵەتیی ئێرانی لە شارەکەدا بنیات بنێ(هوشمەند، بە هەڵکەوت، لە سەردەمی ڕەزا شادا، لەمهاباد بووە و پێشینەیەکی خراپی هەیە ـ گەرچی نازانم ئەوەی لە لایەن دوژمنەکانیەوە دراوەتەپاڵ یان نا!).

ڕۆژنامەیەکی کوردی کە دەگوترێ بە نهێنی بڵاودەبێتەوە[4]، قازی محەمەد لەچاپی دەدا و بەشداری تێدا هەیە. ڕۆژنامەکە بەگوێرەی قسەی ئەو، پشتگیری لە سەر بەخۆیی کوردستان دەکات و لەوەدەچێ وتاری لە سەر کۆمۆنیزمیشی تێدا بنووسرێ.

«میس داڵ»ی نۆروێجی ـ ئەمریکی، کە مێردی بە کوردێکی مهابادی کردووە و نزیکەی ٢٣ ساڵ لەوێ ژیاوە پێی گوتم لەو کاتەوە کاربەدەستە ئێرانییەکان بە تەواوەتی لە مهاباد چوونەتە دەرەوە، بارودۆخی شار، گەڕاوەتەوە دۆخی بیست ساڵ لەمەو پێش.

ڕێگا وبان ـ بەتایبەت لە نێوان مهاباد و میاندوواوادا، هەلومەرجێکی باشی نییە و نیشانەیەکی کەم بەدەستەوەیە کە هەوڵی چاک کردنیان بدرێ. لە سەقز بەدواوە، ئیترجادەکە وەزعێکی باشتری هەیە و هەندێ کاری لەسەر کراوە.

لە نێوان سەقز و کرماشان، جیا لە سەرباز و جەندرمە، هیچ چەکدارێکم چاو پێنەکەوت.

ئیمزا: ئـ . ک. س. لەمپتۆن

باڵوێزخانەی بریتانیا، تاران ـ ١٣ی سپتەمبەری ١٩٤٤

**پەراوێز:**

١) ئەو هێڵە، لە گوندی «سەرا» ـ نیوە ڕێگەی بۆکان و سەقز، ناوچەی دەسەڵاتداریەتی کورد و ئێرانییەکانی لێک جیادەکردەوە. (وەرگێڕ)

٢) ئەو[ واتە قازی محەمەد]، یەکێک بووە لەو تاقمەکوردەی وا ڕووسەکان بانگهێشتنیان کردووە.

٣) دەبێ ئاماژە یەک بێت بە کۆبوونەوەی کۆمەڵەی ژ. ک. (وەرگێڕ)

٤) دەبێ گۆڤاری«نیشتمان» ئۆرگانی کۆمەڵەی ژ. ک.بێت کە ژمارەی یەکەمی لە مانگی پووشپەڕ(جولای)ی ١٣٤٣[ ١٣٢٢هـ] دەرچووە و دوا ژمارەی (ژمارە ٩)بە سێ مانگ پێش سەفەری «لەمبتۆن» بڵاوببووەوە. ڕۆژنامەی کوردستان ـ ئۆرگانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ـ ساڵێک و سێ مانگ دوای سەفەری«لەمبتۆن» لە ١٥ی دیسەمبەری ١٩٤٥دا، ژمارەی یەکەمی دەرچووە. (وەرگێڕ)

## ژماره ٢

Fo. 371/45446/131005

١٨ی فیبرەوەری ١٩٤٥[=٢٩ی بەهمەنی ١٣٢٣هـ]

نوسخەی تیلگرافی ژەنەڕاڵ کۆنسوولی ئەعلاحەزرەتی شاه[لە تەورێز] بۆ باڵوێزخانەی تاران. ژماره ٢٠.( تەنیا بۆ تاران دەنێردرێ).

### ڕاپۆرتی بارودۆخ

لە ڕۆژی ١٥ی فیبرەوەریدا، تاقمێکی کورد کە لەلایەن «وردەمالیک»ێک بە ناوی «عەزیز» لە هۆزی«فەیزوڵڵابەگی[1]»یەوە دنەدرابوون، هێرشیان بردە سەر ئیدارەی پۆلیس لە مهاباد و وازانراوە کە گەرەکیان بووە «ئیدارەی دارایی»ش تاڵان بکەن. پێنج پۆلیس کوژراون. فەرماندەی ئەرتەشی ئێران لێرە[لە تەورێز] پێی ڕاگەیاندم کە عەزیز لە قسەکانیدا، داوای وەدەرنانی کاربەدەستانی ئێرانی کردووە و گوتراوە کە وەک ناسیۆنالیستێکی لایەنگری ڕووس و کۆمۆنیسم قسەی کردووە. یەکێک لە پیاوانی«جەمی[ ؟] محەمەد»سەرەک[ عێلی]مامەش لە ناوچەکە، لایەنگری پۆلیسی کردووە و قۆمانداری ئێرانی[لە مهاباد] بە دێبۆکری[عەلی ئاغای سەردار ئەسعەد(عەلیار) ]ی گوتووە سوارەی خۆی [بێنێتە نێو شار]و ئاسایش دابین بکات.

٢) ورمێ: لە ڕۆژی ١٤ی فیبرەوەری، لقێکی بچووکی پیادەی[ئەرتەشی] ئێرانی لە کاتی تەمرینی حەوتووانەی خۆیان بەچەند مایلێک لە باکووری شاری ورمێ ڕووبەڕووی تاقمێک کوردی هەرکی بوونەتەوە. کوردەکان لە وەڵامی داواکاریی ئەرتەش بۆ دوورکەوتنەوە [لە شوێنەکە] ، تەقەیان لێکردوون و مەیجەر[سەروان]ی قۆماندانی ئێرانییان کوشتووە. ئەم ڕووداوە، خۆی لە خۆیدا، ڕەنگە گرینگایەتی سیاسی نەبێت، بەڵام کوردەکان ڕەعیەتی«ڕەشید بەگ»بوون کە دەگوترێ چووەتە نێو حیزبی«تودە»وە.

٣) چاپەمەنی: دوای ڕاسپاردنی حاکم[ی تەورێز] بۆ سەر ڕۆژنامەکان، کە دوور نییە بە داوخوازیی ژەنەڕاڵ قۆنسوولی ڕووس بووبێت، چیدی وتاری دژ بە ئینگلیس لە ڕۆژنامەکانی ناوچەدا نابیندرێ. هێرش بۆ سەر «سید ضیاء [طباطبائی] درێژەی هەیە، بەڵام ئاماژە بە بریتانیای مەزن ناکرێ.

جێگری ژەنەڕاڵ کۆنسوول

ڕێفرەنس. تیلگرافی تاران، ژماره ١٩٤ بۆ وەزارەتی دەرەوە.

نوسخە بۆ: وەزارەتی دەرەوە

مۆسکۆ

MEMIN قاهیره

حکوومەتی هیند

PAIC

١) عەزیزخانی یاسیکەند

## ژماره ٣

Fo. 317/45440/ 131005

٢٠ی فیبرەوەری ١٩٤٥[=١ی ئیسفەندی ١٣٢٣هـ]

کۆپی تیلگراف لە تەورێزەوە بۆ باڵوێزخانەی [بریتانیاله]تاران، ژماره ٢٩، ڕووی لە تیلگرافی ژماره ٢٠ ـ ٢١ی فیبرەوەری تارانە، ژمارەی تیلگرافی من: ٢٠

بۆچوونی ژەنەڕاڵ کۆنسوولی سۆڤیەت لەسەر ڕووداوی مهاباد ئەوەیە کە ئاژاوە لە سەر دابەشکرانی شەکر پەیدا بووە و کاتێ کۆمەڵێکی کورد بۆ ناڕەزایی دەربڕین ڕوویان کردۆتە ئیدارەی «غەللە[تەسبیت]»، لە کاتی تێپەڕبوون بە بەردەمی پێگەی جەندرمەریدا، جەندرمەیەک تەقەی لێکردوون وکوردێکی کوشتووە.

لە بەرانبەردا، کوردەکانیش تەقەیان کردووە و پێنج جندرمەیان کوشتووە و شەشیان بریندار کردووە کە دوو کەسیان دواتر مردوون.

لە سەرچاوەیەکی دیکەوە دەزانم کە لە کاتی ڕووداوەکەدا، دابەشکردنی کەلوپەلی دەوڵەتی بەڕێوەچووە و لام وایە هەنگاونانی جەندرمە بۆ بڵاوەپێکردنی کۆبوونەوەکە، بووبێتە هۆی ڕوودانی کارەساتەکە.

جێگری ژەنەڕاڵ کۆنسوول

نوسخە بۆ: وەزارەتی دەرەوە، پ. ل. ٥٣

مۆسکۆ. پ. ل ٢١

MEMIN قاهیره، پ. ل ٣١

حکوومەتی هیند، پ. ل ٣٠

PAIC پ. ل ٤

ڕێفرەنس: تیلگرافی ژماره ١٩٤ بۆ وەزارەتی دەرەوە.

## ژماره ٤

Fo. 371/ 52401/ 125690

ئەم بەڵگەنامەیە، بەشێکە لە ڕاپۆرتێکی دووروودرێژ لەمەڕ بارودۆخی ئێران وناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە تەنیا سێ پاراگرافی ژماره ٣٥ و ٣٦ و٣٧، پێوەندی بە کوردستانەوە هەیە. ڕاپۆرتەکە پاشکۆی نامەیەکە و بەو بۆنەیەوە، ڕاستەوخۆ تاریخی نووسرانی بەسەرەوە نییە. بە حیسابی بارودۆخێک کە ڕاپۆرتەکە باسی لێوە دەکات، دەبێ لە سەرەتا یاخود لە ناوەڕاستەکانی ١٩٤٦/١٣٢٥دا نووسرابێت. من لە ژمارەی داهاتووی«گزینگ»دا تاریخی دەقیقی بەڵگەنامەکە دیاری دەکەم. (وەرگێڕ)

### عەشیرەیی و ناوچەیی

#### کوردستانی ئێران

٣٥) ڕاپۆرتەکان وادەگەیێنن کە عاقیبەت«کۆمەڵەی کورد»[1] سەری هەڵداوە و میاندوواو(J -38 - W, ZH 5345)[2] و بۆکان(J - 38 - w, z6546) یان گرتووە و بەرەو سەقز(J -38 - w, zh6194)، تا «سەرا»(J -38 - W ZH 6429) ڕۆیشتوون. ئەرتەشی ئێران، خۆی لە «سالح ئاوا»(J -38 - W, ZH 6917) ـ چەند مایلێک لە باکووری سەقز قایم کردووە.

وا دیارە ئێرانییەکان سەرەڕای توسییەی ڕووسەکان کە گوتوویانە پێش ئەوەی خوێن بڕژێ پادگانەکانی بانە وسەردەشت وسەقز چۆل بکرێن، دەیانەوێ لە «سالح ئاوا»بێننەوە(پاراگرافی ٤٨ ـ کورتە باسی ژماره ٢٥١).

هەرچۆنێک بێت، دەگوترێ پادگانی بانە و سەردەشت وا هەیە بۆ بەهێزکردنی شاری زۆر ستراتێژیکی سەقز چۆل بکرێن. پادگانی سەقز، پێشتر بە هۆی هێزەکانی ناوچەکانی باشماخ(I - 38 - E, Jv 9511) و هەورامان و مەریوانەوە بەهێزکراوە.

٣٦) مەلا مستەفا کە دواجار لە«مەرخوز»(J -38 - W, ZH 5718) بیندراوە(پاراگرافی ٤٨ ـ کورتە باسی ٢٥١)، ئێستا هەواڵ دەگات کە لە لایەن ژەنەڕاڵێکی ڕووسەوە داوای لێ کرابێت بچێ بۆ بۆکان.

٣٦) دەوروبەری ٢٠ خێزان ـ کە زیاتریان پیاوی بێ چەک و ژن ومنداڵی لایەنگری مەلا مەستەفان ـ بەرەو عێراق گەڕاونەتەوە.

**پەراوێز**

١) Komal-e Kurd تۆ بڵێی مەبەست کۆمەڵەی ژ. ک بێت؟ ئەگەر وابێ، تاریخ دانانی من بۆ بەڵگەنامەکە و هەواڵی گیرانی بۆکان و میاندوواو هەڵەن. (وەرگێڕ)

٢) پانایی و درێژایی جوغرافیایی. (وەرگێڕ)

ژماره ٥

Fo. 371/91252 / 132969

نهێنی

## کێشەی کورد لە ساڵانی ١٩٤٦ تا ١٩٥٠

### ئێران

١٩٤٦) لە ماوەی نیوەی دووهەمی ساڵی ١٩٤٦دا، شانسی کوردی ئێران لە نزیکەوە بە چارەنووسی "کۆماری خودموختاری ئازەربایجان"ی ژێر حوکمی «پیشەوەری»یەوە بەسترابوو. گەرچی پێکهاتنە ڕاگەیێندراوەکەی نێوان پیشەوەری و قازی محەممەد ڕێبەری کوردانی مهاباد(بڕوانە پاڕاگرافی ژمارە ٢١ لە[نامەی] نهێنی ژمارە ١٧٠٨١دا)، لەوە ناچێ هیچ کاتێک گەیشتبنە قۆناغی بەڕێوەچوون و پێوەندی نێوان دووحکوومەتەکەش هەرگیز هاسان نەبووە. خراپیی بارودۆخی ناوخۆ لە ئازەربایجان، داواکاریی قورسی کورد و زەختی حکوومەتی ئێران لە سەر هەر دوو لا، ڕەنگە ئەو هۆیانە بن کە پێکهاتنەکەیان کردە کاغەزێکی سات وسەودا کردن لەگەڵ یەکتر. قازی محەممەد لە مانگی جون دا چوو بۆ تاران و دواتر ڕاگەیێندرا کە لەوێ هەوڵی داوە پاڵ بە حکوومەتی ئێرانەوە بنێ بۆ ئەوەی ڕازییان بکات «خاکی کورد» هەتا شاهپوور(سەلماس)پەرە بدرێ لە کاتێکدا سەرەک وەزیر جەختی ئەوەی دەکرد کە کورد وەک دانیشتووی ئازەربایجان سەیر بکرێن و پێکهاتنی ١٤ی مانگی جون[لەگەڵ ئازەربایجانییەکان]، کوردیش بگرێتەبەر. هەرچۆنێک بێت، هێزەکانی کورد بە حیسابی ئازەربایجانییەکان کە دەگوترا کۆنترۆڵی سەردەشت وبانە و تیکاب یان لە لایەن حکوومەتی ئێرانەوە پێ درابوو، دەستیان بە سەر ورمێ داگرت، بەڵام وەک دواتر دەبیندرێ هیچکام لەو قەرارانە شوێنێکی درێژخایەنیان لە سەر هەلومەرجی کورد دانەناوە.

٢) لە بەهاری ساڵی ١٩٤٦دا، شەڕی پچڕپچڕ لە نێوان هێزەکانی کورد و حکوومەتی ئێران ڕوویدا و وادیار بوو کە بارزانییەکانی ژێر حوکمی مەلا مستەفا بەشی زۆری هێرشکارییەکانیان لە ئەستۆ بووبێت. بەرەو کۆتایی هاوین، چەکدارەکانی بارزانی کەوتبوونە بارودۆخێکی نالەبارەوە و دەستیان کرد بە سەرەتادامەزراندن بۆ گەڕانەوەی ناو عێراق.

٣) تا مانگی سپتەمبەری ١٩٤٦ نیشانەی ئەوە دەرکەوت کە «کۆماری کوردستان» بە هۆی نەبوونی پارە و ئاڵۆزیی گشتییەوە تووشی موشکیلەی جیددی هاتووە. ڕێبەرانی کورد، بەلای کەمەوە، بوون بە سێ بەشەوە: ئەوانەی کەوتبوونە شوێن قازی محەممەد، ئەوانەی دژ بە ئەو بوون و پەنابەرانی بارزانیی ژێر حوکمی مەلا مستەفا کە زۆر وکەم لە هەر دوولایان جیاواز بوون. نیشانەکانی پێوەندیی نزیکتری مەلا مستەفا لەگەڵ دەسەڵاتداریەتی سۆڤیەت زیاتر دەردەکەوت، ئاغاوەتی سەربەخۆش، گەرچی پاڵنەری ئەهێندە بەرز ئیلهامی پێدابوون خۆیان وەک دژی کۆمۆنیسم نیشان دەدا؛ قازی محەممەد و مەلا مستەفاش لە سەر زەمینەی ناتەبابوونی[کۆمۆنیسم]لەگەڵ ئیسلام ڕەنگی هەمان شتیان پێوە دەبیندرا بەڵام هیچکام لەو دوودڵی و وەسواسە ئەخلاقییانە پێشی بە قەبوڵ کردنی ئەو چەک و پارەیەی نەدەگرت کە لەلای ڕووسەکانەوە دەهات یان بەو پشتیوانییە سنوردارەی وا لە سەردەمی خۆشەویست بوونی قازی محەممەد لای ڕووسەکان دەکرا.

٤) بارودۆخی ئازەربایجان بە شێوەیەکی سروشتی کاری کردە سەر هەلومەرجی کورد. وتووێژی درێژخایەن لە نێوان دێمۆکراتەکانی تەورێز و حکوومەتی ئێران، گەیشتە ئەنجامی ئەوەی کە هەندێ مافی سنووورداری خودموختاری بە ئوستانی ئازەربایجان درا، بەڵام دژایەتی نواندنی «حکوومەتی» تەورێز لەگەڵ مەسەلەی کۆنترۆڵ کرانیان لە تارانەوە بووە هۆی ئەوەی[دەوڵەتی ئێران] ناچار بە دەستتێوەردانی عەسکەری بێت. چاوترسێنیی ڕووسەکان لەو مەترسییەی کە لەوانەیە کارێکی ئەوتۆ، ئاکامێکی جیدی بە شوێندا بێت، لە لایەن حکوومەتی ئێرانەوە خرایە پشت گوێ و تەورێز لە ١٢ی دیسەمبەردا گیرا. پەیامی لایەنگری کردن و وەفاداری ئازەربایجانییەکان بۆ شاه و سەرەک وەزیر نێردرا و پیشەوەری ڕووی کردە ڕووسیا و هەڵات.

٥) تا ئەوکاتە، پارمەتییەکانی دەسەڵاتداریەتی سۆڤیەت کە بۆ بەڕێوەبردنی هەڕەشەکانی خۆیان هیچ کارێکیان نەکردبوو، بە تەواوەتی لە قازی محەممەد درێغی کرا و ئەو لە شاری میاندوواوخۆی تەسلیمی فەرماندەی ئەرتەش[ی ئێران] کرد؛ «دەوڵەت»ەکەشی پێشتر کەوتبووە سەرەولێژی و بەرەو ڕووخان چووبوو. قازی، لە مهاباد درایە دادگا و لەگەڵ ژمارەیەک لە گەورەپیاوانی هاوڕێیدا لە سەرەتاکانی مانگی فەبریوەری ١٩٤٧ ئێعدام کرا[1].

٦) ئیحتیمالی سەرکەوتنی دەوڵەتی ئێران لە تێکۆشانی دژ بە کورددا، هەستێکی پڕ لە نیگەرانی لە بەغدا هێنایەدی. مەلا مستەفا هیچ کاتێک لە مێشکی دەوڵەتی عێراق نەچۆتە دەرێ ودووریش نەبوو کاتێ لە ئێرانەوە بەرەو عێراق دەبووەوە، سەر لەنوێ ببێتە هەڕەشەیەک بۆ ئاشتیی ناو هۆزە کوردەکان. بەم بۆنەیەوە زەختیان خستە سەر حکوومەتی ئێران بۆ ئەوەی مەلا مستەفا و هەڵاتووەکانی ئەرتەشی عێراق کە لەگەڵی کەوتبوون بگرن و بیاندەنەوە دەست ئەوان. مەلا مستەفا، لە سەرەتای جانیوەری ١٩٤٧دا خۆی تەسلیمی دەسەڵاتداریەتی ئێران کرد و برایە تاران و لە کاتێکدا زۆربەی هاوڕێکانی لە ئەغەدە مابوونەوە، بۆ ماوەیەک لەوێ، لە ژێر چاودێریدا مایەوە. حکوومەتی ئێران هیچ مەیلێکی بەوە نیشان نەداکە بیداتەوە بە عێراق، بەڵام پێشنیاری ئەوەی پێکرد کە خۆی و هەموو بارزانییەکان یا ئەگەر هەمووشیان نا، سەد کەس لە گەورەپیاوانی هاوڕێی شانسی ئەوەیان هەبێ کە ببن بە هاونەتەوەی ئێرانی و لە زەوییەکانی شاه، لە نزیک ٣٠ مایلی باشووری ڕۆژهەڵاتی تاران نیشتەجێ بن. بۆ ماوەی شەش مانگی یەکەمیش لەلایەن دەوڵەتەوە پشتیوانیان لێ بکرێ. ئەگەریش ئەم پێشنیارە بدەنەدواوە، لە ئێران دەردەکرێن بەڵام چەکیان لە دەست ناسەندرێتەوە وتەسلیمی حکوومەتی عێراقیش ناکرێنەوە. مەلا مستەفا پێشنیاری نیشتەجێ بوونەکەی دایە دواوە ولە کۆتایی مانگی فەبریوەریدا، پێش چوونەوەی بەفر، خۆی و هاوڕێکانی بە هێمنی بەرەو باشوور و سنووری عێراق کشانەوە، لە کاتێکدا ئەرتەشی ئێرانیان بە شوێنەوە بوو. تا هەشتەمی مارچ گەیشتنە دەشتی مەرگەوەڕ، وا دەردەکەوت کە هەر بەو ڕێگایەی تورکیا کە لە ئوکتۆبەری ١٩٤٥پێیدا هاتبوون، بگەڕێنەوە عێراق. بەڵام حەوتوویەک دواتر، ڕاپۆرت گەیشت کە گەڕاونەتەدواوە و لەگەڵ ئەرتەشی ئێراندا کەوتوونەتە شەڕەوە. هەر چۆنێک بێت لێیاندرا و بەرەو عێراق بران ومەلا مستەفا، خۆی و ژمارەیەک لە هاوڕێکانی هەڵاتنە خاکی سۆڤیەت(مایسی ١٩٤٧).

٧) بارودۆخی باکووری ڕۆژئاوای ئێران لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٦دا، لەوپەڕی گێژوگومیدا بوو. ئەرتەشی ئێران کە سەردەشت و بانە و سەقزی بە دەستەوە بوو، سەرەتای چەککردنی هۆزە کوردەکانی دامەزراند. تەنانەت پێش ئەوەش کە قازی محەممەد خۆی بە دەستەوە بدات، بەردەوامبوونی دەسەڵاتدارییەکەی بە سەر هۆزە کوردەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتدا، جێگای گومان بوو. زۆربەی سەرەک هۆزەکانی مامەش و مەنگوڕ ودێبوکری

بڕیاریان دابوو ڕووبکەنە حکوومەتی ئێران بەڵام وا دیاربوو کە هۆزە کوردەکان لە ناو خۆشیاندا هەڵوێستی جیاوازیان هەبووبێت.

١٩٤٧

٨) بەرەو کۆتایی مانگی جوون ئیتر مەلا مستەفا دەستی لەوە هەڵگرتبوو کە بۆ حکوومەتی ئێران ژانە سەر دروست بکات، زۆربەی هۆزەکەی لە مانگی مایسدا، خاکی ئێرانیان بەجێهێشتبوو، مەلاش خۆی لەگەڵ کۆمەڵێکی کەم، کە شەش ئەفسەری هەڵاتووی ئەرتەشی عێراقیان لەناودا بوو، ڕێگای ئازەربایجانی سۆڤیەتی گرتەبەر. پێش کۆتایی مانگی مایس، «یاسای سەربازی»[٢] لە سەر کوردستان هەڵگیرا و ڕاپۆرت گەیشت کە کاری چەککردن بە باشی چووەتە پێشێ. شاه، لێبووردنێکی گشتی بۆ هەموو ئەو هۆزانە ڕاگەیاند کە تێکەڵی دوژمنایەتییەکە بووبوون. بۆ پاشماوەی ساڵ، بارودۆخێکی پڕ لە ئاشتی باڵی بە سەر ناوچەکەدا کێشا.

٩) چاوەڕاوی ئەوە کە مەلا مستەفا نیازی هەیە لەگەڵ هێزێکدا بگەڕێتەوە عێراق هەتا ساڵی ١٩٤٨ جاروبارە دەکەوتە سەر زمانی خەڵک. هەر چۆنێک بێت، هەلومەرجی ناو کوردستانی ئێران بە هێمنی مایەوە ـ ئەو عەمەلیاتە نەبێت کە دژ بە جوانڕۆییەکان بەڕێوە چوو ـ ئەویش بە هۆی ئەو ڕاستییەوە کە ماوەیەکی دواتر هیچ باس و هەواڵێکیان نەما، خاوەنی گرینگایەتی ئەوتۆ نییە.

١٩٤٩

١٠) لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٤٩دا، بە هۆی بڵاوبوونەوەی هەندێ ماتریاڵی پڕوپاگەندەی کوردە «دێمۆکرات»ەکانەوە (وا هەیە لەلایەن «ڕزگاری»یەوە بووبێت)، هەنگاوێک بۆ ژیاندنەوەی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردیی هەڵێنرایەوە. دەسەڵاتداریەتی ئێران، لە مانگی فەبریوەری، مارچ وئاپریل دا، دەستی کرد بە گرتنی خەڵک ـ کارێک کە پێوەندی بە هەواڵی ئەو هەنگاوە وە دەدرا کە لە مانگی فەبریوەری بۆ کوشتنی شاه هەڵێنرایەوە. گەرچی هۆزەکانی جەلالی و شکاک دژایەتی خۆیان نیسبەت بە حکوومەتی ئێرانەوە نەدەشاردەوە، هیچ نیشانەیەک بە دەستەوە نەبوو کە کورد ئەم کارە خەتایەی کردبێت. هەرچۆنێک بێت لەوەدەچێ ژمارەیەک لە ئەندامانی عەشیرەتە کوردەکان کەڵکیان لەو هەلە وەرگرتبێت و بۆ تۆڵە سەندنەوەی تایبەتی خۆیان، لە لای دەسەڵاتداریەتی ئێران خراپە[ی عەشیرەتەکانی تر]یان گوتبێت.

١٩٥٠

١١) لە زستانی ساڵی ١٩٤٩ ـ ١٩٥٠دا، هێمنایەتی[ناوچەکە]پارێزرا و ئەو چاوەڕاوە وەرزییەی لە مانگەکانی سەرەتای ساڵی ١٩٤٩دا لەمەڕ ئاژاوە وئاڵۆزیی پەرەی پەیداکردبوو، پێش گەیشتنی هاوین بێڕەنگ بووبووەوە. تەنانەت«کۆمەڵە[ی هیوا»]ش هیچ نیشانەیەکی چالاکیی لە خۆی نیشان نەدا. زستان، بۆ هۆزەکان زۆر سەخڵەت نەبوو و خەڵکەکە چاوەڕوانی حاسڵێکی باشیان دەکرد.

١٢) «حیزبی کوردی موسڵمان» لە تاران کەوتە بەر سەرنج. ئەم حیزبە، هەندێ سەرەک هۆزی ناسراو دایانمەزراند کە لە مانگی مایسدا بۆ بەشداری لە ئاهەنگی هێنانەوەی تەرمی ڕەزاشا بۆ ئێران هاتبوونە تاران. بەڵام دواتر، هیچ هەواڵێکیان لە سەرچاوەیەکی دیکەوە لێ نەبیسترا.

١٣) ڕاپۆرتێکی سەرنجڕاکێش لە سەر بناغەی بۆچوونی دوو جاسووسی بە ئەزموونی ئینگلیزی کە لە مانگی ئاگۆستی ساڵی ١٩٥٠دا بە شێوەیەکی سەربەخۆیانە بە ناو کوردستانی ئێراندا گەڕابوون، هەستی ئەوانی لەمەڕ هەڵوێستی کورد، لەم چەند وشەیەی خوارەوەدا تۆمارکردووە:

ئـ )«هەموو هەواڵنێرەکانمان لە ناوچەکانی کوردنشینی باکووری سەقز، بە شێوەیەکی بنەڕەتی، هەواڵی لایەنگری کردن[ی خەڵکمان] لە سەربەخۆیی کوردستان پێدەگەیێنن و وەک هۆی شتەکە، ناو لە جیاوازیی نەژاد، فەساد و زوڵم و زۆری حکوومەتی ئێران و ئەفسەرانی ئەرتەش دەبەن کە بە گوێرەی قسەی ئەوان، لایەنگری بەڕێوەچوونی بەرنامەی پێشکەوتوو لە ناوچە کوردنشینەکان نین و بە دەستی زۆر پێشی بەرنامەی ئەوتۆ دەگرن؛

ب) «سەرەڕای توورەییەکی بێگومان، کە لەو ئاکارە وەشاوەتەوە، هیچ نیشانەیەک نابیندرێ کە بەرنامەیەکی دارێژاو یا ڕێکخراوەیەکی گرینگ بە ئامانجی دابینکردنی سەربەخۆیی لە ناوچەکەدا پێکهاتبێ. ڕوانگەی دەسەڵاتداریەتی ئەرتەش لە مهابادیش هەروابوو. لەوەش زیاتر، هیچ نیشانەیەکی لایەنگری کردن لە کوردستانی گەورە وباس وخواسی موشکیلەی کورد لە تورکیا، سووریا و عێراق، لە ناو هاوزمانە کوردە ئێرانییەکاندا نەبیندرا؛

پ) لە ناوچەکانی باشووری سەقزیشدا، نارەزایی خەڵک لە کاربەدەستانی ئێرانی، وەک نارەزایی زۆربەی ناوچە باکوورییەکان بوو، بەڵام لێرەدا لە جیاتی پێداویستی سەربەخۆیی، لە سەر ئەو مەسەلەیە جەخت دەکرا کە کار بەدەستانی ئێرانی لە مەترسییەکان ئاگادار بکرێن. سەردانی ئەم دواییەی شاه، لە ناوچەکە، ئاکامێکی باشی بووە بەڵام ئەوە زۆر گرینگە کە ئەو بەڵێنانەی شاه داونی، بێنە ئەنجام.»*

١٤) لە مانگی مایس دا، هەندێ بنکەی عەسکەری لە ناوچەی جوانڕۆ دامەزران. لەو کاتەدا وادەزانرا کارەکە بەشێک بووبێت لە سیاسەتی گشتی بۆ بەهێزکردنی ئامادەیی نیزامی [دەوڵەت] لە ناو هۆزە کوردەکاندا. هەرچۆنێک بێت بە ڕواڵەت، دوای پێکداهەڵپڕژانێکی بچووکی نێوان هۆزەکانی جوانڕۆیی و ئیمامی، فەرماندەی ناوچەیی ئەرتەش بڕیاری چەککردنی هەر دوو لای دابێت. هۆزەکان ئەو ئەندازە تفەنگیان نەداوە بەدەستەوە[کە داوایان لێ کرابوو] و لە دووهەمی سپتەمبەردا هێرشیان بردووەتە سەر بنکەیەکی ئەرتەشی لە«پڵینگانە». ئەرتەش لە لایەن چەند عەشیرەتی دوژمنی جوانڕۆییەکانەوە هاوکاری کراوە و عەمەلیاتەکە، لە سەرەتاکانی مانگی ئوکتۆبەردا هاتووەتە کۆتایی ولە ئەنجامدا، هۆزەکان سەدان تفەنگیان تەحویل داوەتەوە. ئەم ڕووداوە لە لایەن ڕادیۆی ڕووس و هەندێ ڕۆژنامەی دەرەوەییەوە زۆر گەورە کراوەتەوە.

* شاه، لە ئاگۆستی ١٩٥٠دا چاوپێکەوتنێکی هەمەدان و کرماشان و کوردستانی باشووری کرد کە وادیارە سەرکەوتوو بووبێت.

## عێراق

١٩٤٦-٤٧

١٥) عەمەلیاتی دژ بە مەلا مستەفا، کە وەک بەشێک لە کاری ڕێکخستنەوەی سەر لەنوێی ئازەربایجان، لەلایەن دەسەڵاتداریەتی ئێرانەوە بەڕێوەچوو، پێشتر بە کورتی باس کرا. سەرەڕای ترسێکی دایمی کە لە گەڕانەوەی بارزانییەکان و ئاژاوەنانەوەیان لە عێراق دا هەیە، وادیارە بارزانییەکان خۆیان لە ئەزموونی ئێران و ئەو زیانەی لە ئەرتەشی ئێرانیان دی، دەرسێکی باشیان وەرگرتبێ. بەشێکی بەرچاویان لە ١٩٤٧دا دەستیان کرد بە گەڕانەوە بۆ عێراق و ئەو نموونەیەی کە بۆ گەڕانەوەی بێمەرج و شەرت دایانمەزراند، لە لایەن ئەو کەسانەشەوە کە دواتر دەگەڕانەوە ڕەچاو کرا. دەسەڵاتداریەتی عێراق، بەرنامەیەکی وشیارانەی بۆ گەڕانەوەی ئەوان پێکهێنابوو، کە لێبووردنی بەدوادا هات و ئەو

لێبووردنەش، بەبێ ڕەخنەی ڕۆژنامەکانی بەغدا نەچووەسەر.

وا زانرا کە ژمارەیەکی زۆری چەک، لەسەر سنوور وپێش گەڕانەوەی پەنابەرەکان بە قاچاخ براون، یا لە کارخراون. نزیکەی شەش هەزار پیاو، ژن و منداڵ لەگەڕانەوەدا خۆیان ناونووسکرد. چوار ئەفسەرەکەی ئەرتەشی عێراقیش تەسلیم بوون، ئینجا دادگایی ولە نۆهەمی مانگی جون دا ئێعدام کران.

١٩٤٨

١٦) بە درێژایی پاشماوەی ساڵ[ی ١٩٤٧]و هەموو ساڵی ١٩٤٨ بارودۆخی کوردستانی عێراق هێمن بوو. چاوەڕاو لەمەڕ گەڕانەوەی خێرای مەلا مستەفا، زیاتر لە سەرەتای ساڵدا دەبیسترا و شانسی ئەوەی کە ڕەنگە مەلا لە سەرقاڵبوونی ئەرتەش بە شەڕ و هەرای فەلەستینەوە کەڵک وەرگرێ، نیگەرانی حکوومەتی زیاتر دەکرد.

چەند ئاژاوەی یەک لەدوای یەک کە لە مانگی فەبریوەری و سپتەمبەردا بۆ نارەزایی دەربڕین لە «پەیمانی پۆرتسموس» و دامەزرانی حکوومەتی نیزامی نرانەوە، لەڕاستیدا تەواوکەری خۆپێشاندانەکانی سلێمانی بوون و هیچ کامیان زەمینەیەکی ناسیۆنالیستیی کوردییان تێدا بەدی نەدەکرا.

١٩٤٩

١٧) لە ساڵی ١٩٤٩دا، هیچ چالاکییەکی عەشیرەیی بەرچاونەکەوت. هەواڵی ئەو پەیامانەی وا لە نێوان مەلامستەفا و ئاغا گەورەکان[ی کورد] لە عێراقدا بڵاودەبووەوە، شێوازێکی عادەتی هەبوو، بەڵام بە شوێن ئەوانەدا، داستانێک لەمەڕ فێرکرانی چەترباز بۆ خرانەخوارەوە لە عێراق بڵاوبووەوە و تەنانەت گوترا شەش کەسیان هاتووشنەتە خوارەوە. وادەردەکەوێ کە خەبەردز و ئەوانەی ئیلهامدەریانن، خۆیان لە چاوەڕاوی دووپات وچەند پاتکراوی گەڕانەوەی مەلا مستەفا و پێوەندی گرتنی لەگەڵ هاڤاڵە عێراقییەکانیدا، ماندوو بووبێتن و هەستیان کردبێ کە پێویستە هەندێ باس وخواسی شیرینتر لە خەیاڵیاندا دروست بکەن. هەرچۆنێک بێت، حکوومەتی عێراق لە مانگی مایس دا بەشێوەیەکی ڕاستەقینە، لە چاوەڕاوی گەڕانەوەی زۆر زووی مەلا مستەفا ئاگادار کرایەوە بەڵام وادیاربوو ئەو هەواڵەش زەمینەیەکی نەبووبێ و ساڵ بەبێ ترسیی زیاتر کۆتایی هات.

١٩٥٠

١٨) لە نێوان مانگی ئاپریل و جووندا، داستانی پێوەندی گرتنی مەلا مستەفا بە ژمارەیەکی زۆری سەرەک هۆزەکانەوە هەروەها بە قاچاخ هاتنی چەک لە ئێرانەوە بۆ عێراق بڵاوبووەوە. لە مانگی جولایدا، هەواڵی ئەو حیکایەتەش لەلایەن پۆلیسەوە گەیشت کە گوایە مەلا مستەفا هەوڵی وەرگرتنی ئیجازەی داوە بۆ تێپەڕبوون بە خاکی ئێراندا. ڕاپۆرتەکە، ئەوەشی لێ زیاد کرابوو کە پێی گوتراوە، خۆی و دەوروبەرکەی دەبێ بە بێ چەک بچنە خاکی عێراقەوە بەڵام ئەو، مەرجەکەی قەبوڵ نەکردووە. گومانێکی کەم لەوەدا هەیە کە مەلا مستەفا پێوەندییەکی دایمی لەگەڵ دۆست و کەس وکاری خۆی لە عێراقدا هەبێت، بەڵام خەیاڵات لەمەڕ گەڕانەوەی بۆ عێراق، گرینگایەتییەکی زیاتری لە ساڵانی پێشوو نییە.

١٩) ئەمساڵ، شکانی نەزم ویاسا لە ئوستانەکانی موسڵ وهەولێر و سلێمانی، لە ڕادەی عادەتی ناوچەکە زیاتر نەبوو، مەسەلەیەک نەبێ کە ئەویش کاری «خولەپیزە»بوو ـ چەتەیەک کە خۆی لە دەستبەسەرییەکی هەشت ساڵە ڕزگار کردبوو. هەڵسوکەوتی خولەپیزە لە ساڵانی ١٩٤٩ و١٩٥٠دا، سەرنجی لەڕادەبەدەری خەڵکی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و لە لیوای سلێمانی وەک چەشنە«ڕابین هوود»ێکی کورد چاوی لێدەکرا.

دەگوترا کە لە لایەن شێخ باباعەلی و شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحموودەوە پشتگیری دەکرێ. بە هۆی درێژەکێشانی کارەساتەکە و پارێزاومانەوەی خولەپیزەوە، ئابڕووی حکوومەت زیانی پێگەیشت.

٢٠) بە هۆی سەردانی زۆری ئاتاشەکانی باڵوێزخانەی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە ـ کە زۆریش لە پەردەدا نەبوو، هیچ کاتێک ناسیۆنالیسمی کوردیی لە هەولێر وسلێمانی، ئەوەندە هان نەدرابوو. گرینگی پێدانی ڕۆژنامەکانی ئەمریکی و چوونی شێخ بابەعەلی بۆ ئەمریکا کە بەشێک لە خوێندنەکەی لەوێ تەواوکرد، ئاماژەیان بۆ ئەو ڕاستییە دەکرد کە حکوومەتی ولاتەیەکگرتووەکان نیازی وایە لە کاری لایەنگری کردنی کورداندا، دەستپێشخەریی ڕووسەکان بکات.

### ولاتانی ڕۆژهەلاتی نزیک (لیڤانت) [3]

٢١) وەک لە ڕاپۆرتی دەورەی پێشوودا باس کرا، کۆمەڵگای کورد لە لوبنان بچووکە و خاوەنی گریگایەتییەکی کەمە. بەڵام شاری بەیرووت بە هۆی ئەو ڕاستییەوە کە نشیمەنگەی کامەران عەلی بەدرخانە و ئەویش وەک براکەی بە بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردەوە خەریکە، جێگای سەرنجە. هەرچۆنێک بێت ناوەندی سەرەکی بزووتنەوەکە، لە جزیرەیە کە لەوێ دوکتور«ئەحمەد نافیذ»ی خەڵکی قامیشلی ـ چاکترین نوێنەری ئاواتەکانی کوردە.

١٩٤٦

٢٢) ڕووداوەکانی ئێران، بەشێوەیەکی سروشتی هانی کوردی سووریای داوە بەڵام بەدرێژایی ساڵی ١٩٤٦، چالاکییەکان هەرچەندە لە چاوی سیاسەتکارانی حیرفەیی شاراوە مابێتەوە بەڵام شوێنێکی زۆر کەمیشی لە سەر کۆمەڵگای سووریا داناوە. جگە لە بانگەوازێکی بێ وەڵام کە لەمەڕ کۆبوونەوەی کورد لە مەککە لە ماوەی حەجدا (کە بەدرخان بەرپرسی بوو)، ساڵ بەبێ ڕووداوێکی شایانی باس کۆتایی هات. وا وێدەچێ هەستی گشتی خەڵک بریتی بێ لە هەستی دڵساردبوونەوە بە هۆی ڕووداوەکانی ئازەربایجان و دڵنێشان لە ڕووسەکان بۆ ئەوەی پشتی کوردیان بەردا.

لە مارچی ١٩٤٧دا، دوکتور نافیذ نامەیەکی بۆ میستەر بێڤین[4] نووسی و تێیدا سەرنجی بەرەو مێژووی کورد لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی و سەرکوتکرانیان لە لایەن حکوومەتی ئەو ولاتانەوە وا کوردیان لەناو دایە، ڕاکێشا. نامەکەشی بەو پێشنیارە کۆتایی پێهێنا کە وەک ئاکامێکی ئەو چەشنە هەڵسوکەوتانە لەگەڵ کورد، جێی سەرسوڕمان یاخود سەرکۆنەکردن نابێ ئەگەر لاوانی کورد، لە ژێر شوێن تێکرانی «هەستی نێهێلیزمی وبێ هیواییدا، خوو بدەنە توند وتیژی و زەبر وزەنگ نواندن.»[5]

١٩٤٧

٢٣) تەنیا گۆڕانکارییەکی سەرنجڕاکێشی دیکە لە ساڵی ١٩٤٧دا، بزووتنەوەیەک بوو کە بە گوێرەی ڕاپۆرت بۆ هاوکاریکردنی نێوان کورد و ئاسۆری پێکهاتبوو. گەرچی وا هەیە بزووتنەوەکە بە نهێنی لە لایەن خالید بەکتاش ـ ڕێبەری کۆمۆنیستەکانەوە هان درابێت کە لە ساڵی ١٩٤٦ بەدواوە لە سەر شانۆی ناسیۆنالیسمی کوردیی دەرکەوتووە، بەڵام ئاشکرایە کە لە قۆناغی ئاواتخواستنێک نەچووبێتە دەرەوە.

٢٤) هەنگاوێکی حکوومەتی سووریا لەمەڕ ناونووسکردنی ڤۆلەنتێری ٦کورد بۆ شەڕکردن لە فەلەستین (کۆتایی ساڵی ١٩٤٧) لە لایەن ڕێبەرانی کوردەوە پێشوازی لێنەکرا.

١٩٤٨

٢٥) لە سەرەتاکانی ١٩٤٨دا، دوکتور کامەران عەلی بەدرخان لە

سویسەوە گەڕایەوە بەیرووت. بەگوێرەی ڕاپۆرت، گوتوویە کە دەڕوانێتە ئاسۆیەکی دوورتر لە کێشەی کوردی سووریا و چالاکییەکانی بۆ هەموو کوردانە.

١٩٤٩

٢٦) لە پێوەندیی کۆنفرانسێکدا کە جەلادەت بەدرخان گوتوویەتی بڕیارە لە مایسی ١٩٤٩دا لە بەیرووت بەڕێوەبچێ، ئاماژەی بە دوو ڕێکخراوە کردووە کە بە ناوی«یەکیەتی حیزبە کوردەکان»و«حیزبی دێمۆکراتی کورد»ەوە ناسراون. ڕوون نییە ئایا ئەو دووانە، ناوی تازەی«وەفدی کورد» و «ئەنجومەنی سەلاحەدین»ن کە لە ڕاپۆرتەکانی پێشوودا باسمان لێوەکردوون یاخود دوو ڕێکخراوەی بە تەواوەتی تازەن. گەرچی وا دەردەکەوێ کە جەلادەت بەدرخان، بەبێ وچان خەریکی چالاکی بێت، بەلام ئەوەش دەبیندرێ کە نفوورزێکی کەمتری لە حاجۆ ئاغا و دوکتور نافیذ و قەدری جەمیل پاشا و ڕێبەرانی دیکەی جزیرە لەناو ئالقەکانی کورددا هەبێت کە پێوەندییەکی نزیکتریان لەگەڵ هاوولاتیانی خۆیان هەیە. وەک فاکتێک لە مانگی سپتەمبەری ١٩٤٩دا، ڕاپۆرتێکمان پێگەیشت کە دەڵێ: بەرەی گەنجتر، ڕەخنەیان لێگرتووە[واتە لە جەلادەت بەدرخان] کە ڕووی لە تورکیا و هێزەکانی ڕۆژئاوایی یە ــ ڕووتێکردنێک کە خۆی بە ئاشکرا و وەک ڕوانگەیەکی تازە دەری دەبڕێت.

١٩٥٠

٢٧) گەرچی ئەندامانی حکوومەتی سووریا لەم دواییانەداهەندێ نیگەرانییان لەمەڕ هەڕەشەی مەترسیداربوونی کەمایەسی کورد بۆ دەوڵەت و وەرسوڕانیان بەرەو کۆمۆنیسم دەربڕیوە، چالاکییەکانی کورد لە ساڵی ١٩٥٠دا ئەوە دەرناخات کە ڕووی لە زیادی نابێت.

**تورکیا**

٢٨) لە یادداشتی پێشوودا(نهێنی، ژمارە ١٧٠٨١)، هەلومەرجی کوردی تورکیا بە تەواوەتی باس کرا. لە ماوەی چوارساڵی ڕابوردوودا، ئاڵوگۆڕێکی کەم لە بارودۆخیاندا هاتۆتە دی. لە ساڵی ١٩٤٩، ڕۆژنامە کوردییەکان سەرنجێکی کوت وپڕیان دایە مەسەلەی کورد و وادیارە لە ڕاستیدا ژیانەوەیەکی کەمی هەستی نەتەوایەتی کورد لە ئوستانە ڕۆژهەلاتییەکان بەدی بکرێ.

دەسەلاتداریەتی تورک ڕاگەیاندنی ئەو ڕوانگەیەی درێژەپێدا کە مەسەلەی کورد لە ناویاندا چارەسەر کراوە، گەرچی دەزانرێ کە ئەوە زێدەڕەوییە. ئەگەر بێتو حکوومەتی عێراق کۆنترۆڵی ئوستانە کوردنشینەکانی خۆی لە دەست بچێ، یاخود هێرشێک لەلایەن سۆڤیەتەوە بکرێتە سەر تورکیا زۆر وا هەیە کوردی تورکیا ئێستاش بتوانن ژانەسەر دروست بکەن.

٢٩) لە هەڵبژاردنی گشتی ساڵی ١٩٥٠دا، دێمۆکراتەکان زۆربەی دەنگی ڕۆژهەلاتی تورکیایان هێنایە دەست، بەلام نیشانەی ئەوە بەدی ناکرێ کە نوێنەرێک بە ناسنامەی کوردییەوە دەرکەوتبێت. بە گوێرەی قسەی ئەو کەسانەی وا لەم دواییانەدا سەری ناوچەکەیان داوە، یاسا و ئەزمێکی ڕەزامەندانە لە لایەن حکوومەتەوە دامەزراوە و بەرنامەی «بە تورک کردن»ی کورد تا ڕادەیەکی زۆر خراوەتە پشت گوێ.

## داواکاری لە نەتەوە یەکگرتووەکان و... شتی تر

٢٨) داواکارییەک لەلایەن «ڕۆشنبیرانی کورد»ەوە: محەمەد حیلمی بەگ ـ دانیشتووی میسر، کە خۆی وەک «نوێنەری حیزبی دێمۆکراتی نەتەوەیی کورد» ناساندووە؛ شەریف پاشا ــ کە بۆ ساڵانێکی زۆر لە فەڕەنسە وئیتالیا ژیاوە و لە ماوەی سەردەمی ئاشتی دابینکردنی دوای شەڕی یەکەمی جیهانیدا، کەسایەتییەکی بەرچاو بووە؛ دوکتور نافیذی خەڵکی قامیشلی سووریا؛ کامەران عەلی بەدرخان و نورەدین زازا، پێشکەشی «شۆڕای وەزیرانی دەرەوە»(١٩٤٧) و سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان(١٩٤٨)کراوە. ناوبراوان پێوەندییان بە«وەڤدی کورد»ی پاریسەوە هەیە کە لەوێ گۆڤارێک بە ناوی «بولتەنی ناوەندی توێژینەوەی کوردی»یەوە دەردەچێ. وەڤدەکە، لە ١٣ی سپتەمبەری ١٩٥٠دا، ناڕەزایی خۆی بەرانبەر بە عەمەلیاتی جوانڕۆ لە لایەن حکوومەتی ئێرانەوە، بە نەتەوە یەکگرتووەکان و یەک یەکی دەوڵەتانی ئەندام ڕاگەیاند.

## کۆمۆنیسم و کورد

**دەوڵەتانی ڕۆژهەلاتی نزیک(لیڤانت):**

٣٠) مەزندەکردنێکی دڵنیا ، لە ڕادەی تێکەلاویەتی ڕێبەرانی کوردی دەوڵەتانی لیڤانت، بەهۆی دنەدانی ڕووسیای سۆڤیەت، کارێکی هاسان نییە. ڕاپۆرتێکی زۆر لەمەڕ پێوەندییەکانی نێوان برایانی بەدرخان و نوێنەرانی سیاسیی سۆڤیەتی لە ماوەی ئەم سەردەمەدا[ =نێوان ساڵانی ١٩٤٦ و ١٩٥٠] ، گەیشتووەتە دەستمان و هەرچەندە «بولتەن»ی پاریس دەنگ و سەدای غەیرە کۆمۆنیستی هەیە، بەلام لەم دواییانەدا چەند وتارێکی بلاوکردووەتەوە کە تێیدا سەرنجدانی ڕووسەکانی لە زمان و مێژووی کورد خستووەتە بەر باس و بەشێوەیەکی لایەنگرانە لەگەڵ کەم مەیلی ڕۆژئاواییەکاندا بەراوردی کردووە، لەلایەکی دیکەوە گوتراوە کە جەلادەت بەدرخان دژەکۆمۆنیسمێکی توند وتیژە و وادیارە زۆربەی ڕێبەرانی پیرتریش هەمان شێوە بیرکردنەوەیان هەبێت. هەرچۆنێک بێت، گومانێکی کەم لەوەدا هەیە کە کوردە گەنجترەکانی جزیرەی سوریا وا لە لایەن «سولەیمان حاجۆ ئاغا»وە ڕێبەرایەتی دەکرێن، لایەنگری تەواوی کۆمۆنیستەکان بن؛ ڕاپۆرتی هاوکاریکردنی ئەم تاقمەمان لەگەڵ ئەرمەنییە کۆمۆنیستەکانیش پێگەیشتووە. نیشانەگەلی وەک ژیانەوەی«خۆیبوون» وای دەرەخات کە یەکگرتنی کورد وئەرمەنی تا ڕادەیەکی زۆر، شێوازی ڕەسمی هەبێت، بەلام [خۆیبوون] هەمیشە لە پێوەندی «داشناک»ە ئەرمەنییەکاندا بووە کە ئەوانیش بە شێوەیەکی سروشتی چەندە دژ بە تورکن، ئەوەندەش دژایەتی سۆڤیەت دەکەن.

٣١) ڕابوردوو و هەروەها بارودۆخی ئێستای کوردی سووریا لەگەڵ ولاتانی دیکەی وا کەمایەسی کوردیان تێدا دەژی، هاوسەنگ نییە و هەڵسوکەوتی [کوردی سووریا] ئاکامی سروشتییانەی ئەم فاکتەرانەیە. جگە لە ڕێبەرانی بە ساڵاچوو، کوردی دیمەشق و شارەکانی دیکەی سووریای ڕۆژئاوا، سەرنجی کەمیان داوەتە ڕووداوەکانی کورد. ئەوان، کاربەدەست و ئەفسەری ئەرتەش و ئەندامی پارلمانیان لێ هەڵکەوتووە، بەلام سەرەڕای هەندێ ڕاگەیاندنی هەڵە لە لایەن ڕێبەرانی عەرەبەوە، ڕەنگە بکرێ بە«تواوە»و وەک یاسایەکیش کەمتر لە ژێر شوێن تێکرانی پروپاگەندەی ناسیۆنالیستیی کوردیدا چاویان لێبکرێ. لە جزیرەدا ــ بەو ژمارە نیسبەتەن زۆرەی پەنابەرانی ئەم دواییانەی تورکیاوە، هەستی نەتەوایەتی لە هەژین دایە. لە هەمان کاتدا، جزیرە سەنگەرێکی قایمی کورد نییە و ئاسک بوونەکەی دەیخاتە بیچمی کۆسپێکی سەر ڕێگای ڕاپەڕین و زەمینە بۆ ڕێبەران خۆش دەکات تا لە سەر یاساکانی حکوومەتی سووریا بێێننەوە و ئەو ڕۆژش کە شەڕ[ی نێوان ڕووس و تورکیا؟] دەرفەتی تۆڵەسەندنەوە لە تورکانیان پێ دەبەخشێ و سەرکەوتنی سۆڤیەت،

سەربەخۆیی یان بۆ مسۆگەر دەکات، کاریان لەگەڵدا بکەن.

سروشتە زاتییەکان، پێویستییەکی کەمیان بۆ دنەدان لە لایەن مەئموورانی سۆڤیەتەوە هێشتۆتەوە. نەبوونی ئەزموونی ڕاستەوخۆ لەمەڕ دەسەڵاتداریەتی سۆڤیەتیش وای لێکردوون کە ئامادەی وەرگرتنی بایەخی بەرواڵەتی پروپاگەندەی سۆڤیەتی بن و هەروەها بە هۆی هەڵکەوتنی شوێنەکەیان لە نزیک سنووری تورکیاوە، دوور نییە بکەونە ژێر شوێن تێکرانی هەر ئاخاوتنێکی بەرئاوەژووی ئەوتۆوە کە نەتوانێ لە سەر حیسابی تورک قەرەبوویان بۆ بکاتەوە. کوردی سووریا، بە بێ بوونی سنووری ئاشکرای تیرەیی و شتی دیکەی لەو چەشنە، تەنیا دەتوانن چاوەنواڕییەکی کەمیان لە بواری خودموختاریی ناوچەیی لە ناو حکوومەتی سووریادا هەبێت.

## عێراق

٣٢) ڕاپۆرتی ئەم دواییانە سەبارەت بە هەڵسوکەوتی هۆزە کوردەکانی عێراق، جێگای دڵخۆشییە: لایەنگرییەکی بەربڵاو لە مەلامستەفا ناکرێ؛ ژمارەیەک لە سەرەک هۆزە کوردەکان کە خاوەنی گرینگایەتییەکی زۆر نین، وەک لایەنگرەی حکوومەت و/ یاخود لایەنگری بریتانیا لەبەرچاو دەگیرێن. هیچ نیشانەیەکیش نییە کە پروپاگەندەی سۆڤیەتی کاریان تێبکات. لە ڕاپۆرتی «ناوچە هۆز نشینەکانی عێراق»دا، کەمبوونی نیشانە بۆ پروپاگەندەی ڕاستەوخۆی سۆڤیەتی، سەرنج ڕادەکێشێ و ڕاپۆرتی چالاکییەکانی مەلامستەفا و حالاتی کەمتر گرینگ جێگای ئەویان گرتووەتەوە. دەسەڵاتدارانی عێراق، بەشێوەیەکی ئاشکرا، نیگەرانی ئەوەن کە وا هەیە کوردایەتی زیاتر لە پروپاگەندەی کۆمۆنیستیش، ڕوحی شۆڕشگێرانەی [کورد] زیندوو ڕابگرێ.

هەوای شارەکان بەتایبەت سلێمانی کەمتر سلامەتە. پارتی (لقی پارتی دێموکراتی کوردستان)، لەوێ ولە هەولێر و کەرکووک و ڕەواندز زۆر چالاک بووە. «حیزبی ڕزگاری نەتەوەیی» (حزب الوطنی التحرر)یش کە پێوەندی بە پارتی دێموکراتی کوردەوە هەیە، درێژەی بە کاری خۆی داوە.

کۆمۆنیستەکانی بەغدا، وا دیارە نفوورزێکی زۆریان لە هەر دوو لا کردبێت لەبەر ئەوەی تەنانەت لە مێشکی ئەندامانیدا جیاوازییەک لە نێوان ئامانجە سەرەکییەکانی خۆیان ـ کە بریتی بێ لە ئازاد ودێموکراتیزەکردنی کوردستان و ئامانجە کەمتر دیاریکراوەکانی کۆمۆنیسم، ئاشکرا نییە. وەنەبێ هەر ئەوان کەوتبنە ژێر زەختی کۆمۆنیستەکانی بەغداوە، بەڵکوو دێموکراتێتە کوردەکان یا پاشماوەکانیان لە باکووری ئێرانیش بە ئاشکرا ئیلهام لە سۆڤیەت وەردەگرن وماتریاڵیان لە لایەن ئەوانەوە بۆ دێت. بەڵام ئەندامانی ئەو گروپانەش ـ وەک هی سێ گرووپی دیکەی وا کەوتوونەتە ژێر زەختی پۆلیسەوە، گرینگایەتییەکی ئەوتۆیان نییە و زیاتر مامۆستا، خوێندکار، دوکاندار، کاربەدەستی دەفتەری وکارمەندە گەنجەکانن. نفووزی ئەو کەسانە، کەم وا هەیە لە شارەکان بچێتە دەرەوە، گەرچی ڕەنگە بتوانن ئاژاوەیان تێدا بنێنەوە ــ وەک پێشتریش ئەو کارەیان کردووە؛ یاخود لە نێوکرێکارانی کۆمپانیای نەوتی عێراق و وەزارەتخانەکانی دەوڵەتیدا، ئاسایش تێک بدەن. هەر هەنگاوێکی ئەوتۆ، باوەکوو بە ناوی ناسیۆنالیسمی کوردەوە بێتە ئەنجام، بەڵام لە ڕاستیدا دیاردەیەکی بێ خەوشی کۆمۆنیستی یە. ئەوەش پێویستە بگوترێ کە ناتوانرێ چاوەڕوانی ئەوە بکرێ کە ئەم گرووپانە هەنگاوێکی جیددی و ئیجابی بۆ مەسەلەی ناسیۆنالیسمی کوردیی هەڵێننەوە بەڵام لە هەموو کاتێکدا دەکرێ کۆمۆنیستەکان بە شێوەیەکی جیددی شوێنیان لەسەر دانێن.

## ئێران

٣٤) چالاکی ڕاستەوخۆی سۆڤیەت لە ناو کوردانی ئێراندا جگە لە بڵاوەی ڕادیۆ«یەرەوان» و ئیستگەی ڕادیۆی دێموکراتەکانی ئازەربایجان ـ کە شوێنەکەی بە باشی ڕوون نییە، جاربەجار وتەنیا بە گوێرەی هەڵکەوت بەڕێوەدەچێ. کۆنترۆڵی دەسەڵاتداریەتی ئێران بە سەر ناوچە شاخاوییەکانی کوردستاندا ئێستاش هەر کەم هێزە، بەڵام خۆتێخزاندنی سیخوڕە سۆڤیەتەکان بە مەبەستی بەردەوامبوونی بایەخدانی کوردەکان بە پێوەندییان لەگەڵ سۆڤیەتدا، ڕەنگە زۆریش دەگمەن نەبێ. لەوەتی هەرەسهێنانی بزووتنەکەوە، سۆڤیەتییەکان هیچ هەوڵێکی یارمەتی بە کوردیان تەنانەت بە قەدەر یارمەتییەکانی ساڵی ١٩٤٦یش نەداوە. جوانڕۆییەکان، بە ئاشکرا هیچ پشتیوانییەکیان لەلایەن سۆڤیەتەوە لێنەکرا و نیپشانەی واش بەدەستەوە هەن کە ناوچەکانی باشووری سنە وکرماشان، هیچ چەشنە چالاکییەکی کۆمۆنیستییان تێدا بەدی ناکرێ. هەروەها نیشانەی ئەوەش هەیە کە جگە لە شکاک و هەرکی، کە لەماوەی شەڕ و دوابەدوای ئەودا، بە هۆی دەست بەسەرداگیرانی ناوچەکە لەلایەن سۆڤیەتەوە لە ڕێگا چووبوونەدەرەوە، پروپاگەندەی ئەم دواییانەی سۆڤیەت شوێنی لە سەر پاشماوەی هۆزە کوردەکان دانەناوە. نموونەی سەمەرەی [هۆزی] فەیزوڵڵا بەگی کە لە لایەن کۆنسوولی ئەعلا حەزرەتی شا[ی بریتانیا] لە تەورێزەوە باسی لێوە کراوە و سەرەک هۆزەکان لە سەردەمی ڕژێمی دێموکراتدا، زەوییەکانی خۆیان بە سەر عەشیرەتدا دابەش کردووە، لە لایەن هیچ هۆزێکی دیکەوە ڕەچاونەکرا و یەکجار دووریش دەبیندرێ کە لە داهاتوودا ڕەچاوبکرێ.

٣٥) ئەو زمانە توند وتیژ و لە ڕادەبەدەرەی وا لە بڵاوەی [ڕادیۆیی] کوردیدا کەڵکی لێوەردەگیرێ، نیشانەی درێژەی مەیلی سۆڤیەتە بە کوردستان و حاڵەتی ئێستای دەست ڕاگرتنی سۆڤیەت لە دەست تێوەردانی زیاتری بەشی[کوردستانی] ئێران کە قەبوڵ و پەسندێکی زۆریشی بۆ هەیە نیشانەی ڕێزگرتنی سۆڤیەتەکانە لەو ڕاستییەی کە هەر کاتێک هێزی سۆڤیەتی بێتە[ناوچەکە] و چەک و پارە بە سەر هۆزەکاندا دابەش بکات، هۆزە کوردەکان دەخاتە بارێکی دڵخوازی خۆیەوە. توانای سۆڤیەتییەکان بۆ ڕاگرتنی کورد لەو بارو دۆخەدا، تا ڕادەیەکی یەکجار زۆر بە توانای پاراستنی مەزنایەتی ناوچەیی خۆیان و درێژەدان بە ناردنی کەرەسەوە بەستراوە.

بەشی توێژینەوە
وەزارەتی کاروباری دەرەوە
دووهەمی ئاپریلی ١٩٥١

**پەراوێزەکانی وەرگێڕ:**

١) پێشەوا قازی لە ٣١ مانگی مارچی ١٩٤٧دا شەهید کرا.
٢) Martial Law
٣) The Levant states
٤) Mr. Bevin کاربەدەستی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە ئێران بووە.
٥) ئەم عیبارەتە، لە نامەکەی دوکتور ئافیذ هەڵگیراوە کە بە فەڕەنسی نووسراوە:
"Une certaine notion de nihilisme et de desespoir."
٦) volunteers (داوتەڵەب).

**تێبینی:** ژمارەی بەڵگەنامەکان لە لایەن «وەرگێڕ»ەوە داندراون.

****

# ئەفسانەی ئاریایی

ج. پ. مالۆری

وەرگێران لە ئینگلیسییەوە: هاشم

**ئەوکاتەی کە ئینسانە سەرخڕەکان (Brachycephalics) هێشتا وەک مەیموون دەژیان، ئەژدادی ئارییەکان گەنمیان بەرهەم دەهێنا". جۆرج واچێر دێ لاپۆگ (Georges Vacher De Lapouge) -١٨٩٩.**

ئێمە ناتوانین میراتی هیندوو- ئورووپاییەکان بخەینە ژێر باس و لێکۆڵینەوە، بێ ئەوەی لە هەنگاوی یەکەمدا تاپۆی "ئەفسانەی ئاریایی" لەناونەبەین. هەموو دنیا بە باشی شارەزای ئەوەیە کە چۆن لە ئاڵمان خەیاڵی گەورەیی و سەروەریی ڕەگەزیی لە لایەن ناسیۆناڵ سۆسیالیستەکانەوە بەکارهێندرا. ئێمە تەواو تووشی هەڵە دەبین ئەگەر وا بیربکەینەوە کە ئەم فکرە ناحەز و سەیرە لە سەر هیندوو‌ئورووپاییەکان کە پاشان پتر بە ئاریایی ئێوبانگیان دەرکرد، تەنیا دەستکردی چەند فاناتیکی نازی بوو. لە ڕاستییدا یەک جور شەیدابوون بە "ئارییاییەکان" تا ڕادەیەکی زۆر بەشێک بوو لە هەلومەرجی ڕووناکبیرانی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم. ئێمە لەوانەیە لە وتەی هیتلێرکە تەنیا ئاریاییەکان "بناخەدانەری کولتوور" بوون، چاوپۆشی بکەین بەڵام بۆچی دەبێ ڤ. گۆردون چایلد ناچار کرابێ کە پێی وابێ هیندوو‌ئورووپاییەکان "توانایی شازیی فکرییان" هەبووە و "لایەنگرانی پێشکەوتنی ڕاستەقینە" بوون.

ئاریایی قژکاڵ، چاوشین، سەرهەڵداو لە ئورووپای باکووری، باوەڕمەند بە سەروەریی خۆی و دڵگەرم بە پاکیی ڕەگەزییەکەی بەرهەمی زۆر ڕێڕەوی ڕووناکبیری بوو کە پەرەگرتنی زمانناسیی هیندوئورووپایی تەنیا یەک لەوان بوو. لێئون پۆلیاکۆڤ ڕوونی کردۆتەوە کە ریشەکانی ئەم کاریکاتۆرە دەچێتەوە سەر ئارەزووی تا ڕادەیەک جیهانی و گشتیی خەڵکی ئورووپا بۆ دۆزینەوەی هێمنایەتی خۆیان لە ژێر سێبەری ئەژدادێکی بەناوبانگدا. ڕۆمییەکان لە ڕاستییدا ئەژدادی خۆیان لە شاری "تروا"دا دۆزیبووەوە. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ئەشرافی ئیسپانیا شانازییان بە خوێنی سوورتری ڤیسیگۆتەکان (visigothic ) دەکرد کە هۆی جیاوازیی و سەروەریی ئەوان بە سەر ژێردەستەکانیاندا بوو، ئەوە لە کاتێکدا بوو کەفەڕانسەوییەکان بە شیزۆفرنییێکی شاراوە ئازاردەدرانکە تۆ بڵێی ئەوان نەوەی گالەکانی (Gauls) سەر بە ڤێرسینگێتۆریکس (Vercingetorix) واتا کێلتەکانن (Celts) یان نەوەی فرانکەکانی سەر بە چارلێمان(Charlemagne) واتا ژێرمەنەکانن(Germans)؟ هێندێک لە ئینگلیسییەکان کە لە ڕەچەڵەکی بە ئاشکرا تێکەڵاوی خۆیان لە بڕایتۆنەکان، ئەنگلۆساکسۆنەکان، وایکینگەکان و نۆرمەنەکان ڕازی نەبوون، هەستیان کرد پێویستە قەبیلەیێکی ونبووی ئیسرائیل بکێشنە قەراخ ناوەکانی خۆیان هەتا ڕەگەزێکی ئەشرافیتر و کۆنتر بۆ خۆیان وەدی بێنن. لە لایەکی ترەوە ژێرمەنەکان، دەستپێکردنی مێژووی خۆیان لەو پاوانخوازییانەوە ڕا دەدیت کە بەرگرییان لە ڤیسگۆتەکان، فرانکەکان و ئەنگلۆساکسۆنەکان(ڕەگەزی ناوبەدەرەوە) دەکرد لە بەرانبەر دراوسێکانیاندا. کاتێک تاسیتوس (Tacitus) دەیگوت کە ژێرمەنەکان لە خوێنی پاکن، چ تێکەڵاوییەکیان دە گەڵ ڕەگەزی دیکە نییە و دانیشتووی هەمیشەیی مەڵبەندی خۆیانن، بەڵگەی زۆرکەم لە دەستدا بوو لە مەڕ ئەوەیکە حاشا بکردرێ کە ریشەی ژێرمەنەکان لە شومالی ئورووپادا بووە. ئەگەر کلێسا داخوازی پێوەندییەکی ئایینی و نێوبراو لە ئینجیل دا بوو، ئەوەیەکی جافێت کە سەحێبی مناڵی زۆر بوو بە نێوی ئەشکێناز دەدۆزراوە کە ڕێی شومالی ئورووپا بگرێتە بەر و ببێتە دامەزرێنەری ژێرمەنەکان. بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە شانازیکردن بە ریشەی ناوچەیی بوو کە سەرنجی ژێرمەنەکانی بۆ لای خۆی ڕادەکێشا، بەتایبەتی لە سەردەمی ڕۆشنبیرییدا کاتێک زۆرکەس خۆیان لە بەربەرەکانی دەگەڵ شتگەلی لاواز، تێداچوو و دنیای بێگانەی ڕۆم دەدیت و زۆریان ڕق لێ دەبوونەوە. لە سەدەکانی هەژدە و نۆزدەدا پەرەئەستاندنی پێشەسازی و ڕووناکبیریی لەو وڵاتانەی بە ژێرمەنی ئاخافتنیان دەکرد، بوو بە هۆی بەهێزبوونی باوەڕ بە نیشتەجێبوونی هەمیشەیی ژێرمەنەکان و سەرهەڵدانی چارەنووسی باکوور. پەرەئەستاندنی هاوکات لە بواری ئانترۆپۆلۆگیی فیزیکی و زمانناسیی بەراوەردی بوو بە یارمەتیدەری باوبوونی ئەم بیروڕایە.

هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی ئانترۆپۆلۆگی واتای ڕەگەز پەرەی ئەستاند. لێکۆڵەرەوەکانی ڕۆژئاوایی کە لە کاتی خۆیدا ڕەگەزە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤیان لێک جیاکردبۆوە، بۆیان چەتوون بوو ڕەگەزی قاوقازیی خۆیان لەسەرەوەی هەموو ڕەگەزەکانی دیکەدا جێگر نەکەن. ڕەگەز بە هاسانی لە گەڵ گرووپەکانی ئێتنیکی و نەتەوە و زمان تێکەڵاو دەکردرا. مێژوو تا ڕادەی پڕۆسێسی پلە بە پلەی ڕەگەزەکان کە هەر یەکەی تا ماوەیەک دەسەڵاتیان بەدەستەوەدەگرت و لەپاشان دەیانئەسپاردە دەست ڕەگەزێکی لەخۆیان بەهێزتر، هێندرا خوارێ. شارەکانی پڕحەشیمەت لە قەراخ ناوەکانی بریتانیا، هۆڵەند، ئاڵمان و سکاندیناڤی یان کلوبەکانی ڕووناکبیریی لە لەندەن، بڕلین و ڤیەنا هیچ گومانیان لەوەدا نەدەهێشتەوە کە ڕەگەزی بەهێزتر دروست هەر لە مەڵبەندی ئەوان نیشتەجێ بوون.

سەروەری و گەورەیەتیی باکوورییەکان تەنانەت لەلایەن ئانترۆپۆلۆگەکانی فیزیکییشەوە کە وێدەچوو لە سەدەی نۆزدەهەمدا بێوچان خەریکی پێوانی شکڵی کەللەسەر بووبن، دەسەلمێندرا. ئەم ئانترۆپۆلۆگانە دووجۆرە کەللەسەریان لێک جیاواز دەکردەوە: باکوورییەکانی سەردرێژ (Delichocephalic) لەجیاوازیی لەگەڵ دراوسییەکانی باشوردا کە بە سەرخڕ (Brachycephalic) دەناسێندران. سەیرو سەرنجڕاکێش ئەمەیە کە تەنیا لە سەرەتای ١٨٧٠دا قژکاڵی چاوشین کە دەپێشدا وەک کاریکاتۆری خەیاڵیی ڕۆمانتیکەکان وابوو، بوو بە نموونەی پیاوی بە هێز و توانا. بەم جۆرە زانست تیپێکی فیزیکیی باکووریی خوڵقاند و ئەمجارە نۆرەی زمانناسەکان بوو کە ناسنامەیەکی نێوبەدەرەوەی ئێتنیکی و لەمێژینە بۆ ئەم تیپە وەسەرێک بنێن.

دۆزینەوەی بنەماڵەی زمانەکانی هیندوونۆرووپایی لە ڕاستیدا شتێک بوو پتر لە روون کردنەوەی ئاسایی پێوەندیی مێژوویی نێوان زۆرێک لە زمانەکانی ئورروپایی و ئاسیایی. ئەم دۆزینەوەیە بە یەکجاری و بۆ هەمیشە خەیاڵی سەرچاوەگرتنی هەموو زمانەکانی لە زمانی عیبرییەوە هەروەها لە ئادەمەوە بەر پرچ داوە. شیاوی دابەش نەکردنی رەگەزی ئینسان نەتەنیا لە لایەن ئەوکەسانەی کە لە چەوساندنەوەی خەڵکی جۆراوجۆر سوودیان وەردەگرت، بەڵکوو هەروەها لە لایەن زانستیش ڕا خەریک بوو تێکدەشکێندرا. بە دوای دۆزینەوەی دەوڵەمەندیی ئەدەبیاتی هیندی و ئێرانی لە لایەن رۆژئاواوە، زانایانی ئورووپایی بۆ دۆزینەوەی ئەژدادی بەناوبانگتری خۆیان لە ئاسیای ناوەندی، ئێران و هیند هەموو هەوڵێکیان دا و وەک کابراگوتەنی بەرەو کێوی قاف هەڵوەدا بوون. ئەگەرچی هەر دووک وشەی هیندوونۆرووپایی و هیندووژێرمەن لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە جێی خۆیان کردبۆوە، ماکس مولێر و زمانناسەکانی تر هاندەری ئەوە بوون کە بۆ وەسفی هیندوونۆرووپاییەکانی کۆن لە وشەی "ئاریایی" کەڵک وەرگیرێ. ئاشکرایە ئەگەر ئەو ئارییاییە کۆنانە، ئەژدادی ئورووپاییەکان بووبن دەبێ ئەوانیش بەشێک بووبن لەرەگەزی گەورەتری سپی.

باوەڕێکی نادروست و سەیری زمانناسی سەریهەڵدا و بوو بە هەوێنی بەڵگەی زۆرتر بۆ سەلماندنی سەروەریی ئارییاییەکان. بە لێکۆڵینەوەی ستروکتوری ڕیشەی زمانەکانی دنیا بە پێی ئەوەیکە چۆن پێوەندیی لایەنەکانی گرامێریی تێیاندا نیشان دەدرێ، چەند چەشنی سەرەکی دەستنیشانکرا: زمانەکانی گەردانەوەیی(Inflected)، زمانەکانی لکیندراوەیی (Agglutinative) و زمانەکانی شیکراوەیی (Analytic). ئەگەرچی ئەوانە لە ئەساسدا تەنیا کەڵەکەکردنێکی چەشنەیی (تیپۆلۆژیک) بوون، زۆر کەس ئەم سێ پلەیان وەک پلە جۆربەجۆرەکانی گەشەکردنی زمان لێکداوە. ئەو زمانەی (شیکراوەیی) کە لەسەر ئەساسی وشەیەکی "سادە" دارێشترابوو، بۆ نموونە زمانی چینی، خرایە خوارەوەی هەموو زمانەکان. دوایە واداندرا کە زمانەکان بەرەو چەشنی لکێندراو (وەک زمانەکانی ئالتایی و ئوراڵ کە پاشگری جیاواز بە ناو دەلکێندرێ) و لە کۆتاییدا بەرەو چەشنی گەردانەوەیی وەک زمانەکانی هیندوونۆرووپایی گەشەیان کردووە. ئەمە بەم مانایە بوو کە هیندوونۆرووپاییەکان یان ئارییاییەکان، بە وەسەرکەوتن لە پلەکانی گەشەکردنی زمانیی و گەیشتن بە دوندی ئەم گەشەکردنە، بە زمانێکی پێشکەوتووتر لە هی دراوسێکانیان قسەیان دەکرد. کانۆن ئیساک تایلۆر (Canon Issaac Taylor) ئەم بڕوایەی هێنا ئاراوە کە هیندوونۆرووپاییەکان لە بنەڕەتدا "رەگەزێکی چاککراون لە فینلاندییەکان".

بەڵام ئەگەرچی سەروەری و گەورەیی فیزیکی، زمان وکولتوور هەموو لە ژێر ناوی ئارییاییدا کۆ ببوونەوە، هێشتا شتێکی بنەڕەتی لەم نێوەدا کەم بوو ـ جگە لە تەنیا بابەتێکی شازی رۆجێر لاتام (Roger Latham) کە پێیوابوو شوێنی سەرهەڵدانی هیندوونۆرووپاییەکان ئورووپایە، بڕوای گشتیی زۆربەی زانایانی بەر لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم وابوو کە شوێنی سەرهەڵدانی ئارییاییەکان دەبێ لە ئاسیا بووبێ. لەکاتێکدا هیچکەس شکی لەوەدانەبوو کە ئارییاییەکان لە رەگەزێکی سپی بوون، هەتا کۆتایی شێستەکانی سەدەی نۆزدەهەم باوەڕی زۆربە ئەوەبوو کە ئەم رەگەزە لە سەرەتادا لە شوێنێکی دەوروبەری هیندوکۆش و هیمالایادا ژیاون. هیچ هۆیەک لە ئارادا نەبوو کە لە باکووری ئورووپادا وەدوای شوێنی ژیانی وان بکەوترێ.

لە شێستەکانی سەدەی نۆزدەهەم دا هێندێک لە زانایان بەتایبەتی زمانناسەکان دەستیان بە بڵاوکردنەوەی گومانی خۆیان لە سەر ئاسیایی بوونی شوێنی سەرهەڵدانی هیندوونۆرووپاییەکان کرد. هێندێک لەوهۆیانەی پێشکێش کران، بۆ نموونە باسی کەناری دەریا (Beech)، بوون بە پاشەکەوتێک بۆ داب و نەریتی لێکۆڵینەوە لە سەر بنەچە و شوێنی سەرهەڵدان. تا ئەو جێگایەی دەگەڕێتەوە سەر باسەکەی ئێمە، ئەوشتەی کە زۆر جێی سەرنجە سەرهەڵدانی ئانترۆپۆلۆگیی فیزیکییە. چونکە ئەم زانستە لە کۆتاییدا بۆ دۆزینەوەی موشکیلی ڕیشەی هیندوونۆرووپاییەکان بەکار هێندرا. لە ساڵی ١٨٧٠دا لازارۆس گێیگر (Lazarus Geiger) لایەنگری لەمە دەکرد کە شوێنی سەرهەڵدانی هیندوونۆرووپاییەکان دەبێ ئاڵمان بووبێ و بۆ ئەم کارە لەم باسە کەڵکی وەردەگرت کە هیندوونۆرووپاییەکانی سەرەکی دەبێ سپیلکە و قژکاڵ بووبن. بەڵام ئەوکەسەی بۆ یەکەمجار ئەم تیۆرییەی لە ئاستێکی بەربڵاودا دەکار هێنا، تیۆدۆر پۆشە (Teodor Poesche) بوو.

لە ساڵی ١٨٧٨دا پۆشە چاوی بە سەرچاوە مێژووییەکانی سەبارەت بە خەڵکە جۆراوجۆرەکانی هیندوونۆرووپایی خشاند و بەڵگەکانی خۆی بۆ نیشاندانی ئەمە کە هیندوونۆرووپاییەکان بەردەوام وەک قژکاڵی چاوشین وەسف دەکران، کۆ کردەوە. تەنانەت بەرەهمەنەکانی هیندووستانیش لە باری رەنگی پێستەوە لە توێژەکانی (Cast) خوارەوە گەشتر بوون ـ ئەم بڕوایە زۆر زووتر لە لایەن جولیوس کلاپۆرت(Julius Klaporth)، کەسێک کە وشەی هیندووـ ژێرمەنی داناوو، بڵاوکرابۆوە. بە پێی ئەم بۆچوونە مرۆڤ دێتە سەر ئەو دەرئەنجامە کە ئارییاییەکان لە بنەڕەتدا پێستگەش، قژکاڵ و چاوشین و بە پێی بەڵگەکانی ئانترۆپۆلۆگی کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێکردرا، سەردرێژ(Dolichocephalic )بوون. لە دواییدا پۆشە کەوتە شوێن ناوەندی هەمووی ئەم تایبەتمەندییانە و بەسەرسوڕمانێکی تەواو هاتە سەر ئەم دەرئەنجامە کە لەوشوێنەی کە مرۆڤ بتوانێ زۆرترین رادەی ئالبینیسم لە ئورووپا دا بدۆزێتەوە، دەبێ هەر ئەم شوێنە ناوەندی رەگەزی ئارییاییەکان بووبێت. ئاخیرەکەی ئارییاییەکان شوێنگەیەکی ئورووپاییان دۆزیبۆوە ـ زەلەکانی پریپێت (Pripet )لە رۆژهەڵاتی ئورووپا.

کارل پێنکا (Karl Penka) لە ساڵی ١٨٨٣دا، باسێکی لەم چەشنەی هێنا گۆڕێ: مۆڵگەیەکی ئارییایی لە دەوروبەری ئاسلامەتی زەلێکدا نەیدەتوانی جێگایەکی لەبار بێ بۆ پەرەئەستاندنی رەگەزێکی قژکاڵی بە هێز و توانا. پێنکا گەلاڵەکانی هەموو ئەو زانستانەی کە دەیزانی ـ دێرینەناسی، زمانناسی، ئانترۆپۆلۆگی و ئەفسانەناسی بەکار

هێنا بۆ ئەوەی نیشان بدا شوێنی سەرهەڵدانی ئارییاییەکان باشووری سکاندیناڤی بووە. یەک لەو باسانەی پێنکا پێی لەسەر داگرت ئەمڕۆش هەر زۆر باوە. پێنکا بە لە بەرچاونەگرتنی هەموو چەشنە بەڵگەیەکی تۆمارکراوی دێرینەناسی لەسەر بەرپەرچدانەوەی سەلماندنی باکووری ئورووپا وەک شوێنی سەرهەڵدانی ئارییاییەکان، هاتە سەر ئەو باوەڕە کە ئارییاییەکان دەبێ لەوێوە واتا لە باکووری ئورووپاوە سەریان هەڵدابێ نەک لە شوێنێکی تر. بەرهەمەکانی پێنکا کە پتر بە شێوەی باسگەلێکی درێژەدار بوون بەزوویی و بە بەربڵاوی پەسن کران. ئانترۆپۆلۆگە ناسراوەکانی وەک رۆدۆلف ڤیرچۆ(Rudolf Virchow) و تەنانەت تۆماس هاکسلی (Thomas Huxley) نەتەنیا مەیلیان بە ناساندنی خۆیان وەک رەگەزی ئاریایی رەسەن نیشان دا، بەڵکوو لەمەشدا هاوبیر بوون کە ئەوان لە بنەڕەتدا سەر بە رەگەزی "سەردرێژانی قژکاڵ"ن. هیندناسی گەورە، ماکس مولێر(Max Muller)، لەکاتێکدا نارەحەت بوو لەوەیکە یارمەتیی سەرهەڵدانی ئەم گاڵتەجارییەی دابوو، دژایەتی کرد لە گەڵ ئەو ئانترۆپۆلۆگانەی کە باسی "رەگەزی ئاریایی، خوێنی ئاریایی، قژ و چاوی ئاریایی"یان دەکرد. بە بڕوای وی ئەمکارە جۆرە شێتایەتییێک بوو کە دەکرێ بەراورد بکردرێ لە گەڵ زماننناسێک کە باسی "قاموسی سەردرێژ یان رێزمانی سەرقوڵە" دەکات. بەڵام کار لە کار ترازابوو و زۆر درەنگ بووبوو. هیندووئورووپاییەکان و رەگەزپەرستی لە زەینی زۆرێک لە زانایاندا لە یەکتری جیا نەدەکرانەوە. هەرچەند هەمیشە زماننناس و ئانترۆپۆلۆگی وا هەبوون کە دژایەتیی ئەم شتە بکەن، بەڵام مەزنێتیی رەگەزی کۆنی ئاریایی باکووری چووبووە نێو کولتووری سیاسیی جەماوەر.

مێژووی دوایەی موشکیلی هیندووئورووپایی هەتا کۆتایی شەڕی جیهانی دووهەم بە چەند بەربەرەکانیی سەرەکی درێژەدرا. ئەگەرچی هێندێک زانا هەبوون کە پێیان لە سەر داوای کۆنی ئاسیایی بوونی هیندووئورووپاییەکان دادەگرت بەڵام زۆربەی زانایان باوەڕیان بە ئورووپا وەک هەوەڵ شوێنی هیندووئورووپاییەکان هەبوو. زۆربەی باس و دمەتەقەکان لە نێوان دوو لایەنان بوو، لایەنێک کە پشتیوانیان لە باکووری ئورووپا وەک شوێنی سەرهەڵدانی هیندووئورووپاییەکان دەکرد (ئارکۆلۆگی ئاڵمانی گۆستاو کۆسینا Gustaw Kossin و لایەنگرانی هێرمان هیرت Herman Hirt ی زماننناس و زۆرێکی تر). لایەنەکەی تر ئەوانە بوون کە شوێنی سەرهەڵدانی ئارییاییەکانیان بە جیلگەیەک لە ئاسیا یان ئورووپا دەزانی (ئۆتۆ شرادێر Otto Schrader، سیگمۆند فێیست Sigmund Feist، ئالفۆنس نێهرینگ Alfons Nehring، ویلهێلم براندێنستێین Wilhelm Brandenstein و ویلهێلم کوپێرز Wilhelm Koppers). هێندێک لە زانایان هەوڵیان دەدا رێگایەکی ناوەڕاست بدۆزنەوە و هێندێکیشیان بە چەشنێکی کۆمێدی خۆیان دەرباز دەکرد. بۆ نموونە چارلز مورپس (Charles Morris)ی ئامریکایی، قەفقاز بەکۆنترین شوێنی ئارییاییەکان دەزانێ و پێی وایە ئەوان لەوێ نەتەنیا زمانی خۆیان تەکمیل دەکەن بەڵکوو لە نموونەیەکی ستریۆتایپی رەگەزیدا کە لە راستیدا پتر زانیاری لە سەر نووسەرە تا هیندووئورووپاییەکان، پێیوایە کە ئارییاییەکان گڕ و تینی خۆیان لە رەگەزەکانی رەشتری باشووری خۆیان وەرگرتووە. کۆکامانیا بال گانگادهار تیلاک (Cokakamnya Bal Gangadhar Tilak) بابەتێکی تەسەلی پێشکێشی دنیا کرد کە تێیدا تەواوی بەڵگەکانی کە وەدەست دەهاتن کۆکردبووەوە بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ شوێنی ئارییاییەکان باکووری پۆلۆنیا بووە. ئەم تیۆرییە سەیر و سەمەرەیە لاتیکەم لایەنگرێکی وەدەست هێنا کاتێک جۆرج بیدێنکاپ (Georg Biedenkapp)، سەرخۆش لە هیپۆتێزەکانی تیلاک، کتێبەکەی خۆی کە کورتەیەک لە بەرهەمی زانایانی هیندی بوو نووسی و گەلێک بەڵگەی پتریشی لە خۆیەوە لێ زیاد کرد. زماننناسی ئیسلاندی، ئەلێکساندر یوهانێسۆن (Elexander Johannesson)، تیۆرییەکی سەیری دیکەی وەسەرێکنا. بە پێی ئەم تیۆرییە ریشەی هیندووئورووپاییەکان گرێدەدرا بە دەنگی باڵندە، (وشەی هیندووئورووپایی کڕ -Ker - لاساکردنەوەی دەنگی قەلەڕەشەیەکە)، دەنگی پڕخەپڕخ و دەنگی بەرزی سروشتیی کە بە بڕوای وی ئەم جۆرە دەنگانە لە قەراخەکانی دەریای بالتیک باشتر لە هەموو جێگایەک دەبیسترێن.

ئەفسانەی سەروەریی ئاریایی کە لە هێندێک لە گۆڤارە ئانترۆپۆلۆگییەکانی بەر لە شەڕدا بەرچاوتر بوو لە گۆڤارە زماننناسییەکان، دیاردەیەک بوو کە لە ئاستی جۆراوجۆردا پەرەی دەساند. وەدەرکەوتنی ئاکامەکانی سیاسیی ئەم شتە بوو بە هۆ و مایەی نیفرەت لە دنیای زانستدا. مرۆڤ پێویست ناکا پێ لە سەر ئەم راستییە داگرێ کە بەکارهێنانی سەروەریی ئاریایی لە لایەن نازییەکانەوە هیچ پێوەندییەکی لە گەڵ ئاریایی وەک دیاردەیەکی زماننناسی نەبوو. یەدیش(زمانی قسەکردنی یەهوودییەکان لە دەربەدەریدا) وەک هەموو دیالێکتەکانی ژێرمەن زمانێکی هیندووئورووپایی بوو. هەروەها قەرەجەکانی رۆمانی پتر لە دانیشتوانی باکووری ئورووپا مافیان بە سەر ئارییاییەوە هەبوو. بەمجۆرە دەبیندرێ کە ئەفسانەی سەروەریی ئاریایی ئاکامی راستەوخۆ و پێویستی دۆزینەوەکانی زماننناسیی سەدەی نۆزدەهەم نەبوو، بەڵکوو پتر کەڵک وەرگرتنێکی چەوت بوو لە دیاردەیەکی زماننناسی و لکاندنی ئەم دیاردەیە بە چوارچێوەگەلێکی وەک دەمارگیری، رامان و ئامانجی سیاسیی کە لە پێشتردا هەبوون. هیندووئورووپاییەکان شتی پتریان لە میراتی سەروەریی ئاریایی لە خۆیان بە جێ هێشتووە.

## میراتی هیندووئورووپاییەکان

ئەگەر پەرەگرتنی زماننناسیی بەراوەردیی رۆڵێکی شومی لە وەدیهێنانی رەگەزپەرستیی سەدەی بیستەم دا گێڕا، لە هەمان کاتدا دەبێ ئەمەش قەبوڵ کەین کە ئەم زانستە ئامرازگەلێکی وەدیهێنا کە زاناکان توانیان بە پێی ئەوان پێوەندیی کولتووریی و ریشەی زۆر خەڵکی ناهیندووئورووپایی لە دنیادا روون کەنەوە. هەر ئەو تێکنیکانەی کە بۆ بەراوردکرنی بەشەکانی گرامێریی و وشەیی زمانە هیندووئورووپاییەکان بەکار دەهێندرا و ئێستاش هەر بەکار دێت، بە هەمان جۆر دەکرێ بۆ گروپەکانی تری زمانی وەک ئالگۆنکوین Algonquin، ئالتاییک Altaic، ئاتاپاسکان Athapascan، بانتو Bantu و لە راستیدا هەر گروپێکی تری زمانی دەکار بێت. زماننناسان کە لە بنەڕەتدا لە مەیدانی زمانەکانی هیندووئورووپایی دا بار هاتبوون، دەستیان بە دیاریکردنی پێوەندیی نێوان زمانەکانی تری دنیا کرد بە مەبەستی سازکردنەوەی زمانەکانی پێشووی ئەوان و لێکۆڵینەوەی ریشەکانیان.

کاتێک ئێمە ئاوڕ لە دەسکەوتەکانی راستەقینەی پڕۆتۆ هیندووئورووپاییەکان (ئەو زمانەی هیندووئورووپاییەکان لە سەرەتادا قسەیان پێدەکرد) دەدەینەوە، میراتێکی تەواو جیاواز لە هی کۆنترین خەڵکەکانی تر دەبینین. بە پێچەوانەی ساموێل کرامێر (Samuel Kramer) کە دەتوانێ "یەکەمەکانی" سومێرییەکان ریز بکات، چ ←

دەسکەوتی وا لە دەست دا نییە کە ئێمە بتوانین شتێکی وا بە هیندووئورووپاییەکان نیسبەت بدەین. گۆردن چایلد(V.Gordon Childe) بە زانینی ئەم راستییە و ئەوەیکە هیندووئورووپاییەکان زۆرجاران وەک لە نێوبەری کولتوورەکانی پێشتر خۆیان نواندووە، پشت دە پێهەلکوتنی "زمانی بێوێنە و شێوە بیرکردنەوەیەک کە ئەم زمانە خولقاندوویەتی" دەکات. ئەمە لە کاتێک دایە ئالبێرت کارنۆی (Albert Carnoy) سروشتی بە نرخ، خودجۆشی، توانایی خولقاندن، ڕوحسووکی و خاوەنێتی کردەوەی باشی لەم چەشنەی هیندووئورووپاییەکانی خۆش دەویست. روون نییە بۆچی دەبێ تاریفی ئاوا شاز لە هیندووئورووپاییەکان کرابێ. ئایا کەسێک دەتوانێ هێندە لاسار بێ و وا بیر بکاتەوە کە چینییەکان بێ بەشن لە توانایی خولقاندن، فینلاندییەکان و مەجارەکان لە باری فکرییەوە لاوازن یان تورکەکان و عەرەبەکان خاوەنی زمانی دەستی دووهەمن؟

ئەگەر ئێمە دەبێ میراتی کۆنکرێتمان هەبێ، چاکترین داوا دەگەڕێتەوە سەر دەستەمۆکردنی بارگین و ئەو ئاکامە کۆمەلایەتییانەی کە ئەم شۆڕشە لە راگوێزان و شەڕدا هێنایە دنیا. لە لایەکی ترەوە هیندووئورووپاییەکان بەلانیکەمەوە یەک لە کاندیدایانی دروستکردنی ئامرازی رەورەوەداری راگوێزاندنن، ئەمە لە کاتێک دایە کە ژمارەیەک لە خەلکی نا هیندوئورووپاییش تەواو بۆیان هەیە داوایەکی لەم چەشنەیان هەبێ. بەلام ئوونەی لەپێشەوەبوونی مێژوویی ئەوها، بە زەحمەت دەتوانێ جۆرە میراتێک پێکبێنێ کە تایبەتیی هیندووئورووپاییەکان بێ.

ئایدۆلۆژی زۆرجار وەک خالی ناوەندیی کولتوور چاولێدەکرێ و لێرەدایە کە هێندێک کەس بەرچاوترین و سەرنجڕاکێشترین بەلگەی میراتیی هیندووئورووپاییەکان دەبینن. ئێمە دەزانین چۆن قوتابخانەی دومێزیل (Dumezilian School) نەتەنیا هەر پێوەندییەکی ژێنیتیکی زمانەکانی هیندووئورووپایی بەلکوو هەروەها بەردەوامیی ئایدۆلۆژییەکی بەمیرات وەرگیراویشی لەناو هیندووئورووپاییەکاندا قەبولە. ئەفسانەناسانی بەراوەردیی نوێ دەلێن کە ئایدۆلۆژیی سێ کارکردیی پرۆتۆهیندووئورووپاییەکان شوێنی لەسەر نووسراوەکانی ئایینی ئێرانی و هیندییەکانی کۆن دادەنێ، لە دراما و شێعری یونانییەکاندا خۆی وەدەردەخا، لەپشت دیەنی مێژووی نێوان رۆمییەکانی هەوەلێ دا خۆ حاشار دەدات و لە حیکایەتەکانی پەخشانی خەلکی کێلت و ژێرمەنی سەدەکانی ناوەڕاستدا خۆ دەردەبڕێ. تەنانەت ڕووکاری ئایدۆلۆژیی یەهودی ـ مەسیحی کە کولتووری ئورووپاییەکان دیاری دەکات ئێستاش بە ستروکتووری ئایدۆلۆژیی هیندووئورووپاییەکان دادەپۆشرێ، دروست بەمجۆرەی کە ئێمە لە تێندێنسی سەدەکانی ناوەڕاستدا دەبینین کە سێ کوڕەکانی نوح ــ جافێت، شێم و هام ـ لەگەل سێ پلەی کۆمەل: ئەشراف (شەڕکەران)، پیاوانی ئایینی (قەشەکان) و سێرڤەکان (وەرزێران) بەیەک دادەندرێن. سی. سکات لیتلتۆن (C.Scott Littleton) تەنانەت رایەکی وای هێناوەتە ئاراوە کە ئەم دابەشینە سێ لایەنییەی کۆمەل بێنەوەی کە مرۆڤ خۆی ئاگادار بێ دە دامەزرێنەرانی قانونی بنەڕەتیی (ئەساسی) ئامریکادا درێژە پەیدا دەکات کاتێک کە ئەوان تەواوێتی دەولەتیی خۆیان بە سێ لق دابەش دەکەن، ئەوان دروست بە ئەندازەی زەردەشت یان برەهمەنەکانی هیندیی کۆن میراتگری پرۆتۆهیندووئورووپاییەکان واتا نەژادی خۆیانن.

ئەوە شتێکی تەواو سروشتییە کە پرسیار بکرێ تۆ بلێی سێ لایەنیی کۆمەلایەتی بەهەموو رەنگدانەوەی خۆی لە ئەفسانە، یاسا، داوودەرمان و فۆلکلۆردا دیاردەیەکی تایبەت بە هیندووئورووپاییان بێ؟ بۆ زۆر کەس ئەو سیستمەی کە دومێزیل پێشنیاری کردووە هێندە سروشتیین کە دەتوانن جیهانی بن نە میراتێکی تایبەت بە خەلکی ئێنیۆلیتیکی (Eneolithic) رۆژهەلاتی ئورووپا. ئێستاش "بەراوردکارانی نوێ" باسی ئەوە دەکەن کە ئەگەرچی سیستمی بەمجۆرەی قەشەکان، شەڕکەران و وەرزێران و ئاژەلداران سروشتی دێنە بەرچاو، ئەوە هەلسوکەوتی ئەم ستروکتورەیە، وەک کۆنسێپتگەلی تایبەتی کە بەردەوام لە داخوازیی و وەرگرتنی شیکردنەوە لە هەموو بوارەکانی ئایدۆلۆژیی کولتووری وکردەوە دایە، کە بەراستی دەیکاتە ستروکتورێکی تایبەت بە هیندووئورووپاییەکان. لیتلتۆن باسی وەی کردووە کە بە دەکارهێنانی ئەم جۆرە مێتۆدانە لە سەر ئەفسانەکانی گروپەکانی تری زمان، سیستمی ئایدۆلۆژی تر وەدەردەکەون؛ ئەم سیستمە ئایدۆلۆژییانە لە ئوونەی حەوت لایەنیی (ئەستێرەیی) سیستمەکان ڕا بیگرە هەتا سیستمی چوارلایەنیی هێندێک گروپی سورپێستی ئامریکایی دەگرێتەوە. لەڕاستیدا لەوانەیە مرۆڤ باس بکات کە سێ لایەنیی لە خۆیدا پێویست ناکات ئاکامی سیستمی هیندووئورووپایی بێ. «لاورێنس کرادر» لە لێکۆلینەوەی خۆی لە سەر مۆنگۆلەکانی بوریات کە ناهیندووئورووپایین بەو ئاکامە گەیشتووە کە "دابەشینی سێ لایەنیی دنیای کۆمەلایەتی" ئەوان هاتووەتە نێو دنیای ڕوح و سێ کەسایەتیی مرۆڤ. ڕوحگەلی بوریات بە پێی سێ چینی کۆمەلایەتیی بوریات ــ ئەشراف، مرۆڤی ئاسایی و کۆیلەکان ــ دامەزراون. ئەم کاتێگۆرییانە سێ لایەنیین بەلام نەک لە چەشنی سێ لایەنیی هیندووئورووپاییەکان.

مرۆڤ چ باوەڕ بکات بە ئەوەی کە میراتێکی ئایدۆلۆژییکی ئاوا هەیە یان نا، میراتێکی هیندووئورووپاییەکان کە لە هەمووان پتر جێی متمانەیە دە زماندا دەدۆزرێتەوە، زمانێک کە پتر لە دوو میلیارد خەلکی دنیا قسەی پێدەکەن. ئێمە ناتوانین لە دەست ئەم میراتە هەلێین کاتێک کە بە زمانێکی هیندووئورووپایی قسە دەکەین، جا ئیتر گرینگ نییە کە ئێمە خۆمان بە ئورووپایی، ئاسیایی، ئافریقایی یان ئامریکایی دابنێین. ئێمە بێ ئەوەیکە بەردەوام لە سیستمێکی بە میرات وەرگیراوی ئاخافتن کە ئەژدادی زمانیی ئێمە شەش هەزار سال لە مەوبەر هەیان بووە کەلک وەرگرین، ناتوانین پرسیاری لە مەڕ کوێ، کەی، کێ و چۆن بکەین یان وەلامی ئەم پرسیارانە بە جێناوە سەرەکییەکانمان بدەینەوە، ئێمە ناتوانین بژمێرین، ناتوانین بە ئەندامە سەرەکییەکانی لەشمان ئاماژە بکەین، ناتوانین دەوروبەری خۆمان، ئاسمان، کەسوکار و ئاژەلە سەرەکییەکان وەسف بکەین و ناتوانین کردەوە بنەڕەتییەکانمان دەربڕین.

میراتی هاوبەشی هیندووئورووپاییەکان تەنیا لە سەدەی هەژدەهەمدا دۆزراوە. ئەم میراتە هاوبەشە زۆر بەدگمەن یا لەوانەیە قەت شوێنی لە سەر هەلسوکەوتی هیندووئورووپاییەکانی جۆراجۆر دانەنابێ. مێژوو بەلگەیەک بە دەستەوە نادا کە هیندووئورووپاییەکان دانیان بە خزمایەتیی دووسەرەی خۆیاندا هێنابێ. ئەگەر یونانییە کۆنەکان هیندییەکانیان وەک بەربەر بە سووک دەزانی، هیندییەکانیش دروست هەر بەم چەشنە لە هەمان میراتی زمانیی و دروست لەم وشەیە واتا بەربەر کەلکیان وەدەگرت بۆ لە بەرچاونەگرتنی دراوسێکانی ناهیندووئورووپایی خۆیان. ئەگەر خزمایەتی هیندووئورووپاییەکان لە رابوردوودا چاوپۆشی لێدەکرا، هیچ حەوجێ بە پێ لە سەر داگرتن نییە کە بگوترێ ئەمڕۆ شتێکی وا هەر لە ئارادا نییە. زەمانێک هیتلێر لە زلکردنەوەیەکی کاراکتێرییدا نووسی کە ژێرکەوتنی

بڕوانە لاپەڕەی ۳۸

# ڕاپەڕینی برایم پاشا و فەرزەندە

**نووسینی: پیرۆت**

بۆ ئەوەی بە وردی بچینە نێو بنج وبناوانی خەباتی کوردە جەلالییەکان بە سەرۆکایەتی برایم پاشا و فەرزەندە لە ساڵەکانی ۳۰دا، ناچارین باسی بزووتنەوەی ئاراراتیش زۆر بە کورتی بکەین. چونکە ئەم دوو بزووتنەوەیە، لەڕاستیدا دوو ئاڵقەی لێک گرێدراوی زنجیرە خەباتی گەلی کوردن لە مێژوو دا. دەکرێ بڵێین خەباتی کوردە جەلالییەکان لە دەوروبەری ماکۆدا، پاشکۆ یان درێژەی خەباتی ئاراراتە.

پاش ئەوەی لە مانگی گەلاوێژی ساڵی ۱۹۲۷دا لە شاری «بیحەمدون»ی لوبنان کۆنگرەیەک بە بەشداری ژمارەیەک لە بەناوبانگترین ڕێبەرانی کورد و نوێنەرانی هەموو کۆڕوکۆمەڵ و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کورد پێکهات، بڕیار درا کە هەموو ڕێکخراوەکانی بەشدار لە کۆنگرەدا هەڵوەشێن و لە جیاتیان ڕێکخراوەیەک بە ناوی«خۆیبوون»واتا سەربەخۆیی کە ئامانجی ڕزگاری کوردستانی تورکیا بوو، پێکبێ. ڕێبەرانی خۆیبوون دەیانەویست بەدەرس وەرگرتن لە تێکشکانەکانی ڕابوردوو، بە پێی بەرنامەیەکی ڕێکوپێک هەموو سەرەک عەشیرەتەکان و ڕێبەرانی بۆچوونە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی وفکری کوردستان لە دەوری بەرنامەیەک کۆبکەنەوە. پاشان لەلایەک تێکۆشانی هەمەلایەنە لە ڕادەی نێونەتەوەیی دا وەڕێبخەن و لەلایەکی دیکەوە بەکەڵک وەرگرتن لە چەکی مودێرن و فێربوون وڕاهێنانی شێوەی شەڕ، خەریکی پێکهێنانی ناوەندێکی شۆڕشگێڕانە، یان ناوچەی ئازادکراو بن و پەرەی پێبدەن و بە قسەی خۆیان «تا وەدەرنانی دوا سەربازەکانی تورک لە سنوورەکانی کوردستان خەبات درێژە پێبدەن».

پاش تەواو بوونی کۆنگرە، هەوڵ وتەقەللا بۆ پێکهاتنی یەکیەتیی بەکردەوە و هاوئاهەنگی خەباتکەرانی کورد، بڕیار لەمەڕ پێکهێنانی ناوەندێکی شۆڕشگێڕی درا و ئیحسان نووری پاشا بۆ ڕێکخستن و فەرماندەری بزووتنەوە دیاری کرا. ئیحسان نووری پاشا خەڵکی بدلیس ولە ئەفسەرانی پێشووی ئەرتەشی تورک بووکە بە هۆی شارەزایی لە ناوچەو لە باربوونی بارودۆخی جوغرافیایی، ئاراراتی بۆ ئەم مەبەستە هەڵبژارد. حکوومەتی تورکیا کە لە دنەدانی ئینگلیس و ململانی ئێران و هاوکاری کوردەکان وهەرمەنییەکان بەپەرۆش بوو، لەسەرەتادا هەوڵی دا لە ڕێگای وتووێژ و قەول و بەڵێنییەوە، بزووتنەوەی ئارارات لە ناو ببا. چەند سووکە هەنگاوی لەم بوارەدا وەک گەڕاندنەوەی پەنابەرانی کورد بۆ ئارارات، وەستاندنی دوورخستنەوەی بەکۆمەڵ وئازادکردنی هێندێک حەپسی هەڵێنایەوە. بەڵام هیچ هەنگاوێکی ڕاستەقینە کە نیشاندەری ناسینی مافی نەتەوایەتی کوردەکان بێ، هەڵنەگرت.

سەرئەنجام حکوومەتی تورکیا کە تێپەڕبوونی کاتی بە قازانجی کوردەکان دادەنا، لە سەروبەندی نەورۆزی ساڵی ۱۹۳۰دا، قۆڵی لێ هەڵماڵی و دوو قشونی کە لەسەریەک ۲۷هەزار کەس دەبوون، لە ژێر حیمایەی ۳۰فڕۆکەدا بە فەرماندەریی ساڵح پاشا ژەنەڕاڵی تورک، لە دەوروبەری ئارارات مۆڵ دا. بەڵام هێرشەکە لە ۲۱ی جۆزەرداندا دەستی پێکرد. شەڕێکی قورس بە درێژایی ۱۵۰ کیلۆمیتر لە ئاراراتەوە تا خۆشاب ڕۆژهەڵاتی گۆلی وان ڕوویدا. هێزەکانی تورک بڕیاریان دابوو لە ڕێگای چیای ئاراراتەوە هێزەکانی کورد گەمارۆ بدەن. بۆ ئەم کارە ناچاربوون بە خاکی ئێراندا تێپەڕن. دوژمنانی کورد دیسان یەکیان گرت. هێزەکانی تورک بە ڕەزامەندیی ئێران و بەنێو خاکی ئێراندا تێکۆشەرانی کوردیان گەمارۆدا. پاش چەندین شەڕی خوێناوی سەرئەنجام هێزەکانی کورد تێکشکان(خەرمانانی ۱۹۳۰). ئیحسان نوری پاشا پەنای بۆ ئێران برد. زۆر کەس کوشتارکران و بەشێکی زۆریش پەڕیوەی هەندەران بوون.

لە نێو بزووتنەوەی ئاراراتدا، کوردە جەلالییەکان وحەیدەرانلووەکان دەوریان هەبوو و شان بەشانی تێکۆشەرانی دیکەی کورد لە دژی حکوومەتی تورکیا شەڕیان دەکرد. سەرۆکی ئەمانە لە خەبات دژی تورکیادا دووکەس بوون، یەکەمیان «برایم پاشا»ی حەسکی خەڵکی تێللۆ ناسراو بەحەسکی تێللۆ کە سەرپەرستی ڕێکخراوی ئیداری بزووتنەوەی ئاراراتی بە ئەستۆوە بوو. ئەوی دیکەیان کەسێک بوو بە ناوی«فەرزەندە» ـ یەکێک لە فەرماندەرە نیزامییەکانی جەلالییەکان بوو کە لەلایەن خۆیبوونەوە ئەو ئەرکەی پێ سپێردرابوو. پاش هەرەسهێنانی بزووتنەوەی ئارارات، ئەو دوو کەسە نزیکەی هەزار چەکدارێکیان کۆ کردەوە و بڕیاریاندا چەک دانەنێن و خەباتی خۆیان لە کوردستانی ئێران لە ناوچەی جەلالییەکان(نزیک ماکۆ)دا درێژە پێبدەن. چەکدارەکان نزیکەی ۷۰۰ تا ۸۰۰ کەسیان لە کوردی جەلالی وحەیدەرانلوویی بوون و ۳۰۰ کەسێکیشیان لە کوردەکانی تورکیا بوون. ڕەزاشا بۆ سەرکوتی پاشماوەی خەباتگێڕانی ئارارات کە درک بوون لە چاویدا، ٦ هەزار سەرباز و ۱۲۰۰جاشی کە دژ بە عەشیرەتەکانی جەلالی و حەیدەرانلوو بوون ئامادەکرد و بە فەرماندەریی سەرهەنگ نەخجەوانی ڕەوانەی شەڕی کردن. چەندین شەڕ وپێکدادانی قورس لە نێوان هێزەکانی برایم پاشا و فەرزەندە لەلایەک و قشونی ئێرانی لەلایەکی دیکەوە ڕوویاندا، زیان وخەسارەتێکی زۆریان بە قشونی ئێران گەیاند. لە پەلامارێکی ئاخرو ئۆخری بانەمەڕی ساڵی ۱۹۳۱دا، بۆ سەر پادگانێکی مەزنی حکوومەت، نزیکەی ۷۰۰ کەسیان کوشت وبریندار کرد. خۆڕاگریی قارەمانانەی ئەم دوو عەشیرەتە بەجارێک ئەترەی حکوومەتی بردبوو. ڕەزاشا بۆ ئەوەی کۆتایی بەم ڕاپەڕینە بێنێ کەوتە فێڵ و تەڵەکە و بۆ ئەم مەبەستە سەرەک عەشیرەتەکانی دژی جەلالی وحەیدەرانلووی کۆکردەوە. بەڵێنی پێدان کە هەموو چەشنە یارمەتییەکیان بدا و پایەیان بڵیند بکا و بینە دەسەڵاتداری ناوچە. هەر لەم کاتەشدا، حکوومەت چەند پڕۆژەی بچووکی ئاوەدانی ڕووکەشی لەناوچەدا دەست پێکرد. ئاڵقەبە گوێیەکانی وایان بڵاوکردەوە و دەنگۆیان سازکرد کە گوایە حکوومەتی تاران بەرانبەر بەوان دڵسۆزە، دەیەوێ یارمەتییان بدا و ناوچەکانیان ئاوەدان بکاتەوە، بەڵام ئەم یاخیبووانە! بوونەتە کۆسپی ڕێگای ئاشتی و ئاسایش و گوایە دژی ئاوەدانی و ئاسوودەیی و پێشکەوتنن. هەر لەم کاتەشدا، حکوومەت دەستی بە چاندنی تۆوی دووبەرەکی لە ناو خەڵکدا کرد. وای چاووڕاو وەرێخست کە برایم پاشا و دەستە و دایرەکەی لە تورکیاوە هاتوون بۆ ئاژاوەنانەوە کە بوونە هۆی وێرانی و شێواندنی ژیانی کوردەکان. ئەمانەدەیانەوێ بە ناوی شۆڕشەوە، دەسەڵاتی جەلالییەکان بە سەر ناوچەدا بسەپێنن. گوایە لەناو تیرە و هۆزەکانی خۆیاندا، پیاو نەماوە کە ئەوانە بوونەتە سەرگەورە و

فەرمانڕەوا!! ئاڵقەبەگوێیانی ڕێژیم بەمجۆرە درێژەیان بە دەنگۆ دەدا: ئەم ئاژاوەگێڕانە بۆ لێمان ناگەڕێن، کوردەکانی ئێران تاقمێکی بچووک و بێ هێزن لەچاو عەجەمەکان. ئێمە چمان بەم شەڕەشەقە داوە. ئەگەر ئەم شەڕوهەڵایە نەبێ شاهەنشاهی دڵسۆز! هەرچی ناوچەی کوردەوارییە ئاوەدانی دەکاتەوە و پڕی دەکا لە خێر وخۆشی!!

بەداخەوە ئەم پڕوپاگەندە و دەهۆڵ لێدانە، بەرەبەرە شوێنی خۆی لە ناو کوردە ساویلکەکاندا دانا و بەتایبەتی لەلایەن ئەم کەسانەوە کە بیروباوەڕی هۆز و تیرە پەرستییان گەرەک بوو، شۆڕشیان بە دژی بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەزانی. خان و دەرەبەگە چەوسێنەرەکان لەسەر ئەمە ڕێککەوتن کە تێکڕا یارمەتی لە ڕەزاشا وەربگرن بۆ ئەوەی بەرهەڵستی ڕاپەڕینی کوردە شۆڕشگێڕەکان بکەن. هێزەکانی دژ بەشۆڕش ڕێکخران و هەر وەک پێشتر باسمان کرد، ١٢٠٠کەسیان شان بەشانی قشونی ئێران بەشداری شەڕیان کرد. چەندین شەڕ وپێکدادان لە نێوانیاندا ڕووی دا. بە کوشتنی کورد بە دەستی کورد دوژمن شاگەشگە دەبوو. بەڵام هەموو هەوڵ وتەقەللای دوژمن لە مەیدانی شەڕدا بێ ئاکام مایەوە. تەنانەت ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ ژمارەی خەباتگێڕان زیادی دەکرد. حکوومەت کە لە ڕیشەداکوتانی ڕاپەڕینەکە ترسی لێنیشتبوو، دەستەوداوێنی فڕو فێڵ ـ ئەم چەکە ژەهراوی و ژەنگاوییە بوو. گەلاڵەی پیلان لە نێوان کاربەدەستانی حکوومەت و هێندێک سەرەک عەشیرەتی خۆفرۆش داڕێژرا. بۆ ئەم مەبەستە چەند نوێنەرێکیان نارده لای برایم پاشا کە واز لە شەڕی براکوژی بێنێ و کۆبوونەوەیەک بۆ چۆنیەتی کۆتایی هێنانی شەڕ لە بەینی هەردوولادا پێکبێ. برایم پاشا هەرچەند دەیزانی ڕەزا شا جێی باوەڕ نییە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بڕیاری دا لە کۆبوونەوەکەدا بەشداری بکا.

برایم پاشا لەگەڵ ٧٠سواری شەڕکەر و بەجەرگ لەکاتی دیاریکراودا بۆ شوێنی کۆبوونەوەکە وەڕێکەوت. بەڵام لە ڕێگادا، بەر لەوەی بگەنە شوێنی دیاریکراو کەوتنە داوی خەیانەتکاران و لە هەموو لایەکەوە دەستڕێژیان لێکرا. شەڕ وپێکدادان دەستیی پێکرد. خەباتگێڕەکان بە قارەمانەتییەوە توانییان بۆسەکە بشکێنن. ئەنجامی ئەو شەڕە کوشتنی سێ پێشمەرگەی برایم پاشا و بریندارپوونی خۆی بوو. زیانی دوژمن نەزانراوە. لە گەڕانەوەدا برایم پاشا بە هۆی قووڵ بوونی برینەکەی لەحاڵێکدا درێژەدانی ڕێگای بە فەرزەندە دەسپارد، بەدەم چۆڕاوگەی خوێنەوە چاوەکانی لەسەریەک دانا.

کوژرانی برایم پاشا نەیتوانی ڕەوڕەوەی خەبات بوەستێنێ. فەرزندە جڵەوی دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت. لێبڕاوانە درێژەی بە خەبات دا و هەموو خەون وخەیاڵەکانی ڕەزاشای کردە بڵقی سەرئاو. ڕەزا شا گەڵاڵەی هێرشێکی هەمە لایەنەی بۆ سەر ناوچەی خەبات و ڕاپەڕین داڕشت و چەندین هێرشی قورسی دەست پێکرد. بەڵام هەموویان بە هۆی خۆڕاگریی قارەمانانەی پێشمەرگەکان تێکشکان. ڕەزاشا کە لە شکان و هەرسهێنانی بزووتنەوەی ئاراراتدا دەستی هەبوو، ئێستا کە شەڕ دەرگای ماڵی لە خۆی گرتبوو، بەناچار داوای ئاشتی لە کوردەکان کرد. مەبەستی سەرەکی ڕەزاشا، پشوودانی قشونی ئێران و هەڵکەوتنی هەلێک بۆ سەرکوتکردنی یەکجاری ڕاپەڕینەکە بوو. بۆ ئەم کارە چەند مەلا وردێن سپی وپیاوماقوڵی نارده لای فەرزەندە کە شەڕ بوەستێنێ و خۆی بۆ ئاشتی ئامادە بکا. وتووێژ لە نێوان فەرزەندە و کارگێڕانی حکوومەت دەستی پێکرد. بۆ ئەوەی قشونی ئێران و جاشەکان نەتوانن پشووبدەن، فەرزەندە لە ماوەی وتووێژدا شەڕی نەوەستاند. پاش چەند جار هاتو چۆی نوێنەرانی ڕێژیم سەرئەنجام لە سەر ئەم خاڵانەی ژێرەوە ڕێککەوتن(ساڵی ١٩٣٦):

١) فارس وکورد دووگەلن لە خاکی ئێراندا، هەریەکەی خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیەتی و پێویستە ڕێزی یەکتری بگرن.

٢) هەموو ئەو کوردانەی بە بۆنەی شۆڕشەوە بەند کراون بەرەڵابکرێن.

٣) هەموو سوپای ئێران ناوچە بەجێ بهێڵێ و بکشێتەوە چەند ئۆردوگایەکی دیاریکراو و دەست دە ئیش وکاری کوردان وەرنەدەن.

٤) کاربەدەستە پایە بەرزەکانی ناوچەی کوردەواری دەبێ کورد بن.

لە ناوچەی جەلالی بە ڕواڵەت ژیان هێمن بووە. بەڵام حکوومەت، هەر لەدڵەخورپەدا بوو. ئەم سووکە ڕێککەوتنەش کە کۆتایی بە شەڕ وکوشتار هێنابوو بۆ حکوومەت قەبوڵ نەدەکرا. ساڵێک دوای ئەم ڕێککەوتنە لە ساڵی ١٩٣٧دا، بە بۆنەی هاتنەسەر تەختی ڕەزاشا کە بە پێی ڕێ وڕەسم لە سەانسەری ئێراندا، حکوومەت ئاهەنگی دەگێڕا لە فەرزەندەیان گێڕاوە کە لەگەڵ ژمارەیەک(نزیکەی ٢هەزارکەس) لە سوارەکانی لەم جێژن و ئاهەنگەدا بەشداری بکا. فەرزەندە پاش مەشوەرت کردن لەگەڵ ڕدێن سپییەکان ـ هەرچەند خۆی بە چوون ڕازی نەبوو ـ بەخۆی و ٢٠٠سوارەوە بەرەو ماکۆ و لەوێڕا بەرەو تاران وەڕێ کەوت. لە تاران شوێنێکی خۆش و تایبەتییان بۆ میوانداری فەرزەندە دیاری کردبوو. خزمەتکارەکان بە زمانی نەرم ولووس، بە دەوریاندا دەهاتن ودەچوون. ڕۆژێک، خانەخوێیەکان بە فەرزەندەیان پێشنیار کرد کە بۆ چاوپێکەوتنی شوێنە خۆشەکانی تاران گەشتێک لێبدەن. هەموویان خۆیان ئامادە کرد و چوار قەد فیشەکدانیان بەست. بەڵام کابرای میواندار، کە ئاگاداری پیلانی گەڵاڵەکراو بوو بە فەرزەندەی پێشنیار کرد کە جوان نییە ئەم هەموو خەڵکە بە چەکەوە، بەشەقامەکاندا بڕۆن و ئەوە شتێکی نائاسایی دێتە بەرچاو، تەنیا چەند کەسێکتان دەمانچەتان پێ بێ بەسە، لەبەر ئەوەی پارێزگاری ئێوە لە ئەستۆی ئێمەیە. فەرزەندە ئەم پێشنیارەی بەلاوە پەسند بوو. دوو کەسی بە دیار چەکەکانەوە جێهێشت و خۆیان بەرەو گەشت وەڕێکەوتن. پاش چاو پێکەوتنی شوێنە گرینگەکانی تاران، بانگی شێوانێکی درەنگ گەڕانەوە شوێنی حەسانەوەیان. لەوکاتەدا، لەپڕ لە نێوەڕاستی حەوشەدا، چاویان بە لەشی لەتوپەت کراوی دوو هاوڕێکەی خۆیان کەوت. ناچار هەڵیان کێشایە دەمانچەو ئەوانی دیکەش غاریان دایە سەر چەکەکانیان. بەڵام هەیهات! تازە کار لەکار ترازابوو. تەواوی بان و سەردیوار و چوار دەوریان لێ گیرابوو. داوای خۆ بەدەستەوەدانیان لێکردن. بەڵام ئەم ١٠ - ١٥ دەمانچەدارە دەستیان بە شەڕ کرد و تا دوا فیشەک کۆڵیان نەدا، ئەوە لەکاتێکدا بوو کە لە هەر چوار لاوە، ڕێژنە بارانی گوللەیان بەسەردا دەباری. لەم هێرشەدا تەنیا فەرزەندە و دوو کەسی دی بەبریندارتی مانەوە، ئەوانی تر هەموویان کوژران.

هاوکات لەگەڵ جێبەجێ کردنی ئەو پیلانە خاینانەیە، قشونی ئێران

هێرشێکی سەرانسەری بۆ ناوچەی جەلالییەکان دەست پێکرد. خەڵک حەپەسان، لەبەر ئەوە چاوەڕوانی ئەم هێرشەیان نەدەکرد. چونکە لەلایەک فەرزەندە لە تاران بوو و لەلایەکی دیکەوە ڕێکەوتنامە لەگەڵ حکوومەت مۆر کرابوو. حکوومەت بێ بەزەییانە کەوتە کوشتار و ئاگر تێبەردانی ماڵ و حاڵی خەڵکی هەژاری کورد. کەسیان نەدەپاراست، تەنانەت ژن وپیاو و پەککەوتەشیان دەکوشت. بۆ جارێکی دیکەش ڕق و کینەی خۆیان بەرانبەر بە کورد وئامانجەکانی دەرخست. بەمجۆرە بزووتنەوەی ئاراڕات کە لە ساڵی ۱۹۲۷وە دەستی پێکردبوو، دوا ئاسەواری بە نەمانی فەرزەندە لە ساڵی ۱۹۳۷دا کۆتایی پێهات.

هاوکات لەگەڵ نووسینی ئەم نووسراوەیە، بەسەرهاتی فەرزەندەم لە نامەیەکدا بۆ هاوڕێیەکی خۆم کاک خوسرەوی عەبدوللاهی(کە لە زانستگای سۆربۆنی پاریس دوکتورای مێژووی وەرگرتووە و ئێستا خەریکی لێکۆڵینەوەیە) هێنایەوەگۆڕێ کە پارەکە سەرزارەکی باسی بۆ کردبووم. ئەو، لە نامەیەکدا ئاوای وەڵام داومەتەوە کەوا لێرەدا بۆ ئاگاداری خوێنەرەوانی بەڕێز، پێشکێش دەکرێ:

« لە ساڵی ۱۹۷٦کە لە شاری شاپور(سەڵماس) لە دەبیرستانەکانی ئەم شارە دەرسم دەگوتەوە، لە یەکێک لە ڕۆژەکانی مانگی ئاوریلدا چەند کوردی شکاک هاتنەلام و گوتیان پیرە پیاوێک لە هوتێلی( نور)ە وەدڵێ کە من فەرزەندەم و تازە لە گرتووخانە بەرهەڵدراوم و دەمەوێ یارمەتیم پێبکەن تا سەر وسۆراخێک لە خزم و کەسەکانم لە کوردستانی تورکیا وەچنگ خەم. من هەر ئەو ڕۆژە بێ سێ ودوو لێکردن چوومە لای. ئەو، پیرە پیاوێکی سەرسپی ۷۵-۸۰ ساڵە بوو کە بە زەحمەت دەیتوانی بە ڕێدا بڕوا و دەشەلی. بە کورتی، ئەو بەسەرهاتی فارس و فەرزەندەی بە تەواوی بۆ باس کردم و گوتی کە چۆن ڕەزاشا بە سوێندخواردن بە قورعان و مۆرکردن هەڵی خەڵەتاندوون و پاش ئەوەی ئەوان لە حەوشەیەک لە دێی (کوردکەندی) لە ناوچەی سیاه چەشمەی ماکۆ کۆ دەبنەوە تا چەکەکانیان تەحویل بدەنەوە، لەلایەن هێزەکانی دەوڵەتییەوە دەکەونە بەر پەلامار و ئەو دەکەوێتە بن دیوارێک و لاقی دەشکێ. پاش دەست بەسەر کردن و گرتنی ڕەوانەی تەورێز و پاشان ڕەوانەی زیندانی تاران دەکرێ.

دوای بیستنی ئەم بەسەرهاتە، من چەند پیاوێکی کوردم لەگەڵ خست تا بیبەنە شاری (خۆی)یە و لەو شوێنەڕا بە هاوکاری کوردە جەلالی وحەیدەرانلووەکان بچێتە ناوچەی ماکۆ، بەڵکوو بتوانێ بەم شێوەیە خزم وکەسەکانی بدۆزێتەوە. پاشان لە کوردە جەلالییەکانم بیست کەگوایە ناوبراو توانیویەتی خوشک یان خوشکەزایەکی و ئاخرسەر کچێکی خۆی بدۆزێتەوە و لەم ڕێگایەشەوە خزم وکەسەکانی تریشی پەیدا بکاتەوە. ئێستا مەسەلە ئەوەیە ئایا ناوبراو هەر لە ناوچەی ماکۆدا دەمێنێتەوە یان دەچێتە کوردستانی تورکیا؟ بۆ من ڕوون نییە. بەڵام دیارە لە ناوچەی جەلالییەکان چەند کەس لە پیرە پیاوان ئاسیبوویانەوە و دانیان بەوە داهێنابوو کە ئەوە فەرزەندەیە».

**سەرچاوە:**


١) *بەچکە شێرانی کورد*، **عوسمان خواکەرەم**(زرنگ)، دەزگای ڕۆشنبیری وبڵاوکردنەوەی کوردی، ژمارە(۱۷۳).

٢) *کورتە مێژووی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد* (بە فارسی)، **سەعید بەدەل**(دوکتور سادقی شەڕەفکەندی)، کۆمیسیۆنی تەبلیغات و ئینتیشاراتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران، ساڵی ۱۳٦۰ی هەتاوی.

٣) *نامەیەکی دەستخەت*، دوکتور **خوسرەوی عەبدوللاهی**، پاریس، ساڵی ۱۹۹۵.


## هەڵە و داوای لێبووردن

**هێدی**

لەو دواییانەدا ئاواڵی وردبین وشاعیرم، بەڕێز«مامۆستا ئاشق» (عوسمانی ئیسماعیلی) سەبارەت بە شێعرێک کە دە بزەی زەمەند» (دیوانی شێعرەکانی عەلی حەسەنیانی«هاوار» )دا بڵاوکراوەتەوە*، تێبینییەکی بۆ ناردم و پێی ڕاگەیاندم کە دە لاپەڕەی (۱۳۰)ی «بزەی زەمەند»دا تووشی هەڵە بووم و شێعرێکی مامۆستا«هێمن»ی ڕەحمەتیم بە شێعری خوالێخۆشبوو عەلی حەسەنیانی«هاوار» زانیوە.

وا دیارە کاتێک دەنێو نووسراوەکانی کاک عەلی دا، چاوم بەو چوارینەیەی کەوتووە نێوی لە بن نەبووە و هەموو شێعرەکانی مامۆستا «هێمن»یشم لەبەر نەبوون. جا بۆیە پێموابووە ئی کاک (عەلی حەسەنیانی)یە و خستوومەتە سەر شێعرەکانی وی. ئەو چوارینەیە جارێکیش دە گۆڤاری «سروە»دا چاپکراوە و بە داخەوە دەوێشدا نێوی شاعیرەکەی نەنووسراوە. بەڵام مامۆستا ئاشق کە بۆن و بەرامەی شێعری «هێمن»ی دەگیانیدا گەڕاوە، هەر دوای خوێندنەوەی «بزەی زەمەند» پێیڕاگەیاندم کە ئەو شێعرە بە بۆن وبەرامە دەبێ ئی «هێمن» بێ.

لەو دواییانەشدا سەرنجی بۆ لاپەڕەی ۱۹۳ی(تاریک وڕون)ڕاکێشام. ئەو شێعرە بەندی نۆهەمی شێعری «فریشتەی پەڕیوە»ی مامۆستا «هێمن»ە کە دە (تاریک وڕوون)ەکەیدا چاپکراوە:

« لەسەر دوندی چیای سەربەرزی هەڵگورد
ڕەوەی هەورم لە ژێر پێم دا بەدی کرد
تەماشای دیمەنی سەوزی وڵاتم
منی سەرسام و شاگەشکە و خەنی کرد»

بەداخەوە ئەمن تووشی هەڵە بووم و ئەو شێعرەم بە نێوی کاک عەلی حەسەنیانی«هاوار» دە لاپەڕەی (۱۳۰)ی(بزەی زەمەند)دا چاپکردووە.

هیوادارم ئەو بەڕێزانەی کە«بزەی زەمەند»یان لەبەر دەست دایە ئەو شێعرەی لێ دەرباوێن. بە هیواشم کە دە چاپی دووهەمی دیوانەکەدا ئەو هەڵەیە ڕاست بکرێتەوە. وێڕای داوای لێبووردن لە تامەزرۆیانی شێعر، پڕ بەدڵ سپاسی هاوڕێم«مامۆستا ئاشق»دەکەم کە ئەو هەڵەیەی بۆ دەرخستم.

پاییزی ۱۹۹۵ ـ ئاڵمان

* *بزەی زەمەند*، عەلی حەسەنیانی«هاوار»، چاپی یەکەم، ۱۹۹۳، ئاڵمان، بڵاوکەرەوە: هێدی.

**پاشماوەی ل ۳۵ ( ئەفسانەی ئاریایی)**

ئارياييەکان چرای شارستانییەت لە دنیادا دەکوژێنێتەوە. بە پێی چلۆنایەتی دابەش کراویی چەکی ئەتۆمی لە سەر عەرزدا، زۆرتر وێدەچێ کە ئەوە خودی هیندوونۆڕووپاییەکان دەبن کە چرای شارستانییەت لە دنیادا بکوژێننەوە. هەر چۆنێک بێت ئێمە نابێ بە ناهومێدی کۆتایی بەم وتارە بێنین، بەڵکوو دەبێ هیوادار بین کە وەبیر زلهێزەکان بخەینەوە کە جیاوازیی سیاسی ئەوان هەر چی بێ، کاتێک ئەوان لەگەڵ یەک قسە دەکەن کەڵک لە وشەگەلێک وەردەگرن کە زەمانێک هاوبەش بوون، ئەو زەمانی کە ئەوان زمانێکی هاوبەش، مەڵبەندێکی هاوبەش و باوەڕگەلێکی هاوبەشیان هەبوو. ■

*(ئەم وەرگێڕدراوەیە بەشی کۆتایی کتێبی دوکتور "جی. پ. مالۆری" ( J. P. MALLORY )یە بە نێوی "بە شوێن هیندوونۆڕووپاییەکاندا*

*(IN SERCH OF THE INDOEUROPENS)*



# وتووێژێک

## لەگەڵ

# کاروان عەبدوڵلا

**ئامادەکردن: ق. ریانی**

**● کاروان عەبدوڵلا، لە کوێ هاتویتە دنیا و یەکەمین نووسینت چی بوو؟**

ــ لە شارۆچکەی ڕەواندوزی باشووری کوردستان.. یەکەمین نووسینی بڵاونەکراوەم شێعر بوو. هەر لە شانزە و هەڤدەساڵییەوە، شێعرم دەنووسی ، کلاسیک و نوێ! بەڵام خۆشبەختانە ئەوکات هیچیەکم بڵاونەکردنەوە، چونکە بەڕاستی ئەمەش دوایی بۆم دەرکەوت، زۆربەیان لە ئاستێکی هونەری نزمدا بوون. لەلایەکی ترەوە، هەستم دەکرد ئەوەی دەبوا دەریبڕم بەشێعر پێمنەدەکرا و دادی نەدەدام. لەمەش ڕاستتر هەستم دەکرد کە دەتوانم شێعر بنووسم بەڵام شاعیر نیم! بە گەڕان و بەردەوامبوونم لە دنیای ئەدەب ، شێوە نووسینێکی فراوانتر وهەراوترم دۆزییەوە، ئەویش چیرۆک بوو ، کورتەچیرۆک. ئەوەبوو هەر لەسەرەتای ساڵی هەشتا ، یەکەمین چیرۆکم بە نێوی «پەنگر»لە حەفتەنامەی هاوکاریدا بڵاوکردەوە. ئەوکات بە نێوی کەماڵ دەمنووسی.. کاتێک لە ساڵی ١٩٨٢ەوە ڕووم لە شاخ کرد ، نێوی (کاروانم بۆ کاری ئەدەبی و پێشمەرگایەتی هەڵبژارد. لە شاخ جارێکی دی ملم لە شێعر نا. بەڵام چۆن شێعرێک! زۆربەی لە چوارچێوەی سیاسەت و حیزبایەتی دەرنەدەچوون. دیارە شێعریش کە ببێتە هاوڕێی حیزب، یا چاکتر وایە بڵێم (بە حیزب کردبی شێعر) ، ئەوە حسێب بۆ ئاستی هونەری ناکرێ. بە ڕای من هەرچەندە شێعرەکەش بەرز بێ، مادام لە بازاڕی حیزبایەتیدا ڕەواجی هەبێ ئەوە بە تێکشکانی ئەو حیزبە شێعرەکەش ماڵئاوایی لێدەکرێ!

**● ئەدی بۆ هێندێکیانت بڵاوکردنەوە؟**

ـ ڕاستە، بەڵام لێیان پەشیمانم.

**● بەڵام ئەمانە بەشێکن لە مێژووی ژیانی ئەدەبیت، بۆ پەشیمانیت؟**

ـ پەشیمانم، چونکە لە کاتی نووسینیاندا زۆرم لە خۆم کردووە، ئەگەر خوڕسکی و جێی قەناعەتی تەواوم بووبایە، ئەوە ڕەنگبوو شانازیم پێوە کردبان. لەگەڵ ئەمەشدا دیسان هەر بەشێکن لە ژیانی ئەدەبیمدا...

**● باشە پێت وانییە ژیانێکی دیکەش لەودیو ژیانی پێشمەرگایەتی و شاخ هەیە.. مەبەست ژیانی خەڵکە لە شار وگوندەکان، بۆچی نووسینەکانت بە گشتی لەو بەشەی ژیانی خەڵک مایەی وەرنەگرتووە؟**

ـ جارێ بابەتی هەر چیرۆکێک جگە لەوەی خەسلەتی تایبەتیی شوێن و زەمانی خۆی هەیە، لە شوێن وزەمانەکانی دیکەی دەورووبەریشی جیاناکرێتەوە. کە باسی ژیانی پێشمەرگایەتی و بەرەنگاری و شەڕی خۆ بە خۆییش دەکەم، لە وابەستەییان بە ڕووداوەکانی دەورووبەر دوور ناکەمەوە.

کە من باسی پێشمەرگەیەک یا چەکدارێکی ڕژێم دەکەم، هەوڵدەدەم لە خەسلەت وسیمای خودی قارەمانەکە دەرنەچم و لە کاریگەرێتی واقیع و ڕووداوەکانی تریشدا نەیپچڕێنم. ئەو گیر وگرفتە تایبەتییەی بۆ پێشمەرگەیەک دێتە پێش، زۆر زەحمەتە ڕووبەڕووی شارستانییەک بێتەوە.. بەهەرحاڵ ژیانی پێشمەرگەش بەشێکە لە ژیان بە گشتی.

**● واتای ئەدەبی پێشمەرگەت پێ ڕاستە؟**

ـ پێشمەرگە مرۆڤێکی داپچڕاو نییە لە کۆمەڵ. زاتەکەشی لە زاتی کۆمەڵ جیاناکرێتەوە، بۆخۆی قارەمانی نێو ڕووداێکە کە لە نێو کۆمەڵگایەکی ئینسانیدا پێی گرتووە و کەسێکی نامۆ و سەربەخۆ نییە و لە کونی ئەشکەوتەوە ناچێتە بەر دەرگای شارستانییەت.. بەپێچەوانە ئەو زاتە وجودێکی شارستانی ــ لادێیی کۆمەڵایەتییە و بەو خاسییتەوە ڕوو لە شاخ دەکا و تێکەڵ بەو ژیانە نوێیە دەبێ، بۆیە ئەو زاراوەیەم پێ ڕاست نییە و باشترە بگوترێ ئەدەبی شاخ، کە هەموو جۆرە داهێنانێک دەگرێتەوە ئەوەی لە شاخ نووسرابێ.

**● وا وێدەچێ شاخ کارتێکردنێکی نێگەتیڤانەی هەبووبێ لە ژیانی ئەدەبیتدا؟ بە واتایەکی تر سیاسەت خۆی لە کاری ئەدەبیت هەڵدەقورتاند و ڕێگەی داهێنانی ڕاستەقینەی لێدەگرتی.**

ــ نا، بەم شێوە نییە، من زیاتر باسم لە تەجرەبەی شێعری کرد، کاتێک لە شاخ بووم، ڕەنگە ئەو قۆناخەش زیاتر خۆخەریک کردن و بۆشایی پڕ کردنەوە و کارتێکردنی مناسەبات بووبێ، بەڵام شاخ، چەک، پێشمەرگە، بەرگری، سەختی و شەهیدبوون و ڕزگاری کوردستان... هتد، ئەمانە ئەزموونێکی نوێ و هەوێنی شێوە نووسینێکی دیکەی ئەدەبی بوون. ئەمانە خەیاڵ نەبوون، واقیعێک بوون و لە گەڵیان دەژیام. ئەمانە سەمبولی لوتکەی فیداکاری و مانەوەی ڕوحی گەل بوون کە منیان پەلکێشی دنیای چیرۆک کرد و لەوێ هەریەکەو شوێنی تایبەتی خۆی گرت و لە چارەنووسی خۆی دەگەڕا و دەیپرسی و... زۆر جار منیشیان دەکردە بەشێکی بەسەرهاتەکانیان.. یان چاوی منیان دەکردە چرای ژین وژیانیان کە ئەمەش دیسان جێی باسێکی تایبەتە و ڕەنگبێ لەو چاوپێکەوتنەدا نەتوانرێ بە قووڵی و دووروردرێژی باسی لێوە بکرێ.

**● نووسەر وفەلسەفەکەی چ کارتێکردنێکیان لە سەر نووسین هەیە؟**

نووسەر بیەوێ و نەیەوێ، هەندێ لە بیرو بۆچوونە فەلسەفییەکانی خۆی دەکاتە بەشێکی ڕەوتی نووسینەکە.. نووسەر ئەگەر سیاسیش نەبێ، مەبەستم زیاتر(حیزبێتی)یە، ئەوە ڕۆشنبیریی و پەروەردەی تایبەتی خۆبەخۆ دەبێتە بنچینەی فەلسەفی و بۆچوونی تایبەتی نووسەر، کە بێشک لە نووسینەکانیدا ڕەنگ دەدەنەوە...

**● باشە، بۆ پێتوایە چیرۆکنووس بتوانێ بە تەواوی خۆی لە کارتێکردنی هەموو ڕۆشنبیرییەکی دەور و بەر ڕاگرێ و واقعییانە مامەڵە لەگەڵ قارەمانەکانی بکا؟**

ـ جارێ، من پێموا نییە چیرۆکنووس لە دنیادا هەبێ و جورئەتی ئەوە بکا وبڵێ: لە ژێر کارتێکردنی هیچ چیرۆک و چیرۆکنووسێکدا نەبوومە و سەد لە سەد ئەوەی دەینووسم بەرهەمی زاتی خۆمە. چیرۆکنووس وەک مرۆڤ، پێکهاتوویەکی کۆمەڵایەتی ـ ڕۆشنبیریی گشتییە کە سەرەتای دید وبۆچوونی فەلسەفی ، لە هەست ونەستیدا جێگر بووە و بە درێژایی

رۆژگـار، لە ژێر کـارتێکردنی دەوروبەر وخـۆ رۆشنبیرکردن و پەرەپێدانی ئەزموونی نووسین، دید وبۆچوونی فـەلسـەفـیـشی لە ئاڵوگـۆڕ وپەرسـەندندا دەبێ و کـە دەست بە نووسـینیش دەکا هەمان فـەلسـەفـەکە ڕەنگ دەداتەوە با بە ئاڵۆزی و پچڕپچڕیش بێ. گیر وگرفتەکە، لە دید وبۆچوونی فەلسەفی چیرۆکنووس نییە، چونکە ئەگەر باس لە نووسەریش نەکرێ، ئەوە خودی قارەمانەکان لەو قۆناخەی تێیدا دەژین پێبزانن یانەزانن فکری فەلسەفییان هەیە. گیروگرفتەکە لەوەدایە کـە چیـرۆکنووس یا نووسـەر هەوڵی بە(حیزبکردنی) فەلسـەفەکە بدا. بەداخەوە لە یەکـەم ڕۆژی حـیـزبایەتی(لە ڕۆژهەڵات) ئەندامـەکـان وا لێڕادەهێنن کە نووسین دەبێ لە خزمەتی ئامانجەکانی حیزبدا بێ. من هەوڵم داوە، دید وبۆچوونەکانم (بە حیزبێتی نەکەم)، ڕاستییەکەی نەمتوانیوە و ناشتوانم خۆم لە سیاسـەت لادەم، بەڵام هەردەم باوەڕم بەوە بووە کە ئەگەر ئەدەب ببێتە حیزبایەتی ئەوە داهێنانی تێدا نامێنێ و بەرەو خانەی پڕوپاگەندە و وشک وبرینگیی دەڕوا.

● **بەڵام تۆ لە«کـێـوی مـەزن»دا باس لە شـەڕی براکـوژی دەکـەی و هەوڵت داوە (هیـوا)وەک کۆمۆنیستێکی واقعبین و ئاشتیخواز بخەیتە ڕوو.. ئەدی ئەمە ئەدەبی لایەنگیری و حیزبێتی نییە؟**

ـ پێـشـەکی من هەوڵم داوە واقـعی بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستان، بەو پێیەی خۆم لێی تێگەیشتووم بخەمە ڕوو. بڕینی(کێوی مەزن)، بۆ قارەمانەکان مانای خەبات و بەردەوامبوون و سووربوون دەگـەیێنێ، ئەوان دەیانەوێ لە سـەر حسێبی یەکتر، بە لە ناوبردنی یەکتر، بگەنە ئەو لوتکە.. بەڵام نەک هەر ناگەنە ئارەزوو، بەڵکوو بە تێکشکانی هەمووان کۆتایی دێ. خودی ئەو قـارەمـانانە جگە لە هیـوا، لە نێـو خـۆدا یەک کـەسـایەتی پچـڕپچـڕ پێکدێنن، ڕوونتـر قـارەمـانێکی چەند کـەسـییـە لە نێـو یەک کەسێتیدا، کەسەکان دژی یەکترن و یەکتر ڕاودەنێن! قـەیرانەکـەش لە بنەڕەتدا لە بەر کوردستانێتی نەبوون و عەقڵیەتی دواکەوتوویی هێزەکان دایە، هەر بۆیە ئەم شەڕە نێو خۆییە بە ئاسانی ئابڕێتەوە و خەڵکی کـوردستـانیش بۆ گـەیشتن بەو لوتکەیە دەبنە سـووتەمـەنی، ئەو کـەسـایەتیـیـە ناتەبایە و ئەو عـەقـڵـیـەتە دواکەوتوویە. هەر بەشێکی لەو زاتە دابەشبووە، قارەمانێکی بۆ خۆ سازکردووە، قارەمانەکان لە شـەڕێکی بێ وێنەی مـان و نەمـان دان لەگـەڵ یەکدی.

● **ئەدی هیوای کۆمۆنیست؟**

ـ هیواش بە گشتی قارەمانێکی سەلبییە لە نێو بزاڤەکە و ئەوەکوو هەر ناتوانێ ببێتـە بەشێکی بزاڤەکە، بەڵکوو کارەساتەکەدا لەوە دایە کە هێزە کوردستانییەکانیش لە نێو پەتای بیرکردنەوە و بۆچوونی هیـوادا خـولدەخۆنەوە و ڕزگـاربوونی کوردستانی باشوور لە بەعیراقیبوونی کوردستان دەبینن یان بە شـێـوەیەکی دی «شـۆڕش»ی کوردستان لە بە«هیوا»بووندا دەبینن!

● **تۆ بە تەواوی باسی سیاسەت دکەی...**

ـ باسی حـیـزبایەتیش دەکـەم، بەڵام لە دیدی ئەدەبەوە، یا بە زمـانی ئەدەب و بەچاوێکی ڕەخنەوە لە حیزبایەتی و سیاسەت دەدوێم.. من باس لە گەورەترین کارەسات دەکەم کە لە ماوەی سی سـاڵی ڕابوردوودا لە نێـو هێـزە کـوردسـتـانیـیـەکـان بەرپاکـراوە و شـۆڕشی کوردستانیان پێ لاواز و بێ توانا کردووە.

● **باشە با بێینەوە سەر کورتە چیرۆک، تا ئێستا چەند کـورتە چیـرۆک یا نامـیلکە وکـتـێـبت بڵاوکردوونەتەوە؟**

ـ کـە لە شـار بووم چەند کـورتە چیـرۆکم بڵاوکـردنەوە، لە شاخ کـۆمـەڵێکم خسـتنە سەر لاپەڕەکـانی گـۆڤـار وڕۆژنامـەکـان، هێندێکیش بوونە قوربانی شەڕی براکوژی... ڕۆمـانێکم کە لە سـەر شـەڕی عـیـراق ـ ئێـران نووسـیبوو، لە گـونـدی نازەنین، دوای هەڵاتنم لەو ناوچەیە بەجێمهێشت و نازانم چی بە سەرهات...

کۆمـەڵێک کورتە چیرۆکم وەرگـێڕدراونەتە سەر زمانی عـەرەبی وفارسی، تا ئێستاش دوو کتێبم لە چاپ داون، یەکێکیان کورتە ڕۆمانی (کێوی مـەزن)ە و ئەویدیش (هەژان) کـە چەند کـورتە چیـرۆکـێکن، ئەوەی لەبەر دەسـتـیـشم دایە ڕۆمـانێکە کـە زادەی غـوربەت و نامـۆیی بوون وڕادەی بۆچوونمە لەمـەڕ شـارسـتـانیـیـەتی ڕۆژئاوادا. هێشتا پاکنووسم نەکردووە!

● **بە ڕای تۆ ئاستی کورتە چیرۆکی کـوردی لە کوێ دایە؟**

ـ بە بەراوردکـردن لەگـەڵ چیرۆکی جـیـهـانی، بێگومان زۆری ماوە، ئەمەش کارێکی ئیرادەوی نییـە، کـە بە زۆر لە چیرۆکی جیـهـانی نزیک کەیتەوە. ئەمە پرۆسەیەکی مێژوویییە و چەندان هۆکـار دەبنە هاندەری پێشکەوتن یا ڕێگرتن لە ڕەوتی پرۆسـەکـەدا.. لەگـەڵ ئەمـەشـدا، بە ڕەچاوکـردنی قـۆناخی پەرەسـەندنی کـۆمـەڵگای کـوردسـتـانیی، دەبینین چیـرۆکی کـوردی، پێشکەوتنی زۆری بە خۆوە بینیوە. هەر لە کورتە چیرۆکەوە تا دەگاتە ڕۆمان.. کورد ئێستا دەکرێ بگوترێ ئەوەکـوو تەنیـا چیـرۆکنووسی هەیە، بەڵکوو ڕۆماننووسیشی هەیە. ئەوەتا لە باشوور، حـسـێن عـارف، عـەبدوڵڵا سـەراج، شـێـرزاد حـەسـەن، مـەم بۆتانی، سـەلام مـەغمی، مـەولود ئیـبـراهیم، حسـام بەرزنجی، عـەزیزی مـەلای ڕەش... هەروا بە دەیانی تر، کـە ڕۆمـاننووس و چیرۆکنووسی چاکن وهێندێکیان زۆر باش بەرەو پێش دەچن.

● **بەڵام هێشتا کورد لە بواری ڕۆماننووسیدا زۆر هەژارە..**

ـ ڕاسـتـە، ئەگـەر لەگـەڵ پێشکەوتنی ڕۆمـانی جیـهـانیـدا بەراورد بکرێ، بەڵام ئەگـەر قـۆناخ و تایبـەتمەندی هەلومـەرجی گـەلی کـوردسـتـان لەبەر چاوبگیرێ ئەوە هەنگاوی چاک هەڵێنراوە، خۆ لە پارچەکـانی تریش ڕۆمـاننووس و چیـرۆکنووسی چاکـمـان هەیە، وەک مـحـەمـەد ئوزون، محەمەدئەمین بوزئەرسلان و باقی نازێ وعەرەب شەمۆ و سیامەند شێخ ئاغایی ودەیانی تر...

● **با بێـینەوە سـەر کـورتە چیـرۆک.. دەڵێن ڕۆمـاننووس دەبێ بە قـۆناخی کـورتە چیـرۆکـدا تێپەڕێ، تۆ چی دەڵێی؟**

ـ من ئەوەی بزانم، زەحـمـەتە نووسـەرێک لەپڕ ببـێـتـە ڕۆمـاننووس، ئەگـەر سـەیری ژیان و پەرەسـەندنی هونەری چیـرۆکی نووسـەرە بەناوبانگەکانی دنیا بکەین، دەبینین هەموویان لە سـەرەتاوە کـورتە چیـرۆک و چیـرۆکی نیمچەدرێژیان تاقیکردۆتەوە وتیایدا سەرکەوتوو بوون.

● **تۆ بڵـێی کـورتە چیـرۆک دەرگـایەک نەبێ بۆ چوونە ناو دنیای ڕۆمان؟**

ـ بە دڵنیـاییـەوە، ئەوەکـوو دەرگایە، بە ڕای من کلیلی دەرگای ڕۆمانە!

● **کە واتە ئەوانەی یەکسەر دەست لە نووسینی ڕۆمـان دەدەن، لە بەردەم دەرگـایەکی قـوفـڵـدراو وەستاون؟**

ـ مـەسـەلەکـە ئاوا سـەیر ناکرێ.. ڕۆمـاننووسین، وەگەڕخستنی ئەزموونێکی زۆرە لە بواری کورتە چیـرۆک و چیـرۆکی درێژ.. هەروا دەرککردنێکی قـوڵی ڕۆشنبیـرانەی هەمە لایەنەی ژیانە لە لایەن نووسەرەوە کە لە کاتی نووسینی ڕۆماندا پەلوپۆ دەهاوێ و ژیانێک دەخـولقـێنێ کـە تیـایدا گـیـانلەبەر و بێ گـیـان دەردەکـەون بە پێی تایبەتمەندی خۆیان و سەردەمی خۆیان و سەمتی ژیانەکە هەڵدەبژێرن. ئەگـەر نووسـەرێک لەگـەڵ خۆیدا تاقـیکـردنەوە و ڕۆشنبیـرییـەکی چاکی لە سـەر لایەنەکـانی ڕووداوە کـۆمـەڵایەتیـیـە

←

مێژووییەکان نەبێ، ئەوە زەحمەتە بتوانێ لە دەرگای ڕۆمان بدا و وەژوور کەوێ.

**● ئێستا کۆمەڵێک چیرۆکنووسمان هەیە کە زۆربەیان لە بواری کورتە چیرۆکدا کەموزۆر بەکارن وناویان دەرکردووە، ئایا پێشبینی لەوە دەکرێ کە لە نێو ئەوانەدا ڕۆماننووسی چاک سەرهەڵبدەن؟**

ـ بۆ نا.. بەڵام ئەمە لەسەر کۆمەڵێک هۆکاری گرینگ دەوەستێ، بەر لە هەموو شتێک چیرۆکنووس، بواری لە چاپدانی بۆ ئاسان بکرێ، لە ئەزموون بەرەوپێشبردن و خۆڕۆشنبیرکردن دەست هەڵنەگرێ.. بۆ نموونە لە باشووری کوردستان چیرۆکنووسی باشمان هەن، ئەوانە ئەگەر هەلومەرجی شەخسی و بواری بلاوکردنەوە، ڕێگەیان لێنەگرێ، دەتوانن ڕۆمان بنووسن.

**● تۆ خۆت زیاتر بە ڕۆماننووس دادەنێی یان بە چیرۆکنووس؟**

ـ جارێ من هەتا ئەمڕۆ کورتە ڕۆمانێکم بلاوکردۆتەوە، ئەمەش ناکرێ ونابێ بکرێتە بەڵگە بۆ ئەوەی خۆم بە ڕۆماننووس دابنێم. بەڵام ڕەنگبێ بەشی دووەمی پرسیارەکە، من بگرێتەوە، بە دڵنیاییەوەش دەڵێم بەڵێ توانای ڕۆماننووسینم هەیە، بەڵام..!

بەڵام هەرچەند بیردەکەمەوە کە سوود لەو وەختەی خۆم وەرگرم، کەچی ناتوانم. ڕۆژ بە ڕۆژیش دەگەمە ئەو قەناعەتە، کە میکانیزمی ژیانی ئێرە هەستی بێگانەبوونی هەموو شتێکت لە لاوە بۆ دەخولقێنێ. کاتێکیش مرۆڤ لەگەڵ دەوروبەردا بێگانە بوو لەگەڵ قووڵ بوونەوەی ئەو حاڵەتە، لە خودی خۆشی بێگانە دەبێ، کە وەزعیش بەمە بگا، زەمەنیش بێگانە دەبێ، و نووسەر ناتوانێ لە نێو خۆیدا هەست بە ژیان بکا، بۆیە من لێرە بم بە دوو دڵییەوە دەست بۆ ڕۆماننووسین دەبەم، ڕەنگبێ هەمان دوو دڵیش ببێتە هۆکارێکی نێگەتیڤ لە کاتی داهێناندا.

**● ئەی چۆن لەم غوربەتییەدا، لەم بێگانەبوون و دوودڵییەدا، دەستت داوەتە نووسینی ڕۆمان؟**

ـ بەشەڕە شەق.. نووسین فشارم بۆ دێنێ، ئەگەر نا وەکوو گوتم ژیانی ئێرە بە گشتی ڕێگەگرە لەبەر دەم نووسین..

**● دەنا لێرە نووسەرێکی زۆر سەریان هەڵداوە، هەلی بلاوکردنەوەشیان بۆ ڕەخساوە و ڕەنگبێ کاری چاکیش پێشکەش بکەن..**

ـ ئەوانەی تازە دەگەنە ئەورووپا، گەرمێتی وەبەرهەمهێنان وبلاوکردنەوەیان پێ دەمێنێ، دوای چەند ساڵێک ئەگەر زۆر وریا نەبن، نووسینەکانیان هێندە لاواز وچرۆک دەبێ، ڕەنگبێ بە تەواویش وشک ببێ وبە دەردی نووسەر بچێ! خۆ ئەو نووسینانەی لێرەش بەرچاو دەکەون، زۆربەیان لە نووسراوەی دەستکرد و زۆرلەخۆکردوو دەچن. تیاشیاندا هەیە کارێکی هونەری چاکی پێشکەش کردووە.

**● مەبەستت ئەوەیە نووسەر لە وڵاتەکەی خۆیدا زیاتر دەتوانێ ئیبداع بکا؟**

ـ بێگومان، نووسەرە بە ناوبانگ و ڕەسەنەکان، چاکترین نووسینیان لە نزیکی و گەرمایی لە ئامێزگرتنی وڵاتدا، سەری هەڵداوە. ئەمە بەو مانایە نییە کە نووسین یا ڕۆمانی چاک لە دەرەوەی وڵات، یا لە تاراوگە نانووسرێتەوە.

**● دەی کەواتە نووسەران (بە قسەی تۆ) بۆ ئەوەی چاکترین نووسین پێشکەش بکەن دەبێ، بچنەوە وڵات، وا نییە؟**

ـ ئەگەر وڵاتەکەیان لێنەکرێ بە مەنفا.. بۆ نا! بەڵام بۆ نووسەری کورد لە هەر چوار پارچەکە، کارێکی ئەستەمە، ئێمە تەمایەکی گەورەمان بە باشووری کوردستان هەبوو، دەتوانم بڵێم زۆربەی نووسەرانی کوردستان لە دڵەوە بڕیاری ئەوەیان دابوو، کە باشوور بکەنە لانەی خۆیان و قەڵەم و نووسینەکانیان، بگوازنەوە و لەوێ خزمەتی ئەدەب و ئەو بەشە ڕزگارکراوە بکەن.. بەڵام بینیمان چ بەزمێک، چ تاوانێک دەرهەق بەو کۆرپە ساوایە کرا و چۆن لە نێوان ئەو دوو حوکمڕانەدا، تۆپ تۆپێنی پێدەکرێ.

**● گەڕاینەوە سەر سیاسەت، تۆش لە کێوی مەزندا، باسی شەڕی براکوژی دەکەی، ئەم شەڕە لەعنەتییە جاران لە شاخ و کێوەکاندا بوو، کەچی ئەمڕۆ یەخەی چوار پێنج ملیۆن کەسی گرتووە و خەڵک پێیەوە دەناڵێنن، تۆ بڵێی گەلی کوردستان دەبێ چارەنووسی وابێ و ئەو قۆناخە ببڕێ؟**

ـ ئەگەر وابێ دەبێ چاوەڕوانی ئەو لەعنەتییە لە پارچەکانی تریش بکرێ.. خۆ کەموزۆر ئەو شەڕانە لە شاخ و کێوەکانی پارچەکانی تریش کراوە، بەڵام مەترسییەکە ئەوەیە لە دوارۆژدا، تاعوونی شەڕ شارەکان بگرێتەوە. ئەوەی لە باشووردا دەقەومێ، دواکەوتوویی و دڕەندەیی و خۆپەرستی و دەسەڵات پاوانکردنە لە لایەن (مۆدێرن خواز ودێموکراتخوازەکان)ی کوردستانەوە. لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە کە لە ژێر چەتر و سێبەری نێو دەوڵەتیدا، شەڕی بەنێو پێشکەوتن و دواکەوتن، شەڕی چەوساوە و چەوسێنەران، تالان و دەستپاکی.. دەکەن، لەسەر کەلاوەیەک بەشەڕ دێن، هاکا بەسەر سەری خۆیان وخەڵکدا داڕما. لە هەلومەرجێکی ئاوادا نووسەران، نووسەرە کوردە بێدەوڵەتەکان، بیر لە چی دەکەنەوە، بێگومان لە هەڵاتن و ڕێگا دۆزینەوە بۆ خۆ ڕزگارکردن، زیاتر هیچی تریان بە مێشک دانایە، مەگەر ئەو نووسەرە شەڕخوازانە نەبن کە وەک حیزبەکانیان بیردەکەنەوە و وشەکانیان دەکەن بە تۆپی شەڕەکان و لەزەت لە خوێن وجەستەی پارەکراو و ماڵی تەپیو و برسێتی دەبەن؛ ئەوانە نەک هەر حەز بەمانەوە دەکەن بەڵکوو زمانیان سنووری وڵاتەکانیش دەبڕێ و بێ شەرمانە داوا لە ڕۆشنبیری کوردیی هەندەران دەکەن کە پاڵپشتی لە شەڕە دۆڕاوەکانیاندا بکەن و هەڵوێستی کوردانە وەربگرن.. ئەمانە بە هەق لەو چەکدارە نەفام و گێل و برسی و دۆڕاوانە تاوانبارترن، ئەمانە ئەسڵەن هەڵگیرسێنەر وئاگرخۆشکەری شەڕن، چونکە بە وەعی وئاگاییەکی زۆرەوە دەئاخڤن ودەزانن چۆن یاری بە دەماری ڕق وتۆڵە بکەن و قورسایی بدەنە پەنجەی سەر پەلاپیتکەی چەکبەدەستان و موچڕکەی خۆشی لە دیمەنە ترسناکەکان هەڵێنجن و بە جەستەی شەڕکەرەکاندا هەڵخزێن.

**● تۆ بڵێی ئەو جۆرە کەسانە ڕۆژێک بە ئاگا نەیێنەوە و ویژدانی کوردانەیان نەجووڵێتەوە و ئەو شەڕە جێ نەهێڵن؟**

ـ ڕەنگبێ تاک وتەرایان هەڵوێستی وا وەربگرێ، بەڵام زۆربەیان کە لە فەزای شەڕ و خوێنڕشتندا دەبنە بەشێکی ئەو شەڕە، زەحمەتە، بتوانن خۆیان ڕزگار بکەن، چەکدارێکی سادە زۆر بە ئاسانی دەتوانێ چەک فڕێ بدا، بەڵام نووسەرێک کە بەشداری لە شەڕ و (هەقانیەتی)شەڕەکە دەکا، ڕۆژانە ویژدانە ئینسانییەکەی لەدەست دەدا و وەک سەربازێکی بڵیندگۆ لەدەستی لێدێ ولە نێو ئەو بڵینگۆیەدا گوللە و تۆپ دەتەقێنێتەوە، لە پشتی هەر گوللەیەک، هەر تۆپێک کە ڕووەو سینگەکان دەچن، هێزی مەعنەوی پڕ لە فشاری نووسەرە شەڕخوازەکانە.. ئەمە ڕاستییەکە وخۆشیان پەی پێدەبەن. بەڵام چونکە بوونەتە (سادیست) پەکیان پێناکەوێ.

**● ئەمڕۆ نووسەرێکی زۆر لە دژی ئەم شەڕانە وەستاون و ڕۆڵێکی کاریگەریش دەگێڕن لە وەجۆشخستنی بزافی خەڵکی ئاشتیخواز، تۆ وەک نووسەرێک چۆن لەو چالاکییانە تێدەگەی و ئەمە تاکوێ بڕ دەکا؟**

ـ بەڕای من، هەر نووسەرێک لە دژی شەڕ وشەڕخوازان بێ، ئەمە نووسەرێکی ڕاستەقینەیە

وەدەربڕی ویژدانی خـەڵکە. شـەڕخـوازان لە نووسەری ڕاسـتەقینە دەترسن، چونکە نهێنی شەڕ وسیاسەتەکانیان لە قوڕ دەنێ و نەفرەتی لێدەکا. نووسـەری ڕاسـتەقـینە، جەمـاوەر لە مەترسی شەڕ وداهاتووی گەلی کوردستان ئاگادار دەکـاتەوە، بەڵام نووسـەری سـەر بە شـەڕخـوازان، سەربازێکی وشـیـار و گوێڕایەڵ و کڕنۆشبەرە. ئەوەی لە هەولێر ڕوویدا و سـەدان خـەڵک ڕژانە سەر جادە ولایەنگیری خۆیان لە ئاشتی دەربڕی و وەڵامی ویژدانی ڕاسـتـەقـینەی نووسـەرانیـان دایەوە، دەرسـێـکی گـرینگ بوو بۆ نووسـەران، ئەوانەی تۆزقـاڵێک ویژدانی مرۆڤـانەیان مـابێ دەبێ ڕیزی شەڕ بەجێبهێڵن.

● **هیچ چیـرۆکـێکت لەسـەر ئەم کـارەسـاتانە نووسیوە؟**

ـ بەڵێ، داسـتـانی گـوللەبـاران کـردنی کـۆمـەڵێ دیلە. هەمـوو کـارەساتەکانی ئەو شەڕانەم لەوێدا کـۆکـردۆتەوە. ویژدان لە قـوولایی جـەسـتـەی چەکدارێکدا کە بەشداری لە گوللەباراندنەکەدا دەکا و لە دواییشدا بۆی دەردەکەوێ کە یەکێک لەو کوژراوانە برایەتی، ئیدی تف و لەعنەت لە خـۆی و دەوروبەر وچەکـدار و لێـپـرسـراو و سەرکردەکان دەکا.. هاوارێکی دڵتەزێنی لە دەم دەردەچێ، مـوچڕکی ترسناک بە لەشی مرۆڤـدا دێنێ، لوولەی تفەنگەکە لە لێپرسراوەکان دەکا، بەر لەوەی پەلاپیـسـتـکـەکـە بۆ دواوە بێنێ، دەسـتـرێژێکی لێـدەکـردێ و لەوێ لەسـەر دەم دەکەوێ... ■

**ئەگەر نەتخوێندوومەوە! بمخوێنەوە!!**




# لە لاپەڕەکانی سەرلێ شێواو

**ع. دیاکۆ**

ئاسـمان و شـەو، شـەو و ئەسـتێرە، ئاسـمان وشۆق، شۆقی ئەستێرە، ئەستێرە و ئاسمان ...

ئاسـمـان ئەیدەویست، ئاواڵێتی ئەسـتـێرەی نەدەویست... ڕەشـایی، ڕۆژی ڕەش، شـەو بـا هەزار جار ڕەشتر بێ، کوا چاو؟! چاوی ڕوانین، چاوی سەیر و تەماشا.

ئاسمان چاوی دیتنی عەرزی نییـە. ئاسمان هاوار بۆ ئەو بەری خۆی...، ئەوبەری ئاسمان دەبا وداوای ڕەشەبا دەکا! چلۆن بایێک؟

بایێکی توند وتیژ کـە بتوانێ ئەسـتـێرە لابا، لێـیـگەڕێ با هەر ڕەشـایی بمێنێ... بێـزاریی، بێزاریی لەچاو، ئاوات.. ئاواتە خوازی کوێری. هاوار!

هاواری ئاســمــانـە، کــوڕە برایان هاواری ئاسمانە.

ئەوە لە کێ تووڕەیە؟

سـەرسـوڕمـاویی، چاولێکردنی بە مـانـا، چاولێکردن بە سەرسوڕماویی، پرسیار؟ پرسیاری بەمانا...

ناکا دەگەڵ ئێمەی بێ؟

ئێمە کوێمان هەیە؟ کوا؟! تەنیا ئاسمانە و بەس، وا پەنا بۆ کـوێ بەرین؟ ئاسـمــان و ئەستێرە، ئەستێرە وئاسمان مانایێکی ئەبەدی.

بێزاریی، بێزاریی لە بێ زمانیی، کـوا دەنگێ پرسیار بکا، داخودا چ بوو؟ چ قەوماوە؟ کامە؟ کـام لە ئێـمـە، کـام ئەسـتـێـرە بە بێ باوەشی ئاسـمـان، شـەوێک بە بارتەقـای عـومـری خـۆی، تاقە شـەوێک سـەری نابێـتـەوە؟ کـوانێ باوەشی گەرم؟ کوا لای لایەی شەوانە؟

پەنا، کــوانێ پەنادەر؟ پەنای ئێــمــە بەس ئاسمانە، هاوار هاواری ئەستێرانە.

***

زەمان! کوا زمـانی قسە و زمانی گێڕانەوە؟ کام زار دەتوانێ بۆتانی بگـێـڕێتـەوە؟ کـوا دڵ؟ دڵی گێـڕانەوە.. کـوا وشە؟ هەزار هەزار ئەلف وبێ، هەزار وشــە هەڵاتن کــاتێ ویســتـم بۆتانی بگێڕمەوە...

ڕۆڵەکـانم! ڕۆڵە شـیـرینەکـانم، ئەسـتـێـرە جـوانەکـانم، وەرن.. وەرنە باوەشم. وەرن چارم ناچارە، وەرن هەر من دەزانم...

هەمـوو ئەسـتـێـرەکـان لە باوەشی ئاسـمـاندا خڕبوونەوە. ئاسمـان زمانی لای لایەی نەمابوو، ئەستێرە خەویان لەچاو زڕابوو، ئاسمـان دەنگی نەبوو، ئاسمانی خەفەتبار، ئاسمانی بێ وشە...

کوا؟ کوا دەستی هانا؟ کوا وشە؟ کوا وشەیەک دەستی پێ بکەی؟ خۆ بە چاو ناگێڕدرێتەوە.. خۆ بە زاری بێ وشــەش هیچ دەنگێـک مــانای نابێ... هەڵدێن، هەڵدێن ولەکـاتی تەنگانەدا وەگیرم ناکـەون. هەراسانیی، هەراسانیی لە بێ زمانیی.. ئەستێرەکان بێ تاقەت بوون، ئاسمان دەهات بتەقێتەوە...

چاوەکـانم چاو بگـێـڕن، شـەوزیندەدارێکی بدۆزنەوە، شەوزیندەدارێکی مەست و بێهـۆش، بەڵام قـەڵەم بەدەست، قـەڵەمـێکی مـەست، لاپەڕەیەکی مــەست، شــەوزیندەدارێکی هۆش لێـبــراو، بەشکەم توانایی نووســینی هەبێ، بەشکەم توانایی گێـڕانەوەی هەبێ، چاو بگێـڕن ڕۆڵەکانم، چاو بگێڕن چاوەکانم...

***

مەستیی! مەستیی بە کپی، دنیایێکی مات وکپ، بێدەنگیی، بێخەویی، ونبوون، ونبوون لە شـەودا، ئاواڵی شـەو، ڕەشـایی، غــەریبی وخۆنەگرتن، مـەستیی، مـەستیی وهەڵفڕین، هەڵفـڕینێکی بەمـانا، گـەڕانەوە، نەگـونجـان، ناگونجانی مەستیی وهاوار، هاواری مەستیی، قاقای بێ مانا.. لەو وڵاتە ناگونجێ!

پەنا! پەناهێنان، پەنا بۆ قـــەڵەم، پەنا بۆ کـاغـەز، وسـەمـا خـسـتنی قـەڵەم، قـەڵەم وسـەماخستن بەسەر کـاغـەز، حەڵەق مـەڵەق نووسین، ڕەپێنان، ڕەپێنانی وشە، قەرێ قەرێن، قەرێ قەرێنی وشە،خۆشاردەوەکێن، سەما، وشەی مـەست، قـەڵەم نایاندۆزێتـەوە، نەخـوێندنەوەی وشـە، فـام نەکـردن، نەزانین.. زانایی؟! زانایی ومەستیی هەیهات...

⬅



بەیانی سەعات دەی لە خەوێ هەستام. بە عادەت خێزانم دوای ئەو شەوانەی کە زۆر عارەقی دەخۆمەوە، قەڵسە و نێوچاوانی تێکناوە و لەبیانوو دەگەڕێ. جاری وایە لە سەر ڕشانەوە یان قونچکە سیغار لێرولەوێدا فڕێدان وکاغەز بڵاوکردنەوە.. بەکوردی هەموو جارێک بیانوویەکی بۆ دمەچەقە هەیە.

منداڵەکان مرتەقیان نەدەهات وبۆ خۆیان چاویان لە فیلمی کارتۆنی دەکرد. لە دڵی خۆمدا گوتم بە خودای وادیارە ئەوشۆ قەوماندوومە و ڕۆژی هەینییەکەم لێ خرابوو. چاوم گێڕا هەموو وڵات ڕێکوپێک بوو، سەرمێزی نووسینەکەشم کە جاران دەبوایە خۆم خاوێنم کردباوە، خاوێن و ڕێکوپێک بوو. بە بێدەنگیی خۆم گەیاندە دەسشۆرگە و ئاوێکی ساردم بە سەروگوێلاکم داکرد. سەرم هەر لە گێژەوە دەهات و خەو لە چاوم نەدەپەڕی، دەتگوت شەوێ نەنوستووم. ئاوە ساردەکە هەناسەیەکی هێنامەوەبەر.

خۆم بۆ پەلاماری خێزانم سازکرد و هاتمەدەرێ. بە ڕوویەکی خۆش، سڵاو و ڕۆژباشێکی گەرمم لێکرد. بە شێنەیی و لەسەرەخۆیی وەڵامی دامەوە و گوتی: ئەوە نان وچام بۆ ئامادە کردووی، بیخۆ و ئەگەر خەویشت هات برۆ بنووەوە.

سەیرە! شتی وا هەر نابێ. بڕوام پێنەکرد و لە دڵی خۆمدا گوتم: خۆی پێ ڕاناگیرێ، ئەلحان نا ئەلحان دەست دەکا بە گوڕاندن. کە چوومە ژووری نانخواردن، تەماشام کرد نانی بەیانییم بە جوانی بۆ داندراوە. چایەکەم کە تێکرد ئەویش هات وبە فینگەفینگ لە تەنیشتم دانیشت وگوتی: ماڵت نەشێوێ، قەلەن شووشەکەت نیوە کردبا و جارێکی دیکە خواردباتەوە، بەڵام...

- بەڵام چی...؟

- ئەوە چۆنە بە ڕێکوپێکی ئەو چیرۆکە جوانەت نووسیوە، ئەمنیشت وەگریان خستووە ولەوەتا هەستاوم، خۆم پێ ڕاناگیرێ و هەر دەگریم...

لەدڵی خۆمدا گوتم بە خودای بێ ونەبێ گاڵتەم پێدەکا، بەڵام درێژەی بە قسەکەیدا وگوتی: بە خودای زۆر چاکت نووسیوە، بۆوەی دەبێ لە چاپی بدەی.

پێمگوت: هەستە بۆم بێنە..، بۆیەش وامگوت بەشکەم لە کوڵم بێتەوە.

هەستا و چوو بۆی هێنام. چەند لاپەڕەیەک کە بە جوانی لەسەر یەک داندرابوون، لەبەر دەستی دانام. بەسەرسوڕماوییەکی تەواو، بەچاوێکی بێ باوەڕانە دەستم کرد بە خوێندنەوەی شتێک کە خێزانم پێی وابوو من نووسیومە.

***

شەو لە هەرد خزابوو، ئەستێرەکان خۆیان بۆ باوەشی من ساز دەکرد، حیلکەحیلک و تریق وهۆڕی ئێوارەیان تەواوبووبوو. لە شارێکی چکۆلە، لە شارێکی تاریک، لە شارێکی کوردەواریدا، لە ماڵێکدا کچێکی جوان، زۆر زۆر جوان، دەستەوئەژنۆ، لەسەر سەری دایکە نەخۆشەکەی کە درێژ ببوو، دانیشتبوو و چاوەجوانەکانی ـ کە زۆر جار ئاگام لێبوو ئێوە بەخیلیتان پێ دەبرد ـ لە دایکی بڕیبوو...

ئەم شارە لەبەر مۆسیقای تیر و تفەنگ، خەو نەیدەبردەوە، لای لایە لە زمانی تفەنگ، تاقەتی لە چاوی خەواڵوو بڕیبوو، هاتووچۆی گوللە لە شەقامەکاندا، دڵدارەکانی دە ژووری ماڵان خزاندبوو. جێژوانەکان بە تۆپ هەڵدەتەکان. دار ودیوار، حەوش وحەسار، بە مۆسیقای بێوەژنی گوللە، وەسەما دەکەوتن، سەمای ڕووخان.. ڕازانەوە بە خوێن...

ئەم کچە جوانەش، لای لایەی بۆ دایکی دەخوێند، بەو هیوایە کە دایکی گوێی لەم مۆسیقا ناخۆشە نەبێ و خەوی لێبکەوێ وسەرئێشەکەی لە بیربچێتەوە، بەڵام...

بەڵام مۆسیقا لە زمان گوللەی کوێر، کە سەری قارەمانێتی گەرم دادێنێ، سەری قارەمانێتی ئەویشی گەرم داهێنا... ترسی لەدڵدا نەما.. خۆشەویستیی دایکی بە سەر هەزار خەیاڵ وئارەزووی جوان دا زاڵ بوو. لە بیری چۆوە کە شەوە و لەوبەری پەنجەرەوە شەو زاڵە وگوللە بە سەر شاردا حاکمە و لە حوکمی حاکم دەرچوون... «نا، باسی ناکەین، با بڕووخێ ترس...» لە بیری چۆوە، حوکمی خۆشەویستیی دڵی بۆ ئاهەنگ گێڕانێک گەورە کردبوو:

ـ دایەگیان، دایەگیان، ئەلحان لەسەر پەنجەرەڕا هاواری برایانی پاسدار دەکەم، بەڵکوو ئامبولانسێکمان بۆ بنێرن.

دایکی وەڵامی دایەوە:

ـ ڕۆڵە گیان نامەوێ، مەچووە لای پەنجەرە.. هەزار جار دایکت بە قوربانت بێ، هەر کەمێک سەرم دێشێ، وەرە، وەرە تەنیشتم لێی بنوو. دایکی دەستی گرت وچاوی لە سەرێک دانا، بەڵام کوا ئێش وژان دەیتوانی خۆشەویستیی دایکانەی لێ بستێنێ. دەستی ڕێکگوشی وبۆ دڵنیابوون چاوی هەڵێناوە. بەڵام لەشی سارد و لەرزینی دەستی دایکۆڵەکەی بە کچەی سەلماند کە ئەوەی لە دەستی دێ هەر ئێستا دەبێ بیکات. هەر بۆیەش دەستی لە دەستی دایکی دەرهێنا و ڕۆیشت فانۆسەکەی هێنا و پەنجەرەی کردەوە وفانۆسەکەی نیشان دا وهاواری کرد: برایانی پاسدار، دایکم زۆر زۆر نەخۆشە و خەریکە دەمرێ.. بۆ خاتری خودا ئامبولانسێکمان بۆ بنێرن...دایکم.. دایکم...

گوللەیەکی کوێر، لەناو کۆڕی مۆسیقای بێوەژنی لای لایەی شاردا، وەزنی گرت و بە دیتنی ڕووناکایی لە ناو ئەو شەوە تاریکەدا، هێرشی بردەسەر و دوژمنایەتی هەمیشەیی خۆی لە ئاست ڕووناکی دەربڕی.. دوای شکاندنی جەغزی ڕووناکایی، جێی خۆی لە سەری ئەو کچە جوانەدا کردەوە و لەوکاتەدا کێشکچی تاریکی بزەیەکی هاتێ...

پرچی کچەکە، بە ڕەنگی سوور ڕازایەوە و لە باوەش ڕەشەبادا سەمایان دەست پێکرد. سەمایەکی بەمانا. سەری بە سەر پەنجەرەدا شۆڕ بۆوە، فانۆسەکەی لەدەست کەوتە کوچەی و هاوار لە سەر زاری ویشک بوو؛ هاواری... دایکم... برایانی پاسدار...

دایکی بەناڵەناڵ دەیگوت: وەرە ڕۆڵەگیان، وەرە ئەمن هیچ کوێم نائێشێ.. وەرە لاچۆ لەو بەر پەنجەرەیە...

ڕوحی کچە لە قالبی هاتبووە دەرێ، بەڵام وەک باڵندەیەک، لە تاو دایکی لەسەر پەنجەرە هەڵکورمابوو... لە پڕباڵەکانی کردەوە و بە خۆی گوت دەڵێی دەتوانم هەڵفڕم «.. ئێستاکە دەتوانم هەڵفڕم، با بچمە لای خودا بەشکەم چارەیەک، دەرمانێک...» هەڵفڕی و دای لە شەقی باڵان .. بە بەرچاوی مندا هەڵفڕی و زوو زوو ئاوڕی لە دایکی دەدایەوە...

بنوون، ڕۆڵەکانم بنوون.. بنوون ئەستێرەکانم بنوون.. بنوون چاوەکانم بنوون. با لێی گەڕێین، لەو کابرا مەستە گەڕێین. لەو قەڵەم وکاغەزە مەستە، لەو شەوە ڕەشە گەڕێین، لەو هەردە کە هیچ شەرمی نەماوە.. با لێی گەڕێین، بنوون ڕۆڵەکانم. بنوون ئەستێرەکانم، بنوون چاوەکانم.

OOO

شیعر



# زەماوەنی گەورە، هەرەسی گەورە

خالد سلێمان

## خەونی کچێتی

شەو
بازنەی زەماوەنی گەورە و هەرەسی گەورە بوو
تەڕ و تووشی
خووناوەی ئەکردە بالآی مێخەکیمان
گەورە کیژان
خەیالیان لای خۆر بوو
تا حەزەکانیان هەلخەن و
بلووز بۆ دەسگیرانە کێوییەکانیان بچنن
لێویان بە بنێشت تەرکەن
تیر تیر
سوورمە بە چاویان ئاودەن
تا بۆن و بەرامەی شەوی بووکێنی
لەپاڵ ئەو گۆرانییە ئەزەلییەدا
بۆ لەحزەیەکیش بێت ڕاکشێ و
ئەو ئاوازە پڕ لە ئاهانە
بە خۆیا بدات.

## ورد و خاش بوونی خەون

زەماوەنی گەورە، حەزێکی گەورە بوو
تا نیشتمانێک بنیات بنێن
یان سەفینەکەی«نووح»
تا سەفەر
بەرەو دوورگەی ئاشتی بکەین.

## شکان

زەماوەنی گەورە خەونێکی گەورە بوو
هەرەسی گەورە و پەنجەرەی چاومان بوو
وێنەکانمانی تیا ئەشکا
باخچەی مالەکەمانی
لە وردە نیگای کوژراو پڕ ئەکرد
ئەهاتن
زیندە خەون
ئیرهاق
چاوەڕوانمان بوون
بە کورتیبیەکەی وردو خاش بووین و لە تەرمی
خۆشەویستی
شەرمەزاری
هەرزەکاریدا
بووینە هەزار پارچە
لە ئەفسانەی دروست بوونی ئاوەوە
مێژوومان بۆ دروست ئەکرد و
وشەی پیرۆزمان بۆ ئەنووسی
لە زەینمانا مالێک بوو لە چرا
مزگەوتێک بوو لە ئاوێنە
لە پایزمانا بۆ نمە باران و
هاوین کوکوختێ
بەهار پەرەسێلکە
زستان ڕیشۆلە
گشت عەسرانێ، لە عەرشی «وەهم»ماندا
لە عەتری ڕەیحانەمان هەلکێشان
کێ لە سەرچۆپیدا
شایی خوێنی ئەکردە ئەفسانەی ئەمرینمان
بە بالآمانا ئەڕشت
دلمان لە مەملەکەتی خۆشبەختی دا بوو
چاوەڕوانی
نانێک
ئاوازێک
کووخێک
بووین
یان ساباتێک بە تەنها.

## لەو ساتەوە

غەریبین، لەو ساتەوە
غەریبین لەم شارەدا
زیندەگی
ماریفەت
ئستاتیکا
خەمی شەڕە
چۆلەکە و هەرچی کۆتریش هەیە
لە سامالی ئەستێرە وفڕین دا
نووقمی ئاوازی شەڕن
مۆسیقای شەڕ
لە زەماوەنی گەورەدا ئەمانلاوێنێ و
لە هەرەسی گەورەدا
دەست بە گیرفانی هەمووماننا ئەکا.

## سەری سال

لەو ساتەوە، لە پێش مێژووەوە
شار سەنگەرێکە و
ئێمە کۆمەلێ بەرەبەری
ئێوارە
نیوەڕۆ
بەیانی
«تەرم»ین وئەجەنگین
ئالای سپی
لە دوای بەزینمانەوەیە
بارووت لە شار بژار ئەکەین
قەتڵ و عامیش لە پیاسەی
بناری قەلآ و لێوارەکانی سەرچنار
لە سێبەر و تاوی گەرمیان و بادینان
لە نێوان تەرمێک وتەرمێکی تردا
پەیکەرێک لە یادەوەری دروست ئەکەین
لە گشت جەژن و سەری سالێک
پێیا هەڵ ئەکشێین و لەودا مەست ئەبین
تا زەماوەنی گەورە بگێڕین
هێدی هێدی
وەک تارمایی
حەرامزادە
مازۆشی
کەرنەڤالی مەرگی ئیرۆس بەڕێوە ئەبەین.

شەقلاوە (١٩٩٤/١/٦)

شێعر

چوار شێعری کورت: هێدی

## بێ هیوایی

زەوی
لە بن پێم دەتلیسێتەوە،
لە لێژی بێ هیوایی خللۆر دەبمەوە.
بە چی، بە کێ،
چۆن، خۆم بگرمەوە؟

لە نەمان نیزیکترم،
تا لە کوردستان.

## تۆزی بانان

هاتین
لە باوەشی سەرکەوتندا
پێکەوە ببینە خانی خانان،
بای فیز و هەوا هەڵی کرد
زەینکوێری لێکردین.

ئێستا بووینە تۆزی بانان.

## کەرستان

ماندووم!
تەنگانە بڕستی لێبڕیوم
چەندە چاوەڕوانی فەرعانە بم؟

لەو کەرستانە،
کەر بە چۆش ڕاناوەستێ!
بۆچی لێرە دانەبەزم؟

## پیاوسالاری

«گریان بۆ پیاوی نەهاتووە!»
بە کوڵ دەگریم.
«شەو قەڵای مێردانە!»
سامم لە شەو ناشکێ،
«پیاو قسەی خۆی ناخواتەوە!»
لە وتەی خۆم پەشیمانم.

هاوینی ١٩٩٥ /ئالمان

# ئیپۆسی هەرەس

مەهاباد قەرەداغی

لەوێوە نامەی چرچم پێدەگا،
لۆچەکانی پڕن لەو گوناهانەی
ساواکان بە دەم گڕوگاڵە خواییەکانیانەوە
لە سەرزەمینە میناوییەکانی مێژووی وەهم و
لە سەر لێوارە زاماوییەکانی هۆشدا دەیانکەن
ئەو گوناهە جوانانەی ـ کە سزاکانیان شەرمەزار کردووە
ئەو گوناهە نازدارانەی ـ کە عەشقیان ماندوو کردووە

لەوێوە ... لە ناونیشانە نادیارەکانی سەر نەخشەی وەفاوە
لە ئەکتەرە کۆمیدییەکانی سەر شانۆی ونبوونەوە
نامەی قژدرێژی ئاڵۆزکاوم پێدەگا
پڕن لە ڕاپۆرتی پڕشنگداری تاوانی جوان جوان
پڕن لە بۆنی ئیپۆسی هەرەس
ئەو تاوانە ڕازاوانەی کە تەرازووەکانی هیوایان لار کردووە

نامەکان پڕن لە زەنگ
زەنگی کۆتایی هاتنی وانە پڕچ خاوەکانی ڕووناکی
زەنگی ئاوابوونی ژیری
ئەو زەنگە نەخۆشانەی کە بیریان پیر کردووە

هاوڕێ، چیاییە، دەریاییە، شارییەکانم
بە دەم خەوێکی موگناتیسییەوە،
نامەی ئێجگار کراوەم بۆ دەنووسن
ئێجگار سادە
لە بەرەکانی جەنگەوە نامەی خۆشەویستیم بۆ دەنووسن
جەنگی نێوان گوناه و گوناه
جەنگی نێوان سزا و سزا

لێرەوە، لە پاڵ دارژاڵەیەکی سەرسامی ڕچیوەوە
زام وگوناه و سزا و تاریکی و
ژانی ڕەنگینی ئەوان، دەخوێنمەوە و
ڕۆحم بە لقێکی تاڵی ئەمر گرێ دەدەم ⬆

لێرەدا
هەموو شتێ ـ
بەفرە ژەنگاوییەکان
لقە کەڕووهەڵهێناوەکان
ماچە دوکەڵاوییەکان
هەموو شتێ ـ
ئەوێی ڕابردووی مەرگاویی و،
ئێستای دووزەخیی و،
سبەینێی شەوەزەنگیم بیر دەخەنەوە.

لەوێ ـ خۆرێکی سەرابیی هەڵدێ
تیشکێکی قەترانی،
ڕۆشناییەکی ڕەش
لەوێ هەنگاوە زیگزاکییەکان
ئیپۆسی هەرەس دەنووسن.

سێپتەمبەری ١٩٩٥

ئیپۆس: مەڵحەمە، داستان

# باخەوان


هێرش

زەمانی زوو...
باخەوانێک
ناوەخت
( بە زریانێک،
لە ناکاو )
خونچەییێکی پەڕپەڕ بوو...
لەو کاتەوە بەیانان
لەگەڵ گزینگی هەتاو،
هەر گوڵێکی بۆن دەکرد
ئاخێکی هەڵدەکێشا
تاکوو بەو داخەوە مرد.

◆◆◆

# شیموس هینی لە شوێنێکی دروست

**وەرگێڕان: قاسم ریانی**



**وەرگری خەڵاتی نوبێل لە وتووێژێکدا سەبارەت بە کێشەی ئیرلەند، دەرسگوتنەوە و شاعیری خۆی**

**دروست دوای سەعات پێنجی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی جومعە گەڕان بەدوای وەرگری خەڵاتی ئەدەبیی نوبێل "شیموس هینی" ی بزر، لە دوورگەیەکی وڵاتی یۆنان کۆتایی پێهات. بەڵام هێشتا هیچ هەواڵنێرێک سەر لە ئێوارەی شەوی جومعە، ئەو دەرفەتەی بۆ نەڕەخسا پرسیاری لێبکا کە وەرگرتنی خەڵاتی نوبێل چ هەستێکی تێدا خۆلقاندووە. لە مانگی ئەگۆستیدا ڕۆژنامەوانی ئاڵمانی "پۆل ئینگەدای" لە دوبلین چاوی بە هینی کەوت. وتووێژەکە سەبارەت بەکێشەی ئیرلەندی باکووری ، چالاکی هینی وەک مامۆستای زانستگەی "هاروارد" و هەروەها شاعیرێتی وی بوو.**

**کێشەی ئیرلەندی باکووری ناوەڕۆکی نووسینی تۆی داگرتووە و مۆری خۆی لێداوە، هەر وەک لە هۆنراوەیەکتدا هاتووە "دمبێنێکی توند بووە لە زەمان و مەکان"دا.**

ـ بەڵێ، بەڵام دمبێنەکە شل بۆتەوە، گرینگ ئەوەیە.

**وەک ئیرلەندییەک مرۆڤ چ هەستێکی پێ دەست دەدا، کاتێک باکوور و باشوور ڕێگەی نیوەساڵێکی ئاشتیان پێواوە؟**

ـ من پێموایە ئەوساڵە ساڵی متمانە بوو. چەشنە هێمنییێک لە نێو خەڵکدا جێگیر ببوو، لەوەدا هیچ گومانێک نییە، هەرچەند ترس هەر ماوە، بەڵام گۆڕانێکی بەرەو قووڵایی ڕوویداوە و گەورەترین سەرکەوتنیش ئاگربەسەکە بوو. ئەوەندەی کە لەسەر وەرچەرخانی ناخی کێشەکە، پاش بیست وپێنج ساڵان بۆ یەکەمین جار قسەکرا، لەسەر تەواو بوونی شەڕەکە ئەوەندە زۆر قسەنەکرا، گۆڕانکاری بەسەر هەمووکەسدا زاڵ بوو. نەتیجەکە شتێک بوو کە پێوەندیی تەواوی بە وەدیهاتنی بەڵێنی چارەسەرکردنی کێشەکە لە ڕێگەی سیاسییەوە نەبوو . ئەوە جێی مەترسییە کە دیسان بکەوینەوە نێو شەڕ، بەڵام من پێموا نییە ئەوە ڕووبداتەوە.

**پێتان وا نییە بکرێ ڕەوتەکە ڕابگیرێ؟**

ـ مەبەست لە ڕاگیرانی ڕەوتەکە چییە؟ ئێمەی ئیرلەندی ئەزموونێکی دوور و درێژمان لە ناخی کێشەکەدا هەیە. نەک ئەوەش کە ئەوجار بتوانین بە هاسانی لە شەڕێکی نەفرەتبار بەرەو بەهەشت هەنگاو بنێین، دیارە بەبێ شەڕێکی نەفرەتبار بۆ شەڕێکی لە توانابەدەر(پێکەنین).

**پارەکە کاتێک ماوەی ئاگربەسەکە سێ مانگی کێشا، بەدگومانان هاتن و گوتیان: زۆر زوو هەردووک لایەن تێگەیشتبوون چ مەرجێک بۆ دانیشتنیان لە ئارادایە، نەبوونی ئیمکانی چارەسەرێکی سیاسی. هەم "IRA" و هەم بەرەی یەکگرتوو دەبێ لە هێندێک پرەنسیپی خۆیان لابدەن. یان پێتان وایە دەبێ هەموولایەنێک لە سازانێکەوە بۆ سازانێکی دی هەنگاو هەڵێنەوە، بێ زەبروزەنگ؟**

ـ تاقمە شەڕکەرەکانی هەر دووک لا ، دەکرێ بڵێین بەرژەوەندییان لەودابووە. لەوانەیە ئەوان تامی ئەوەیان چێشتبێ. نەک پیاوکوژەکان لە ڕووی ناچاری، بەڵکوو "سین فەین" و لۆیالیست(وەفادار)ەکان. ئەوانە لەمێژە ئەو ترادیسیۆنە دێوسفەتانەیان تێدا نەماوە، بێ لەوەش، ئەوڕۆ دەکرێ بڵێین، بەشێکن لە خودی گفتوگۆیەکە. لەپڕ پیاو دەتوانێ لۆیالیستەکانی ئیرلەندی باکووری لە تەلەڤیزیۆندا ببینێ، کە ئەوە پێشتر شتێکی باوەڕنەکراو بوو. هەتا ساڵێک لەوە پێش هەر دووک لایەن خۆیان بەوەی خافڵاندبوو کە لە مەقەڕەکانیاندا بمێننەوە ولەوێ سان بگرن. لە حاڵێکدا ئاڵوگۆڕی ئازادانەی بیروبۆچوونیان بەتەواوی بارودۆخی گۆڕیوە.

**هەر ئێستا لە هەڵبژاردنی ئەو گەڕەکەی خۆتان لێی دەژین، ئاکۆکی نەتەوایەتی ئاشکرایە. ئێوە جارێک گوتووتانە کە « باکووری ڕاستەقینە»تان لەگلانمۆر دۆزیوەتەوە، گەڕەکی دووهەمتان. ئایا پێتخۆشە زیاتر لەوێ بی؟**

ـ دەگەڵ خێزانم بیرمان لەوە کردۆتەوە. بەڵام گرینگی گلانمۆر لەوەدایەکە ئەوێ «جێگەیەکی دیکە»یە. لەوێ نە فاکسی لێیە و نە تەلەفون. ئەوێندەرێ جێگەی کاری منە، شوێنێکی بەجێ وێڕای مێژوویەکی دروست. من نامەوێ ئەفسانەی لێ سازبکەم. دەکرێ گلانمۆر بەم هەست و ئیحساسە هەڵسەنگێندرێ کە پیاو دانیشتووە و پاڵی بە دارێکی ئاسراو داوەتەوە. من لەوێ هەست بە هێوریی دەکەم، هەرچەند هەستەکەش لەوانەیە خەیاڵی بێ. گرینگترین بڕیار، کە بۆ جارێک دراوە، دەرسگوتنەوەی من دەگرێتەوە.

**بۆنموونە پرۆفیسۆربوونی ئێوە لە هاروارد، ژیانی ئێوەی چۆن گۆڕیوە؟**

هاروارد پەیجۆریی منی دامرکاندووە.

**پەیجوویی سەبارەت بە ئەمریکا؟**

- نەک ئەمریکا وەک هێزێکی ئیمپریالیستی، بەڵکوو وەک کانگای کولتوور و فێرکردن. ئەمریکا لە بواری ژیانی ئەدەبی وئاکادێمی دا مەودایەکی یەکجار بەرچاوی هەیە. یەکەمجار کە هاتمە هاروارد، خۆم راماو و خۆشحاڵ هاتەبەرچاو. «رۆبێرت لۆوێل»یش لەوێ بوو. من هیچ چەشنە خەیاڵێکم بۆ هاوتاخوازیی لە ئاست خۆم لەسەردا نەبوو. هاروارد بۆ من لە بواری شێعرەوە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو بوو، کاتێک ساڵی ١٩٧٩ بۆ یەکەمجار هاتمە ئەوێ. ساڵی ١٩٨١ دەعوەتنامەیەکم وەرگرت کە ماوەی سێ ساڵان بمێنمەوە، کە ئەوە وای کرد ناچار نەبم لە سەرانسەری ساڵدا لە ئیرلەند دەرس بڵێمەوە. ئەوسا دوای دوو ساڵ وای لێهات: ئەوە چۆن دەبێ؟ ئێمە بە زوویی دەبوایە فکری جێنشینیی تۆمان کردباوە... وشەی «جێنشین»کاری خۆی کرد.

**ئێستاش هەر لە هەمان خانوودا دەژین؟**

- بەڵێ، ئەوەندە خۆشە کە هەمیشە بگەڕێیەوە ئەوێ. باش بوو لەوێ ج ژیانێکی شەخسیم بە مانای واقیعی پێکەوەنەنا.

**هەروەها پاشانیش پرۆفیسۆریی ئەکسفۆرد وەک ترادیسیۆنێکی عەنتیکە.**

- ئێستە لە ژێردەسەڵاتی «جیمز فێنتۆن»دایە. بەڵام ئەوە ئاشکرایە کە «و. هـ. ئادێن»، «رۆبێرت گراوس»، «ماتیو ئارنۆڵد»، ئەوانە نموونەیەکی گرینگن. ئەوەی خۆشم بە شێوەیەکی سروشتی بگرێتەوە ئەمن وەک ئیرلەندییەک جێگەم وەرگرتووە، بە بێ ئەوەی کارم بە بەشی بریتانیاییەکەی دا بێ، هەڵبەت ئەگەر ترادیسیۆنی لیریک(شێعر)ی لێ دەربهاوێی.

**بەڵێ، ئەوسا ئێوە لە سەرەتای هەشتاکاندا لە نوێنەرایەتی کردنی ئانتۆلۆژییەک(گوڵچنی ئەدەبی) بە شێعری بریتانی خۆتان بوارد.**

- دروستە، خۆ ئەمن لە پێشدا ئەوەم نووسیبوو کە بۆچی«بریتانی» نابێ هەبێ. ئەو بەشەی باکوور شوێنێکی سەختە. هەروەها ئەوەش بە تەواوی نابەجێیە کە بە بریتانی لە قەڵەم بدرێ. منیش پێویستیم بەوە هەبوو شتێک لە خۆم روون کەمەوە. دیارە کاتێک کورسی ئەکسفۆرد دێتەگۆڕێ، قسە لەسەر شێعرە ؛ نەک ناسیونالیزم. ئەکسفۆرد یەک لەو شوێنانەی زمانی شێعرییە کە جێیەکی پیرۆز داگیر دەکا.

**ئایا دەرسگوتنەوەت کاری کردۆتە سەر شێعر وشاعیریت؟ یەکێک نووسیبووی شێعرەکانت تارادەیەک هاسانن کە بە دەنگی بەرز دەخوێندرێنەوە.**

- من پێموانییە. ئەگەر خەڵک هەمیشە هەر ئەو دێڕانە دەڵێنەوە، ئەوە مەسەلەی خۆیانە. بەشێکی زۆر «لەو شتەی کە دەبێ فێر بکردرێ» لە بواری شێعردا دەگەڕێتەوە سەر ئەو ڕەوت وڕەوشەی کەوا بۆ زەمانی ئەوڕۆ وێڕای ئیماژ(وێنە)ی پڕ لە تەم و مژی کلیشەیی دەخولقێ. کاتێک لە نێوەڕاستی شەستەکاندا لە بێلفاست دەستم بە دەرسگوتنەوە کرد، هێڵێکی ڕۆژ جیاکەرەوە لە نێوان ئاکادێمی و شاعیریدا نەبوو. من دەرسی شێعرم دەگوتەوە و هاوکات خۆشم شاعیر بووم. من تەنانەت پلەی پسپۆریشم نییە. من مەقالەی ئەدەبیم نووسیوە کە هاوتەرازی شێعرە. هەروەها نە ئەوسا و نە ئێستاش پێموانییە هەر شێعر بووبێ کە ڕێی دەرسدانەوەی منی لە زانستگا خۆش کردبێ.

**کاتێک دێینە سەر وێنەکانی شێعری، دەبینین ئێوە بە وشەی ساکار، یان بە ئیستیعارەی واقیعی - زەوی هەڵکەندن، ئاو لە چاڵاو هەڵێنجان، دەستتان پێکردووە. پاشان قەڵافەتی وشەکان خۆیان دەردەخەن.**

- ئەوەیکە ئێمە وەک خوێنەر زۆرتر لە هەموو شتێک وەک چالاکی دوو قاتکراو ئارەزووی بۆ دەکەین چاوەڕوانی وئاوەدانییە. ئەگەر ئاوەندێک هەبێ، ئەوسا شیعر دەبێ لە نێو نزیکی ودوورییێکی بێ وچان ئەو ئاوەندە دەگیر باوێ. گەورەترین هونەر ئەوەیە کە لە ژووری شوێنێکەوە یەکێک بۆ دەرەوە بانگ بکا و هاوکاتیش یەکێکی دیکە بۆ ناوەوە. من لە شێعرێکمدا وێنەیەکەم سەبارەت بە ژنەکەم هەیە: ئەو کاتێک گۆرانی دەڵێ چاوەکانی دەنووقێنێ. لەوێدا هەر دووک شتەکەمان هەیە، شتێک دێتە دەر و شتێکیش دەچێتە ژوور. ■

DAGENS NYHETER, LÖRDAG, 7 OkTOBER 95.

******

# بیۆگرافی شیموس هینی

**وەرگری خەڵاتی ئەدەبی نوبیل (١٩٩٥)**

شیموس یوستین هینی لە ساڵی ١٩٣٩، لە شاری مۆسباون(Mossbawn)سەر بە ئیرلەندی باکووری، لە بنەماڵەیێکی وەرزێڕیی کاتۆلیک مەزهەب لە دایک بووە. دوای ئەوەیکە خوێندنی سەرەتایی تەواو دەکا، لە مەدرەسەی شەوانە ڕۆژی کاتۆلیکی سەر بە کالێجی سێنت کۆلومب (St Columb´s College, Londonerry)ی لەندەنێری وەردەگیرێ. دوای ئەوەیکە لە زانستگای مەلەکە (Queen´s University)ی شاری بێلفاست درێژە بە خوێندن دەدا، لە ساڵی ١٩٦١لیسانس(باکالۆر)ی ئینگلیسی لە بەشی هونەر وەردەگرێ.

لە ساڵی ١٩٦٢ تا ١٩٧٢ دەبێتە مامۆستا و دەرسی ئەدەبیاتی مۆدێرن دەڵێتەوە.

لە ساڵی ١٩٧٥ تا ١٩٨١لە زانستگای مەلەکەی شاری بێلفاست دەکرێتە مامۆستا و درێژە بە دەرسگوتنەوە دەدا.

شیموس هینی لەوکاتەیکە هێشتا هەر خوێندکار بوو، یەکەمین کۆمەڵە شێعری خۆی بە ناسناوی«ئینسێرتوس» بڵاودەکاتەوە و بە چاپی دەگەیێنێ. لە ماوەی ئەو ساڵانەی کە خەریکی خوێندن دەبێ، دەگەڵ دەستەیێک لە نووسەرانی لاو: وەک دێرێک ماهۆن، میشل لۆنگلەی و جیمز سیمۆنس پێوەندی دەگرێ ودەبێتە ئەندامی «گروپ»ەکەیان.

شیموس هینی لە ساڵی ١٩٧٢ لە ئیرلەندی باکووری ڕا بەرەو شاری ئاشفۆرد(ویکلۆ)ی کۆماری ئیرلەندی باشووی بار دەکا و تا ساڵی ١٩٧٥ وەک هاوکار و بەڕێوەبەری کاروباری ڕادیۆیی درێژە بە کار دەدا. لە ساڵی ١٩٧٦ لە شاری دوبلین پێتەختی کۆماری ئیرلەندی باشووری نیشتەجێ دەبێ ...

ساڵی ١٩٨٩- ١٩٩٤ لە زانستگای ئەکسفۆرد پرۆفیسۆری شێعر بووە کە تا ئێستا نزیکەی دە کتێبی شێعر و چەند کتێبی جۆراوجۆری دیکەی نووسیوە و بەچاپ گەیاندووە.

بەر لە ساڵی ١٩٨٢، لە زانستگای هارواردی ئەمریکا وەک پرۆفیسۆری میوان خەریکی دەرسگوتنەوەی شێعر بووە.

شیموس هینی لە ساڵی ١٩٦٥ لەگەڵ مادام «مارتە دێولین» زەماوەند دەکا کە بەرهەمی ئەو زەماوەندەیان دوو کوڕ وکچێکە. (گزینگ)

* سەرچاوە: ئارشیوی کتێبخانەی هودیکسڤال.

# ترسی دۆینێم، نەفرەتی ئەوڕۆم

نووسینی: جیم توانا

له پەنجەرەی ماڵەکەمەوە دەڕوانمە دنیا!

کاتێک ڕۆمییەکان له ئیسرائیل، خۆشەویستی خەڵک «مەسیح»یان له خاچ دەدا، لەوبەری دنیا، له ئێران هەخامەنشییەکان خۆشەویستییان له نێو خەڵکدا بڵاودەکردەوە و ژیان ڕووخسارێکی تری هەبوو.

کاتێک له مۆسکۆ، کچانی قژ زەرد له ژێر پەیکەری پۆشکین دا، چرکەکانی ژیانی خۆشەویتییان تەجروبە دەکرد، چەند میلێک ئەولاتر، جوولەکەکان ڕووەو کورەخانەکانی نازییەکان پاڵ پێوەدەنران و ژیان ڕووخسارێکی تری هەبوو...

دیاردەکانی ژیان و مرۆڤ چەند جۆراوجۆرن!

چەند ساڵێک تێپەڕی. لەو کاتەدا کە ستۆکهۆڵم و کچەکانی بە تێکڕایی سەرخۆش بوون، چەند کیلۆمەترێک ئەولاتر، سەربەکان قەسابخانەیان بۆ منالان دانابووەوە وسوێندیان خواردبوو«نا سەرب» نەهێڵن.

بە درێژایی ژیانم له دەستی گومان وبێ متمانەیی ئەشکەنجەم دیت.. گومان له مرۆڤ لەم «بوونەوەرە داهێنەرە». بیرم دێ کاتێک کە چەند ساڵ ونیوێکم تەمەن بوو، گەر دڵنیا نەبام دەرگای ماڵەوەمان بە تەواوی قوفڵ دراوە، خەوم لێ نەدەکەوت. نیوەشەو بەرەو دەرگا دەڕۆیشتم و خۆم دڵنیا دەکرد کە کەس ناتوانێ لێمان بێتە ژوور و ڕوحمان لێ بستێنێ! له مرۆڤ دەترسام، گەرچی نەمدەزانی بۆ و هیچ هۆیەکیشم بۆ ئەم ترسەم بۆ نەدەدۆزرایەوە.

ساڵەکان تێپەڕ بوون و ئەم بێ متمانییە له ناخمدا لەگەڵ من گەورە بوو. ئەمجارە بە تەنیا دەژیام. له کاولێکی چوار دیوار و.. دەرگایەک!

هێشتا ترس له مرۆڤ، له کردەوە بێ واتە و ماناکانی، خانە بە خانەی لەشمی دەلەرزاند و هێشتا نەمدەزانی بۆ؟!

تاکە شتێک کە کردەوەکانی مرۆڤ له جوغزی



باش و بەکەڵک دەنێ، هەڵکەوتە و بەس! هیچ لۆجیک، سۆنگە، مەبەست یان بەرنامەیەک بە سەر ئاکاری ئەم گیان لەبەرەدا زاڵ نییە.

گەر بزن گیا نەخوا دەمرێ. وەگەر گورگیش بزن نەخوا، گورگ ئاژەڵێک وجودی نابێ.

دەگەڕێینەوە بۆ نێو دڵی مێژوو و له خۆمان دەپرسین، گەر ڕۆمییەکان«مەسیح»یان لەدار نەدابا، گەر نازییەکان جوولەکەکانیان نەکوشتبا و گەر سەربەکان منالانیان سەر نەبڕیبا، ڕۆمی و ئاڵمانی و سەربی هێشتاش بوونیان نەدەبوو ؟!

بۆ کردەوەیان هیچ هۆیەکم پێ نابینرێتەوە!

لەپڕ له نێو دڵی تاریکییەوە دەنگێک بە هانامەوە دێت و هۆیەکەم دەداتە دەست: مەسیح ڕۆمی نەبوو، جوولەکەکان ئاڵمانی نەبوون و منالەکانیش سەربی نەبوون، ئەگینا مەسیح و جوولەکەکان و منالەکانیش قوتاریان دەبوو!

وە من یەکەم جار بوو بۆ کردەوەیەکی مرۆڤ هۆیەک بدۆزمەوە!

سەدان ساڵ تێپەڕی و من هەروا بیرم لەم هۆیە تۆقێنەرە دەکردەوە.

کاتێک بێوەژنانی سکپڕ، گریان له قوڕگ و پێ پەتیی سەربی، دەستی منالەکانیان دەگرن و له دەستی کرۆواتەکان ڕادەکەن، لەوان نین. چەند هەزار مەترێک خوارتر له جەهەننەمێک کە ناوی کوردستانە دایکێکی ڕەشپۆش له بن گوێی منالە لەباوەش گرتووەکەی دەخوێنێ: له دەستی کوردان دەتپارێزم! بە ئارامی لێی دەچمە پێش. ڕادەچەنێ و تەسکتر منالەکەی له باوەش دەگرێ. وێدەچێ هەستی کردبێ کە منیش کوردم. بە زمانێک کە نە زمانی منە و نە هی ئەو دەپرسم: بۆ تۆش کورد نیت؟! بە قینێکی شاراوەوە دەڵێ: با..!

بە پەلە و شەپرێوییەوە دەگەڕێمەوە نێو مێژوو. کردەوەی ڕۆمی، نازی وسەربەکانم بیر دەکەوێتەوە؛ گەر قوربانییەکانی ئەوان ئینسان نەبوون و لە وان نەبوون، هی کوردان خۆ له خۆیان بوون!

هۆی ئەوانی تریشم لە بەرچاو کەوت. کوردەکان ئەم هۆیە زەبوونەشیان نەبوو. خۆ هەر پێویست ناکا مرۆڤ بۆ کرداری، هۆی هەبێت. هەر بوونی مرۆڤ بێ واتە وپووچە؛ کردەوەکانیشی وەکوو خۆی.

تێکدەری بوونی هەمیشەیی بوونێتی.

مرۆڤی داهێنەر ئامادەیە هەموو شتێک بکات. هەموو شتێک! هیچ بروام پێی نییە. ئێستا تێدەگەم بۆ ئەوەندە بەرانبەری، بێ متمانە بووم و لێی دەترسام...

نیوە شەوە، نەفرەت سەر تا پای گیانمی داپۆشیوە. دەرگای ماڵەکەم پێش نووستن بە سێ شوێن قوفڵ دەدەم تا کەس نەتوانێ بێتە ژوور. له مرۆڤ دەترسم.

وە تەک دەنا پیرۆزت بێت مرۆڤ، ئەو دنیایەی بۆ خۆتت دانا!!

٩٥/٨/١٠

کورتە چیرۆک:

# شەوێ لە شەوان

شوان وەسمان

ژوورێکی نارێک و پێک... چوار پێخەفی کۆنە... هەر لایێ لە دیوارەکان سەدان بزماری ژەنگدار کوتراوە... هێندێک لە بزمارەکان لە مێخ زنجیری کەرە پۆزەی سەردەمی لادێییەتییەکەی خۆمانی دەکرد... !! کۆمەڵێ جلوبەرگی کۆن هەڵواسرابوون... دوو مرۆڤی شەکەت و بەساڵەچوو لەگەڵ لاوێکی تەمەن بیست ساڵە لەسەر پێخەفەکان ڕاکشابوون.

یەکێ لە پیاوە بە ساڵەچووەکان لە سەر تەختێ لووچی لەخۆ بڕیبوو، ناوە ناوە ئحمێکی بۆ دەکرد و ورتەیەکی لێوە دەهات، لە پاشان ئاخێکی هەڵدەکێشا و کپ دەبوو..!! هەر چەند ساتێ ئەمەی دووبارە دەکردەوە و بە تیلەی چاوی چەپەی بە وردی سەیری دەکردم وەک بڵێیت ئاشناییم لە گەڵیا بووبێت... لە داوییدا بە هێواشییەوە ڕووی وەردەگێڕا... خۆی لە خۆیدا جیهانێک بوو سەدان بەسەرهات و ڕووداوی دڵتەزێنی لێ بەدی دەکرا... لەم جیهانە گەلێ سەیر وسامناکە، هەزاران بابەت و نموونەی ئاوا هەیە و لەگەڵ ژیاندا ململانێ دەکەن و بە هیچ شێوەیەک سەر دانانوێن...!! زۆر بە وردی تەماشای تەختەکانی خەوتنم دەکرد، ئەگەر بێتوو بە زەڕەبین بڕوانینە تەختەکان شوێن پەنجەی سەدان کەس و یادگاری خۆشی و نائومێدی لێ بەدی دەکرێ... دڵنیام ئەو کەسەی خەوی خۆشی و خۆشبەختی بینیوە ئەوە وەک مرۆڤێکی بەختەوەر شەوی بەسەرا بردووە... ئەو کەسەی کە خەوی دڵتەزێن و ناخۆشی دیوە ئەمیش وەک مرۆڤێکی ژێر باری جەور وستەم شەوی تەواو کردووە.

هێندە ماندوو بووم لەسەر تەختەکە لووچم لە خۆ بڕی... هەر دوو دەستم کردە ستوونی سەرم و هەموو بیر و هۆشم کەوتە لای پیاوە پیرە. لە دڵەوە دەمویست بزانم چییە و جیهانە تایبەتییەکەی چ جۆرە بورکانێکی تیادا تەقیوەتەوە...!! خۆم بۆ نەگیرا، بە توندی قیت بوومەوە و چوومە بەر پەنجەرەکەوە، شەقامێکی زێدە قەڵەبالغ و تێکقڕاو، گڕەگڕ و هۆڕنی ماشێنەکان سەمفۆنیایەکی نایابیان پێکهێنابوو... خەڵکی سەیر وجۆرەها ڕەنگم بەرچاو دەکەوت... دەیان کەسم دەبینی ڕەنگی لە خۆم دەکرد... وادیارە هەواڵ وهاوڕێم گەلێ زۆرە...!! دڵنیام ئەوانیش هەمان دەرد و ئەشکەنجەیان هەیە... شێوەی شەقامەکە لە شەقامی خانزادی هەولێری دەکرد... لە هەناسە کێشانێک شەقام گۆڕا و بوو بە شەقامی ڕازاوەی خۆمان، هەمان قەڵەباڵخەکەی بەردەم کاکەمینی بەستەنی فرۆش هاتە بەرچاوم.. کە چۆن کوڕی قۆز و کچی ڕازاوە بە چاو ڕۆژباشیان لێک دەکرد... لەناکاو پیرە ئحمێکی کرد، وتی:

ـ گرنگ نییە زستان هەرچەند سەخت و تەڕوتووش بێ، دەبێ کۆتایی بێ...!!

ئەم قسەیەی کرد و ورتەی لە خۆ بڕی، نەمزانی مەبەستی چی بوو..؟! وا دیارە شتێ لە مێشکیدا دەخولێتەوە، منیش بە هێواشییەکەوە وتم:

ـ هەموو شتێ لەم جیهانەدا دەبێ کۆتایی بێ.

کەمێک سەرم بەرز کردەوە ئەلەترێکی شەقامەکەم بەرچاو کەوت بە ڕاستی دیمەنێکی جوان وقەشەنگیان نەخشاندبوو.

بە هێواشی گەڕامەوە دۆخی جاران و چوار چمکی لێی دانیشتم، هەر دوو دەستم خستە بن چەنەگەمەوە و جارێکی دیکە چوومەوە نێو جیهانی پیرە، زۆر بە وردی تەماشام دەکرد دەمویست هەموو لایەنێکی بخوێنمەوە.

پاکەتەکەم دەرهێنا و جگەرەیەکم پێشکەش کرد و دەستی چەپەی دا بەر خۆ و کەمێک قیت بووە وە و بە دەستی ڕاستەی جگەرەکەی وەرگرت و بە سەرنواندنەوە، سوپاس.. دوای یەک دوو مژ ئینجا بەخێر هاتنی لێکردم و وتی:

ـ خەڵکی کام شار و وڵاتی؟

ـ خەڵکی هەولێرم.

هەر ئەو دوو سێ وشەی وت و گەڕایەوە دۆخی جاران... چاوەکانی بڕیە دیواری بەرانبەری و وەک پەیکەری دەستکرد جووڵەی لە خۆ بڕی... دەم وچاوی تابلۆیەکی پڕ لە کارەسات بوو... ئیتر بێزاری دایپلۆسیم، دیسانەوە وەک ئەو لە سەر پێخەفەکەم ڕاکشام و هەمان شێوەی ئەوم لە خۆ دروست کرد. کەوتمە سەدان بیرکردنەوەی جۆراوجۆر و سەرسوڕهاوەر، خۆم بۆ نەگیرا هەڵسامەوە و بە پەلە جگەرەیەکی دیکەم داگیرساند و وەک سەرخۆشەکانی دوای نیوە شەو دۆکەڵی جگەرەکەم بە هەوا دەدا... بۆ ئەگبەتی کابرای پیرە، بایەکە لە پەنجەرەی لای منەوە دەهات و دۆکەڵی جگەرەکەی منی لە دەم وچاوی پیرەدا دەئانگووفت... دیار بوو چاوەکانی پڕ فرمێسک بوون، نەمزانی دڵە پڕ لە کارەساتەکەی گڕی سەند یاخود هۆی دوکەڵی جگەرەکەی من بوو... زیاتر پەشووکاوی کردم...!!

بە لالووتەوە سەیری کردم و دەستەسڕەکەی دەرهێنا و فرمێسکەکانی سڕیەوە... منیش ڕاستەوخۆ جگەرەکەم کوژاندەوە، وتم:

ـ خالۆ گیان ببوورە گوناهی من نییە، بایەکە...

وەڵامی نەدامەوە و تەنها تەماشای کردم و سەری لەقاند و گەڕایەوە دۆخی جارانی... منیش بە هەمان شێوە گەڕامەوە دۆخی جاران.

هەر هێندەم زانی قیت بۆوە و وتی:

ـ خۆزگە هەموو ئازارێک بە قەد دۆکەڵی جگەرەکەی تۆ دەبوون.

هێندەی وت و کپ بوو... قسەکەی بووە بەڵگەیەکی تەواو کەوا جیهانی بەر زەبری گەردوون کەوتووە، هەڵسامەوە و جارێکی دیکە جگەرەیەکی ترم پێشکەش کرد.

ـ حەزیشی پێ ناکەم، بەڵام... ؟!

ـ بۆچی...؟

ـ تەنها ناوە ناوە بۆ بێزاری و حەسانەوە دەیکێشین، هەر چەندە سەراپای ژیانم دوورە لە حەسانەوە و تەواوی بێزارییە... بەڵام تەنها دڵمان ئۆقرەی پێدەگرێ.

هەرچەندە نەمدەویست زیاتر بڵێسەی بورکانی دەروونی جۆش بدەم بەڵام بەو نیازە ببمە هاوبەشی خەم وئازارەکانی، بۆیەکە هەوڵی ئەوەم دەدا گفتوگۆی لەگەڵدا بکەم و لە جیهانە ئاڵۆز وگڕگرتووەکەی دەری بێنم.

ئیتر فەرمووی لێ کردم و لە تەنیشتییەوە دانیشتم و وتی:

ـ منیش خەڵکی مهابادم. ■

چیرۆکی کورت:

# شێعری دارێنە

(زستانی ١٣٤٧ ـ ١٩٦٩)

## نووسینی: ڕێبوار

❑ ڕوونکردنەوەیەک

ئەم داستانەم ساڵی ٤٧(١٩٦٩) پاش تێیەڕبوونی بزووتنەوەی چەکدارانەی ٤٦ ـ ٤٧، نووسیوە و ئەوکات بە دەستنووس بڵاوم کردەوە. پاشان پێموایە ـ سەروبەندی قیام بوو ـ هاوڕێ حەمەحسەینی کەریمی ئەم داستانەی لەسەر ئەوار تۆمار کرد و بڵاوی کردەوە.

دەستنووسی داستانەکە هەتا چەند ساڵ لەمەوبەریش مابوو. بەڵام بەداخەوە ئێستا لام نەماوە. ئەوەندە دەزانم، بەش بەشێکی لەو ئەوارەدا نەهاتووە. ئەو بەشانەش ئیشارەبوو بە حیزبی دێمۆکرات و باسی یەخەداتەکاندنی کەسەکانی ئەم داستانە لەو حیزبە. من پاش بیستنی ئەوارە کە(کە سەروبەندی قیام و ماوەیەکی کورت پێش گیانبەختکردنی حەمەحسەین، ٢٦ی ڕێبەندانی ١٣٥٩، بڵاوبووەوە) مەودام نەبوو ئەو هاوڕێمە ببینم و بزانم هۆی لابردنی ئەو بەشانە چ بووە.

ڕەنگە پێویستی بە گوتنیش نەبێ کە ئەم داستانە ـ هەرچەندە یادگارێکی شیرینە ـ پێش پێکهاتنی کۆمەڵە نووسراوە و نیشانەی خەوشەکانی ئەو سەردەمەی پێوە دیارە.

ڕێبوار: هاوینی ٦٧(١٩٨٨)

پێشمەرگەکان لەنێو چەپراییەکەوە بەرەو ئاوایی نەرم دەبزووتن، شەش حەو کەس دەبوون، چەکی جۆربەجۆریان پێبوو، لە بڕنەو و ئێم یەک، بەڵام فیشەکدانی هیچیان پڕ نەبوو. ئاوایی نەرم نەرم و بە ئەسپایی لە پشت تەپۆڵکەوە سەری هێنایەدەر. ماڵەکان بە چاوی ڕەش ونێوچاوی گرژ سەرنجیان دەدان. ئەوان مەترسییان نەدەکرد. ئەمنییە(ژاندارم)پێی نەدەوێران، بەڵام تەنها ئەمنییە دوژمنیان نەبوون و هێزێکی دیکەش هەبوو کە خۆیان لەگەڵ پێوە کردبوو! ئاوایی دەتگوت مەترسی بەسەرهاتی ئەو ڕۆڵانەی دەکرد. دەتگوت بەچاو پرسیاریان لێدەکا: ئێوە بە چەکی ڕەشۆکەوە چۆن دژی ئەژدیهای حەوتسەر تێ هەڵچوون؟! تاقمی پێشمەرگە هەر نزیک دەبوونەوە و دێ بەدەستێکی سپی، کە جادەکەبێ، ئەو بێچووە شێرانەی دەکێشایە داوێنی خۆی و زەلام و گرژ بەپیریانەوە دەهات. ڕوانینی دڵسۆزی دایکێکی تێدابوو کە ڕۆڵە نەترسەکەی لەگەڵ هەژدیهای حەوتسەر پێوەکردبێ. گەیشتنە سەرکانی، گەورە کچێک ئاوی بەپیریەوە بردن:

ـ میوانتان ناوێ؟

ـ بەخێر بێن، سەرچاوی من.

خەڵک لە مزگەوت قەرەباڵغیان کردبوو. ئەوە پێشمەرگەیەک دەیەوێ قسەیان بۆ بکا. پێشمەرگەکان لە ئاوایی قەرەوڵیان داناوە. و یەکێکیان بە دوو چەکداری دیکەوە چووەتە مزگەوت. دەیەوێ سەبارەت بەم هەڵلایە قسەیان بۆ بکا. زۆربەی زۆری پیاوان لە مزگەوت کۆبوونەتەوە. وەک کە بۆ نوێژی جومعە چوون کۆ دەبنەوە. خەڵک هەموو دانیشتوون بەڵام پێشمەرگەکان لەپاڵ مێحرابەکەدا ڕوو لەخەڵک وەستاون. تفەنگەکەیان پێیە و هەرکامە دووسێ فیشەکدانیان لەخۆ بەستووە. بەڵام فیشەکدانیان هیچی پڕ نین! پێشمەرگەکان زەردەخەنەیان لەسەر لێوە ئەمما ئەگەر چاک تێی بفکری هەروەک فیشەکدانەکانیان خاڵین ودڵیشیان خۆش نییە. بەڵام ئەوان لەوە پیاوترن کە وەڕووی خۆیانی بێنن.

ـ باب و براکانم ! ئێوە ڕەنگە یەکەیەکەی ئێمە بناسن. ئەگەر کوڕ وبراتان نەبیب، هێندە لەنێوتان بووین، بووینە کوڕ وبراتان.

سمکۆیە قسان دەکا.

شوڕەلاوێکی باڵابەرز ولاو چاک هەر بە خۆی دەکەوێ فیشەکدان وتفەنگ هەڵبگرێ. دەیانگوت خەڵکی سابڵاغە و دانیشگای تارانی تەواو کردووە. وا بە کوردییەکی نزیک بەدڵان قسەی دەکرد دەتگوت هەر لەمنداڵییەوە لە دێهات گەورە بووە. کاتێک لەباسێک دەکۆڵیتەوە، نەرم نەرم ودانە دانە دەدوا. کاتێک باسی دەهێنایە سەر شۆڕش، سەرشۆڕش وڕاپەڕینی خەڵک دژی زۆڵم وزۆر، چەشنی هەور دەیگرماند:

... هەر ئەو جەماعەتەی ئێوە، هەژار ودەوڵەمەندی تێدا. هەروا بگرە کوردەواریش، ئەوەتا ئاغای هەیە، حاجی مەحموودی هەیە، حاجی شاتری هەیە کە دەوڵەمەندن. کرێکار وفەلاشی هەیە کە هەژارن! لە هەموو ئێرانێدا وایە. تەنانەت زۆربەی دنیاش. بەڵام هەروا نامێنی. زۆرداران دەڵێن: "ئەو قامکانەی دەست وەک یەک نین، خەڵکیش خودا وەی یەک دروستی نەکردوون! یەک لە نێو چاوی نوسراوە هەژار بێ، یەکێک ڕزقی زۆری لە لایەن خوداوە بۆ حەواڵە کراوە". بەڵام ئەمنیش وئێوە دەزانین کە ئەو قسانە هەموو درۆن. ئەوەتا حاجی حەمە دۆم، لە پێشدا دەوڵەمەند نەبوو، تێهەڵچوو و بۆی ڕێکەوت دەوڵەمەند بوو. بۆ ئەوەش پێی نەڵێن دۆم، بۆی چووە حەجێ. بەڵا ئێستاش هەر پێی دەڵێن دۆم(خەڵک پێدەکەنن)، یان حاجی سەعید، بە جحێڵی شوان بوو. ئێوە چاکترتان لەبیرە، پێیان دەگوت: سەعەڕەش. یان تەنانەت ئاغاکانیش، ئەگەر بە بنەماڵەیاندا بچینە خوارێ بابەگەورەیان شوانە یان گاوانە. بابەگەورەی شێخی هەورامان کوێخا بووە.

دووسێ کەس دەڕوانن بۆ یەکتر. خەڵک وەک لە نوێژی جومعە بن، بێدەنگ گوێ دەدەنێ. جحێڵەکانیش هاتوون ودانیشتوون و بەسەرنج و کەیف خۆشییەوە گوێ دەدەنێ. دووسێ پیاوی پشتوێن زەرد، کە زۆر ڕووخۆش نین، هەر دەڵێی بێگاریان پێدەکەی. جارجار سەرنجی دەرگاکە دەدەن. بڕێکیان زۆر چاک گوێ دەدەن. بڕێکیشیان دەترسن، لە ترسی تفەنگی پێشمەرگەکان لێرە کۆوەبوون. لێرەش لە تفەنگی ئەمنیە دەترسن.

... حاجی مەحموود و حاجی شاتریش هەر یەکە لەبەر مەسەلەیەک دەوڵەمەند بوون. هیچیان لە عاسمانەوە بۆیان نەباریوە. ئەوان بە سوود وسەلەم و تجارەتی قاچاغ و تەنانەت کاسبی«حەڕام» ماڵیان پێکەوە ناوە. ماڵەکە لە پێشدا چ بووە؟ لە پێش هەموو شتێکدا کاری کرێکار و فەلا هەموو ماڵێک پێکدێنێ. لە حاسڵی زەوییەوە بیگرە تا ماڵی سێ قات! ئەوانەش یان بەفێڵ یان بە حیلەی شەرع، یان ←

هەر بەزۆر لێمان دەستێنن. چەند کەستان مانگا ومەڕی لە جیاتی قەرز داوەتەوە بە حاجی مەحموود؟ یان هەموو خەرمانەکەی، ئاغا لەبری قەرز و زەکات بردوویەتی. ئەو زوڵمە! هەموو کێشەیەکی کۆمەڵ لەسەر ئەو زوڵمەیە. کێشەی هەژار وزۆرداره. بگرە نێوان ناخۆشی ژن ومێردیش و هەموو کێشەیەک لە گەورە تا بچووک، ئەگەر چاک تێفکری هەر دەڕواتەوە سەر ئەو کێشەیە! کوردەواری خۆمان دەڵێ: "هەموو شتێک لە باریکیدا دەپسێ، زوڵم لە ئەستووریدا". هەڵبەت دەبێ بۆخۆمان هێزی لێ بکەین تاکوو بپسێ. هەمووتان چوونەتەشار وشکایەتتان کردووە و نێو ئیدارەکان هەموو چوون. دەزانن کە ئیدارەی دەوڵەتیش بۆ غەیری دەوڵەمەند کارێک ڕێک ناخا. ئەگەر ئیجارەی زەوی نەدەن، ژاندارمە بە زۆری لێتان دەستێنێ. ئەگەر سوودی قەرز نەدەنەوە، هەروەتر، قەرزی بانکیش نەدەنەوە،ماڵەکەتان هەراج دەکەن. بۆ هەموو کارێکی بچووکیش بەرتیل هەرد ەبێ بدەن. دەوڵەت هەر بۆیە دروست بووە کە ئەگەر ئێوە ئیجارە تان نەدا، یان حەقی خۆتان ویست، یان داوای حەقدەستی زیادی بکەن، بە زۆری تفەنگ بێ دەنگتان بکا، ئەگەر داوای مەدرەسە ودوکتور وڕێگاشتان کرد جوابتان نەدەنەوە.. هەموو لە بیرەوەرییەکانی خۆتاندا، ئەوەتان زۆر لەبیرە. دەوڵەت نۆکەری دەوڵەمەندانە. لە دەوڵەمەندی تاران و هەندەرانەوە بیگرە هەتا حاجی شاتری و ئاغاکانی وڵاتی خۆمان. ئەوەتا «دەوڵەت» و«دەوڵەمەند» هەروەکوو یەک دەچن. هەڵبەت ئاگاشتان لێیە کە کوردەواری زۆڵمێکی دیکەشی لێدەچێ. کوردەواری بۆخۆی حکوومەتی نییە، ڕەنگە بڵێن ئەگەر دەوڵەت نۆکەری دەوڵەمەندانە هەر نامانەوێ. بەڵام ئەگەر نۆکەری دەوڵەمەند نەبێ بەڵکوو خزمەتکاری هەژار بێ، ئیدی خۆ چاکە! جا، باب وبراکانم لەبەر هەموو ئەوانە ئێمە چەکمان هەڵگرتووە! چەکمان هەڵگرتووە کە ئەو دەوڵەتە بڕۆخێنین ولەسەرە کەلاوەکەی دەوڵەتێکی دی ساز بکەین کە هەژار سەردار بێ. کرێکار وهەژار حوکمیان بەدەست بێ و کوردەواریش تێدا بەشخوراو نەبێ. ئێمە زەوی وزار وماڵ ودەوڵەت لە چنگی دەوڵەمەند وئاغا دەردێنین و دەیدەینەوە بە ساحێبی خۆی، بە خەڵکی زەحمەتکێش، کرێکار وجووتیار! چوونکە هەموو حاسڵ وداهاتێک هەتا لە بن عەرز دایە، مولکی کەس نییە و لەگەڵ هاتە دەرێ ماڵکی ئەو کەسەیە کە کار دەکا وئارەق دەڕێژێ. بۆ هێنانەدەری ئەو داهاتانە.

ڕەنگە پێتان سەیر بێ، ئێمە بە چەکی ڕەشۆکەوە و دەوڵەت بە تۆپ وتەیارەوە چۆنمان پێدەکرێ؟!

ئەما دەوڵەت تۆپ وتەیارەی بە داهاتی دێهات وشار وهەموو وڵات دەبا بەڕێوە. دوڵەت ئەمنیە و سەرباز وجاش لە ئێوە دەگرێ و شەڕیان پێدەکا. سەرچاوەی هەموو دەسەڵاتێکی دەوڵەت ئێوەن خەڵک، هەموو خەڵکی زەحمەتکێش! ئەگەر هەموو خەڵک کە ئێمەش ڕۆڵەی دڵسۆزتانین یەککەوین وخەباتی چەکدارانەمان بەڕێوەبەرین، دەوڵەت بەورێکی پەڕۆییەنەیە کە هەر بە یەکەم هەڵمەت تێکی دەشکێنین. ئێمە هەموو خەڵک، خەڵکی خەباتکەر ئەگەر هەموو پێکەوە پێ لە عەرز دەین، گەورەترین بوولەرزە دەخەینە وڵاتەوە کە قەڵای دوژمن دەڕووخێنێ. کێ ئەو هەموو حاسڵە پەیدا دەکا؟ کێ چەرخی هەموو دونیا هەڵدەسوڕێنێ؟ کرێکار وفەلا وهەموو خەڵکی ڕەنجدەر! ئەگەر ئێمە هەموو پێکەوە بگرمێنین، هەورە تریشقەیەکی هەرە بەسامە کە دوژمن دەکا بە زووخاڵ! هانای هەناسەی سینگمان گەردی دوژمن بە با دەدا. ئێمە خەڵکی خەباتکەر کە ئیمان و بڕوامان هەیە بە هێزی خەڵک وچەکمان هەڵگرتووە، هەتاهەتایە بڕوامان وایە کە هێزی خەڵک بەحرێکی بەر بەرینە و بنەی نایە و هیچ هێزێکیش باشاری ناکا! وەک سۆفی و مریدان کە مریدی شێخن ئێمە مریدی خەڵکین. وەک شێخان مریدی خودان، ئێمە مریدی خەڵکین خەڵکی خەباتکەر، خەڵکی ڕەنجبەر...

**سمکۆ وبرادەران لە ماڵێک دان**

پیاوی خاوەن ماڵ: ئەی بە قوربانی دەمت بم کاکە! بە سەری سەیدی زەمبیل قسەکانت وەک ئایەتی قورعانێ وابوون، بە دڵەوە دەنووسان.

ژنەکەی: ئەرێ وەڵلا، لە دەوری سەرت گەڕێم. بە خودای نورت لە نێو چاوان دەبارێ، ئیشاڵای خێرم بە خودا کردبێ بە مراد دەگەن.

سمکۆ دەڵێ: بە مراد دەگەین مرادی ئێمە مرادی ئێوەیە.

ساحب ماڵ پێیوایە ژنەکەی قسەیەکی کردووە کە سمکۆ دڵگیربێ دەڵێ: ئەتۆ ج قسەی مەکە نانی بێنە! خودا دەزانێ لە کەنگێوە نانیان نەخواردووە.

سمکۆ دەڵێ: مامە گیان ئێمە قەد ڕەزا بە عەزێتی ئێوە نین، نان و دۆیەکمان بدەنێ بەری دڵمان بگرێ.

ساحب ماڵ دەڵێ: ئەی قوربان لە سایەی سەری ئێوەوە شوکور هەموو شتێک هەیە، مریشکم کوشتووەتەوە، حەیف نییە ئێوە نەیخۆن و ئەمنیە بیخوا! ئەوە فرمایشتە، بەڵێ فەقیرین بەڵام قەدری میوان هەر دەگرین.

سمکۆ بە پێکەنینەوە دەڵێ: بۆ پێم دەڵێی قوربان! ئەمن وەک حەسەنی براچووکەت وام. هەر لەتەمەنی ویش دام. پێشت بڵێم ئێمە فەقیرمان لا بەررێزترە لە ئاغا وماغا!

نانیان هێنا. سمکۆ زانی ئەگەر دیسان باسی خەرج و عەزێتی شێوەکە بکرێ، پێیان ناخۆش دەبێ، لەبەر ئەوە خێرا دەستی کرد بە تاریف کردن لە نان وچێشتەکە.

ـ یارەبی دەستت خۆش بێ خوشکێ! وەڵلا لە سابڵاخیش خوانی وا جوانم نەدیوە.

ـ دەک نۆشی گیانت بێ و زوو بە مراد بگەن و بچنەوە سابڵاخێ. ژنە دڵی پڕبوو و دەنگی دەلەرزی: داخودا دایکتان ئێستا چەندە چاوەڕوانتان بێ؟! ڕەبی ئەمن کوێراییم داتێ...

فایدەی نەبوو ... تیکەی ئەوەڵیش بە گەرووی سمکۆدا هاسان نەچووەخوار. بیری دایکی کەوتەوە و سابڵاغ، چاوی هەر واق ما بە نانەکەدا... سمکۆ دەماخی نەبوو!

**لە ماڵێکی دی**

دوو پێشمەرگە لەوێ میوانن. یەکێکیان کوێخا شەریفە و لە کاتی نانخواردندا، چووەتە خەیاڵانەوە. دەوڵەت قەولی داوەتێ بە مەرجێک سمکۆ بکوژێ یان بە جۆرێک بیخاتە نێو تەڵەی دوژمنەوە، دە هەزار تمەنی جایزە بداتێ. ئەویش بەو هیوایە هەر لەوە دەگەڕێ هەلێکی باشی دەست کەوێ و دایم لە خەیاڵی پوولەکە و خەیانەتی خۆی دایە. خۆ بەخۆی دەڵێ: دە هەزار تمەنم دەدەنێ. تەراکتۆری پێ دەکڕم. کرێ کێشی پێدەکەم. دەمکاتە پیاو...

خەڵکی ئاوایی یەکیەک و دوودوو دەهاتنە لای سمکۆ. فەلایەکی پیر، قەنەنەکەی بە دەمەوە و هەر سەرنجی سمکۆ دەدا و حاجیەکیش چووبووە لای ژووری مەجلیس. یەک دوو جحێچیش لە مەجلیس دا بوون. چاوەڕوان بوون سمکۆ چایەکەی بخواتەوە و قسە بکا. ئاخری خاڵۆی قەنەنەکێش خۆی پێڕانەگیرا و دەستی بە قسە کرد: وەڵلا میرزا، هەرچەند بێ ئەدەبیشە، بەڵام لێم حاڵی نییە چۆن بە دەوڵەت وێراون؟! سمکۆ دەڵێ:

ـ خاڵە گیان لە مزگەوتێ باسم کرد، ئێمە پشتمان بە ئێوە بەستووە و هیوای قایمان بە

ئێوەیە.

حاجی: جا چاکە ئەوە دە ئەمنیەشتان کوشت، خەیاڵەودەیکەن، ئێوە چۆن سەردەکەون؟! خەڵک تازە دەوڵەمەند بوون و وەدووتان ناکەون!

مـامـەی قـەننەکـێش: وەڵڵا قـوڕبەسـەر و ماڵوێران ماوینەتەوە، بەڵام شتێکە دەوڵەتەکەش باشاری ناکرێ. بەحرە و لێی کەم نابێتەوە.

سمکۆ: ئەگەر شۆڕش هەموو وڵات داگرێ و لە هەر لایەکەوە دوژمن پێ دابنێ، پێی بە بڵێسەی ئاوری خەباتی خەڵک بسووتێ، ئەگەر ئەو بەحرە هەر لێی کەم بێتەوە و نەچێتەوە جێگای، ئەگەر هەمـوو گـەل بکەونە هەڵهێنجانی ئەو بەحرە، وەک حیکایەتی دێوەکە، کە بەحرەکەی خواردەوە بۆ حـەزرەتی سـولەیمان .. جـا ئەو جـار بەحـری دەوڵەت دەبێـتـە دەشـتـێکی وشک و بەرین بە تەراکتۆران بیکێڵی بیکەیە بەهاروو.

فەلای قەننەکێش نێوچاوانی کردووەتەوە و بە ئیشتیا گوێی داوەتە سمکۆ و پاشان دەڵێ: جا کـوا؟! ئەگـەر ڕۆژێکی وابێ، هەمـوو قـۆڵی لێ هەڵدەکـەین! ئەو سـەگـبـابانە هەر گـوتیـان ئیسـلاحـات دەکـرێو دەبینە خـاوەن زەوی! دەی کـوا؟ ئێـمـە پێـمـان وابوو زەوی بە هەمـووان دەدرێ. نان بۆ هەمووان دەبێ، ئەوەی کارگەر و ڕەنجبـەرە نانی دەبێ، ئەوەی تەوەزەل وزگـزلە لەبەین دەچێ. پێمان وابوو ئاغا دەوری نامێنێ و تۆویان لە عـەرز پاک دەبێـتـەوە و هەمـوویان دەڕژێنە نێـو چۆمی. پێـمـان وابوو دوکـتـور و دەرمـان دەبێ. قەند وچاو برنجـمان بۆ دێننە نێو مـاڵان. مـوختـەسـەر وادەی زۆرمـان بە خـۆمـان دابوو. کـەچی هەمـووی خـەون وخـەیاڵ بوو. پێرارەکە ئاغا زەویە گەورەکەی ئەو بەری چۆمی لێ بڕیم بۆ خـالیسـە. ئێـسـتـا دیسـان بەشی دەکـاتەوە. بەشـێکی دی لێ هەڵدەگـرێتـەوە بۆ ئەوەی بە خێـر، باقیـمـان پێ بفـرۆشێ. وەڵڵا ئیدی یەکجاری کۆڵەوار دەبم.

کـوڕێکی جـحێـڵـە هەر دەجـووڵایەوە تا نۆرە قسـەی پێ بگا. بە پەلە گوتی: کەسـتـان ناوێ لەگەڵتان کەوێ؟ سمکۆ کە زۆر بە ئیشتیا گوێی دابووە خاڵەی قەننەکێش، ڕووی کردە جەوانەکە و هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی:

ـ وەڵڵا کـاکە گـیان چەلێ ڕێـک وپێک دەبێن بەینێکی پێ بچێ... پێـــڵاوت دەنێـــینە سەرچاومان. فەلای قەننەکێش ڕوانی بۆ حاجی وبۆ مـەجلیس و بە ئاشکرا ترسا... خاوەن مـاڵ گوتی: دەی کاکە لێرە جێگاتان بۆ ڕاخەم یان لە کوێ دەفەرموون...؟

سـمکۆ: عـەرزت دەکـەم هەروا ڕادەکـشـێین.

پێش ئەوەش وڵات ڕووناک بێتەوە دەڕۆین. ڕوو لە پێـشـمـەرگـەکـان دەکـا ودەڵێ: کـاک شـەریف قــەرەوڵ بێ! شــەریف چاوی وریشــایەوە... محـەمـەد ڕوانی بۆ شـەریف وبۆ سـمکۆ. شەریف قەرەوڵە...

وەختـی خـەو دەوریان چۆڵ بوو، سـمکۆ خـەوی لێ نەدەکـەوت. دوو هەواڵەکـەشی بێ تاقـەت بوون. یەکیان گوتی: ئەرێ ئەوە بۆ ئەو جحێڵەت ڕێ نەدا دەگەڵمان کەوێ؟ سمکۆ بە تووڕەییەکی ڕەفـیقـانەوە تێی ڕوانی وگوتی: ئەوە ئەتۆ دەڵێی چی؟ مـەسـەـلێکی کـوردی هەیە دەڵێ«ڕێوی دەکـونێـوە نەدەچوو، هەژگی بە کلکی خـۆیەوە دەبەست!»

ڕەفیقەکەی گوتی: زۆر خەمباری، چتە؟

ـ کاکە بۆیە ناڵێم بترسێی بەڵام دەبێ ئاگادار بین ولێـمـان تێک نەچێ. پاش مـانگێک ئەوە یەکـەم کـەس بوو کە دەیگوت دێمـە ناوتان. دەی چەک لە کوێ ڕا بێنین؟ فـیشـەکدانی خـۆمـان پڕ نین. دەبێ چاک لە خـۆمـان ورد بینەوە و کـەم وکـوڕیەکـانمان چارەسـەر کـەین. هەروەک لە مزگەوتێ گوتم دەوڵەت مەکینەیەکی زەلامە وەک هەژدیهای حەوت سەر لە هەموو وڵات و لەهەموو دێهاتێک بنکە وپەلی هەیە. هەمووش بەجارێک خەریکی ئیشن، بۆ یەک مـەرکـەز بۆ تاران. ئەو دەوڵەتە کە تێی هەڵچووین ئەگەر حەوت سەری بێ، شـەش سـەری خـەریکی پاراسـتنی خـۆی وڕووتاندنی خـەڵکە. تەنیـا سـەرێکی خەریکە بەعـزەکـارێکە وەک نەخـۆشـخـانە و مـەدرەسـەی نێـوەناتەواو. بۆ ئەوەی خـەڵک کـاری شـەش سەرەکەی دی لە بیر برنەوە ... خۆت گوتت.

ـ بەڵێ، بەڵام بەرانبەر بە هێزی خەڵک وایە، هێزی خەڵکمان لە پشتە؟ خەڵک پێیان خۆشە پشـتـیـوانمان بن بەڵام نازانن چۆن یارمـەتیـمان بدەن. دەوڵەتیش چاک دەزانێ چۆن لەگـەڵمـان بەشـەڕ بێ. شـۆڕشی وڵاتەکـانی دیکەی لەبەر چاوە. وەکی مـاسی چۆن لە ئاوی دەبڕن. دەیەوێ ئێمەش لە خەڵک ببڕێ.

ـ بەم حیسابە ڕێمان بۆ هیچ کوێ نابێ.

ـ وەڵڵا بڵـێم چی دەبێ زۆر قایم خەریک بین. دەبێ مـەکـینەیەک دروست بکەین لەهەمـوو شارێک ولە هەموو دێیـەک بنکە وپەلی هەبێ. ئەگـەر مـاڵی ئاغـا پەلی دەوڵەتە، کـرێکار وهەژاری شاریش پەنای ئێمـەن. ئەگـەر دەوڵەت ودەوڵەمەند وئاغا دەستیان لە دەستی یەک ناوە و پشـتیان بەیەک بەستووە، کرێکار وجووتیار وئێـمـەش دەبێ دەست لە دەستی یەک بنێین وبە تەواوی پشت بە یەک ببەستین. مەکینەیەکی وا ساز بکەین کە هەموو خەڵک بتوانن بە هۆی ئەو مەکینەیەوە، یارمـەتیـمـان بدەن و یەک بگرن و ئێمـەش بە تەواوی دەگـەڵ خـەڵکی زوڵم لێکراو ببین بەیەک.

ـ ئەو هەمـوو خائینانەی لە شـارن، ئەو هەمـوو جاشانەی نۆکەری حکوومـەت کە لە دێهاتەکـانن چی؟

ـ جـاش پەلێکە لە مـەکینەی دەوڵەت، ئەگەر ئێمە پەلمان بردە نێو جەرگی خەڵک هیچ هێزێک باشارمان ناکا. ئەو هەژارانەش کە هەڵخەڵەتاون وبوونەتە جاش، بەو مەرجەی ئێمە پەلمان ببەینە نێو جەرگی خەڵک، ڕایان دەکێشینە نێو خۆمان. پێـمـوایە دەردی گـەورەمـان هەر ئەوەیە، ئێـمـە لـەنـاوچـەدا وەک زیـنـدانـی کـــــــرابـین وایە. «مـەکـینە»ئەوەش جێ بەجێ دەکـا. ڕیشـەی هەموو سەرنەکەوتنێکمان ئەوەیە جۆگەمان نییە، هێزی خەڵک ناژین کەینە سەر مەزرای خەبات. خـەباتیش ئەگـەر هێـزی خـەڵکی لێ بڕا وەک مەزرای بێ ئاو دادەمرێ و سیس دەبێ. لێرەشەوە هیچمان پێ ناکرێ. گەمارۆ دراوین و لە خەڵک جـوێ بوینەوە. لەوەی گـەڕێ ڕۆژانی جـومـعـە دەتوانین خـەڵک ببـینین. ئێـمـە کـەمین، بێ سـامـانین. تەنانەت خـوێندەوارانیش لێـمـان ناپرسن. قسەی ئەوانەم بۆ مەکە پڕتەقاڵ دەخۆن و باسی کـوردایەتیم بۆ دەکـەن. ئەوانە خـائینن. هەمـوو خـوێندەوارێک ناڵێم. ئەمن بۆخـۆم نە کرێکارم ونە فەلا. بەعزە خوێندەوارێک دڵسۆزن؛ بەڵام ڕێگای خۆیان لێ ون بووە. دەوڵەتیش وەک هەژدیهـایەک وایە لە تەختی دۆڵێک نووستبێ، هەر خـوێندەوارێک ڕێگای لێ ون بێ و بخـزێ دەکـەوێتـە گـەروویەوە و بە ڕێگای خـەیانەتدا دەچێ. بەڵام ئەگـەر ئێمـەش مـەکینەمـان هەبێ، دەتوانین زۆریان بۆ لای خۆمان ڕاکێشین.

ـ دەی ئێستا دەڵێی چی؟

ـ وەڵڵا بڵـێم چی؟! خۆ دەست بەجێ ناتوانین هەمـوو شـتـێک بتـاشین. دەبێ هەمـوو خـەڵک سازی بکەن وتاقمە پێشڕەوەکان وەپێش کەون و ←

وردەوردە خەبات تیژتر بێتەوە ومەکینە دروست بێ، مەکینەیەک کە چینی کرێکار بیبات بەڕێوە و لەسەر قازانجی هەموو خەڵکی زەحمەتکێش تێبکۆشێ.

ـ ئەوە بۆ ئەوشۆ نابێ، ئەمن دەڵێم ئێستا دەبێ چ بکەین؟!

تەقە بەرزەوە دەبێ.. وڵات دەشڵەژێ.. شەریف یەکێکی بریندار کردوە و دەرچووە. پێشمەرگەکان شپرزە لەدێ دەڕۆن.

محەمەد دەڵێ: بە خودای ئەمن دەمزانی وای لێ دێ.. یەکێک لە ڕەفیقەکانی دەڵێ: ئەی بۆ نەتگوت! بێ شەرەف!

سمکۆ: بۆ پێکەوە بە شەڕ دێن.. خێرابن با بڕۆین. دارێنە لێرەوەیە.. جێگایەکی سەخت وناستەمە بۆ شەڕ دەبێ.

قەومابوو.. چاکیان دەست پێ نەکردبوو، ڕێگای گەڕانەوەش نەبوو. بەبێ مەکینە و ڕێک و پێک کردنی خەڵک هیچیان پێ نەدەکرا. ئەو کارانەش لە چیاوە نەدەکرا. بۆ کاری وا دەبووا لە پێشدا چووبانە نێو جەرگی خەڵک و تاماوەیەک خەڵکیان سازمان دابا. بەڵام ئەوان لە هەموو لایەک دیاربوون و بە دوژمن گەمارۆ درابوون. لەپێشدا پێیان وابوو ئەگەر کۆمەڵێک خوێندەوار و دڵسۆز وەک کۆمەڵێک فریشتە بچنە نێو خەڵک و وەک پێغەمبەرانی قەدیم بڵێن وا چاکە و وا خراپە شۆڕش دەکرێ. خۆیان هێندەیان شۆڕش پێ چاک بوو، وایان دەزانی خەڵک هەر ئەوەندە نێوی شۆڕشیان بیست وەدوویان دەکەون. بەڵام هەیهات!! کۆمەڵی ئینسانی هێندە ساکار نییە وشۆڕش هێندە سەهل وسووک نییە. وەک سمکۆ دەڵێ کێشەی کۆمەڵ، کێشەی هەژار وزۆردارە. بەڵام زۆرداران تا ئێستا توانیویانە جگە لەو جەماعەتە کە هەژاری بۆ دەدۆشن، تەنانەت هەژارەکانیش بە دووی خۆدا ببا و ئەو کێشەیان لەبیر بەرێتەوە. هەتا هەژار و بەردەستی زۆردارانیش لەگەڵ زۆرداران بن، هەتا هەژاران بە تەواوی تێنەگەن

کە بۆ بەدەست هێنانی مافی خۆیان و لە بەین بردنی زۆرداران دەبێ یەک بگرن و خەبات بکەن، تەنانەت هەتا خەڵک بۆ ئەو مەبەستە دوو دڵ بن دوژمن بە تەنیا نابێ و پشتی قایم دەبێ. تەنها وەختێک کە خەباتی خەڵک وچینە پێشڕەوەکان، زۆرداری بە تەنیا خستەوە و هێزی بە سامی هەموو گەلان دژی شەختەی زۆردار هاتە کوڵ ئەو دەمە ئەویش وەک بڵقی سەرئاو دەدڕێ ولەنێو دەچێ. هێشتا ئەو کاتیش شۆڕشگێران دەبێ وریا بن. ئەو مەیتە پیسە وەک کرمێک نەکەوێتە لەشی گەلەوە. هەموو ئەوانەش بەو مەرجە دەکرێ و ساز دەبێ کە تاقمە پێشڕەوەکانی بتوانن لە پێشدا بە سازکردنی وەسیلەیەک کرێکار و جووتیار و چینە زەحمەتکێشەکانی هەموو وڵات تێک کەنەوە و لە هەموو وڵاتەوە گەمارۆ دەن؛ تەفر وتونای کەن.

ئەو ڕۆڵە نەبەزانە بوونە تەجرەبە، تجرەبەیەکی تاڵ. ئەو پیاوە پێشڕەوانە داخوا دەبنە پردی دوایی؟!

بەچاو تروکانێک محەمەدیش هەڵدێ.. ناکا لەباتی شەریف ـ کە خزمی بوو ـ بیکوژن. یەک بانگ دەکا: محەمەد! محەمەد.. بە خودای ئەویش بۆی دەرچوو!

یەک دەڵێ: بانگی کە برا، بانگی کە..

ـ نا، جواب ناداتەوە.. ئەویش ڕاپۆرتمان لێدەدا.

سمکۆ دەڵێ:دەگەینە چۆمی «دارێنە»، هەر لەوێ دەبێن تا سبەی شەوێ نامان بیننەوە..

ڕەفیقەکەی دەڵێ: بە سەری تۆ جاش و ئەمنیە زۆر هاتوونە ئەو ناوچەیە..

ـ قەت هێندە لە شەڕ نەترساوی! چ بووە؟ بە جەرگ بە..

ـ ناترسم بەڵام تەواو کەمین.. ئەو جەنازەشمان پێیە! شەڕمان چۆن پێ دەکرێ؟!

ـ ناخ شەریف! ناپیاوی سەگباب.. هێندە بیربیرە مەکەن ئەوەتا گەیشتین.

***

دارێنە
چۆمێکە و
شێوێکە پڕ بەر وکەڵێن وقوژبنە
بێدەنگ وکش وماتە
لە سەر ئاسۆگەوە
داران
بە بەژنی لار ولەوێر و بە کزیی
ڕوویان کردووەتە عاسمانی ساف وڕۆشنی شەوی
بەهاریێ
بە گەڵای تازە و جوانی مانگی گوڵانەوە
دەستیان بەرەو عاسمانی شینە
دەڵێی نیازێکیان هەیە، ئاواتێکیان لە دڵی خەمینە
بە پەرۆش و بە دەم شینەوە دەنگێکیان لێوە دێ
دەڵێی دەنگی دوعای چاک وپیری ودم زێڕینە
گاشە بەردان بێدەنگ وکزن
گەوهەریان داشاریوە، دڵیان بە برینە.
چۆمە بێدەنگە،
لەبەر گوێی نامەحرەمی دڵ پڕ لە قینە
لە بن چوار بردەوە
چوار تفەنگ.
ملیان دەرکێشاوە
چاوی ڕەشیان لە ئاسۆگە سەرنج داوە
تا بشکێنن باڵی هەر پەلەوەرێکی خەیاڵی خاوە!
جاشێک دەردەکەوێ
تەقە لە تفەنگەوە دێ؛
جاش دەگەوزێ ودەکەوێ.
ـ خەنجەری میسری بێ قەرارە ئەگەر لە کالانا بخەوێ ـ
تفەنگی پێشمەرگەش جاش ببینێ، هەیهاتە لە سەنگەرا کڕ بکەوێ
ئەوە هووڕەوێکی ئەمنیە ورەوگێکی جاشە
ڕوویان کردە ئەو شوێنە
تەقە دامەزرا و ئەوان تۆپ و دەبابەیان پێنە
ئەوا هەر هووڕەوە ئەمنیە و ڕەوگە جاشە کە دێنە.
لە سەد و دووسەد و سێسەد سەرکەوتن
تۆپ ودەبابە وبازووکا هاتن
ڕیزبوون
ملیان گێڕاوە
ڕوو لە نێو بەردان
لە پەسا گوللەی تۆپ وتانک داباری
بۆ دڵی دارێنەو
خەم بۆ دڵی فەقیر وهەژاری
دارێنە ئاورێنە
دارەکان بە شنەی بایەکی بە سام
هاتوونە سەمایەکی توند ودوژمن تارێن
چەکی نێو بەردان
بە هەموو فیشەکێ دەتلێنێ لاشەی نامەردان
دەیان گەوزێنێ لە ناو تەلان وبەردان
خوێنیان دەڕژێنێ ودەیان گلێنێتە نێو دەردان
هەر تۆپ ودەبابەیە بە تاوە
لە باتی سەد تۆپی ئەوان
تاقە فیشەکێک، لەم لاوە.
بەڵام
هەیداد...

فیشەکدان...
فیشەکی تێدا نەماوە!
جوامێرەکەی من
جەخاری بەجەرگە
چەکی لێ براوە!
هۆ هۆ خانە
هۆ خانەی ئەوی سەرجاشە
مەردی؟
ئازای؟
فەرموو باشە
دەبڕۆ خەبەرێک بێنە
لە نێـو بەرد و تەلانی بە تۆپ لەت لەتکراوی دارێنە.
خانە دێ
دەڕواتە سەر سەنگەران
کلکی کـلاقـەیە، گـوێی قـوتە هەر بە چەشنی جاشەکەران
دڵی قایە بۆ نۆکەریی زۆردار وداگیرکەران
سمکۆ...
ئەوەتا
برینداره
گوایە ماوە؟
ئەرێ
زەردەخەنەی هێشتا لە چاوە.
چەک نەماوە
برادەر لەپاڵ برادەر کوژراوە
سەری لە سەر بەردی سەنگەرێ
چاوی لە ئەستێرەیە
ـ هەر وەک چاوی دڵدارێ لە دڵبەرێ ـ
بیری لە مەرگی هەرە جوانە
مەرگی خەباتکەرێ.
مەرگ ئەگەر هات،
دڵە بە خێری بێنە
مەرگی خۆشتر لە سەنگەرە
نەک لە نێو نوێنە
بەومەرجەی هەبێ
دەستی دۆستیی
هەڵگرێ
چەکی داکەوتووم
لە سەنگەری دارێنە.
خانە هەڵدەکێشێتە دەمانچەی دەستە زێڕینێ
دەڵێ: ئەوەیە دوژمنی زۆرداری وخوێمژینێ؟!
دەڵێ: ئەگەر شادە وئیمان دێنی بێنە
دەت نێرمە بەهەشتی بەرێنێ..
دێنە زمان چاو و دەمی سمکۆ کە دەڵێ:
شادەوئیمانم ئەوەیە؛
باوەڕم بە هێزی خەڵکە کە بەحرێکی بەر بەرینە
باوەڕم بە هیـوای خـەڵکە کـە هیـوایەکی زۆر شیرینە
هەتاهەتایە
خۆشەویستی خەڵکی دەردۆمەندم ئەوینە.
ناڵە لە دەمانچەی دەستە زێڕینێ
رووبارێکی خوێن دەڕژێ لە برینێ
سمکۆ لە نێو بەردی دارێنەوە
هەڵدەفڕێتە نێو کۆشی خەڵکی دڵ خەمینێ
بۆ نێو دڵی خەڵکی چاو بە ئەسرینێ
چەکی دەداتە دەست خەڵکی و
ئەسرینیان دەسرێ
بە دەسماڵی تووڕەیی وقینێ
هەموو ناڵەیان دەکاتە خرۆشینێ
دەچێتە مێژوو،
دەچێتە ئەبەدییەتیبەرەڕێنێ.
ئەوەتا
ئەوە مەیتە؟
یان شۆڕەسوارە؟
کە دەڕوا لەوبەری رووبارە؟
خەڵکی بانە
هەموو خرۆشان
بەچاو تکایانە
بە دڵ رەجایانە
ئەو شەهیدە عەزیزە کە قەت نابەزێ
بۆ تاقە شەوێک لە بانە دابەزێ.
بەڵام ئەوە تۆوی ئاورە
بەشی بانە ئەوەتا لە دارێنە
هەتا سوورکێو کێوە ئەویش هەر بە گوڕە
میوانداری ئەو تەرمە ئازیزە
شاری سنەی پڕ لە شۆڕە کوڕە
بە سەر شانی کێوەکاندا تا دەگەینە سنە
کوچکەرەشیپێ دەکا بە زووخاڵ و شاری سنەش پڕ لە ئاورە
زایەڵەی دەنگی وەکوو هەورەگرمەی بەهارێ
ئەو شێعرە لە دارێنەوە دەبا هەتا کوچکەرەشی
قەبری شۆڕەسوارێ
کە ئاور بەردەداتە هەموو دڵێکی سوتاوو
بە جارێ
دەنگی زوڵاڵی سمکۆ
کە دەڵێ:
باوەڕم بە هێزی خەڵکە کە بەحرێکی بەر بەرینە
باوەڕم بە هیـوای خـەڵکە کـە هیـوایەکی زۆر شیرینە
هەتاهەتایە
خۆشەویستی خەڵکی دەردۆمەندم ئەوینە.

****

## یادێک لە «دیلان»ی شاعیر

### هەڵبەست دیلان

**❑ بە بۆنەی پێنج ساڵەی کـۆچی دوایی شـاعیـر و هونەرمەندی ناسـراوی کورد: مامۆستا «محەمەد سالح دیلان»**

پێنج ساڵ لەمەوبەر، چرای پڕ لە تیشک و شەبەقی شاعیر و هونەرمەندێکی دیکەی کورد، کـوژایەوە و باخی ڕازاوەی شێـعـری کـوردی، بولبولێکی خۆشخوێنی تری لە دەست دا کە دڵی هۆگرانی ئەدەبی کوردی خەفەتبارکرد و بوو بە مـایەی خـەم وکـەسەرێکی زۆر بۆ خـێـزان و خـۆشـەویسـتـان و نەتەوەکـەی... ڕۆژی ٢٧ی خەزەڵوەری ساڵی ١٩٩٠ شاعیر و هونەرمەندی ناسراوی کورد مامۆستا «محەمەد ساڵح دیلان» لە شاری سلێمانی، بۆ هەمیشە لە دنیای شێعر و ئەدەب ماڵئاوایی کرد... ئەوا بۆ ڕێز گرتن لە یادی شاعیری نەمردا، کورتە باسێک لە سەر ژیان و بەسـەرهات و کـاری ئەدەبیی ئەو هونەرمـەندە دڵسـۆزە، بە خـوێنەرانی بەڕێز پێشکەش دەکرێ.

«محەمەد ساڵح دیلان»، کوڕی مەلا ئەحمەدی دیلان، کـوڕی مـەلا سـاڵح کـوڕی مـەلاقـادری شـەوخـۆنی یە. بنەماڵەی «دیلان» لە شـاری قـەڵاچوالانی پێتـەختی پێـشـووی ئەمـارەتی بابانەوە هاتوون وهەوارگـەی ژیانی نوێیـان لە پێتەختی بابان (سلێمانی)هەڵداوە. محەمەد ساڵح دیلان، ساڵی ١٩٢٧ لە گەڕەکی گوێژەی شـاری سلێـمـانی هاتووەتە دنیـاوە. سـەرەتای خوێندنی لە مزگەوتی شێخ باباعـەلی دەست پێکردووە و پاشان لە قوتابخانەی خالیدییە درێژەی بە خـوێندن داوە و تا پۆلی سـێـهـەمی ناوەندی ئەوکاتە خوێندوویەتی. سـاڵی ١٩٤٧ بووەتە فـەرمانبەر و وەک مـەئمووری مـەخزەن لە دائیرەی توتن(ئنحصار)ی سلێمانی دامەزراوە و

←



خوالێخۆشبوو: محەمەد سالح دیلان

له دوایین کاری فەرمانبەری خۆیدا، بەڕێوەبەری ناوخۆی پارێزگای سلێمانی بووە.

سالح دیلان لە سالی ١٩٤٧دا و لە سەردەمی ڕژێمی پاشایەتیدا، بە بۆنەی هاوبەشی کردنی ئەو سەیرانە سیاسییە بە ناوبانگانەی لە لایەن کۆڕوکۆمەڵانی شاری سلێمانی لە قەڵاچوالان ساز دەکران، گیراوە. هەروەها سالی ١٩٤٨، بە هۆی هاوبەشی کردن لە خۆپیشاندان و نارەزایی دەربڕین دژی پەیمانی(پۆرتسمۆس)، لە لایەن ڕژێمی پاشایەتییەوە دەگیرێ و ڕەوانەی دادگای «مەجلیس عورفی»دەکرێ و لە سەر فەرمانبەری لادەبرێ. لە سالی ١٩٤٩ - ١٩٥٠ بە هۆی چالاکی سیاسی و بەشداری لە بزووتنەوەی نیشتمانی دا جارێکی تر دەدرێ بە دادگای «مەجلیسی عورفی»لە بەغدا وسالێک حوکم دەدرێ. سالی ١٩٥٢ لە سەر مۆرکردنی بەیانی «ئاشتی خوازان»گیراوە.

سالانی ١٩٥٣-١٩٥٤ لە سەر ئەوەی ئەندامی وەفدی عێراق و نوێنەری کورد بووە لە کۆنگرەی «میللەتان لە پێناوی پارێزگاریی ئاشتی) کە لە شاری (ڤیەنا) بەڕێوە چووە، ئەوجاریش لە لایەن کاربەدەستانی میری دەگیرێ و بەند دەکرێ.

سالانی ١٩٥٥-١٩٥٦لە سەر چالاکی ئاشتیخوازی، بۆ ماوەی دوو سال لە بەندیخانەی نوگرەسەلمان گیراوە و دوورخراوەتەوە. دوابەدوای ئەوە لە سالانی ٥٦-٥٧ بە تاوانی پشتگیری لە گەلی میسر لە کاتی هێرش وپەلاماردانە سێ قۆلییەکەی(ئیسرائیل ـ بریتانیا ـ فەرەنسا)بۆ سەر میسر، دەگیرێ و دەدەرێتە دادگا.

سالی ١٩٦٠ بە تاوانی ئەوەی خەلکی لە دژی ڕژێمی (عەبدولکەریم قاسم)بۆ خۆپیشاندان هانداوە، گیراوە و هەروەها لە سالانی ٦٢-١٩٦٣ دیسان لەلایەن ڕژێمی قاسمەوە دەگیرێ ورەوانەی بەندیخانەی(کوت)دەکرێ. سالانی ٦٥-١٩٦٦، لە سەردەمی ڕژێمی«عارف»دا، ئەو جاریش بە تاوانی نارەزایەتی دەربڕین دژ بە ڕژێم، دەگیرێ وراپێچی دادگای «ئاشتی دەولەتی» لە کەرکوک دەکرێ.

دیلان بە گشتی لە ماوەی سالەکانی ٤٧-١٩٧٠، زۆر جار لەسەر خەبات و هەلوێستی نیشتمانپەروەری و ئاشتیخوازی، یان دەستبەسەر و ئاوارە بووە، یان گیراوە و دورخراوەتەوە و بە کورتی لە پێناوی نیشتمان وئاشتیخوازیدا، وەک مرۆڤێکی کۆلنەدەر و ئازادیخواز گەلێک ڕەنج و ئازاری بەندیخانەی چێشتووە و زۆر کوێرەوەری و ئەزیەتی دیوە.

مەلا ئەحمەدی باوکی سالح دیلان کە پیاوێکی شارەزا و شێعردۆست و لە ناوچەی سلێمانیدا ناسراو بووە، کاریگەرییەکی زۆری لە سەر «دیلان»هەبووە و هەر لە مندالییەوە فێری کردووە کە شێعری خۆش بوێ.

سەرەتای وەرز و تەمەنی شێعریی دیلان لە سالی ١٩٤٧ەوە دەست پێدەکا. لە شاعیرە کوردەکان، نالی، مەولەوی، سالم، مەحوی، حەمدی، بێخود، پیرەمێرد، گۆران... و لە شاعیرە فارسەکان نیزامی و سەعدی و حافز، کەم وزۆر کاریان کردۆتە سەر و بوونەتە هۆی گەشانەوەی هەست و سۆزی «دیلان»ی شاعیر.

هەستی شاعیرێتی دیلان، هەر لە خۆوە نەهارووژاوە، بەلکوو گەلێک هۆ و هەلومەرجی شیاوی بۆ رەخساوە و لەبارودۆخێکی تایبەتیدا، زەمینەیەکی هەمواری بۆ گونجاوە؛ بە تایبەت ژیانی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی باوکی وەک ڕووناکبیرێکی سەردەمی خۆی، دەورێکی بالای لە شاعیرێتی دیلانی کوڕیدا بینیوە کە لەم بارەیەوە «دیلان»خۆی دان بەم ڕاستییە دادەنێ:

«... باوکم خوالێخۆشبوو، مەلا ئەحمەدی دیلان، پیاوێکی خوێنەواری شێعردۆستی، شێعرزانی بە جۆرێک بووە، زۆربەی مەلا خوێنەوارەکانی ئەوسای سلێمانی، ئەگەر شێعرێکی فارسییان لێ بە هەلە یان بە ڤینا چوایە و ڕوون نەبوایە لایان، ئەهاتنە لای و ئەو بۆی ڕوون ئەکردنەوە...».

دیلان زیرەکانە کەلکی لە شارەزایی و ژیانی ڕۆشنبیریی باوکی وەرگرتووە و لە پێناوی عەشقە پیرۆزەکەی ناخی دەروونیا گۆشی کردووە وخەملاندوویەتی، باوکی بە ڕاوێژکەر و دەرس دادەر و مامۆستایەکی وانەی ژیانی خۆی داناوە، چونکە خۆی گوتەنی، هەر ئەو وای لێکردووە شێعری خۆش بوێ«... مەلا ئەحمەدی دیلانی باوکم ڕاوێژکەرێکم بوو، ڕوونکەرەوەیەکم بوو، داران ودەستێکم بوو، بۆ ئەوەی بتوانم لەم ڕێبازەیا شێعرم خۆش بوێ، شێعر بلێم، شێعر بکەم بەوەی لە جیاتی نووسین هەتا ڕادەی دوور شێعر بلاوبکەمەوە...».

ئەمە و سەرەڕای ژیانی سیاسی سەردەمەکەی، خۆی وای لە شێعر وشاعیری چاوەڕوان کردووە کە ڕاستەوخۆ، بە بزووتنەوەی نەتەوەیی ونیشتمانییەوە ببەسترێتەوە و بەمجۆرە ئاسۆی فیکریی شاعیری تێدا فراوانتر بکا. چونکە هەر لەسەرەتای ژیانییەوە، پێی وابووە کە شێعر وبەرهەمی ئەدەبی دەبێ ڕاستەوخۆ لە خزمەت بزووتنەوەی نەتەوەیی و نیشتمانیدا بێت.

هەر بۆیە دیلان دەنگی ڕەسەنی شێعری نوێی کوردییە و خاوەنی کەسایەتی و بەهرەی شێعریی خۆیەتی و کاروانی وشەی شێعرەکانی ناخی ڕاستی ئەم بۆچوونانە ڕۆشن دەکاتەوە. وەکوو باسکرا، هەر لە هەرەتی لاوییەوە، واتە لە سالی ١٩٤٨ەوە دەستی بە شێعرنووسین کردووە و لەو کاتەوە هەستی پاکی شاعیرانەی خۆی خستووەتە قالبی وشە و شێعری کوردییەوە و شادی و ئازارەکانی بە زمانی شێعر دەربڕیوە.

دیارە شێعری هەر شاعیرێک، شێوە و ئاهەنگ و چێژی تایبەتی خۆی هەیە کە دەبێتە هۆی ناسینەوە و هۆگری تایبەتی. مەبەست وناوەرۆک وپەیامی شێعریش ئەو تایبەتییانەن کە لە تای تەرازووی بەراورددا، بایەخ وگرینگی شێعر دەنوێنن.

شێعری مامۆستا دیلان، هەم شێوە و سروشتی تایبەتی خۆی هەیە و هەم لە باری شکل وناوەرۆکەوە پڕ وبایەخدارن. شێعرناسێک کە بۆ یەکەمجار شێعرەکانی دەخوێنێتەوە، زۆر زوو بیری بەرزی دیلان وناوەرۆکی گرینگی شێعرەکانی بۆ دەدەکەوێ. چونکە ئەو، مرۆڤێکە لە ناخی دلییەوە نیشتمانەکەی خۆشدەوێ و ئاشقی بێقەراری ولاتەکەیەتی و زۆرجار ئەو ئەوینە بە زمانی شێعر دەردەبڕێ.

دیلان لە پارچە شێعری«تاوان»دا کە ڕێکەوتی سالی(١٩٦١)ی بەسەرەوەیە، وێڕای ڕاز ←

ونیازێکی شاعیرانە لەگەڵ دڵبەری دڵخوازی خۆی و هیماکردنێک بۆ هەڵسەنگاندنی جێگای سەرسوڕماوی ئەم دنیایە، ستایشێکی جوانیشی بۆ گەل و نیشتمانەکەی هەیە:

تاوان سەختە، تاوان باری گرانە
بارکردنی لە ئەستۆدا هەرزانە..!
کام سەرگەورە کام مل بەرز و بڵندە
کام دەم ولێو مەست و پڕە لە خەندە
ئەتوانرێ بە یەک بزەی زەهراوی
تیری توانج، بەردی تانەی بۆ هاوی...
وەک چۆن پووشێ بای تیژ ئەیبا بە پەلە
بەو شێوەیە ناوبانگ بخەیتە مەلە...
یا ئەتوانی سەر لە سەرین بستێنی
تۆوی (نەفرەت، بێزکردنەوە بچێنی)
ئەی نازەنین ئەی بەرگ ئەرخەوانی
وتەی گەرمم لەگەڵ تۆیە و ئەیزانی
سەوداسەری ئەو گفتوگۆ دێرینەم
لەپ سووتاوی ئەو یەکەم دەس گوشینەم...
لەو دەمەوە تۆم کردووە بە تاسە
بێ مەودایە کۆی دوکەڵی هەناسە
بێ دوایی یە ئەشک با سور وسوێر بێ
نایە لە بن ئەگەرچی دیدە کوێر بێ
ئیتر بۆچی ئەمدەیتە بەر تیغی دەم
هیچ ناترسی بتسووتێنێ هەناسەم؟

شێعری دیلان لە هەر بابەتێک بێ و باسی هەر شتێک بکا، هەستی بزوێنەری ئاخرسەر هەر دەچێتەوە سەر خەبات وتێکۆشان وئاشقبونی خاکەکەی. لە ڕاستیدا ئەوینێکی گەورە لە شێعرەکانی دیلان دا بوونەتە مەبەستی سەرەکی و هەر چەشنە مەیل و هۆگرییەکی تر دەخاتە ژێر تیشک و پڕشنگی خۆیەوە.

ویستی سەرەکی، شەکانەوەی ئاڵای ئازادی، ڕزگاربوونی ئینسانەکان، شکانی قەفی کەلەپچە و پسانی ئاڵقەی زنجیر، سارێژبوونی زام وبرینەکان، بڕانی ئاخی هەژار وچەوساوەکان، گەش بوونەوەی ئاخی داماو هەناسە ساردەکانە.. هەر ئەوکاتەیە جوانییەکانی جیهان وسروشت دەتوانن لە سەر شێوەی دڵگیری خۆیان بێنەکایەوە و دڵان بخەنە ژێر شوێنی خۆیان.

شێعری(بەهار)ی دیلان کە لە ساڵی ١٩٥٩دا هۆنراوەتەوە، نموونەی ئەو بیر وبۆچوونە ڕاستییانەیە. لەو پارچە شێعرەدا، دیمەنی بەهار بەو پەڕی شکۆوە نیشان دەدرێ، بەڵام شاعیر ئەرکێ بۆ بەهاری جوان لەبەرچاو دەگرێ و دەڵێ: بەهار وسروشتی جوان و ڕازاوە بە هۆی تازیەباری خەڵک و دیلی وژێر دەستەیی، دەبێ لە شەرمان خۆی بشارێتەوە و نابێ بێتە کایەوە تا ئەو کاتەی دیلی وچەوسانەوە لەناو دەچێت و ئاڵای شادی وئازادی دەشەکێتەوە..

وادیسان بەهار تارای ئەپۆشێ
گوڵاڵە پیاڵەی خوێنی ئەنۆشێ
نێرگس، ئەندام شۆڕ ڕەنگی زێڕینی
وەنەوشە و کرنۆش پەڕەی چین چینی
هاژە هاژی ئاو هاڕەی شەتاوان
بریسک وهۆڕی نزار وکاوان
تریق و هۆڕی خونچەی داری باخ
خوێندنی مەلی قەڵبەز وسەر شاخ
دەنگی شمشاڵ وبەستەی دڵفڕێن
تەنگوچەڵەمەی زستان ڕاو ئەنێن
..........................
بەڵێ .. ئیمساڵیش ئەگریجە پەخشان
هەمدیسان بەهار خۆی ئەدا نیشان
بەڵام ئینسانی نیشتمانی.. دیل
پێ بەزنجیر و ژێر دەست وزەلیل
..........................
ئەگەر حەیای بێ بەهار وگوڵی
درەخت وچرۆ وگەڵا وچڵی
کە دی ئینسانی (سەرۆکی) وایە
ئەبێ خۆی دواخا ونەیەتە کایە
شەرتێ ببەستێ لەگەڵ ئینسانا
لەگەڵ تاریکی شەوی زیندانا
تا شەکەی نەیە ئاڵای ئازادی
نەیەتە بەر گوێ مۆسیقای شادی
نەیەتەوە قوڵ سەرچاوەی ئاوات
گەل ڕزگار نەبێ بە زەبری خەبات
ورد نەبێ قەفی کەلەپچە وزنجیر
گۆشتەوزوون نەکا برینی جێی تیر
نەڵێ بەهارم نەڵێ شای فەسڵم
نەڵێ جێ ڕاوگەی ئارامی وەسڵم
نەڵێ ئەکسیری بزووتنەوەم
نەڵێ هەتاوی گەشاندنەوەم

دیلان بە تایبەت لە بواری ژیانی خۆیەوە و لە هەموو ڕوویەکەوە وا لە سەر ترۆپکی هەرە بەرزی خۆشەویستیی خاک، هەستی ناسک، بیروڕای قوڵ و ورد، بەهرەی داهێنان، دێڕ و وشەی بەپێز وڕەسەنی تێدا شک دەبرێ و بە چاوی مرۆڤێکی ئاساییەوە سەیر ناکرێ. بەڵکوو بە پێی بەرهەمەکانی، شوێن ومەنزڵگایەکی تایبەتی لە ناو نەتەوەکەیدا بۆ خۆی تەرخان دەکا. دیارە بە قسەی ڕووت وقوتی پفهەڵدراویش نە هیچ مرۆڤێک بەرەو حەوتەبەقەی ئاسمان دەچێ و نە بە تیر وتەشەر و پلار مرۆڤی گەورە، لە چاڵی بیرچونەوەدا دەنگی کپ دەکرێ. ژیانی ئەدەبی و هونەری دیلان، چ لە ڕووی ڕووخسارەوە و چ لە ڕووی ناوەرۆکەوە، خۆی نیشاندەری لێهاتوویی و سەلمێنەری بەهرەی سەرزیندوویی ئەون.

مامۆستا دیلان. قاڵبووی دەرد و ژان و سوێی نەتەوەکەیەتی، تەرمۆمەترێکی ڕاستەقینەی ئاخی ڕووداو و کارەساتەکانی سەردەمەکەیەتی، لەکاتی تەنگانە وناخۆشیی گەلەکەیدا، خۆی دوورەپەرێز نەگرتووە وتەناەت لەو سنوورەش دەترازێ کە تەنها «چاوەدێری»وردی بارودۆخ بکا، بەڵکوو ڕاستەوخۆ لە خۆشکردنی ئەو زەمینەیەی دەیەوێ، هاوبەشی دەکا وبە زمانێکی تەڕ وپاراوی کوردانە، بە جەربەزەیی ونەترسان، بە هونەری شێعر و زمانی شێعریی خۆی دەدەخا و دەڵێ:

ئەی هەورەکە دایڕێژە سەری تەشرینە
وادەی پەلە و ناشتنی تەرمی هاوینە
نۆرەی تۆیە بگری بە سەر هەمووماناا
بە سەر ئێسک وپروسکی ڕابردوومانا
بیشۆرەوە با سەر لە دەس دیاری بێ
با قوڕ خەست بێ بۆ سەری شەمەزاری بێ

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شێعری دیلان، بەکارهێنانی وشەی ڕەسەنی کوردییە، وەک لە شێعرەکان و بەرهەمەکانی دیکەیدا دەردەکەوێ، ناوەرۆکی شێعرەکانی نیشان دەدا کە ڕێبازی ڕیالیزمی شۆڕشگێڕانەی گرتووە.

لە ساڵی ١٩٥٧دا کۆمەڵە هەڵبەستێکی دیلان، لە ژێرناوی «شێخ مەحموودی زیندوو»دا بڵاوکرایەوە و لە لایەن دکتۆر (مارف خەزنەدار)ەوە پێشەکی بۆ نووسراوە. یەکێک لەو نموونە شێعرییانەی کە لەو کتێبەدا هەن و بۆ سەرۆک«شێخ مەحموودی نەمر» گوتراوە، بە ڕاستی ئەوپەڕی هەست وسۆز دە ئینسانید دەبزوێنێ:

پایز... خەزانی تەماوی وسەنگە
گەڵا لق و پۆپ خونچە بە ژەنگە
لە کێ بپرسین سۆراخی ڕاستی
دیارە نزیکتر هەر بەرانانە
بەرانان دەخیل دراوسێی دڵسۆز
ئێستە ئەو بەرت کێی لا میوانە..؟
هەواڵێ پرسە لە داری کەلی
شێخ لە وێ ماوە یا لە سەیوانە..؟
ئێستە سێبەری سەر جەستەی کفنی
هەتاوی سوورە یا ئەرخەوانە..؟

بەڵێ ئەو بیر وباوەڕانەی کە لەو کتێبەدا تۆمار کراون، بە شێوەیەکی گشتی بۆ ئەو سەردەمە وئێستاش هەر دەست دەدەن، بەڵام دەبێ ڕەچاوی ئەو پێشکەوتنە بیریانەش بکرێ کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەستی پێ دەکرێ، چی جێی چەند ساڵێک. دکتۆر خەزنەدار دەڵێت:

گەر بمەوێ شتێکی تازە بخەمە سەر ئەو پێشەکییەی نووسیومە بە بێ بژارکردنی، تەنها ئەتوانم هەندێ لەو بیروباوەڕانە بچرپێنمە گوێی خوێنەر کە لە کتێبی«لە بابەت مێژوی ئەدەبی کوردی تازەوە» وتوومە و بە زمانی ڕووسی، بڵاوکراوەتەوە:

«دیلان یەکێکە لەو شاعیرانەی کە گۆرانی غەزەلی تازەی نیشتمانی کوردیان داهێناوە».

ئەو لە بەختیاری ئادەمیزاد دەدوێ، هەڵبەستی وا دادەهێنێ کە میللەت لە چەوسانەوەی چینایەتی نەتەوایەتی بپارێزێ. بۆ ئەمە بەڵگەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشینە و گەلێ بەوە شادمانە کە هەندێ لە نەتەوە ژێردەستەکان دەگەنە چارەنوسی خۆیان، بەڵام لە ناخی دڵ ودەروونیەوە ئاگر دەپڕژێ کە تەماشای نەتەوەی سەر ڕووی زەوی دەکا کە زۆربەیان هێشتا دیلن.

«دیلان»ی مەزن سەرەڕای شێعر گوتن و ئەو کتێبە شێعرییانەی کە بڵاوی کردوونەتەوە، چەند پارچە شێعر و کورتە چیرۆکیشی لە ڕۆژنامە وگۆڤارە کوردییەکاندا بڵاوکردۆتەوە ( دوایین هۆنراوەی لە ژێر ناوی«خەستەخانەی دڵ»بووە کە لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٩٠دا نووسیویەتی)...، هەروەها چەندان ئاهەنگ ومەقامی بە دەنگی خۆی تۆمار کردووە کە یەکجار بەسۆز وهەست بزوێن و نیشان دەدەن کە لەو بوارەشدا هونەرمەندێکی بەتوانا و لێهاتوو بووە.

لە ڕاستیدا، مامۆستا (محەمەد ساڵح دیلان) هەم شاعیرێکی بە توانا و پایەبەرز بووە و هەم هونەرمەندێکی دەنگ خۆشی مەزن. بەرهەمەکانی شایەتی ئەو ڕاستییەن کە هەر دوو لایەنی هونەرەکەی، چ شێعر وئەدەب و چ ئاواز وئاهەنگەکەی، گۆشەیەک لە گەنجینەی هونەر و ئەدەبی کوردەواریتەرخان دەکەن و دەبنە هۆی هەرمانەوەی ناوی ئەو شاعیر و هونەرمەندە دڵسۆزە. ■

**سەرچاوە:**

١) *دیوانی شێعری دیلان*، نووسینەوەی عەبدوڵلا عەزیز خالید.

٢) شێخ مەحمودی زیندوو، **محەمەد ساڵح دیلان**، پێشەکی د. مارف خەزنەدار.

برایمی فەرشی

# تیپی شانۆی لاو(گروە تئاتر جوان)

بەشی دووهەم و کۆتایی

سەرەتای مانگی ساڵی ١٩٧٣ لە حەوشی دەبیرستانی کوروشی کەبیر پاڵم بە دیواری دەفتەری مەدرەسەوە دابوو و خۆم لەبەر تاوی پاییز هەڵخستبوو، هەرکەس بەبەر دەمدا دەهات دەمگوت: سێبەر سێبەر گڕێ گڕێ، باوکی بچێتە لەشکرێ... بەم چەشنە بەری تاویان بەردەدا، بەڵام کاک عەبدووڵلای ئەمینی وجەعفەری مەردانبەگی بەری تاویان لێگرتم و پێشنیاریان کرد بۆ نمایشی چواری ئابان(خەزەڵوەر)هاوکاریان بکەم. ئەم برادەرانە دەیانزانی کە ئەز خەریکی موتالای شانۆ و هەروەها بەیت وباو و حەیران وشمشاڵم و نیازی دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی دیواری لەسەر شانۆم هەیە. (ئەم ڕۆژنامەیە بەناوی تئاتر چەند ژمارەی لێدەرچوو.)

جگە لەوە ساڵی ٧٢ ـ ١٩٧١ لە شارەکانی تەورێز و تاران ئاسیاویم لەتەک شانۆ پەیدا کردبوو. لەبەرانبەر پێشنیاری ئەو هاوکلاسییانە داوام کرد، تیپێکی شانۆیی لەسەر ڕێ وشوێنی نوێ پێکبێت. لەناو ئەو برادەرانە و کەسانی تر پێشنیاری تر هاتە گۆڕێ بۆ وێنە هەم هاوکاری نمایشاتی«میللی ومیهەنی»بکرێ وهەم تیپی شانۆ ساز بکرێت. سەرئەنجام دوای مشتومڕ و چەند کۆبوونەوە بڕیار درا لە سەر دروستکردنی تیپی شانۆی لاو.


جەعفەر مەردانبەگی، عەبدوڵلای ئەمینی، نادری قادری، برایمی فەڕشی، سارای ڕۆستەمزادە و شەهینی میری ئەندامانی دامەزرێنەر بوون. «محەمەد ڕەزا ئەفزەل»مامۆستای وەزیفە، خەڵکی تاران کە پێشتر کاری شانۆیی کردبوو، ئامادەیی خۆی بۆ یارمەتی تیپەکە دەربڕی. پڕۆبەکردن لە یەکێک لە هۆدەکانی مەدرەسە دەستی پێکرد، بەڵام بەرپرسانی دەبیرستان کە دوچاری تەنگوچەڵەمەی بی بەرنامەیی چواری ئابان(ڕۆژی لە دایکبوونی حەمەڕەزا شا)هاتبوون، دژمان ڕاوەستان وچەت کەوتە کارەکەمان.

لە نامەیەکدا کە لە ١٧/١٠/٥٦(١٩٧٧)بۆ بەرپرسی ئیدارەی«برنامەهای تئاتر» عەلی ئەسیریان لەژێر ناوی(سخنی درباره گروه تئاتر جوان بوکان)دا ناردراوە ئاوا هاتووە:

تیپی شانۆی لاوی بۆکان لە ساڵی ١٣٥٢(١٩٧٣)پێکهات، بەڵام لە ساڵی ٥٢ بە هۆی نەبوونی پێداویستی شانۆ، جێگا بۆ تەمرین و بەگشتی نەبوونی هەموو شت تەنانەت بزمارێک، نەیتوانی کارێک بکا.. لەنامەیەکی تر هەر لەوساڵەدا هاتووە:

«سلاو ئاغای ئەسیریان، ئێمە ئەم نامەیە لە شوێنێکەوە بۆ ئێوە دەنووسین کە وێدەچێ تەنانەت ناوتان نەبیستبێ و لە ڕووی ئەخشەوە بە زەحمەت بیدۆزنەوە، شارێک (لەئازەربایجانی ڕۆژئاوا)کە نزیکەی ١٥٠٠٠٠کەس نفووسی هەیە کە ٣٥٠٠٠ کەس لە ناوەندی شار نیشتەجێن، هونەر لەم شارەدا لەکۆنەوە هەبووە و بۆ سەلماندنی ئەم ووتەیە ئەوە بەسە کە قامک بۆ(بەیت)ڕادێرین کە شێوەی شانۆیی تێدایە. بەیت چەشنە چیرۆکێکە کە لەلایەن کەس یان کەسانێکەوە دەبێژرێ، یەکێک لەم بەیتانە یانی مەم و زین شان لەشانی گەورەترین بەرهەمی نووسەرانی جیهان دەدا. ئەم شارە شاعیر ونووسەر و گەورەپیاوی زۆری بە خۆیەوە دیتووە. بەڵێ ئێمە لە بۆکان شاری لەبیرچوو، نامە دەنووسین. تا ئەو جێگەیە کە مەعلوومە بۆکان ڕابردووی بیست ساڵەی شانۆیی هەیە. هەڵبەتە هەموو ئەم شانۆنامانە کە پێشکەش کراوە هەتا ساڵی ٥٢ تەواویان لەلایەن کەسانی شارەکەوە نووسراون».

بەم چەشنە تیپی شانۆی لاو سەری هەڵدا و یەکەم شانۆی بەناو «حفره/ کونه ئەشکەوت» بۆ مانگی سەرماوەزی ساڵی ١٩٧٤ئامادەی



شانۆی(سەگێک لە جێ خەرمان): مەنسور مەرزەنگی، شایستە مەعرووفی

پێشکێش کردن کرا. بەڵام ئێمەی بێ پارە، شوێنمان بۆ پێشکێش کردن دەست نەکەوت و توانای بەکرێگرتنی هۆڵی سینەماشمان نەبوو، کەسیش ئامادەی دانی یارمەتی ماڵیی نەبوو. لەلایەکی تر بڕیارمان دابوو شانۆکە بەبێ پارە و بەلاش پێشکێش بکرێ. بەرپرسانی دەبیرستان گوتیان دەبێ ئیزن لە ئیدارەی «ئاموزش وپەروەرش»وەرگرن. بەرپرسانی ئەم ئیدارەیە نەتەنیا ... بەکلاومان نەپێوا، دوای جنێو و هەڕەشەو گوڕەشە وەدەریان ناین. ناچار دەستەودامێنی ڕەشیدی شێرخانی بەرپرسی کتێبخانەی شار بووین. ئەم بەڕێزە گوتی: ئێمە سەر بە ئیدارەی فەرهەنگ و هونەری مەهابادین، ئەگەر ئەوان بۆتان بنووسن ئەوە ئێرە لە ئیختیارتان دایە. ڕەئیسی ئەم یانە دوای زۆر نەسیحەت وهەڕەشە ئیزنی دوو شەوی بۆ دەرکردین.

دیکۆری شانۆ ئەشکەوتێک بوو، هیچکام لە ئێمە تاقیکردنەوەی دیکۆر دروستکردنمان نەبوو، کاک ئەفزەل گوتی کۆنەکاغەزی چیمەنتۆ پێویستە. کەوتینە کوچە وکۆڵان وزۆربەی تەپۆڵکەکانی شارمان سەروبن کرد. دوکانی سمیت وقسڵفرۆشان گەڕاین و کاغەزی پێویست کۆکرایەوە. پاشان سواڵی تەختە و دار لەلای نەجار، بۆ بزماریش گیرفانی ئەندامان هەڵتەکێندرا. بە ڕێنوێنی ورەنجی کاک ئەفزەل چوارچێوەی ئەشکەوت سازکرا و کاغەزیش بە چوارچێوەکەدا کێشرا. دوایە ڕەنگی ڕەش وقاوەیی تێکەڵ کرا، ئەشکەوت بەم چەشنە ئامادە کرا. پلاکات نووسرا و بە شووشەی دوکانان و قوتابخانەکاندا هەڵواسرا:"تیپی شانۆی لاو، پێشکێش دەکا:«شانۆی کونە ئەشکەوت»، نووسەر: ناسر ئێرانی، دەرهێنەر:محەمەد ڕەزا ئەفزەل، دەورگێڕەکان: عەبدوڵلا ئەمینی/پیرەپیاو، جەعفەری مەردانبەگی/ مورتەزا، نادری قادری/ حەسەن، برایمی فەڕشی/ کازم، گریم ودیکۆر: ئەفزەل. شوێنی پێشکێش کردن: کتێبخانەی شار(پارکی مندالان)، ڕۆژی ٢٥ ـ ٢٦ / ٩ / ٥٣ سەعات ٧ی پاش نیوەڕۆ، هاتنە ژوور: بە خۆڕایی."

بەڕۆژ وشەو کار دەکرا تا گشت شت تەواو بوو. بەیانی ڕۆژی پێشکێش کردن بڕیاربوو سەعات ٥ عەرزی ئەشکەوت بە وردکە بەر داپۆشین. بەڵام هەر ئەم بەیانییە یەکەم بەفری قورسی ساڵ کەوتبوو. لە ژێر بەفر دانەدانە خیز دەرهاوردرا و تەختی ئەشکەوتی پێ فەرش کرا، لە کۆتاییدا دەستی هەمووان پیرەڵۆک ببوو. پێش سەعات هەشت دەبوو خۆمان بگەێنینە سەر کەلاسی دەرس، دوای دەوام بەهەڵاتن بگەڕێینەوە شوێنی شانۆ.

پاش دوا تەمرین، گریم کراین و جل و بەرگ لەبەر کرا. چاوەڕوان ماینەوە تا بینەرانی خۆشەویست بێن بۆ کارێک کە کردوومانە گوڵبارانمان بفەرموون، شانسێکی تر کە بەرۆکی گەرتبووین سەرمایێکی کەم وێنە بوو. بە نیگەرانییەوە چاومان لە هەر ڕەشاییێک بوو کە لە دوورەوە دیار دەکەوت، بەڵام ڕەشایی بە پەلە بۆ هەڵاتن لە چنگ سەرما بەرەو کورە و کورسی ناوماڵ لە ڕێدا بوون، نەک بۆ هاتن بۆ ئەو هۆڵە سارد وسڕە. لە سەعات ٧ نزیک بووینەوە بەڵام جگە لە چەند دۆست و برادەر کەسمان لێ کۆنەبۆوە. هەموو دەیانزانی ئەگەر تەنیا دە کەسیش بێنە ناو ئەو هۆڵە ڕۆژی دوایە دەنگ دەداتەوە. بڕیار وادرا شانۆگێڕەکان هەر بە جل وبەرگ وگریم بچن لە قاوەخانەکاندا بگەڕێن وخەڵک بانگ کەن بۆ تەماشاکردنی شانۆ، بەم شێوەیە سی کەسێک بوونە یەکەمین هاوڕێمان. قسەکە بە ڕاست گەڕا، ڕۆژی دوایە لە شار دەنگی دایەوە بە تایبەت لە ناو فێرگەکان، شەوی دوایە کونە ئەشکەوت زیاتر لە ٧٠٠ کەسی کێشایە هۆڵەکە، کە جێگەی دانیشتن نەبوو، زۆر کەس دووان دووان پاڵ بەدیوار چووبوونە قەڵاندۆشی یەکتر.. پیر ولاو، کچ و کوڕ، دارا و نەدار، مامۆستا وقوتابی لە تەنیشت یەک دانیشتبوون، هێندێک کرێکار هەر بە پێمەڕەکانیانەوە بەپێوە ڕاوەستابوون. هیچ ماقوڵێک لە هۆڵەکەدا بەرچاونەدەکەوت. گەرمای ئەفەسی بینەرەکان سەرمای لە هۆڵەکە ڕادابوو. ئەم تینە سێبەری خستە سەر شانۆگەرەکانیش. کار دەستی پێکرد، بۆ یەکەمجار لە شاردا دوو کچ بەڕێوە بەری بەرنامە بوون. سارا ڕۆستەم زادە بەخێرهاتنی خەڵکی کرد و شەهین میری شێعری خوێندەوە. پەردەی شانۆ لادرا، حەسەن(نادر) گەیشتووەتە ناو کونە ئەشکەوتەکە و هاواردەکا: مورتەزا.. کازم.. مورتەزا زۆر باشە. ئەوانە سێ سەربازن کە لە شەڕ ڕایان کردووە و لە شوێنێک دەگەڕێن خۆیان حەشار بدەن. ئەم شوێنە کە هاتوونە ناوی، جێگەی پیرە پیاوێکە، داستانی ئەم سەربازانە لە تەک ئەم پیرە، تێمی شانۆنامەکەیە، لەم ڕێگەوە، شەڕ ونیشتمان خۆشەویستی دەکەوێتەبەر باس ولێکۆڵینەوە(١).

سەرنجی بینەران ڕاکێشراوەتە سەر شانۆکە، دەنگ لە کەسەوە نایە، لە پڕێکا زرمە لە شووشەی پەنجەرە هەستا، کەسانێک بە پەلە پەردەیان لادا. هێندێک لایان وابوو پۆلیسە بەڵام ڕەئیسی (ئاموزش وپەروررش)ی بۆکان بوو کە بە مست لە پەنجەرەی دەدا. کەسێک لێی پرسی: فەرموو.. چیتان دەوێ؟ جەنابی دەستووری دا دەرگای لێ بکنەوە! عەرزیان کرد دەرگا ناکرێتەوە. ئەگەر دەخوازی پیلت بگرین ولە پەنجەرەوە هەڵت کێشینە سەرەوە. هەرواشیان کرد، کاک ڕەئیس لە وێ بۆ خۆی ڕاوەستا شانۆ درێژەی پێدرا و کۆتایی پێهات.

بینەر ڕژانە پشت پەردە، سەر و چاو

ماچکردن، هەست دەربڕین، ئافەرین و بارەقەڵا گوتن ماندووی لەلەش کردەدەر. یەک لەم«ئەحسەنت»بێژانە کاک ڕەسوڵی پەناهی ڕەئیسی ئاموزش و پەروەرش بوو کە قەولی سازکردنی هۆڵی شانۆی پێدابوو و بەڵێنییەکەشی بردەسەر. یەک لەم ماچکەرانە هاوکلاسییەک بوو وتی: وەڵاهی تەواوی ئەو ماەیە بیرم لەوە دەکردەوە ئەو ئەشکەوتەتان چۆن هێناوەتە ئەم هۆڵە.

شانۆ لە بۆکان و ناوچە دەنگی دایەوە، هەواڵنێری ڕادیۆ تەلەڤیزیۆنی مەهاباد بە هەڵەداوان خۆی گەیاندە بۆکان، لەگەڵ تیپەکە دانیشتن بۆ وتووێژ، ئەم گفتوگۆیە بە دوو زمانی کوردی و فارسی بوو کە لە ڕادیۆ بڵاوکرایەوە. ئەوەی لێرە جێگەی باسە دەربڕینی ئەو دوو کچە قوتابییە بوو کە دژی بەرگریکردنی دایک وباوکەکان لە کاری هونەری کچان قسەیان کرد. پاشان ڕۆژنامەی (اطلاعات) وتووێژێکی لەگەڵ تیپەکەکرد (٢).

دوای ئەم شانۆیە لە تیپەکەدا تەنیا عەبدوڵائەمینی و برایمی فەرشی مانەوە. کچەکان پاش شانۆ و وتووێژی ڕادیۆ کە زۆر دەنگی دایەوە ئیزنی کاری شانۆیی کە هەر پێشتریش نەیان بوو لێیان وەرگیرایەوە. کاک جەعفەری مەردانبەگی و نادری قادری لەگەڵ کەسانێکی تر وەک محەمەدی کەریمی و مەحموودی وەیسی، تیپی شانۆی ئازاد«گروە تئاتر آزاد»یان دامەزراند، کە هەم ئیشی میللی و میهەنییەکەیان دەکرد هەم شانۆ.

تیپەکە لەگەڵ کەسانێکی تر قەرەبوو کرایەوە. بۆ کێبەرکێی ئوستانی ڕەوانەی ڕەزاییە(ورمێ)کراین. تیپەکەی ئێمە بە باشترین دەرچوو. چەند کەس لە ئەندامان ڕەوانەی ڕامسەر کراین لە قەراخ بەحری خەزەر بۆ حەوتوویەک ڕابواردن.

ڕۆژێک کاک ئەمینی گوتی کابرایەک بە ناوی حەمیدی گەرەکیە کلاسی شانۆ دامەزرێنێ، داوای لە ئێمەش کردووە بۆ هاوکاری ، چۆنە بچین سەر بنێینە سەر سەری بزانین چی لە باران دا هەیە؟ لای من وابوو«حەمیدی»کابرای تورک دەڵێ کە لە کتێبخانە وەک سەرباز وەزیفە کاری دەکرد. لە نووسراوی«سخنی در...» هاتووە«ساڵی دوایە لە لایەن ئیدارەی فێرکردن و بارهێنان لە قوتابخانەی شاپوور، هودەێکیان نایە ئیختیاری تیپەکەوە، لە هەوەڵی پووشپەڕی ٥٤(١٩٧٥)کلاس بە بەشداری ١٥ کەس درێژەی بە کاری خۆی دا، عومەری حەمیدی



شانۆی(عمو زنجیرباف): سمایل یۆسفی، برایم فەرشی، هاشم ڕەسوڵزادە(پرۆفیسۆر)، مەنسور مەرزەنگی، ئەبوبکر عەبدوڵاپور

کلاسەکەی ئیدارەی دەکرد.»

کاک عومەر مامۆستای قوتابخانە بوو، هەروەها دەستی لە ئەدەبیات وشێعر وشانۆدا هەبوو، سەیرمان کرد ئەو کابرایە بۆ گاڵتە نابێ و سەری لێ دەردەچێ. ئەم ٢٥ کەسە گشتیان بۆ شانۆ نەهاتبوون، چەند کچی تازە مامۆستا لەم کلاسەدا بوون کە قەت توخونی شانۆ نەکەوتن، چەند کەسی خەڵکی سەقز کە دۆستایەتی سیاسی بەرپرسی کلاسەکە ئەوانی کێشابووە ناو ئەم کلاسە کە لە نووسراوەی «سخنی...» ئاوا باس کراوە:« شانۆنامەی شنل ی گوگول تەمرین کرا و لە مانگی خەرمانان بۆ ماوەی دوو شەو لە هۆڵی کتێبخانەی شار پێشکەش کرا کە لەگەڵ پێشوازی زۆری بینەران ڕووبەڕوو بوو. دەرهێنەری عومەری حەمیدی و شانۆگێڕەکان عەولای ئەمینی، برایمی فەرشی، عەلی عوسمانی، سەلاحی ڕۆستەمی، عومەری حەمیدی، کەمالی عەباسی، کەمالی بەهراموەند و برایمی عەبدوڵاهی بوون.»

لەم شانۆیەدا دەبوو ژنێک بەشداری بکا بەڵام بە هۆی نەبوونی ئاکتەر ڕۆڵەکە خەت کێشرا و ئاڵوگۆری کەوتە شانۆنامەکە. ناوەرۆکی شانۆ لەسەر ژیانی نالەباری مووچەخۆر و خەیات بوو. ئەم شانۆیە سەرنجی زۆر خەڵکی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و ڕەنگێکی ڕامیاری دایە تیپەکە. زۆرترین بینەری ئەم شانۆیە جگە لە خوێندکاران، خەیات ومووچەخۆرەکانی دەوڵەت بوون. دوای ئەم شانۆیە ناوبانگی تیپەکە گەیشتە زانستگاکانی تەورێز و ورمێ و شارەکانی کوردستان.

بڕیاری تیپەکە بۆ کاری داهاتوو، نووسینی شانۆنامەیێک لە سەر کوردستان بوو. کاک عومەر شانۆنامەیێکی نووسی و دوای پێداچوونەوە لەلایەن تیپەکە، بە ناوی(پسر خاک) کەوتە بەر تەمرین. چیرۆکی ئەم شانۆیە بەسەرهاتی گوندێکی لوڕستان بوو کە مەبەست هەموو کوردستانە. گوند لە بێ بارانیدا دەسووتێ. مەلای دێ کە لەسایەسەری ڕێژیمی شاماڵی لە شار بوو و منداڵی لەوێ دەیانخوێند، خەڵک هان دەدا گوند بەرەو شار بەجێبهێڵن. هێندێک بە لایەنگری مەلا چاویان لە کار و بەهرەوەرگرتن لە فێرگە و نەخۆشخانە و ئاو وبەرقی شارە. کەسانێکی تر سەریان لێ شێواوە و لەم ناوەدا ماڵی ئەحمەد بەچەند منداڵەوە بڕیاری مانەوە دەدا... خەڵک گوند بەجێ دێڵن و ئەحمە بە تەنیا دەمێنێتەوە... شانۆ ئاوا دەست پێدەکا کە چەند منداڵ بووکەبارانە بە دەستەوە دێنە سەر سەکۆ:

بارون ببار رو عروست
رو عروس نازک پوست
عروس بارون تەشنە لبە
زوز نمیاد اسیر شبە.. هتد

دوا بەدوای ئەم تابڵۆیە، دوو منداڵی ئەحمەد بەرەو لێواری سەکۆکە لە قوڵاییەوە دێنە بەرەوە و ئاوا دەست پێدەکەن:

«باران بباریێ بەسەر دەستما، تەڕی کە، فێنکی کەرەوە، لە قامکەکانمەوە بچووە خوارەوە، ئەگەر بباری گشت خۆشحاڵ دەبن.. هتد

(بینەران مات وبێ دەنگن، زۆر کەس فرمێسک بە لاچاویاندا دێتە خوار، زۆرکەس سەریان داخستووە وپێش دەخۆنەوە، هێندێک خۆیان لەسەر کورسییەکان کۆکردۆتەوە، دەبینین کەسانێک زیت چاویان بڕیوەتە شانۆکە بەڵام خەیاڵیان ڕۆیشتووە).

وەبیرم دێت ئەو کات ڕۆژانی جێژن خەڵک گۆرانییان دەگوت و هەڵدەپەڕین، دەنگی ساز و دەهۆڵ لە گونددا دەنگی دەداوە. منال جلوبەرگی نوێیان ئەپۆشی. بۆنی پڵاوی دەم کریاو و گۆشتی سوورکراو، تەواوی دێی دادەگرت. دوکەڵ وەک کوڵەکە لە کولاوکەکانەوە هەڵدەکشایەسەر، دایکم و خوشکم و هەموو ژنانی گوند دەست وپێیان لە خەنە دەگرت، خەڵک بۆ جێژنە مبارەکی ماڵان دەچوون. هەموو شاد بوون. بەڵام ئێستا هەموو خەفەتبارن، کەس گۆرانی ناڵێ، کەس هەڵناپەڕێ، کەس چۆپی ناکێشێ، دایکم و خوشکم دەستیان بەخەنە نییە، بۆی برنجی دەم کراو و گۆشتی سووکراو نەماوە. منالان گۆڕی کایەیان لێ براوە، خەم وڵاتی داگرتووە، باران، باران بباری زوییەکان تێرئاوکە، قوڵکەکان پڕئاو کە، گیان لە بەر چۆمەکان بنێ، ژیان بدەرە کێوەکان.

ئەم شانۆیە لە سینەما پێشکەش کرا، هەرجار ۱۵۰۰کەس بینەری بوون، ئەمجارە جگە لە کرێکار و و جوتیار وبازاڕی و گوندی وشاری.. ماقووڵەکانیش هاتبوون. شانۆ بە زمانی فارسی بوو، بەڵام ڕوح، ئاکار، باس ورووداو، جلو بەرگ، شوێنی ڕووداو گشتی پێوەندییان بە کورد و کوردستانەوەبوو. نووسراوەی«سخنی...» ئاوا باس دەکا: « دواکار شانۆنامەی«پسر خاک» نووسراوەی عومەری حەمیدی بوو کە لە مانگی خەزەڵوەری ١٣٥٤(٧٥) پێشکەش کرا. دەرهێنەر: عومەر حەمیدی، شانۆگێڕەکان: جەعفەری ڕۆستەمی، کەمالی عەباسی، عومەر حەمیدی، برایمی فەرشی، عوڵای حەمیدی، کەمالی بەهرامی وەند، فەتاحی ئیسماعیل پوور، عەلی وڕەحمانی ئازەگوشەسب، ڕەزا شەمامی و ئیسافی. ئەم شانۆیە لە شارەکانی بۆکان ومەهاباد پێشکەش کرا و پێشوازێکی فرەی لێکرا. لە بۆکان لە هۆڵی سینەما سەعدی(٣٠٠٠) کەس دیتنیان کرد ولە مەهاباد لە خانووی لاوان(خانە جوانان) لە شەوێکدا ٣٠٠ کەس بینیان».

( پسر خاک)، لە فستیواڵی شانۆیی شاری مەهاباد کە ئەم تیپانە( تیپی شانۆی فەرهەنگ وهونەری مەهاباد، تیپی رادیۆ تەلەڤیزیۆنی مەهاباد، تیپی شانۆی ئازاد بۆکان و تیپی هەڵپەرکی شاری مەریوان) بەشداریان کردبوو پلەی باشترینی هێنایە دەست.

ماوەیکی کورت دوای پێشکەش کردنی ئەم شانۆیە زۆر کەس لە ناوچەی بۆکان و سەقز گیران. لەوانە عومەری حەمیدی ڕەوانەی زیندان کرا. ترس کەوتە دڵی زۆر کەس و هەروەها تیپەکەی ئێمە. ئەمجار کەس خۆی نەدەکردە خاوەنی تیپەکە. هێندێک خۆشیان دەهات ئازارمان بدەن، ناوی جەهەنەمیان لێ نابووین. بەڵام بوون کەسانێک دڵنەواییان دەکردین.

پاش چەند مانگ کلاسی شانۆ دایر کرایەوە، ئەمجار داواکار هێندە زۆر بوون، بەناچار دوو کلاسمان ڕێخست، یەک بە سەرپەرستی کاک ع. ئەمینی، ئەوی تر ب. فەرشی. هەروەها تیپێکی شانۆ بە ناوی تیپی شانۆی نەوجەوان لە منداڵانی ژێر ١٥ ساڵ ساز کرا.

لەم ساڵەدا تیپەکە پێوەندی زۆرتری لەتەک تیپەکانی کرماشان و مەهاباد پەیدا کرد بە تایبەت لەگەڵ بەرپرسی ئەم دوو تیپە نوسرەت سەیافی و ئاتەش تەقی پوور. کاک نوسرەت جگە لە دەورگێر و دەرهێنەر نووسەریش بوو. کاری دوایەی تیپەکە شانۆنامەیێک لە نووسینی سەیافی بوو بە ناوی «قربت غریب» کە بەسەرهاتی گوندەکانی کرماشان دەگێڕێتەوە. ئەم شانۆیە بە قوڵایی فەرهەنگ و فولکلۆر و گیر وگرفتی ئەم ناوچەیەی کوردستاندا، دەچێتە خوار، زاراوەی شانۆش کرماشانی بوو کە فرە تەنسیری لەسەر خەڵک دانا.

تیپی شانۆی لاو لە ڕێگەی بەشداریی ئەندامەکانی لە«جشنواره تئاتر شهرستانها»لە تاران، لەتەک زۆر لە تیپەشانۆییەکانی ئێران، ئاسیاوی پەیدا دەکا، هەرچەند تیپەکە حەولی بەشداری بۆ پێشکەش کردنی شانۆی دا بەڵام وەرنەگیرا. پێوەندی و هاوکاری تیپی لاو لەگەڵ تیپەکانی شانۆی کرماشان ومەهاباد و ورمێ بەتایبەت ئەو تیپانە کە لە ژێر سەرپەرستی نوسرەت سەیافی، ئاتەش تەقی پوور و غولامڕەزا عەزیزی( کە ئەویش کرماشانی بوو بەڵام بەرپرس ودەرهێنەری فەرهەنگ وهونەری ورمێ بوو)دا بوون، کاری هاوبەشیان دەکرد. هەر لەوساڵەدا زۆر تیپی شانۆیی شارەکانی ئێران لە بۆکان دا ، شانۆیان پێشکەش کردو ئەوە یەکەمجاربوو لە مێژووی ئەو شارەدا کە میوانداری تیپە شانۆییەکانی شارەکانی ئێرانی بێ. لە ساڵی ١٣٥٥(١٩٧٦) زۆر لە ئەندامانی تیپەکە، دیپلۆمیان وەرگرت ووەشوێن کار یا سەربازی کەوتن. نووسەری ئەم دێڕانە، هەر لەو دەبیرستانە(کورش کبیر) وەک مووچەخۆرێکی ئیدارەی فێرکردن وبارهێنان مایەوە و لە کاری شانۆیی دا بەردەوام بوو، شانۆ بوو بە کاری ڕۆژانە. جگە لە کلاس وکاری شانۆ، دەست کرا بە کۆکردنەوەی کەلەپووری کوردی. هێندێک لە ئەندامان هان دران بۆ خۆ خەریک کردن بە فۆلکلۆر و بەیت ومەتەڵی کوردی. موتالاکردن لەسەر فەرهەنگی کوردی لە تیپەکەدا زۆرتر پەرەی سەند.



ڕەزا شەمامی، ڕەحمان وعەلی ئازەرگوشەسب(پسر خاک)

شانۆنامەی«سگی در خرمن جا»لە نووسەری بەناوبانگی ئێرانی نوسرەتولا ئەویدی کە کوردی کرماشانە، هەڵبژێردرا و لە مانگی خەزەڵوەری ١٣٥٦(١٩٧٧) بۆ ماوەی سێ شەو لە ساڵۆنی دەبیرستانی کوروشی کەبیر پێشکەش کرا. دەرهێنەر: برایمی فەرشی، دەورگێڕەکان: شایستە مەعروفی، سوریا بێهنام، محەمەد مێعمارزادە، مەنسور مەرزەنگی، سولەیمان فەرشی، سولەیمان فەرامەرزی، حەسەن قودرەتی، ئەبوبەکر عەبدولا پوور، هاشم ڕەسوڵزادە و هومایون مەنسورپوور.

چیرۆکی ئەم شانۆیە بەسەرهاتی خەڵکی دێهاتە، کە چۆن داهات وحاسڵاتیان لەلایەن حاجی سەلەم خۆر و شێخ ومەلا و سوالکەر و

دەروێش و دەولەتەوە بەتالان دەڕوا. وەختی خەرمانە وهەموو ئەوانە دەڕژێنە سەر خەرمان.. ژنی جووتێر کە لە فکری بێ نانی منداڵەکانی لەوەرزی زستان دایە، وەکوو سەگ کێشکی خەرمانەکەی دەکێشێ...

دوو مانگ پاشان شانۆی«عمو زنجیر باف / مامەی زنجیر هۆن»لە نووسینی پەرویز بەشەردوست و دەرهێنانی برایمی فەرشی لە ٢٠ ی بەفرانبار بۆ ماوەی چوار شەو لە هۆڵی دەبیرستانی کوروشی کەبیر پێشکەش کرا کە ئەو کەسانە بەشدار بوون: م. مێعمارزادە، سمایل یۆسفی، قادر فەتحی، ئە. عەبدوڵاپوور، عوسمان قادریان، ە. مەنسورپوور، ب. فەرشی، ە. ڕەسوڵزادە، م. مەرزەنگی و م. فاروقی.

ئەم شانۆیە دوا بەرهەمی تیپی شانۆی لاو بوو بە زمانی فارسی.

لە ساڵی ٥٥(١٩٧٦) نمایشاتی میللی ومیهەنی بۆ هەمیشە دوایی هات. تیپی شانۆی ئازادیش هەر لەم ساڵەدا لەبەر یەک هەڵوەشاوە. لەو ساڵە بەو لاوە، هەر کەسێک کاری شانۆیی کردبێت ئەندامی تیپی شانۆی لاو بووە. شانۆی(عمو زنجیرباف) کۆمەڵگای شێت ودێوانە، ئاخرین بەرهەمی ئەم تیپە بوو لە ڕێژیمی شاهەنشاهی دا. ژینی نوێی تیپەکە لە هاوینی ٥٧(١٩٧٨)دەستی پێکردەوە.

بۆ وەرگرتنی هەر ئەندامێکی نوێ باس لەوە دەکرا کە بۆ گەرەکتە کاری شانۆیی بکەی؟ هەر ئەندامێکی نوێ جگە لە موتالا لە سەر هونەر، دەبوو ڕێ وشوێنی شانۆیی فێر بێ. لەم کلاسانەدا دەرسی بەشە جۆر بەجۆرەکانی شانۆ دەگوتراوە هەم تیۆری هەم پراتیک. دەنگ، نەفەس، تەمەرکوز، میمیک، کاری بەدەنی، ڕۆڵ تاقی کردنەوە و زۆر شتی تر.

هەر شانۆگێڕێک لە ئەسڵدا بە بەشداری کردن لەم کلاسانەدا دەورەیێکی شانۆگێڕی دەبینی.

لە هاوینی ٥٧، ئێوارە درەنگانێک کە لە یەکێک لەو کلاسانە دەرکەوتین، دەنگە دەنگێک گەیشتە گوێمان. ئێمە لە فێرگەی ڕانومایی لە شەقامی(ئاموزش وپەروەرش)بووین. بەرەو دەنگەکە کە لە لای شارداریەوە دەهات وەڕێ کەوتین. لەبەر دەرکی شارداری ٤٠ تا ٥٠کەس کۆبوونەوە و داوای ئاو و کارەبایان دەکرد و گەرەکیان بوو لەگەڵ شاردار قسە بکەن، بەڵام ئەو ئێوارەیە کەس لە شارداری نەبوو. لە شارەبانییەوە کە ڕوو بەڕووی شارداری بوو، گوتیان هەموو بەرپرسانی شار لە ماڵی محەمەدی نوری نوێنەری پەڕلمانن. تیپەکە کە زیاتر لە ٢٠ کەس دەبوون لەگەڵ خەڵکەکە ڕێ کەوتن، ماڵی کاکی نوێنەر لەبەر نوری چرا وەک ڕۆژ ڕۆشن بوو. هەژارانی گەڕەکی قوللە بە دیتنی ئەم دیمەنە زۆرتر بریندار بوون. پۆلیس دەوری ماڵەکەیان دابوو. خەڵکەکە داواکانی خۆیان دەربڕی. بەڵام نە تەنیا ئاغای شارەدار و کاکی نوێنەر نەهاتنەدەر بەڵکوو کەسوکاری کاکی نوێنەر لەگەڵ پۆلیس خۆیان لە بەرانبەر خەڵکەکە ڕاگرت. دەنگ وهەرا خەڵکێکی زۆرتری کۆکردەوە، پۆلیس وژاندارم کە تازە خۆیان گەیاندبووە شوێنەکە حەولی بڵاوکردنەوەی جەماوەریان دەدا. بەڵام خەڵکەکە، داوای وەڵامیان دەکرد. سەرئەنجام فەرمانی ڕەئیسی ژاندارمەکان بوو بە هۆی تەقەکردن. شەو درەنگان تەقەی پۆلیس و ژاندارم بڵاوەی بە خەڵکەکە کرد. ڕۆژی دوایە زۆر لە باوکانی ئەندامانی تیپی شانۆی لاو، بە عینوانی هاندەر(محرک) بانگ کرانە شارداری و پێیان ڕاگەیاندن کە بەری منداڵەکانیان بگرن تا وەشوێن ئاژاوەچی بێگانە نەکەون. بەڵام چەند ڕۆژ دوای ئەو شەوە، بە هۆیێکی تر خۆپێشاندانێکی گەورەتر لە شار ڕێکخرا.

پاییزی ٥٧ تیپی شانۆی لاو لەگەڵ مامۆستایان و خوێندکاران «ئەنجومەنی عیلمی وئەدەبیان» ڕێکخست. ڕۆژانی پێنجشەمۆ و هەینی کۆبوونەوە دەکرا. پێنجشەمۆیان خوێندکاران و ڕۆژانی هەینیش هەموو کەس لە ناو شار بەشداریان دەکرد. زۆربەی ئەو بابەتانەی کە پێشکەش دەکران لە شێعر، چیرۆک، وتار، شانۆ، گۆرانی و بابەتی تر هەمووی باری سیاسی و کۆمەڵایەتی هەبوو کە دژی ڕێژیمی پەهلەوی نیشانە دەکرا.

ئەم ئەنجومەنە هەتا ڕووخانی ڕێژیمی پەهلەوی دەوامی هێنا وپاشان لەبەریەک چوو.

لە مانگی ڕەشەمەی ساڵی ٥٧ تیپی شانۆی لاو، شانۆنامەیێکی بێدەنگی لە نووسینی عەوڵا ئەمینی پێشکەش کرد کە لەم شانۆیەدا ئەم بیرە سیاسییە خۆی نیشان دەدا: «عەموو سام لە سەرەوە، دەوڵەتی بازرگان لە بنەوە و سێبەری خومەینی لە پشت عەموو سامەوە». سەرەڕای ئەمە تیپەکە بە گشتی تەقەلای کاری شانۆییان دەدا. هەرچەند خەتی سیاسی ڕانگاوڕەنگ لە ناو تیپەکەدا خۆی دەنواند.

ساڵی ٥٨(١٩٧٩)یەکەم شانۆی کوردی: شانۆنامەی «مان گرتن»لە نووسینی عەبدولڕەحمانی زەنگەنە، کە بەسەر هاتی کرێکانی نەوتی کەرکووک دەگێڕێتەوە، ئامادەی پێشکەش کردن کرا. ئەم شانۆیە لە شارەکانی سنە، سەقز، بۆکان، سابلاخ، خانێ(پیرانشار) نیشانی خەڵک درا و لە هەر کام لەم شارانە چەند شەو درێژەی کێشا. پێشکەش کردنی ئەم شانۆیە لە شاری سنە هاوکات بوو لەگەڵ هاتنی ئەرتەش لە ڕۆژی ٥٨/٥/٢٧ کە ڕۆژی دوایی جیهاد دژی خەڵکی کورد ڕاگەێندرا. بەمجۆرە پێش بە کاری شانۆیی ئێمەش گیرا.

دەرهێنەری شانۆی «مان گرتن»برایمی فەرشی و دەورگێڕەکانیش بەم چەشنە بوون: محەمەد مێعمارزادە، مەنسور مەرزەنگی، عەلی مەحموودی، قادر سەرشێن، جەعفەر مەولودپوور، ڕەحیم بەهرام زادە، سمایل یۆسفی، ساڵح ساڵحی، ئەبوبەکر عەبدوڵاپوور، ئەسعەد حوسێنی، محەمەد فاروقی، خالید حەیدەری، جەعفەری باپامیری وهێندێک شانۆگێڕی ئەو شارانەی کە شانۆکەیان تێدا پێشکەش دەکرا.

شانۆی «مان گرتن»دوای «دایکی نیشتمان» (١٣٢٣)، دووهەم تاقیکردنەوە بوو بە زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. پێشوازی لەم شانۆیە لە هەموو شارەکان وێنەیێکی گشتیی خواستی خەڵک بوو بەرانبەر بە کولتوور و زمانی خۆیان.

کاتێک لە شاری سەقز، بە هۆی ناتەواوی شانۆکە، داوای لێبووردنمان لە بینەران دەکرد، کابرایێکی پیر هەستا و بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە گوتی: « نا، ڕۆڵەکەم.. ئێوە نابێ داوای لێبووردن بکەن، ئێمە بە دڵ سپاستان دەکەین، ئێوە هەستێکتان لە ئێمەدا زیندوو کردەوە کە زۆر ساڵە پێشێل کراوە». ■

<u>تێبینی:</u>

(١) بە هەڵکەوت پێشکەش کردنی ئەم شانۆیە هاوکات بوو لەگەڵ پەرەگرتنی جووڵانەوەی کوردستانی عێراق.

(٢) نوکتە و گاڵتە لە ناو کوردەواریدا کەم نییە. خەڵکی سابلاخ کە خزم وخزمخوازیێکی زۆریان لە بۆکان هەبوو، هاتووچۆی ئەم شارەیان زۆر دەکرد. دوای سەردان ومیوانی کاتی گەڕانەوە دەیانگوت: دەڕۆینەوە بۆ شاری، شاریش مەبەست مهاباد بوو. بۆکانیان بە شار نەدەناسی. ئەم باسە ببووە هۆی گاڵتە بۆ هەردووک لا. کاکی هەواڵنێریش یەک لەم کەسانە بوو کە سەرەتای ڕاپۆرتەکەی ئاوا دەست پێکردبوو: ... ئەوا هاتووینە شارۆچکەی بۆکان تا وتووێژێک لەگەڵ «تیپی شانۆی لاو»بکەین... ویستی درێژەی پێبدا، یەک وتی: (stop)ڕاوستە. کابرا پرسی چ بووە؟ وەڵام دراوە: هیچ کاکە دیسان بیڵێرەوە. دیسان گوتیەوە: «... شارۆچکەی بۆکان تا...» ئەمجاریش قسەکەیان پێ بڕی. توورەیی لەدەم وچاوی کابرا دا خۆی وەدیارخست، ویستی شتێک بڵێ پێیان گوت کاکە قەڵس مەبە ئەتۆ دەفەرمووی شارۆچکەی بۆکان. ئێرە شارە، نەک شارۆچکە. قاقا و پێکەنین توورەیی لە بیر بردەوە. ئەم بەڕێزە دوایی بوو بەدۆستێکی نزیکی تیپەکە.

# کورد ئا، کوردی نا!

## (پێداچوونەوەیەکی بۆچوونەکانی د. عەبدوڵڵا مەردوخ)

نووسینی: ئالان

لە «گزینگ»ی ژمارە ٩ دا، دەقی وتووێژێک لەگەڵ «د. عەبدوڵڵا مەردوخ» بڵاوبۆتەوە کە لە هەندێ بارەوە جێگەی سەرنجە.

شێوەی پرسیار و وەڵامەکە نیشاندەری شارەزایی و لێزانی هەردوو لایەنی قسەکان واتە کاک هاشم و د. عەبدوڵڵایە و بە بڕوای من لە زۆر لایەنیشەوە کارێکی سەرکەوتووە.

بۆچوونەکانی کاک عەبدوڵڵا لە مەڕ فەرهەنگ و مێژووی کوردستان تازەن، بەشێوەیەک کە خوێنەر ڕووبەڕووی گەلێک پرسیار دەکەنەوە. کاک عەبدوڵڵا، زانایانە دژ بەو ڕوانگە ساویلکانەیە دەوەستێ کە دەڵێ کورد بۆ وەدەست هێنانی ناسنامەی سەربەخۆی نەتەوایەتی پێویستە پەنا بەرێتە بەر خولقاندنی ئەفسانە و درۆ و دەلەسە و خولقاندنی مێژووی دەستکرد:

«ئەوەی دەڵێن[کورد] لە نەوەی کاوەیە، یا نەوەی ڕۆستەمە یا نەوەی کەیخوسرەوە، بێ بایەخ کردنی مێژووی کوردە و دیارە ناشارەزایانی کورد ئەو باسەیان ساز کردووە... مێژوو دروست کردن بۆ خەڵکی کورد، زۆر پڕ مەترسی ترە لەوە کە کورد بێ مێژووە».

من بە تەواوەتی لەگەڵ ئەو بۆچوونە دام و هەوڵی دۆستانی نەزان لە پێناو«کورداندن»ی پیاوکوژێکی وەک نادرشای ئەفشار، یا شانازی کردن بە کەریمخانی زەند کە هەموو خێر و بەرەکەتی بۆ کورد، وێرانکردنی شاری سنەبوو و...هتد، هەڵە نەبێ بەهیچی نازانم.

هەروەها بۆچوونەکانی لەمەڕ پێوەندی کورد و ماد، گەلێک ڕاستە کاتێ دەڵێ:«شتێکی وا لە ماد ساغ نەبووەتەوە و جگە لە حەوت هەشت وشە شتێکی دیکەیان نەماوە ... جا چۆن زمانێکی ڕێکوپێکی وەک کوردی دەبەنەوە سەر ئەم چەند وشەیە؟».

بەڵام لە درێژەی باسێکدا کە وەها مەنتیقی و زانایانە دەست پێکراوە، کاک عەبدوڵڵا تووشی موتلەق سازی دەبێت و سەرەتای هەڵەکانی دواتری دادەمەزرێنێ:«من بە زەقی دژ بەوەم کە گەلی کورد لە نەوەی مادە...».

ڕاستییەقینە ئەوەیە بە پێوانەی زمان ناتوانین ئەم دوو هەودایە بە یەکەوەببەستین، بەڵام گەلێک واقیعی مێژوویی و جوغرافیایی هەن کە پێمان دەڵێن باوەڕهێنان بە پێوەندی نێوان کورد و ماد ئەوەندەش دوور لە مەنتیق نییە کە مێژوونووس«بە زەقی» لە دژیدا بوەستێ. هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی بەدەست کەسەوە نییە کە کوردی دانیشتووی کوردستان (مادی گەورە) و ئازەربایجان(مادی بچووک) لە سەردەمی دوای مادەکاندا، لە شوێنێکی دیکەوە کۆچیان کردبێ بۆ ناوچەکە و ئەوە خۆی دەتوانێ بۆ توێژەرەوانی مێژووی کورد هۆیەکی وا بەهێز بێت کە «بە زەقی» لە دژی نەوەستن.

خاڵی لاوازی قسەکانی کاک عەبدوڵڵا لەو شوێنانە سەرهەڵدەدات کە ڕاستەقینە مێژووییەکان بە سوودی بۆچوونی خۆی دەگوڕێ: میرزا عەبدوڵڵای مونشی باشی(ڕەونەق)، یەکەمین نووسەری مێژووی ئەدەبی کوردی نییە و کتێبەکەی واتە«حدیقە امان اللهی»مێژوویەکی بێ خەوشی شێعری فارسی یە! لە هەموو لاپەڕەکانی کتێبی میرزا عەبدوڵڵادا، تاقە فەردێکی کوردی نەنووسراوەتەوە و نووسەر بۆ نموونە، جارێکیش ناوی لە کورد نەهێناوە! ئێستا ئەو کتێبە چۆن دەبێتە یەکەمین مێژووی ئەدەبی کوردی و نووسەرەکەی دەبێتە خەمخۆری کورد؟! پێویستە ئەوە لە کاک عەبدوڵڵا بپرسرێ کە بۆ چەسپاندنی بۆچوونی خۆی لە مەڕ جیاوازدانانی شێوە زمانی گۆرانی و زازایی لە کوردی، دەیەوێ نموونە بێنێتەوە و نموونەکانیش لە زەینی خۆیدا دەخولقێنێ، تەنانەت لە زمان میرزا عەبدوڵڵاوە دەڵێ: «...گوتم با ناو و نیشانی شاعیرانی کورد ون نەبێ و ئەم کتێبەم نووسی». لە کاتێکدا نووسەر خۆی هۆی کۆکردنەوەی تەزکەرەی«حدیقە...» بەم شێوەیە بەیان دەکات:«چاوم بە سێ چوار تەزکەرە کەوتووە کە شێعری کەم نرخیان تێدا نووسراوە... پێم حەیف بوو کە شاری خاوێنی سنە [نە کورد و کوردستان!] و شاعیرەکانی لە هیچ سەرچاوەیەکدا ناویان نەهاتووە...» بەم شێوەیە «ڕەونەق» دەستی کردووە بە کۆکردنەوەی شێعری <u>فارسی</u> ٤٠ شاعیری سنەیی(سێ کەسیان سەقزی و بانەیین)و«حدیقە امان اللهی»لەو شێعرانە پێکهاتووە، ئێستا هەر ئەو «حدیقە»یە لە قسەکانی کاک عەبدوڵڵادا دەبێتە«یەکەمین مێژووی ئەدەبی کوردی!» و نووسەرەکەش دەبێتە دانەری ئەو مێژووە کوردییە! (بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە سەرەتای«حدیقە امان اللهی» چاپی دوکتور ع. خیامپور، تەبریز، ١٣٤٤).

هەڵەی کاک عەبدوڵڵا، هەر بە وەندە کۆتایی نایێت و لە وەڵامی پرسیارێکی دیکەدا، سووک و هاسان شێوە زمانی گۆرانی و زازایی لە زمانی کوردی دادەبڕێ و هەرکام دەکاتە زمانێکی سەربەخۆی«ئێرانی!»:

«جێگەی گەلێک سەر بەرزییە بۆ گەلی کورد و کوردستان، کە لەوانە بوو، ئەم دوو«<u>زمان</u>»ە لەبەر پەلاماری دوژمن[؟] بفەوتێن بەڵام لە سای شاخە بەرزەکانی کوردستانەوە خۆیان پاراست و هەتا ئەمڕۆ ماونەوە...».

لێرەدا، بە کەڵک وەرگرتن لە وشەی ڕازاوە و شووتی خستنە ژێر باغەڵی کوردەوە، کاک عەبدوڵڵا بەردێک لە سێ کوچکەی زمانی کوردی هەڵدەکەنێ و بەبێ فوو لە دۆ کردن، ئەو باسە ئاڵۆزە کۆنە، یەک لایی دەکاتەوە، ئەویش چۆن؟ بە هێرش بردنە سەر «ڕووناکبیرانی نا ئاگا و دژ بە ڕەوتی زانست و جێی شەرمەزاری گەلی کورد!» کە دیارە لە ڕوانگەی کاک عەبدوڵڵاوە، تاوانیان ئەوەیە گۆرانی و زازاییان بە کوردی زانیوە!

لە درێژەی باسەکەدا دەنووسێ:«... ئەم دوو«زمان»ە[گۆرانی و زازایی]، گەلێک کاریان کردۆتەسەر زمانی کوردی و هەروەها زمانی کوردیش کاری کردۆتە سەریان...» ئێستا پرسیار ئەوەیە: کاک عەبدوڵڵا کە خۆی بە

←

مێژوونووس دادەنێ و گلەیی لە زۆربەی ئەوانە دەکات وا «مێژووی کۆنی کوردیان نووسیوە» و دەڵێ:«... بە قەد نیسکێک فریان نەبووە بەسەر مێژوونووسی یەوە»، چۆن وا کوت وپڕ هەڵدەکوتێتە سەر باسێکی زمانەوانی کە هیچ فڕێکی بە سەر مێژووە نییە و ئەویش نە بە دەرس خوێندوویەتی و نە کەمترین شارەزایی لێی هەیە! کاک عەبدوڵڵا لە ئەنجامی کام توێژینەوە و مومارەسەی زمانەوانی گەیشتووەتە ئەو ئەنجامە؟ ئایا هێنانی دوو وشەی بێگانەی«سێنتاکس و مۆرفۆلۆژی»بەسە بۆ ئەوەی خۆڵ بکاتە چاوی خەڵکەوە و باسێکی ئاڵۆزی لە مێژین، بە تاقە شەوێک یەکلایی بکاتەوە و بەشێکی گەورەی نەک تەنیا زمان بەڵکوو ئەدەب و مێژوو و سیاسەت و خەباتی گەلەکەمان بە بێگانە ببەخشێ؟

بە گوێرەی زانیاری من، کاک عەبدوڵڵا، وانەی «مێژووی ئێران»ی لای مامۆستا ئێرانییەکان خوێندووە و درەنگتر، شوێنی مێژووی کوردستانی لە دەرەوەی وڵات هەڵگرتووە، ئێستا چۆن ئیجازەی بە خۆی داوە ڕاستەوخۆ باز بداتە گۆڕەپانی مەسەلەیەکەوە کە نە بە خوێندن خوێندوویە و نە کەس تا ئێستا توانیویە لە سەری ساغ بێتەوە. ڕاستە بۆچوونی مەکەنزی و پێش ئەو، «بێ نێ دیکتسێن»و پێش ئەویش«چارلز ڕیۆ» وەک فەرزییەیەکی جیددی لە ناو ئورووپاییەکاندا، باسی لێوە دەکرێ بەڵام هێشتا هەر لە ڕادەی فەرزییەدا ماوەتەوە و تەنانەت ئورووپاییەکانیش هیچکام بەو ڕاشکاوییە لێی نەدواون کە کاک عەبدوڵڵا لێی دەدوێ!

زمان و بەگشتی فەرهەنگ ومێژووی کرمانج بە سەدان هەودا بە گۆران و زازا بەستراوەتەوە. تەنیا بە بوونی ئەو«سێ کوچکە»یە کە دەتوانرێ قسە لە لە مەفهوومێکی گشتی وەک «زمانی کوردی»بکرێت، کرمانجی بەبێ ئەو دوو شێوە زمانە، تەنیا لە ڕادەی شێوە زمانێکدا دەمێنێتەوە و دەبێ بۆ زمانی دایکی، وەک ئاڵقەی ونبووی«داروین»بگەڕێین! هەر چەشنە نووسین و لێدوانێک لە کورد، بە شێوەیەکی خۆبەخۆ، هەر سێ بەشەکە دەگرێتەوە و دابڕینی هەرکامیان لە بەژنی زمانی کوردی، ناسنامەی گشتی زمانەکە دەباتە ژێر پرسیاری جیددییەوە.

بوونی هەندێ جیاوازی لە«سێنتاکس و مۆرفۆلۆژی»دا، ئەو ئاکامە پێکناهێنێ کە گۆرانی و زازایی لە زمانی کوردی و کورد و گۆران لە گەلی کورد جیا کاتەوە ـ ئەو دوو دیاردەیەش بەپێچەوانەی بۆچوونی کاک عەبدوڵڵا، لە نزیکەوە بەستراون بە یەکەوە. کێ دەتوانێ باسی کوردبوونی زازا و گۆران بکات لە کاتێکدا زمانیان بە«ناکوردی»بزانێ؟ نموونەی کاک عەبدوڵڵاش لە نووسەری «حدیقە امان اللهی» وەک دیتمان دەستکرد و ناڕاست بوو، خۆ لەسەر نموونەکەی دیکەش واتە ماهشەرەف خانم(مەستوورە)ئەوەندەی دیکە قسەم هەن کە ئێستا جێی باسکردنی نییە. زمان و ئەدەبی کوردی و بە گشتی کەسایەتی سەربەخۆی کورد بە بێ مەولەوی و بێسارانی و خانای قوبادی و میرزا وەلەدخان و عەبدولقادری پاوەیی چی بۆدەمێنێتەوە؟ لەوەش گرینگتر چۆن و بە چ پێوانەیەک شێعری شاعیری تاوەگۆزی(مەولەوی) بە کوردی دانانرێ؟ سەیدی هەورامی و «ناظری بەستی دیواندەرەیی» دەبن بە ئێرانی و ناسنامە کوردییەکەیان لێ زەوت دەکرێت؟

کاک عەبدوڵڵا بە کام زانیاری و پسپۆڕایەتی زماننناسانەوە ئەو حوکمەی دەرکرد؟ ئەم «دیواری چین»ەی چۆن و بە چ ماتریاڵێکی نەناسراو لە نێوان کرمانجی و گۆرانی و زازاییدا کێشا؟ هیچ بیری لەوە کردەوە کە بۆچوونەکانی ڕاستەوخۆ باڵ دەکێشنە سەر فەرهەنگ و مێژوو و سیاسەتیش؟ ئایا ئەو یان کەسێکی دیکە دەتوانێ بڵێ:«سەید ڕەزا» و«شێخ سەعیدی پیران» بە زمانێکی غەیرە کوردی دەدوان و بۆ کورد دەچوونە پای سێدارە؟!

ئایا خەمخۆریی«خانی» بۆ وشەی کوردی(نۆبار بچووکان)لە دڵسۆزییەکانی «خانا» (خوسرەو وشیرین) زیاترن؟ ئایا«ئەحمەدبەگی کۆماسی»و «میرزا شەفیع»و «شاکە»و «ئەڵماس خان» شێعریان بە کوردی نەگوتووە بەڵام شێعری«نالی»و «وەفایی»و «میصباح الدیوانی ئەدەب»کوردین کە ئەگەر وشەی بێگانەیان لێ هەڵاوێری، شەش پەڕ لە سەرجەمی دیوانیان نامێنێ!

کاک عەبدوڵڵا ڕوونی ناکاتەوە پێوانەی بۆ دەرکردنی بڕیارێکی ئەوتۆ چییە و چۆن ڕاستەوخۆ و بەبێ زەحمەتکێشان و خوێندنی زمانەوانی، بەشەوێک بوو بە پسپۆڕی زمان و زازایی وگۆرانی لە کوردی جیادەکاتەوە! ئەگەر«سێنتاکس و مۆرفۆلۆژی»یەکەی ئەو، بەڵگە بوایەن، خۆ لەمێژ بوو دەبوایە زاراوەی خەڵکی گێلان و مازندەران زمانێکی سەربەخۆ بوایەن لە کاتێکدا ئێرانییەکان نەک هەر ئەوان، بەڵکوو لوڕی و کوردیش بە زاراوەی زمانی فارسی دادەنێن و لە باکوور تا باشووری ئێران، تا ئێستا ئێرانییەک ـ تاقە یەک کەسیش نەبیندراوە، کوردی وەک زمانێکی سەربەخۆ چاو لێ بکات! ئەوان هیچ تەنانەت تورک وعەرەبیش زمانەکەمان بە لقی زمانی خۆیان دادەنێن!

لە هەلومەرجێکی وادا، سەمەرە نییە کوردێک نە هەڵبگرێ و نە دابنێ، ڕاستەوخۆ هەڵکوتێتە سەر بناغەی یەکیەتی زمان وفەرهەنگ و مێژووی کورد و یەک لە سێ کۆڵەکەی ئەسڵی ئەو یەکیەتییە بشکێنێ؟ ئایا بۆچوونی ئەوتۆ مۆری قەبوڵ بە قەباڵەی تەزویرکراوی ڕژێمی ئێرانەوە نانێت کە دەیانەوێ کرماشان وئیلام لە کوردستان جیاکەنەوە؟ ئایا ڕوانگەیەکی مەترسیدار و بێ بناغەی وا، هەورامان وتەنانەت شاری سنەش لە کوردبوون ناشواتەوە کە«گۆرانی» لە ماوەیەکی کەمی پێش ئێستادا، «زمانی چینی ئاریستۆکراتی شاری سنە» و نەک هەر«چینی ئاریستۆکرات»ی کاک عەبدوڵڵا، بەڵکوو زمانی کەڵە شاعیرەکانی بووە؟ ئایا هەمان ترس لە هەڵەبجە و خانەقینیش هەست پێ ناکرێ؟ ئایا ئەو مەترسییە، درسیم و ناوچە زازانشینەکانیش ناگرێتەبەر؟ ئەگەر هەندێ جیاوازی بچووکی ڕێزمان و ڕێنووس لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی کوردستاندا، ببنە هۆی پارچە پارچە بوونی یەکیەتی کورد، زمانی کوردیش وەک بەردی بناغەی ئەو یەکیەتییە، بە «سێنتاکس و مۆرفۆلۆژی»یەکەی کاک عەبدوڵڵا وەک گۆشتی قوربانی لێ بێت و هەر بەشێکی پێشکەش بە لایەنێک بکرێ، ئایا چوار تایبەتمەندی ئەوتۆ نابنە هۆی دابڕانی کرمانجی خواروو لە کرمانجی سەرووش؟ کارێک کە هەر ئێستا مام جەلال و مەسعود بارزانی لە باری سیاسییەوە ڕێگەیان بۆ خۆش کردووە؟ ئایا دوژمنیش هەر ئەوەی ناوێ؟ ئایا کاک عەبدوڵڵا بەو هەڵوێست گرتنەی دەوری«ڕەشید یاسەمی»یکی ئەمرۆیی نابینی؟ ئایا ئەو هەڵوێستە ئەسپی ترۆای هەندێ سیاسەتی ناسراو بۆ نفوز لە قەڵای یەکگرتوویی کورد نییە؟

هیوادارم کاک عەبدوڵڵا بتوانێ بە بۆچوونەکانی خۆیدا بچێتەوە، بارودۆخی کوردستان بە چاو ببینێ و لەوەش گرینگتر، کورد لە شارەزایی وپسپۆڕی خۆی لە زەمینەی مێژوو ـ نەک زمانەوانی! بێبەش نەکات.

هاوینی ١٩٩٥

وەناو کورد و کوردەواری
(دیالێکتی کرماشانی)

# رووژژمار و باوەڕەیل ناو مەردم

نووسینی: سیامەک

**پێش وەتن**

وەرجلەگ باسی چەن وردە قسە لە بارەێ باوەڕ ـ باوەڕ وە ئەوە ویشیم کە مەردم عامی وەپێیان باوەڕدێرن. ئی فکریجە لە دەورەی قەیمە پەیا بییە؛ ئەو وەختە تواستە کارێ وەئەنجام برەسێ هەزار و یە چشت ئەڕای دورسکردنە، مەسەلەن وەتنە ئەگەر خوا بڕشنیە زەوی یا بان قالی وەو دنیا باتییەوە بژانگ جەمێ کەی. یە مومکونە دەلیلی یە بودن ک خوا چوە جەو قالیگە و دی دەرناتێ. وەتنە با ئوجە بویشم تا کەس خوا نەڕشنێ. یا ئەگەر شاخ مار بکەیە قەیێ مەشکە بەرێ فرە بوو، ئیە دیارە بەرە مەشکە چەنێ ئەرزش داشتگە وە چەنێ ئەڕا زنگانی ئەوان وەدەرد خواردگە.
ئیسە من توام باوەڕەیلێ لە بارەی زمسان فەسڵ شەکەتی دەرکردنی مەردم وخواردن هەرچێ وە ئەو سێ فەسڵەگە جەم کردنە، وە وەهار فەسڵ واران وارین وەدیار بێن ئیەک ئیمساڵ وەز خەلە خاسە یا نە؟ وە زمسان و وەهار کوردی کولەن کەی دەس کریە پێیا بووشم. چشتێ ک من کوو کردمە و پرسا کردمە لە مەردم، مەردم دیاری کریاگ یە ئێڵە، وەناو ئێڵ گۆران. یە چشت وەتنێ هەتیا جە بوشری یەسە ئیمکان دێرێ مەتڵەوکە دیاری کریاگ ئەڕا ئێڵ گۆران نەو، بەڵکوو هێن فەرەتر لە وڵاتە کوردنشینەکانی ترمان بوو. وە ئیە شکێ وەناوی نییە وە قایدەن بایە شەریک داشتوومن چون گشتمان کوردیم و سایۆ فەرهەنگ و تورەی کوردی وکەلەپوور دیاری کریاگ خوەمانیم. مەسەڵەن تا ئەورا بزانم وەگەرد ئێڵ سنجاوی وقەڵخانی و کەلوڕ(کەڵهوڕ)و زەنگەنە سەدی نەوەد شەریکن، وەلێ چشتێ هەسن من تەنیا وە ناو ئێڵ گۆران تاقی وپرسا کردمە. خاسە بزانین ئێڵ گۆران ها لە چ وڵاتێ؟ وە کەمێ لە بارەی بووشم. ئێڵ گۆران وە نەزەر جوغرافیایی ها لە کوردسان ئێران وە ناوچەی کرماشان، ناوڕاسی بوە گاوارەی گۆران، زوانیان یەکێ لە لەهجەگەیل کوردی کرماشانە. زوان ئەدەبی و کتاونووسانێ گۆرانیە و جییەیلێ وەلێ ماچو ماچو قسەکەن. ئێڵ گۆران هاوسای دوو ئێڵ جاف و کەڵوڕە، وەی خاترە نیش خوەیان دانەو زوان گۆرانی، وەتنی جورێگە کە ئیسە ها لە نوای چەودان وخوەنین. وە باوەت دین، دینیان دین کوردی ئاڵحەقە.

سولتان سەحاک وە هەورامان و جوانڕو و گۆران و کووگەیل داڵاهوو دەس کردگەسە ڕەواج دایین ئایین یاری، لە قەڕن هەفتوم و هەشتوم هجری، سولتان سەحاک ئاو خاک داڵگی خوەێ بەرزەنجەو شارەزوور ـ تەرخ کەێ لە گەرد بڕ لە هاوکوڕەیلێ ئەوەڵ کەش لە پردیوەر هەورامان دەس کەنە ڕەواج دایین ئی دینە. سولتان سەحاک هەفت خانەییان وە شوون خوەێ دابڕی:
١) شا ئیبرایمی ٢) یاگاری ٣) خامووشی ٤) عالی قەلەندەر(عالی چەکمە سییە) ٥) میری(میر سووری) ٦) مسەفایی ٧) حاجی باوەیسی.
چونکو وە شوون ئیەیش هەتیاج بیە چوار خانەییان تر لە قەڕن ١١ و ١٢ و١٣ هجری زیاێ بیەسە سەرێ: ١) زنوری ٢) ئاتەش بەگی ٣) شاهەیاسی ٤) باوا حەیدەری.

سەیی لە ئایین یارسان جێ گەورائ دێرێ، ئەویش وە کەسێ ویشن ک لە دوومانەێ ئی یانزە تیرە بوون. سەیی بن کول نەزر ونیاز مەردم ئالحەق دوا دەێ وە تا سەیی دوا ناریێە ملیا کەس حەق نەێرێ مەلاکێ بکەێ.
سێ ڕووژ ڕووژە گردن ک وە ناو سێ ڕووژەێ خاوەنکار ناو دەرکردگە، ئەڕا هەر ئالحەقی وا جووە. ک لە دوانزەی سفێدی ئەوەڵ مانگ زمسان یانێ دوانزەی چلە گەورا تا چواردەی دریژی کیشێ. (زمسان لە لای ئێل گۆران)
لە ئایین یاری(ئالحەق) دوون وە دوون قەبوڵ دێرن وە ویشن هەر کەسێ هەزار ویە جامە عەوەز کەێ. ک ڕەنگە ئاێیەم بچوە دوون حەیوان ، گیا، دار، شازاێیە و... وە کردەوەێ ئاێیەم خوەێ کەفتگە، هەرچێ دەم ڕاس بیدەن، چیدە دوون چشت خاسترێگا. دو تیرەێ شا ئبرایمی و یاگاری بەش فەرە گەورائ لە دین ئالحەق دورس کردنە ک تەقریبەن ئێڵ گۆران وەی دو تیرە دورس بیە. «زەڵاڵ زەڵاڵ»ناو دەفتەر باوەیاگار ک وە شیعر وەتگەسەێ. ئیمە یە وێنە وەێرا وەلێ ئەڕا ئاگاداری تیرمن وە ڕەد پای زەردوشت وە ناو ئیۆ ئایینە وە چەو دوونیمن:

زەڵاڵ کوی هاموون، زەڵاڵ کوی هاموون
یادگارمەن زەڵاڵ کوی هاموون
چاگا غولامان جەم بێن لە ئەستوون
نامەش زەردوشت بێ، شام ئاسای ئاڵتوون
خەزانەدار بیمان ئەز نام هاموون
کاکەم یادگار نامەش بێ قاروون.

توەنیم بوشیم یە لق لە دین زەردوشتە. گشت ڕەسم و دابەگە وە کوردی و ئەدەبیاتی گۆرانی نووسریاگە.
مەتڵەوێ ک ئێوە ئیسە خوەنین وە ئەدەبیات عامی و ناومەردمە هە وەوجە قسەکەن، نووسامە ک خوەنەوارەیل عەزیز وەگەرد یە لق تر لە ئەدەبیات کوردی ناسیار بێن. ئەدەبیات عامە لە هەر وڵاتێ ویشی لە ژان وزامێ کە دێرن وە ویشن لە ئارەزو و ئاواتیان ک شایەت ئایەم ئاسەیل هەوڕۆ ئەدەبیات و فەرهەنگ مەردم عامەس ک تووەنن تاقی بکەن. چشتێتر، ناسین برێ کەلیمەیل کوردی ک ڕیشە دێرێ لە ناو کەلیمەیل ئاوێستایی و پاڵەوی جور هەسن.

**زمسان و وەهاری کوردی لە لای ئی ئێلە:**

زمسان کوردی وە ئەوەڵ گەڵاڕێزان دەس کریەپێیا. دوو چلە وەناو زمسان هەسن. چلە گەورا و چلە بوچک. چلە گەورا چل شەو و چل ڕۆژ درێژییە یانێ دە شەو لە ناوڕاس مانگ زمسان بەیێد. چلە بوچک، وە دەی سەرماوەز دەسکریەپێیا. بیس شەو و بیس ڕۆژ درێژییە، یانێ ناوڕاس مانگ زمسان کوردی چی دوامانگ زمسان یانێ بەفرانبار(وەفر مانگ)باوەڕەیل یەک وە دوای یەک خوەیان نیشان دەن، ئەوەڵ باوەڕ وە سێنزەی بەفرانبار دەسکریەپێیا (خاسە بزانیم ک ژمارەی سێنزە ژمارەی

خاسی له لای کوردەیل نەوییە، دایم یە ژمارەی نەخس بییە. وە مەسلەت وتنە سێنزە دێزەس).

١) خەرەگەمەوە: سێنزەی وەفرمانگ، ڕووژ خەرەگەمەوە ناو دێرێ، ویشن وەیجور ڕووژێ پیاگێ وەتگەسە کوڕەکەی: ئیمڕوو خەرەگە وە ئاو مەوە، ئەگەر بەی جلەگەی مەوە! کوڕ قووشمە، مانایێ قسە دەرک ناکەی و گووش نایێد و پەڕییە کووڵ خەر وەرەو سەرکانی، چون خەر کەزایچ وەی کەی نوخەی سووڵە دانەسە پێی فرە تینیگە، مژ نەیە ئاو تا ئەورا جێ دێرێ ئاو خوەی، هەمرای خەر ئاو خواردنی تەمام نەوییە ئاسمانگ کەیێدەی دەمەوکپ کەپەلول، چەو ناکەیەوە.

کوڕ کەزایی هەرچی خەر ڕانی، خەر خاس ڕێ ناکەی، تو نەویش خەر ئیقە ئاو خواردگە لە کردگە ئیقە ئاو خواردگە. دووگام تر تیەن، خەر چوقی وە ئاو وەفر، کوڕیچ هووچ ئەڕای ناکرێ جلەکەی واکەی و وەچو نق جڕی خوەی ڕەسنیە ماڵ. باوگ ویشێ نەوەتم خەرەگە بەی، جلەگە مەوە؟ ئەوەسە جلەگە خوەد بایەسێگا نە بگریدەی کووڵوە، خەر کەزایچ باری سووکوە بیە وە شوونی تیەیێوە.

٢) گاهوول: پانزەی وەفر مانگ(پانزەی دوامانگ زمسان)، مەردم ئی ئاوائیەیلە کەنە بان خانگ وە دەنگ بەرز ویشن ڕا ئیمشەو گاهوولە، خەو نەکەفیە پێدانا. ویشن پانزەی وەفر مانگ وە یە ئاوایی وە ناو قولچی واشی بری، ویشن وەرمانگ و گولەزەرد ک نزیک کوویەی دالاهوە. یە پیاگ دنیادیدە زنەی کەی، کابرا هەفت کوڕ بوکوش دێرێ، وە ئیجور ڕووژێ ویشێ: مەردم ئیمشەو وەفر قورسێ وارێ، خەو نەکەفیەپێدانا. مەردم تەرەق تەرەق وە پێی خەنن، توولە کیان تێ چوون نیمە ڕووژگەێ خوەر برشاێ برش داخێگ بییە، ئیەیچ ویشێ ئیمە چشتێ وەتیم ئیوە بخەنن. پیاگ تی هەفت کوڕ جەم کەی، ویشێ ڕووڵەگەیل بان گاهوول سەربوڕن. منالەیل ویشن باوگە ناغان نەوڕ، وەهار وەچە جفت بکەیم. باوگ ویشێ ئەلاکولی هاڵ بایە هەئیسە سەری بوڕیم(کوڕەیل ئەوسا چو ئیسە قسەی باوگ وە زەوی نەخستیان) گاهوول کوتنە زەوی سەربڕن. وەلا ڕا چزکەواو خوەشێ وەلێ کەن. ئەو دووایچ وە ناو تیان گەوارای کەشکەک پڕ گووشتێ وەلێ نەیەبان. ساعەت دەورووەر دوانزەی شەو ئاسمانگ پرزەپرزێ کەی و دەس کەیەوەفر وارین. دوو ساعەت ناخاینێ دوو بان ماڵ حەساوی نەیە بان خانگەیل. پیاگیچ منالەیل هەڵسنێ، دوو دوو و سێ سێ هەنیرێیە بان ماڵین، ئەو وەختە ئەگەر شەکەت بێن تیەن دەنەتیپ کەشکەک سیرخوەن شەکەتی دەرکەن وە نوو چنە بان، وە نەوبە دەسەدەسە چنە بانماڵین. ئەو بڕ مەردمیش یە کوتێ هە وە خەو ناتنە یە کوتی چی ئیقە وەفرماڵن پرووکیەن چون وەفر تا شاخ شەفەق کەپ کەپە لوول کەی. ویشن وەو دێکیە ک گومان فرەی دێری قولچی واشی بوود نەوەرمانگ و گولەزەرد تەنیا ماڵ سایێ گاهوول دەرچییە، ئەو دووایان گشتی وەفر کوشتگەسەیان. پیاگ وهەفت کوڕی یەکی یە قولچ(قوش) گرنەدەسەوە و بنە قوشباز. زانیم وە لای ئیمە کوردەیل قولچ یا قوش تیێدە بان خەراوە و وێرانی. وەی مانیەکوڕەیل ئەو پیاگە چوو خستنە دوای ئاوایەگە و قوشەگان بەنە بان خەراوەی ماڵەکان. وە ئەو ڕووژ تائیسە ئەو ئاواییە ناوی قولچی واشی بیە، هەڵبەت وەرجلە ئەو هەرکەسێ ناوێ ویشێ، بڕیتر ویشێ هەقولچی واشی ناوی بیە. ئیسە تا ئیسە هەسن مەردم هەمرایێ وە خوەرەتاوی پانزەی وەفرمانگ زاوریان چوو، ویشن شەو شانزەی مانگ گاهوولە، نەبایە خەو بکەفێیە پێمانا و غافل بیمن.

٣) بزنەقوت: دواڕووژ زمسان کوردی، یانێ سی وەفرمانگ هەوا خوەش بیە، بزنێ بیە وەتگەسە مێیەگان، من دی وەلای ئیوە ناخەفم، هەوا شکیاگە(شکیایە)، گەرمە(زمسانان لای مێ گەرمە، ئەگەر زمسان سەخت بوودن بزنەکان کەنە لای مێیەیل).مێیەگان ویشن: بزنە قوت هەمرایێ زمسانە، زمسان دڵخوەشی نەیێرێ . نەخەیێ بزنەقوت ها لە قوت بازی خوەیا ویشێ: تەمام بی ئاو دامە ناو گەڵ زمسانەوە. شەو تیە تەویلەی تر، ئەڕا شەو نەکەیێدەی واتیەمەوزچ سەرما، وە شوونی وەفر نا حەساوی! شەوەکی چن، چە دوونن، ئەری بزنەقوت ئیمشەو وەسەرما ڕەقیدە کردگە. وەی باوەتە، وەئیجور ڕووژێ ئەگەر هەوا خوەش بوودن مەردم خەتەر سەرما حس کەن وە چیلگ فرەیێ ئەڕا کوانگەگە نەنە لا و ویشن : ئیمشەو ڕیق مانوەبەی بزنەقوتە ڕا.

٤) شەو گافارە وەکووڵ: لە ئەوەڵ وەهار یانێ وە شوون بزنە قوت ک هەوا سەرد ناحەساو بیە؛ مەردم ئی ناوچە(گۆران) وە خاتر ئەوەڵ وەهار کەشکەک نەنە بان. وە وەی باوەڕە بینە ک یە بڕ گیاندار لە گەرمەسێر کەنن تینەنە ئەڕا ئێلاخ، غافل وەیە ک وە ئێلاخ وەفرو واتیەمەس ئی گیانداریلە وەناو گافارە وەکووڵ ناو دەرکردگە یانێ منالەگانێیان ها لە ناو گافارە(هەلوورک) و ها لەکولێیان. ئیانە شەکەت شەیی تیەن وە شەوە ناو لاگرنە ئی ماڵەیلە وە کەشکەک سێر خوەن، هەر کەسێ ئەو شەوە کەشکەک ئەڕا گافارە وە کووڵ نەنانیوەبان، پیت بەرەکەت وە ماڵێ چوودن. گافارە وەکووڵ و جزم پەری بینە کەسێگ نەتوانستگە بوێیدەێیان، پەس شەو ئەوەڵ وەهار مەردم گشتێ وەتنە ڕا ئیمشەو گافارە وەکوولەیل تیەن گەغەکە بار تا بکوتیم.

٥) وەفر سەێیایێ: لە شانزەی ئەوەڵ مانگ وەهار کوردی، یانێ شانزەی ڕێبەندان(ڕێبەنان)، ڕاوچی هەس وە ناو سەیای(برێ ویشن فەێیایێ کوڕی سەیێای). سەیای شانزەهوم باڕوت کوتی و ویشێ سوو وەفر خاسێ وارێ بچمە ڕاو. ڕوژ هەڤدەهوم ئاسمانگ چەو ناکەیێوە، دەس کەیە وەفر وارین. سەیای شەنگ و شەنگدان پووشی وچوە ڕاو. تا ئێوارە ڕاوکەی، وەلێ ئەوقە وەفر واری ڕێ بەسییەی. شەو وە کووە مینێ. سەیێایێ فرە سەردی بوو کوچک گەورای گرێیە کووڵوە گلی دەی تا گەرمی بوو. تا شاخ شەفەق ئەوقە تێ وچوو پڕوکیەی. شەوەکی هەیژدەهوم کوچک کوتیە زەوی، زەوی دەم واکەی وەفرگە هەڵمژی. دی هەوا لە ڕووژ هەیژدەهوم وەئەولا وەرەو گەرمی چوو. سەێیایێ هەفت خوەیشک داشتگە(داشتییە)، برێ ویشن سێ خوەیشک دێرێ، خوەیشک گەورای ناوی هومەیل بیە، وەختێ زەوی دالەرزی هەرازاێ وەپێیێ ئاگا بوو ک براگەێ پەنێ ڕیشێ گردگە، چوو خوەیشکەیلی تر جەم کەێ و چنە منیەی، نیمەڕووژ، وەناو مەڕی پەیای کەن، دوونن بەڵێ بێ سەر بێ زوان کەفتگە. هومەیل وخوەیشکەیل نیمەڕووژ هەیژدەهوم ئەوەڵ مانگ وەهار شین خوەیان وەملیا کەن، هە وەی وەختە ئاسمانگ کەیێدە دوو دانگ وەفر و واران، یەتاو واری. مەردم ویشن تەویسا وەی وەختە دایم وەفر و واران دوو دانگ بوارێ ک دی زانیم ئیە شین هومەیل وخوەیشکەیلیە وە شوونی دەزونیک و پاوینکەگانیان بڕن و فڕدەن(دۆتەیل کورد«گۆران»ملوانگ و دزونیک وەمل و دەس وە پاوینگ و مچ پا ئەڕا تەرخی کەن) ک وە شوون براگەیان تەرخ دنیا بکەن. ئاسمانگی وەی وەختە کەیێدەی تەگەرە ژیلە. مەردم ویشن: (هەڵبەت وەختێ ئاسمانگ دەس بکەیە وارین) ئیە دزونیک وپاوینک خوەیشکەیل سەیایە. وە هەر کەرامات وپەتپەتی بوو جنازەی ڕا تێرنە ماڵ، ڕووژ نوزدەهوم بەن نەنەی قەور، وەڕەسم مەردم گۆران ئاگری وەبان ووەرەگەێ کەنەوە وە شوونی چوڵووسکەگەی فڕدەن: ئیسە مەردم دایم ماتەڵن هەر ساڵ بزانن چوڵووسک کەفییە کوورا، ئەگەر چوڵووسک بکەفیە وشکی وە ڕووژ نوزدەهوم واران ناوارێ، پەس بزانیم وەهار کەم وارانی دێرین، ئەگەر

# «ئەفریقا ڕۆڵەی خۆی دەکوژێ»

**«کێن سارۆ ویوا، نووسەری تێکۆشەر وکۆڵنەدەری نیجەریایی، بە تاوانی خەبات و چالاکی دژ بە ڕێژیمی دیکتاتۆر و بەرتیلخۆری نیجەریا، ڕۆژی جومعە ڕێکەوتی ۹۵/۱۱/۱۰، وێڕای هەشت کەس لە تێکۆشەرانی دیکە تیرەباران کرا.**

سارۆ ویوا وەک نووسەرێکی ئەمەگدار و باوەڕپێکراوی خەڵک، یەکەم نارەزایەتی خۆی دژ بە کۆمپانی نەوتیی« شێل»کە خاوەنی ٪۶۰ سەرجەمی نەوتی نیجەریایە، دەست پێکرد. دواتر لە ساڵی ۱۹۹۰ کاتێک بۆی دەرکەوت کە ڕێژیمی دیکتاتۆری نیجەریا وەک نۆکەرێکی ئاڵقە بەگوێی ئەو کۆمپانیایە بە زمانی قەڵەم نایەتە ڕەدایە و لە هیچ چەشنە ئاکارێکی نا ئینسانی لە ئاست خەڵکی فەقیر و بێ دەرەتانی وڵاتەکەی چاو ناپۆشی، ڕاستەوخۆ پێی نایە گۆڕەپانی چالاکی سیاسییەوە. کێن سارۆ لەوساڵەوە هەرچی لە توانایدا هەبوو بۆ لە قاودانی ڕێژیمی بەکرێگیراو و گوێ لە مستی سەر بە کۆمپانی نەوتیی«شێل» کردی و بە تایبەت کاتێک لە قسەکردنێکی تەلەڤیزیۆنیدا پەتەی بەرتیلخۆری وڕیسوایی ڕێژیمی دیکتاتۆری خستە سەرئاو، لە لایێک لە نێو خەڵکدا بوو بە خۆشەویستترین و باوەڕپێکراوترین ڕێبەری سیاسی و لە لایێکی دی بوو بە گەورەترین دوژمنی ڕێژیم. کێن سارۆ بە هەق پێیوابوو، نووسەریی وەک ئەرکێکی گرینگی ئینسانی ناتوانێ لە کاری سیاسی جیاواز بێ، هەر بۆیە دوای ئەوەیکە وەک نووسەرێکی باش ولێهاتوو، کۆمەڵێک بەرهەمی ئەدەبی بڵاوکردەوە، کاری هونەری وئەدەبی وەلانا و ژیانی خۆی بۆ خەباتی سیاسی لە پێناو مافی ڕەوای خەڵک و بەتایبەت ناساندنی گەلی «ئۆگۆنی»، تەرخان کرد. سارۆ ویوا کە خۆی خەڵکی ناوچەی ئۆگۆنی بوو، لە کتێبی «ژینۆساید لە نیجەریا: تراژێدیی ئۆگۆنی»، پەردە لە سەر سیاسەتی شوومی ڕێژیم دژ بە خەڵکی ئۆگۆنی هەڵدەداتەوە وسەبارەت بەوە کە چۆن ئەو خەڵکە بە شێوەی ئاسایی دەستە دەستە لە قەراخ چاڵاوەکانی نەوتدا قوربانی دەبن، ئامانجی سیاسی خۆی ڕووندەکاتەوە. سارۆ بەو پەڕی گیانبازی و نەترسییەوە دەیویست خەباتی دژی دیکتاتۆری لانیکەم لە ناوچەکەی خۆیدا بۆ وەدیهاتنی خودموختاری سیاسی، ڕێبەری بکا. هەرچەند دەیزانی کە ئامانجی خودموختاری بۆ خەڵکێکی نیو میلیۆنی ئۆگۆنی لەچاو ۱۲۰ میلیۆن نفوسی نیجەریا، وەک خەون وخەیاڵ دێتە بەر چاو، بەڵام پێیوابوو ئەم خەبات وتێکۆشانە بۆ زیندوومانەوەی خەڵکی ئۆگۆنی پێویستە.



ڕێژیمی دیکتاتۆری نیجەریا، دوای ئەوەیکە لە هەڵبژاردنێکی سەرۆک کۆماریدا، دەنگ ناهێنێتەوە و بە ئامانجی دڵخوازی خۆی ناگا، ئەوەی دە چاوی سارۆ دا دەبینێ و بۆ چاوترسێن کردنی خەڵکی ڕاپەڕیو، داوای ئێعدامی بۆ دەکا. بەمجۆرە سارۆ و دەستەیێک لە ئاواڵە تێکۆشەرەکانی کە پێشترلە زیندانێکی ئەرتەشیدا دەست بەسەر کراون، لە دادگاییێکی فۆرمالیتە و سەربەستەدا حوکمی ئیعدامیان بۆ دەردەچێ کە لە ڕۆژی دەی نوامبردا حوکمەکە بە جێ دەگەیێندرێ و سارۆ و هەشت کەس لە یارانی تیرەباران دەکرێن.

کێن سارۆ ویوا، هەروەک ( بانا ) قارەمانی سەرەکی ڕۆمانەکەی خۆی — «ئەفریقا ڕۆڵەی خۆی دەکوژێ»— کە چۆن بە مەرگ مەحکووم دەکرێ... ئەویش چارەنووسێکی ئاوای دەبێ و بەمجۆرە مەرگی ناوەختی خۆی لەم ڕۆمانەدا پێشبینی دەکا. (گزینگ)

Dagens Nyheter, 13Nov, 95

Tempus, Nummer 46, 95

---

چولووسک بکەفیە تەڕی و چولووسک بوکوشیوە، پەس بزانیم ساڵ پڕ واران دێریم.

٦) کووسە وەویلکە: وەناو ناوڕاس مانگ کوردی(ڕەشەمە)ئەگەر واران کەم وارێ و ساڵ کەم وارانی بی، یەکی تێ کوسە وەویلەکەیک وە چوو دروس کەی، ئەگەر پیاگ هەڵی گرێ و بووەیدەی فەرنجی کەیە وەری. ئەگەر ژن بووەیدەی و هەڵی گرێ ماشتەی کەیە کووڵی. ئەو وەختە وەویلکە تێری و ئاوایەگە گەردنی ویشێ: وەویلکە هاتگە سە ئەڕا تشت، مەردمیش وە بەش خوەیان هەرچی داشتووین بەش دەن، کووسە وەویلکەیش گشتی کووکەی و تێریدەی ماڵ،خێزان ومناڵەگانی سێرە لێی خوەن. یە قەیریچی ئەنیرەن ئیسەی بەی بەش مەردم دەن. ویشن ئیە بیسە بایس ئەوە وەشوونی واران بوارێ. هەڵبەت بازێکەسیچ وەسەیی(سید) دوایێ دەێ یا دوای دەن. خاسە بزانیم کەسێ ئی کارە کەێ و ئەو دوای مەردم کەم دەسترە.

۷) خونرێژان: یە کارترک لە ناو دوامانگ وەهار و بازێکیچ لە ناو ئاخر دوامانگ وەهار کرێ، خونرێژانە. ئیە وە دوو باوەت کریەیەی. یەکی وەخاتر وەرگیری وەشەڕ وجەنگە، وەلێ فرەگەی وە خاتر ساڵ کەم واران وبی وارانیە. مەردمەگە گشتی پت وپووڵ ئەنە بان یەک و شەریک کاورێ یا وەرەنێ سێنن، سەیگیش تێرن و سەری برن و خونەگەی حەساوی ڕشیا، خاک دەنە مل خونەگەی. کاوڕەگە یا وەڕەنەگەیچ سەئی دوائی دەی و کەنەی نواڵە و بەش بەشی وەکەنە ناو مەردم وە ئی نیەتە ک واران بوارێ.

٨) گاگەیل بەر: گاگەیل بەر وە ناو دوا مانگ وەهار یانێ وەناو نەورووز مانگ کرییە. ئیەیچە وەخاتر بێ وارانی کریەیەی. ئیە ئوجەسە ک یە ڕووژ هەوا خوەرەتاوی و گەرمە، ژنەیل ئی ئاوایی چن گاگەیل ئاوایی هاوساتێرن، گاوانیچ بایە وەگەرد ژنەیل جەنگ نەکەی، تەنیا توەنێ بچوە هاوار وە دێکیە بووشێ گاگەیل بەر گاگان برد. مەردم ئاوایەگەیش گشتی تیەن، وەلێ تەنیا ژنەگانیان توەنن بچن گاگان گلوە بیەن. ڕشینە یەک، هەر لا وە قوەت بی گاگان بەن، هەڵبەت دوا خر گاگان دریەنە سایۆی. ئیکارە وەی فکرە کردنە ک هەوەوجە وەدزیەوە ژنەیل چنە دزی گاگەیل دێکەی هاوسا، ئاسمانگیچ مەردم قافلگیر بکەی و دەس بکەیە وارین.

۹) ئاو کولانن: پیاویک چووە لای سەیی ویشێ توام ئاو دوا بێیەم وەخاتر بێ وارانی، سەییچ تێدە ماڵ ئەڕایێ دوایێ دەیێ، ئیەیچ ئاوەکە بەیێ بەش مەردم وەلیێ دەیێ، وەی نیەتە واران بوارێ.

۱۰) سێ شەش: ۱۸ ڕووژ ئاخر مانگ زمسان وە پێی ویشن سێ شەش. یانێ سێ گلە شەش ڕووژ، شەش ڕووژ وا، شەش ڕووژ واران، شەش ڕووژ خوەر. ئەگەر شەشەیێ خوەر بکەفێیە نوا و شەشەیێ وا بکەفێیە دوا ساڵ وە بەرەکەتێ نیە، وەلی ئەگەر شەشەیێ وا بکەفێیە نوا، شەشەیێ خوەر دوا ساڵ وە بەرەکەت ئەڕا کشت وکاڵ و پەسداری بیە.

## دوو سمینار سەبارەت بە کورد و کوردستان

□ زانستگای ئازادی برلین(Freien Universität Berlin)لە ٣١ مانگی ئۆکتۆبری ١٩٩٥هەتا ٦ی مانگی نوامبری ١٩٩٥، سمینارێکی گێڕا سەبارەت بە «کوردستان: قەومیەت(ئێتنیسیتی)، ناسیۆنالیسم، دین، سیاسەت»

Kurdistan:Ethnizität, Nationalismus, Religion und Politik.

ئەو سمینارە بە تێکۆشانی کۆمیتەی خوێندکاری کوردستان لە زانستگای ئازاد و بە یارمەتی دێپارتمانی فەلسەفە وزانستییە کۆمەڵایەتییەکان و ئەنستیتووی ئێتنۆلۆژی زانستگا پێکهات. لەو بەرنامەیەدا سێزدە وتار پێشکێش کرا:

١) مارتین ڤان براونێسن: کورد لە نێوان هەویەتی قەومی(ئێتنیک)، ئایینی و ناوچەیی دا.

٢) ئەمیر حەسەنپوور: زمانکوژی لە سەردەمی تەلەڤیزیۆنی ساتلیت دا(ماد ـ ت. و) و زمانی کوردی لە«نەزمی زمانی جیهانی»دا.

٣) کارستن کولپە: کورد و یەزیدی

٤) ئاندریاس ویەر: سیاسەت ی عەشیرەگەری و بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی لە عێراق دا.

٥) حەمید بوزەرسلان: شەڕ و ئابووری لە کوردستان.

٦) ئیلیزابێت پیکار: ڕوانگەی نوێ سەبارەت بە کێشەی کورد لە سووریا.

٧) فەریاد فازیل عومەر: ئەدەبی کوردی لە نێوان کلاسیکیی ومودێرن دا: عەبدوڵلا گۆران(١٩٦٢-١٩٠٤).

٨) برگیت ئامان: دوورە وڵاتی کوردان: هەویەتی قەومی، نموونەی موهاجیرەکان لە ئورووپادا.

٩) گولستان گوربەی: بە دوای چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیادا.

١٠) هایدی ویدێل: ژنی کورد لە شارە گەورەکانی تورکیادا: کۆچ و بەشداری لە سیاسەتدا.

١١) عەبباس وەلی: ئیدەئۆلۆژی وڕابەرایەتی لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ئێراندا(١٩٧٩-١٩٤٢).

١٢) میشیل لیزنبێرگ: کوردستانی«عێراق»لە شەڕی کەنداو ڕا تا ئێستە.

١٣) ولڤگانگ روودۆلف:باری کۆمەڵایەتی و زەمینەکانی لە کوردستانی ڕۆژئاوای ئێران.

ئەو وتارانە قەرارە وەک کتێبێک بە زمانی ئاڵمانی بڵاوبکرێتەوە. ئەوە دووەم زنجیرە وتارە کە تا ئێستە زانستگای ئازاد ڕێکی خستووە. زنجیرە وتاری هەوەڵ وەک کتێبێک بە نێوی کوردناسی(Kurdologie) بڵاوبۆتەوە.

پێویستە ئەوەش بڵێین کە زانستگای ئازاد، ئەنستیتووی تۆژینەوەی کوردیی(Institut für Kurdische Studien)ی هەیە. مامۆستای زمان وئەدەبی کوردی لە ئەنستیتوو، **فەریاد فازیل عومەرە** کە کتێبخانەیێکی کوردیی زۆر باش و خنجیلانەی بۆ خوێندکاران و لێکۆڵەرەوان دامەزراندووە.

□ لە ڕۆژی ٩ی مانگی نوامبردا، لە زانسگای ئامستردام(هولەند)سەمپوزیۆمێک پێکهات بۆ باسکردنی باری زمانەوانی و زمانی ـ کۆمەڵایەتی کوردستان:

The Kurds: Linguistic and Sociolinguistic Perspectives

لەو سەمپوزیۆمەدا چوار وتار پێشکێش کرا:

١) میشیل لیزنبێرگ:«کورد: زمان و هەویەتی ئێتنیک»

٢) ئەمیر حەسەنپوور:«لە حوجرەی مزگەوتەکانڕا هەتا ماد ـ ت. و. : پێکهاتنی public sphere و کۆمەڵگەی سیویل لە عاسماندا؟»

٣) مارگریت دۆرلیین: بەعزە لایەنێکی کۆنتاکتی زمانیی تورکی ـ کوردی.

٤) محەمەد مەعروف فەتتاح: نەفی(negation) لە کوردی سۆرانی دا.

## دامەزرانی ئەنستیتووی کورد لە سوێد

□ لە مانگی نوامبری ٩٥، پێشنیاری دامەزراندنی یەکەمین ئەنستیتووی کورد(ئەو نێوە لە لایەن پێشنیاردەرانەوە دراوە)، وەک ناوەندێکی کولتووری و لێکۆڵینەوە بە مەبەستی خزمەت بە فەرهەنگ وئەدەبی کوردی لە ستۆکهۆڵم، بە دەستپێشخەری کۆمەڵێک لە برا کوردەکانی دانیشتووی سوێد، بە هۆی بەیانییەیەک ڕاگەیێندرا. پێشنیاردەران و بەڕێوەبەرانی ئەسڵی ئەو پڕۆژەیە بریتین لە: ١) حەمید نەورۆز ٢) ساڵح ئینجە ٣) حەنەفی جەڵەپلی ٤) ئیسماعیل موسا ٥) بەکر ئوزونەل ٦) ڕەشۆ زیلان ٧) عەلی جۆشار ٨)مستەفاگوچلەر ٩) سەعید ئایدوگموش ١٠) مەحموود باران ١١) عەلی کەریمی.

سەرمایەی ئەو پڕۆژەیە(٢٥٠٠٠٠) دووسەدوپەنجاهەزار کرۆنی سوێدییە کە هەرکام لە ناوبراوانی سەرەوە، بیست وپێنج هەزار کرۆن(٢٥٠٠٠)یان باربووکردووە. دیارە پێشنیاردەرانی ئەو دامەزراوە تازەیە، بە نیازن لە داهاتوودا، خانوویەک بۆ ئەو ناوەندە، لە ستۆکهۆڵم بکڕن وکتێبخانەیەکی کوردیش دامەزرێنن.

لە پێوەندی دەگەڵ ڕاگەیاندنی دامەزرانی ئەو ناوەندە و هەروەها بەشداریکردن و یارمەتی وەرگرتن لە کەسانی دی کە لەوانەیە بە دڵ پێیان خۆش بێ لە ڕیزی دامەزرێنەران بە حیساب بێن و ناوەندەکە زیاتر بە هێز بکەن، ڕۆژی ٩٥/١١/١٧، لە سەعات ٦ی ئێوارە کۆبوونەوەیەک لە سەر داوای دەستپێشخەرانی ئەو پڕۆژەیە، بە بەشداری نزیکەی ٨٠ کەس لە ڕووناکبیران و نووسەرانی دڵسۆزی کورد لە لۆکاڵی (شارهۆڵمن) پێکهات کە لە لایەن زۆربەی بەشدارانەوە، پشتیوانی لێکرا و دامەزرانی ناوەندێکی ئەوتۆ، بە هەنگاوێکی پیرۆز و بەکەڵک لە قەڵەم درا.

بەڕێوەبەرانی کۆبوونەوەکە، دوای ئەوەیکە گوێیان لە ڕەخنە و پێشنیاری بە کەڵکی بەشداربووان گرت، ڕایان گەیاند کە لە کۆبوونەوەی داهاتوودا، لەمەڕ ئەرک و چۆنیەتی ڕاپەڕاندنی کاروبارەکان وهەروەها لە بەرچاوگرتنی گەڵاڵەی پێشنیارەکان، بڕیاری تەواو دەدرێ و ڕادەگەیێندرێ. ■

# شانۆی کۆچەر

**ئەو ئاگادارییە لە لایەن بەڕێوەبەرانی ،شانۆی کۆچەر، بۆ گزینگ ناردراوە کەوا لەسەر داوای خۆیان، وێڕای ئاواتەخوازی سەرکەوتنیان، ئەوا لێرەدا بۆیان بڵاودەکەینەوە. (گزینگ)**

شانۆی کۆچەر لە مانگی گولانی سالی ١٩٨٩ لەلایەن خوێندکارانی زانستگای شاری کۆلن بە بەشداری کوردەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان هاتە دامەزراندن. چالاکی شانۆی کۆچەر جگە لە پێشکەش کردنی شانۆ بە زمانی کوردی و ئالمانی، بڵاوکردنەوەی بابەت لە سەر شانۆی کوردی بە زمانی کوردی و ئالمانی و پێوەندی لە تەک ناوەندەکانی شانۆیی ئورووپا بووە. لەسەرەتای پاییزی سالی ١٩٩٥ەوە شانۆی کۆچەر بۆتە خاوەنی ناوەندێک بۆ کاری شانۆ. لەم ناوەندە ئەم کارانەی خوارەوە ئەنجام ئەدرێ:

- ئامادەکردن وپێشکەش کردنی شانۆ.
- بەرپاکردنی دەورەی فێربوونی شانۆ(بۆ کورد و ئالمانی و کەسی تر).
- لێکۆڵینەوە لە سەر شانۆی کوردی و بەشە جۆربەجۆرەکانی هونەری سەر بە شانۆ.
- چاپ و بڵاوکردنەوەی نووسراوە لە سەر شانۆی کوردی بە زمانەکانی ئورووپی وکوردی و زمانی تر.
- وەرگێرانی بابەتی شانۆیی جیهانی بە زمانی کوردی.
- دامەزراندنی ئارشیو و کتێبخانەی شانۆی کوردی.
- حەول بۆ دەرکردنی گووارێک لە سەر شانۆ بە زمانی کوردی.
- هاوکاری کردن لە تەک ناوەندە زانستی وهونەری و فەرهەنگییەکانی کورد لە ژوور ودەرەوەی ولات.
- بەشداری لە پرۆژەی هاوبەشی گروپ و ناوەندەکانی تری شانۆی کوردی.

ئەگەر ئێوەش ئەم ئامانجە بە هی خۆتان ئەزانن یارمەتیمان بدەن و ببنە ئەندامی پشتیوان. شانۆی کۆچەر لە شەش سالی رابوردوودا تەنیا پشتی بە یارمەتی مادی و مانەوی ئەندامەکانی خۆی بەستووە. ئەمرۆ خەرجی سالانەی شانۆی کۆچەر سەر لە هەزاران مارک ئەدات. ئێمە دەستی نیاز و هاوکاری تەنیا بۆ ئەو کەسانە رادەکێشین کە جگە لە خزمەتی فەرهەنگی و هونەری چاوەروانییێکی تریان لە ئێمە نەبێ.

ئەگەر هەست بەوە ئەکەن کە ئەبێ پێوەندیمان لەگەل بگرن، ئەوە دەست دەنە قەلەم و کاغەز، دەنا تەلەفون، ئەگەریش مەیلی دیدارتان هەیە ئەوە سەرێکمان لێ هەلهێنەوە. رۆژانی دووشەممە، سێ شەممە و هەینی کاتژمێر ٩ هەتا ١٨، یا چوارشەممە، پێنج شەممە و هەینی لە ١٨ی دوای نیوەرۆ. ئەگەر نا ئەوە چاوروان بن بە زوویی ئێمە بە شانۆیێکی کوردییەوە مێوانی شارەکەی ئێوە لە ولاتانی ئورووپی ئەبین.

**ئادرێسی شانۆی کۆچەر:**

Theater Koçer e. V
Görlinger Zentrum 13
50 829 KÖLN

# کتێب و چاپەمەنی تازە

* چارەڕەشیی وەرزێر، ئەحمەد خوداداە، عەبدوللا مەردوخ: کردوویە بە کوردی و پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیوە. پاریس ١٩٩٥.
ئادرێسی داواکردن:

Allee Du Dragon 307
91000 Evry - France
(Tel: 60770618)
(Tel: 08- 7404246) :سوێد

* ئاهەنگی ئازادی وئەوین(شێعر)، کاکە(سلیمان قاسمیانی). نرخی کتێبەکە بە پارەی پۆستەوە ٥٠(50)کرۆنە.
* ئاو و هەتاو(شێعر بۆ منداڵان)، کاکە. نرخی کتێبەکە بە پارەی پۆستەوە ٣٥(35)کرۆنە.
ئادرێسی داواکردن(هەر دووکیان):

Hanaförlaget
Box 6040
42406 Angerad

* بارزان، ژمارە ١٩ و ٢٠، ئوگوستی ١٩٩٥.

Barzan
P. O. Box 797
Fairfax. VA 22030
U. S. A

* هەلبژاردە(لە چیرۆکی کورتی بێگانە)، وەرگێر: گۆران.
* گەشتێک بۆ ئەرزەرۆم، ئەلێکساندر پوشکین.
هەر دوو کتێب لە بلاوکراوەکانی (کۆمەلەی فەرهەنگیی سوێد ـ کوردستان)ن.

* رەهەندی تێرامان و جەستەی وتاری رۆشنبیری هاوچەرخ (کۆمەلە وتار)، ئازاد حەمە. چاپی یەکەم ١٩٩٥، سوێد.
* فرمێسکەکانی Eros(هۆنراوە)، ئازاد حەمە.
تێبینی: لە هەر دوو کتێبەکان، ٤٠٠ نوسخە چاپ کراوە کە لە هەر کامیان ٣٨٠ نوسخە بۆ کوردستان رەوانە کراوەتەوە.

* مامۆستای کورد، ژمارە ٢٦ هاوینی ١٩٩٥، سەرنووسەر: فەرهاد شاکەلی.

* هەنگاو، ژمارە ٢٢، گەلارێزان ٢٦٩٥ی کوردیی، سەرنووسەر: د. کەمال میراودەلی.

* مەلبەند، ژمارە ٦٥، ئەوامبری ١٩٩٥. مەلبەندی رۆشنبیری کورد لە لەندەن دەری دەکا.

## «گزینگ »

بەم ناو ونیشانانەی خوارەوە داوا بکەن:

- Gzing, Box 327, 824 27 Hudiksvall (Sweden)
- Kitab Arzan, Birger Jarls gatan 9B
554 63 Jönköping (Sweden)
- Ferdosi Bokhandel, Drottnings gatan 87
S. 113 60 Stockholm (Sweden)

**کتێبی ئەرزان، ئامادەیە کتێبی ئێوە بە نرخێکی باش و گونجاو بە چاپ بگەیێنێ**

## لە بڵاوکراوەکانی «کتێبی ئەرزان»

ـ دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، ئامادەکردنی: ناسر ئیبراهیمی
ـ ژیان بە دەم زریانەوە (ڕۆمان)، تەیفور
ـ مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست، گ. م. دنسکوی، ئـ . ئو. ئاکیبالوو، وەرگێڕ: د. حوسێنی خەلیقی
ـ چەند نامەیەک بۆ تارانتا بابو، نازم حیکمەت، وەرگێڕ: نەژاد عەزیز سوری
ـ دیوانی عەبدوڵڵا میرزا پێنجوینی
ـ تۆماری شێخ شەرزین: بەهرام بەیزایی، وەرگێڕ: تەیفور
ـ ململانێی ئایدۆلۆژی لە کوردستاندا: حوسێن محەممەد عەزیز
ـ کوردەکان، حەسەن ئەرفەع، وەرگێڕ: حامید گەوهەری
ـ کوردایەتی وحیزبایەتی: حامید گەوهەری
ـ فۆنێمەکانی زمانی کوردی: کەمال فوئاد
ـ هێمن و من: هێرش
ـ کۆمەڵە شاخی بەرز... (ڕۆمان)، کوردان
ـ ئامانجی ئەدەبیات، ماکسیم گورکی، وەرگێڕ: ڕەحمان سۆفی
ـ قەفەزی زێڕین(چیرۆک بۆ منداڵان): یاسین قادر بەرزنجی
ـ خوشکۆڵە نان فرۆشەکەم: یۆسف ئەحمەد
ـ بیرۆکەی ژین(شێعر): کاوە خوسرەوی
ـ نووسینی کوردی بە ئەلف وبێی لاتینی(کۆمەڵە وتار)، ئەنوەر سوڵتانی
ـ کورد و شۆڕش و هەلی مێژوویی، حوسێن محەممەد عەزیز
ـ نیاکان باستانی کرد در تاریخ و اسطورەها(فارسی، ۲ جلد): ج. مفرد
ـ زندگی در باد(ڕۆمان ـ فارسی)، طیفور، ژیلا فرجی

### لە لایەن«کتێبی ئەرزان»ەوە چاپ دەکرێ

ـ دەستنووسی کوردی وفارسی سەبارەت بە کورد لە کتێبخانەی بریتانیا: ئەنوەری سوڵتانی
ـ ئاغا و شێخ ودەوڵەت(۲ بەرگ): مارتین ڤان برۆنیسن، وەرگێڕ: شێرکۆ هەژار
ـ سیکستن(چیرۆک بۆ منداڵان)، ئولف ستارک، وەرگێڕ: حەمیدی تەیموری

• **ئەواری گۆرانی:**

ـ «کامکار»ەکان، ئاگری زیندوو.
ـ «کامکار»ەکان، کۆمەڵە CD ی کوردی.
ـ محەممەد ڕەزا دارابی، شور شیرین
ـ ناسر ڕەزازی(ناڵەی جودایی، گۆمەشین، دەبارێ..، خەمی نان، پاییز)
ـ شوان پەروەر، یاستار(ya star)

**ئاغا وشێخ ودەوڵەت، مارتین ڤان برۆنسین، وەرگێڕ: شیرکۆ هەژار.**

ئادرێس: Kitab Arzan, Birger Jarls gatan 9B, 554 63 Jönköping, Sweden
Tel: 036 - 710 999, TelFax: 036 - 110 999

**کاری تایپ وچاپەمەنی، بە نرخێکی باش وزووترین کات، لە کێبی ئەرزان**

# GZING

Cultural - Literary Kurdish Magazine
No: 10. January, 1996.



وێنەی کیژۆڵەیەکی سنەیی: دیاری(سەمیرە زاری)